وەڵامێک بە مێژوو

١٤ مانگ پاش کۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

تێبینیی بۆ خوێنەر: ئەم نووسراوەیەی لە بەردەستدایە مشتێکە لە خەروارێک نووسراوە و نامە کە بە دەست سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کاک عومەر ئیلخانیزادە، و کۆمیتەی ناوەندیی، لە ١٤ مانگی رابردوودا بە مەبەستی چاکسازیی و چارەسەرسازیی و هەروەها ئاگادارکردن و زەنگلێدانی خەتەر، گەیاندراوە.

www.peshmergekan.com

## بۆ مێژوو چی لەنێوان ئێمەو کۆمەلەی شۆڕشگێردا روویدا

بەرێز سکرێتری ک.ز.ک کاک عۆمەر ئیلخانیزادە ٢٠١٤/٠٣/١٩

سلاووریز.

مەبەست لە نووسینی ئەم نامەیە بە پلەی یەکەم باسێکە لە موناسەباتی ناتەندروست و مەحفەلی ناو کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە ناو ئۆردوگای "بانەگەورە"، و کاردانەوەی ئەم موناساباتە لەسەر منداڵان، کچان، کوران، ژنان و پیاوانی چەکدار و بێچەکی ناو ئۆردوگاکە. بە پلەی دووهەم ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی ک.ز.ک ـە لە بارودۆخی ناهەمواری تەشکیلات.

بەرێز کاک عومەر، ئاگاداریت کە ئێمە زۆرجار نامەمان لەسەر کەم و کورییەکان/ لەسەر کار و هەڵسوکەوتی بەدەر لە ئەساسنامە بۆ خۆت و بۆ کۆمیتەی ناوەندیی و ئەندامانی تەشکیلاتەکە نووسیوە و تەنانەت رەخنەی توندمان گرتووە. دەزانین کە جەنابت لەدڵەوە هیچ بەو وەزعە خۆشحاڵ نەبوویت، بەڵکو زۆرجار عاجز بوویت. ئێمەیش دیارە هەر لە بەر هەستی دڵسۆزیی و لە پێناو حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە هۆی ئەو بەرپرسایەتییەوە کە لە سەر شانمانە، ناچاربووین بێدەنگ نەبین، و لە پێناو گەورەکردنەوەی کۆمەڵە کە هەمیشە یەکێک لە هیوا و ئاواتەکانمان بووە خەبات بکەین و لەو رێگایەدا بە لەش و رۆح و ماڵ کۆتاییمان تێدا نکردووە.

لەو ماوەدا لەناو ئۆردوگا لەگەڵ زۆربەی هاورێیان لە سێلف سرویس، لە ماڵان لە پایەگاە، لەبەردەم واحدی ئامادە، لە گەڵ منداڵان و شۆفێری ماشێنەکان و... زۆر قسەوباسمان کردووە. لەقسەکاندا کەش و هەوای نائومێدیی، بێئێعتمادیی و نائەمنیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لەم ئۆردوگایەدا لە ئاستێکی باڵادایە/ نائەمنییەتیەکە وەها زاڵە کە کاتێک تاکەکان دەکەونە ژێر تەوهین و ئیهانەتی بەرپرسی ئیجرایی ئۆردوگاکە، ناوێرن راشکاوانە رەخنەکانی خۆیان باس بکەن، و لە ترسی نانبڕین و دەرکردن توانای دیفاعیان لە خۆیان لێبڕاوە.

www.peshmergekan.com

ئەوان دەڵێن "ئێمە زۆرمان بە چەندین کەسی کۆمیتەی ناوەندیی ناشکێت کە پێکەوە باڵیان بەسەر ئیجرائیاتی ئۆردوگاکەدا کێشاوە، لە بەشی ماڵیەوە بگرە تا دەگاتە هاتنی میوانێک بۆ ئۆردوگا.". زۆربەیان دەپرسن: "جا ئەوە باسیشمان کرد چسوودێکی هەیە؟"

ئێمە بۆ دروستکردنی حیزبێکی باشتر لەوەی کە حەوت ساڵ پێش ئێستا تێدا بووین لەو دابڕانەدا بەشدار بووین، کەچی ئێستا نەک پێشکەوتنێک بەدی ناکرێت بەڵکو سەدان کوڕ و کچی ئەم گەلە بە شێوەی جۆراوجۆر تێدا بوون بەقوربانیی.

خەڵکەکان دەڵێن تا ئێستا بە دەیان جار سکاڵا و رەخنە گیراوە، بە دەیان و سەدان جار تاکەکانی ناو ئەم ئۆردوگایە شکایەت و داواکاریان بە کەتبی و دەمیی گەیاندوەتە دەستی کاربەدەستانی ئەم حیزبە، هەر لە تۆوە تا کەسانی دیکەی بەرپرسیار، بەڵام وەڵام بە هیچ پرسیار و داوایەک نەدراوەتەوە، بەڵکو زیاتر و زیاتر لە بەرچاوی کاربەدەستانی حیزبیی تاڵ و رەش دەبین! فەرموون ئەوە چەند نموونەیەک:

١ـ بەرپرسی ئیجرایی دەستوری داوە کە هیچ ماشینێک جگە لە ماشینەکانی تەشکیلات ئیجازەی نییە بێتە ناو ئۆردوگا. بەڵام هەمووان دەبینن کە "تاکسی لە پاڵ ماڵەکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارک کراوە و دەکرێت، ئێمە دەبینین کە ماشین بە کەلوپەلی فرۆشەوە دەرواتە پاڵ ماڵەکانی ک.ن و تەنانەت پەنا دیوار ماڵی سکرتێر. دیارە ئەندامانی ک.ن خۆیان کڕیاری کەل و پەلی دەسفرۆشە گەڕۆکەکانن چون خەڵکی خوارەوەی ک.ن توانای کڕینی شتومەکی وایان نییە. کەواتە ئەو بڕیارە سەبارەت بە نەهاتنەوەژوورەوەی ماشین بۆ ناو ئوردوگا لە ڕاستییدا تەنها بۆ "غەیرە خودیەکانە".

٢ـ دەڵێن ئایا ئەو جێگا و شوێنانەی کە کاک.... وەکوو مەئموری ئاساییش لە ئۆردوگا تێیدا دێت و دەچێت، ئێمە وەکوو پێشمەرگە و نیگابانانی کۆمیتەی ناوەندیی دەتوانین بەبێ گرفت هاتوچووی تیادا بکەین؟ یان تێیدا بحەسێینەوە؟

٣ـ ئایا پرسگە کە وەکوو یەکەم پۆستی ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی حیزبەکە و شوێنی دانیشتنی لانی کەم پێنج یا شەش کەس پێشمەرگەی حیزبەکە، پاش ٦ ساڵ دەتوانن لانی کەم بە نیوەی ئەو ئیمکاناتەی کە بۆ هۆڵە تازەکانی کۆمیتەی ناوەندیی (مۆکەتی تازە، تەلەفزیون، دەبڵ سپلیت، یەخچاڵ، کۆمود، مۆبلێمان، ژووری نووستنی جیاواز و سرویسی پێویست) بەهرەمەند بێت؟ ئەو هەڵاواردن و بێ عەدالەتیە بۆ "غەیرە خودی"ەکان گشتگیرە و تەنانەت ئەندامانی "غەیرە خودی"ی ک.ن یش دەگرێتەوە.

بە چەپ و بە ڕاست کەڵک وەرگرتنی بەجێ و نابەجێی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە هەموو ئێماناتێکی حیزبی رەوا بوون بۆ ئەوان (خودیەکان) و بێبەش بوونی کەسانێکی تایبەت (غەیرە خودیەکان) تەنانەت ئەگەر بەکارهێنانی ماشینێک بێت بۆ گواستەوەی نەخۆشێک بۆ نەخۆشخانە یان مانەوەی سەر جادەو تێپەڕبوونی ماشێنیکی خاڵیی تەشکیلاتی لە پەنای کەسەکاندا و نارەوابوونی کەڵکوەرگرتنیان بە لانی کەمەکەیەوە. ئەم حیزبەی ئێمە کە بە دروشم ئاڵا هەڵگری عەدالەتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئەو جۆرەیە لە "سۆسیالیزم" کە ئیدیعای بۆ دەکەن، لە واقیعدا سەرچاوەی کۆمەڵێکی بەرفراوان لە هەڵاواردن و بێعەدالەتیە. لەم بارەوە نموونە زۆرن و

باسکردن و دانە دانە هێنانەوەیان مایەی سەرئێشانە. خۆت دەزانیت کە چەندین جار بە نووسراوە و بە دەمیی باس کراون و بە خۆت و ئەوانی دیکە گەیەندراوە.

٤ـ تا ئێستا ئێمە نەمانتووانیوە جێگاورێگایەکی شیاو بۆ دەواودەرمانکردنی پێشمەرگە بەتایبەت بۆ کاتە چاوەروان نەکراوەکان و یا شوێنکی شیاو بۆ دوورینی جلوبەرگی پێشمەرگە ئامادە بکەین کە بە ڕاستی جێگاورێگایەک کە شیاوی کارکردن بۆ مەبەستێکی پیرۆز و جێگای دانیشتنی ئەو کەسانە بێت کە کاری تێدا دەکەن.

٥ـ سەبارەت بە شوێنی خواردنی گشتیی ئوردوگا، واتە سێلف سیرویس، پاش ٦ ساڵ، ئایا بە ڕاستی ئەم مرۆڤانە شیاوی ماشێنێکی کاسە و کەوچک شتن نیین کە هەموو ڕۆژێک ناچارن بە دەست لە ناو ئەو چەوری و زبڵەدا ئەو شتانە بشۆن؟ ئایا هەر لە بیری ئەم خەڵکەدا هەن کە تووشی نەخۆشی لە شوێنی ئاوا گشتیی نەبن؟ ئایا تا ئێستا چەندە پارە بە خەڵکانێک دراوە کە بە پارە کاری کاسەوکەوچک شتن دەکەن؟

٦ـ ئایا بە ڕاستی قەت بیر لە ئاوخواردنەوەیەکی ئاسایی کراوەتەوە کە ئەم خەڵکە لە سێلف سرویس دا بتوانن ئاوی خواردنەوەیان بە خاوێنی هەبێت، ئەویش بە کڕینی سیستەمێکی تەسفیە و خاوێنکردنەوەی ئاو، کە دیارە مافی سەرەتایی خۆیانە و بەو لاف وگەزافەوە کە کۆمەڵە لێی دەدات دەبا هەر لە مێژە شتومەکی لەو جۆرە هەبوونایە؟ خۆ پارەیەکی وای تێ ناچێت کە ئەسڵەن شایانی باس بێت.

٧ـ سەرەڕای بڕیاری کۆنگرەی سێزدە و چەندین جار باس و داواکاری پرسی مووچە و کێشەی کارکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لە دەرەوەی ئۆردوگاه کە ئیتر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی بۆیان نییە کاری شەخسیی بکەن، هێشتا هەر بە بەردەوامیی کاری شەخسیی خۆیان دەکەن. بۆچی ئەندامانێک لە کۆمیتەی ناوەندیی دەتوانن دوو مووچەیان هەبێت؟ ئایا کاری خۆبەخشانە و دڵخوازانە یانی چی؟ ئایا دەکرێت ئەم کولتورە بەردەوام بێت کە پاش چەند کاژمێرێکی کاری کەمی حیزبیی، ئەمانە بە ماشێنی حیزب بڕۆن و لە دەرەوەی ئۆردوگاکە پاش نیوەڕۆی هەموو ڕۆژێک کار بکەن/ هەروەها ماشێنی تەشکیلاتیش لە خزمەتیاندا بێت کە هات و چووەکانیان لە بەیانیان و ئێواراندا تائمین بکات؟

٨ـ ئایا دەکرێت هەڵسەنگاندن لە نێوان حەق و حقوقی پێشمەرگە و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییەک بکەن کە سێ معاشی هەیە؟ (معاشی کۆمەڵە. معاشی کاری شەخسی. معاشی بایەعی). لە کاتێکدا پێشمەرگە تەنانەت بایەعیەکەشی لە ئیختیاری خۆیدا نییە؟ و هەر روون نییە، کێ وەری دەگرێت و لە کوێ دەیفرۆشێت، ئایا بە (٠٠٠٠) هەزار دینار معاش، بە ساڵی دوو دەست جلوبەرگ و دوو جووت کەوش و نانەسەکیی کەم و کورتی سێلف سرویس دەکرێت باسی سوسیالیزم و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی بکەین کە وێردی سەر زمانی ئێوەیە؟ ئەوە لە حاڵەتێکدا عەرزمان کردیت کە گوایا کۆمیتەی ناوەندیی چۆن "دەیگوزەرێنن." و بەم بارودۆخەی ژیانی ئۆردوگاوە هێشتا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەم تەشکیلاتە داواکاری زیاتری هەیە چون بە قەولی ئەوان "کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە فەقیرن"، یانی ئیمکاناتی ماڵییان کەمە!

www.peshmergekan.com

ئایا منداڵانی هاوڕێیان لە نێو ئۆردوگاکانی ئێمەدا مانای سەیرانگا و تەفریح دەزانن؟ هاوڕێیانی ئێمە بۆ وەکوو باقی کۆمەڵەکانی دیکە لە ئۆردوگادا لەسەرەتاییترین ئیمکاناتی "عادڵانە" بەهرەمەند نیین، لە کاتێکدا وەکوو حیزب ئێمە لەوانی دیکە کەمتر یارمەتیمان پێ ناگات ئەگەر زیاتریش نەبێت.

٩ـ ئایا کاتێک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هاتنە ریزی کۆمەڵەوە لە گەڵ خۆیان سەروەت و سامانی بنەماڵەی خۆیان بۆ ناو ئۆردوگای کۆمەڵەی زەحمەتکێشان هێناوە، کە دەبینین لەبەردەم پرسگە و پۆستی نیگابانییەکانی ئێمەدا، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ماڵی شەخسیی خۆیان کردووەتەوە؟ جگە لە یەکێکیان (ک.ک)، ئایا ئەوانی دیکە ئەو پارە و ئیمکاناتەیان چۆن بۆ ڕەخساوە؟

١٠ـ ئایا ئەو هەموو ئەو هاتوچووانەی شاری سلێمانی کە ڕۆژانە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بە ماشێن و پێشمەرگەوە دەیکات بۆ چییە و لە پێناو چیدایە؟ و زۆرجاریش کە دەگاتە سلێمانی پێشمەرگەکان بەجێ دەهێڵێت و بۆ خۆی دەڕووات و تەنانەت شەو تا بەیانی ناگەڕێتەوە! دەکرێت ئێمەش بزانین یان پێوەندیی بە سوسیالیزمەوە هەیە و لە ئەگەری زانیندا بەتاڵ دەبێتەوە؟ ئەوە لە کاتێکدایە کە دەبینین ڕۆژانە تەنانەت ماشێنێکیش لە دەسترەسدا نامێنێت کە ئەگەر دەردومەرگێک بەرۆکی هاوڕێیەکی ئێمەی گرت لە کاتی پێویستدا بیگەیەنینە لای دوکتور. کە لە عەمەڵدا واقیعەن لەگەڵی ڕووبەڕوو بووین و هاوڕێکەمان لەبەر دەرکی ماڵەکەی خۆیدا گیانی لەدەستدا.

١١ـ هەرەشەی بەرپرسی ئیجرایی (ع. خ)، لە پێشمەرگەی پرسگە بۆ وەدەرنان کە بە پێشمەرگەکەی گوتووە: "بە کاک... (کارمەندی ئاسایشی هەرێم) دەڵێم بە شەق بتکاتە دەرەوە".ئەمە کولتوری بەرچاوی چەپ و سوسیالیستەکانی ناو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانە.

سەیرە، هەر ئەم بەرپرسە و ئەندامی بەحیساب هەیئەتی ئیجرایی حیزبەکە، هاتووە و باڵندەیەکی گرتووە و لە قەفەسی هاویشتووە و پاشان بە بەرچاوی خەڵکەوە چاوی کوێرکردووە چون گوایا کۆترەکانی خواردووە/ چەکی لە سەگی ئوردوگا کێشاوە تا ڕادەی ئەوەی کە بە داواکاریی و تکای هاوڕێیانی ئۆردوگاە کە دەست لەکوشتنی سەگەکە هەڵبگرێت، وازی هێناوە. ئەویش پاش ئازاردانی سەگەکە/ کەڵکوەرگرتن لە ماشێن و پێشمەرگە بۆ کڕینی سەیزە لە مەیدانی سەبزەفرۆشەکانی سلیمانی/ هەڕەشە لە پێشمەرگە لەسەر ئەوەی کە گوایا دژی کۆمیتەی ناوەندیی و "بەرێزیان" ـ "پڕۆپاگەندەیان" کردووە/ هەڕەشە بە دەرکردنی پێشمەرگە تەنها بۆ ئەوەی کە داوای پارەی کردووە کە مۆڵەتی شۆفێری وەربگرێت و ئەگەر پارەکەی پێنادەن ئەوا ئیجازەی پێ بدەن کە بچێت کار بکات/ هەڵسوکەوتی ناشیاو و دوور لە شایان و کەسایەتی هەر مرۆڤێک بەرامبەر بە هاورێیانی لە ئۆردوگادا/ بە زمانێکی ناشیاو بە منداڵی کەم تەمەن و بێ دەرەتانی یەکێک لە پێشمەرگەکانی گوتووە "تۆ حەقت نییە لە سێلف سرویس نان بخۆیت". ئەوە لە کاتێکدا کە باوکی ئەو منداڵە لە مەئمووریەتی حیزبیدا بووە!

١٢ـ گرتن و دەستبەسەرکردنی دوو پێشمەرگە: یەکەمیان پاش ٢٢ ڕۆژ ڕاگرتنی لە ژوورێکی تەنگ و تاریکدا و لەژێر هەرەشە و ئازاردا بەبێ ئەوەی کە تاوانێکی ئەوتۆی لەسەر سابت بێت!

دووهەمیان کە بۆ خۆی ددانی بە تاوانەکەیدا ناوە بەڵام لە لایەن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیەوە بە یارمەتی دوو پێشمەرگەی تر، خراوەتە ژێر ئەشکنجە و لێدان و کوتان و تەنانەت خراوەتە ناو چاڵ و پێیان گوتووە کە دەبێت لاسای فلان حیوان بکەیتەوە! پاشان ئازاردانی زۆر و بەردەوام تەحویلی ئاسایش دراوە و تەنانەت ئاسایش بە توندی نیگەرانیی خۆی بەرامبەر بەم کردەوەیە دەربڕیوە کە پێیان وابووە دژی ئینسانییە! گرووپێک ئەو کارەیان کردووە کە تەنانەت بەرپرسایەتی ئەو لێپرسینەوە لەسەر ئەو کارانەیان نییە. ماوەی چەند حەوتوو لەم رووداوانە تێپەر دەبێت بەڵام سکرێتری حیزبەکە هیچ لێکۆڵینەیەکی لەسەر نەکردووە و وەکوو دەیان و بگرە سەدان جۆری تر لەو کارانە وەڵامی نەدراوەتەوە.

١٣ -لە پلۆنۆمی دوو بەم لاوە پرۆژەی وەلانان و تەوابسازیی لە ریزەکانی کۆمەڵەدا بەتایبەت لە لایەن کۆمیسیۆنی بەرێوەبەری ئۆردوگا (ع.خ) ـەوە بووەتە دیاردە و مەحفەلی دەستەی بەرێوەبەر. دەقاو دەق و بە بەرنامە بەرێزیان بۆ ئەم مەبەستە و بۆ دەرکردن و شکاندنی کەسانی دانا کە خاوەنی رای خۆیان و ئیرادەی سەربەخۆ و پاریزەری پرەنسیبەکانی کاری سیاسیی و حیزب بوون/. بە راستیی، هاورێ (غ. ش) لەم ماوەیدا زۆرتر ئەرک و کار و زەحمەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی لەسەر شان بوو یا بەرێز ع.خ کە بە دیار چاو جەنابتەوە بە هەرەشە و گەلەکۆمە کردیان بە تەواب و تەوابنامەیان پێ نووسی و پاشان لەسەر کۆمەڵێک راو قسە و بابەتی بە راستیی دروست و رەوا، دەریان کرد؟ هەموو نامەکانی ماون لە کاتی پێویستدا بڵاو دەکرێنەوە.

بەڵێ، دروستکردنی هەموو جۆرە ئیمکان و خۆشگوزەرانییەک بۆ خۆیان و کەسانی دەوروبەریان و هەژاریی و گوشاریش بۆ سەر کەسانی راوەستاو و سەربەخۆ و دوور لە مەحفەلەکەیان، بریتییە لە جۆری چەپ و سۆسیالیزمەکەی ک ز.!

کاک عومەر حەتمەن دەزانیت کە رۆژی دوو هەزار دیناری بەنزینی م.س و مانگانەی بەنزینی د.ر و کەسانی دیکە لە شاکارەکانی ئەم دەورەی کاری کومیسیۆنە کە دەیان جار باس کرا و هەروا سەری نرایەوە.

هەروەها تەنگ هەڵچنین بە کەسانی ناو تەشکیلات تا ئاستی راونان و دەرکردن تەنیا لە بەر نەبوونیان لەو مەحفەلەدا. بێگومان ئاگاداری ئەو ئەدەبیاتە بەرزەش هەیت کە پەرەی پێدراو لەلایەن ع. ـەوە کرا بە فەرهەنگ و بە فلانی ئینگلیزی دەنووسێ و دایکی فلان کرد و تەنانەت راونان و شکنجەی گیانداران و باڵندەکانیش لەم دەورە بوو بە رەسم.

١٦ -کاک عومەر بێگومان ئاگاداری ئەوەیش هەیت کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەم ماوەیەدا کاری پزیشکی قانونی و سەبت ئەحوالیشی گرتە ئەستۆی خۆی، بەڵام رێک بە پێچەوانە و بە بەمردووکردنی زیندوو دەستی پێکرد و حەتمەن دەزانیت کە هاوسەری کەسێک تەنیا بۆ بەرژەوەندیی شەخسی لە زیندوو کرا بە مردوو.

١٧ -دژایەتیکردنی هەموو چالاکانی ناوەوە و سووکایەتی کردن بەهەموو کاروکردەیەکی ناوخۆی وڵات و سووکایەتی کردن بە هەموو کەس و بەریانە باش و خاوەن هەڵوێستەکانی ناو کوردستان و

www.peshmergekan.com

بە ناونیتکە باسکردنیان کە لەم پێوەندیەدا دەیان نموونە هەیە و لە کاتی خۆیدا بە وردی باس دەکرێن.

١٨ـ دژایەتی کردنی هەموو هێزەکانی کوردستان و هەوڵدان بۆ سووک کردنیان و باسکردنیان بەئەدەبیاتێکی یەکجار بازاڕیی و نەشیاو، هەوڵی زیندووکردنەوەی گیانی شەڕخوازی و قبوڵنەکردنی هیچ کەس و لایەنێک هەر لە دیموکراتەکانەوە بگرە تا پاک و پەژاک و هەموو هێزە مەدەنی وسیاسیەکانی ناوخۆ، تەنها و تەنها بە مەبەستی گێرەشێوێنی. سەدان نموونە لەمانە هەیە.

١٨ -سەرلێشێواویی و پاشاگەردانیی فکریی بێ وێنە و خەتەرناک لە ژێر چەپ و سۆسیالیزمەکەتاندا لە هەوێندایە. هەندێک بەرنامەو پێڕەویان لاپەسەندە و هەندێک رەدی دەکەن و هەندێک جنێو بە سروودی نیشتیمانیی "ئەی رەقیب" دەدەن و ئالای کوردستان دەکەنە گاڵتەجاڕ و هەندێک خۆ قوربانی چەپ و سوسیالیست دەکەن و هەندێک کۆمۆنیستن و هەندێک هەر کوردی رووتن و هتاد. ئەم سەرلێشێواوی و پاشاگەردانییە کە لەم دەورەیەدا هەیە لە هیچ کوێنە و لە هیچ رێکخراوێکی دنیادا وێنەی نییە و نەبووە.

١٩ -تۆ زۆر باش ئاگاداریت کە یەک زەرە نرخ بۆ زیندانیانی کۆمەڵە و بنەماڵەی شەهیدان نەماوە و بە تەواوی لە دەفتەری کاری کۆمەڵەدا سڕاونەتەوە. بە راستیی کام جار؟ کەی؟ چۆن بە هانا و هاواریانەوە چووین و کەی یارمەتیمان داون؟ کاک عومەر، ئێمە بە یەک دانە نموونەیش رازین.

٢٠ -چوون و ڕۆیشتنی خۆت و کاک ر.ع کە رووبەدەرەوە خۆی بە "جێگری سکرتێر" لە قەڵەم دەدات، بۆ دەرەوەی کوردستان، ئایا بۆ کامە کاروباری حیزبییە؟ ئەو چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە سکایپی و هاتنوچووانە لە کوێ تۆمار کراوە، کوا ڕۆژەڤ و پرۆتۆکۆلیان؟

لە ژێرپێنانی حورمەت و کەرامەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب!

١ـ زۆربەی ئەو بڕیارانەی کە بە ناوی کۆمیتەی ناوەندییەوە دەردەچێت دەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لە پشتەوە نییە. بۆ نموونە دانانی هەیئەتی کۆمەڵە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی. دانانی هەیئەتی دانوستان لەگەڵ کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازماندانی ئۆرگانەکانی کۆمیتەی ناوەندیی. دانوستان لەگەڵ هاورێیانی جنوب و دەیان نموونەی تر کە جگە لەژێرپێنانی پێرەوی ناوخۆی حیزب بە شێوەی سیستەماتیک و ڕۆژانە لە لایەن سکرتێر و بەناو "جێگرەکەی" و "دەفتەری سیاسی"ـەکەیەوە، نەبێت هیچ ناوێکی تری نییە. بۆ نموونە هەڵوێستی سکرتێری حیزبەکە لەمەڕ خۆرئاوای کوردستان لە راگەیاندنی ٢٦ی ڕێبەندانی ٢٠١٤دا کە بڕیارێکی وەها سیاسیی بەبێ پلێنۆمێک یا کۆبونەوەیەکی بەرینی ک.ن ناتوانێت دروست بێت.

٢ـ ئێوە باش دەزانن کە لە بەرنامە و ساختاری کۆمەڵەی زەحمەتکێشاندا وشە و مەقام و شتێکمان بە ناوی "جێگری سکرتێر" نییە. ئەمە گەیشتووەتە ئاستێک کە خەڵک گاڵتەمان پێ دەکەن و

www.peshmergekan.com

وەکوو شۆخیی پێمان دەفرۆشنەوە. ئەم کارە بۆ پێشێلکردنی بەرنامە و ساختارە. دۆستان کاری دزێوی زۆر لەم جۆرەیان لەم کۆمەڵەدا بینووە و مافی خۆیانە بترسن و دڵیان بسووتێ.

٣ـ ماشێنی تایبەت، واحدی ئامادەی تایبەت، نیگابانی تایبەت بۆ سکرتێر و "جێگرە"کەی. بەڵام هاوکات کە هەندێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لەوانەدا بێبەشن. چوار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی لە ماشێنێکی دەستی دوو و سێدا جێگایان دەبێتەوە، بەڵام سکرتێر و "جێگرە دروستکراوەکەی سکرتێر" هەر یەکێک لە ماشینێکدا هاتوچوو دەکەن و هەردووکیشیان هەمیشە پاسەوانی خۆیان لەو دەشتی کاکی بەکاکیەدا بە دواوەیە. لە ناو ئۆردوگاە و سلف سرویسەکەیدا دوو و سێ ئێسکورتی جەنابی "جێگری" سکرێترمان هەیە (خودا ڕەحمی کردووە کە مەقامی وامان بە ڕاستیی لە بەرنامە و ساختاردا نییە دەنا شایەد هەموو واحیدی ئامادەی بە دوای خۆیدا بە کێش دەکرد! ئەمە جۆکە بەڵام ڕاستیی زۆری تێدایە)، کەچی ئەم "جێگری سکرتێر" ـە بە شەو لە شاری سلێمانی چۆلەکەیەکیشی لەگەڵ نییە و سەردانی هەموو ئەو شوێنانە دەکات کە خۆی حەزی لێیە.

٣ـ پاش پلێنۆمی دووهەم کۆمیسیونی ئەندامەتی بەبێ ئاگاداریی پلێنۆم لە لایەن ڕەزا کەعبیەوە، تەنانەت بەبێ ئاگاداری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵوەشاوەتەوە، کە ئەو کارە بە پێی پێڕەوی ناوخۆ تەنها لە سەڵاحیەتی پلێنۆمدایە، و لەو ماوەیەدا لە ئۆردوگا ئەندامگیریان کردووە، کە کارێکە دژی ئەساسنامەیە.

٤ـ سازماندانی پێوەندیەکانی هەولێر و جێگری هاوڕێ عبدواڵلە کۆنەپۆشی لە سلێمانی بە پێی ئەساسنامە تەنیا لە سەڵاحیەتی سکرتێری حیزبدایە، بەڵام ڕەزا کەعبی ڕاستەوخۆ دەخالەتی تێدا کردووە و لێرەیشدا دژی ئەساسنامە عەمەلی کردووە. دەستێوەوەردان لە ئۆرگانە حیزبیەکاندا بە دەیان جار کراوە و ئەمە لە حاڵێکدایە کە تەنیا پلێنۆم ئەو سەڵاحیەتەی هەیە. وەکوو زاگرۆس، پێوەندیەکانی هەولێر و سلێمانی، سازماندان و جیاکردنەوەی بەشی کاروباری پەنابەران و لایەنگران لە پێوەندیەکانی سلێمانی کە دامەزراندنی ئۆرگانی هاوتەریبە و تەنانەت بە بێ هاوئاهەنگی و ئاگاداریی پێوەندیەکانی سلێمانی کراوە، هەرچەندە کە دانانی وەها ئۆرگانێک تەنیا لە پێوەندی لە گەڵ نوێنەرایەتیی کۆمەڵە لە سلێمانیدا دەکرێت. دیارە ئەو شێوە هەڵس و کەوتە زۆر مەبەستی دزێوی لە پشتەوەیە. ئەگەر وەها نییە، بۆ لە پێوەندیەکانی هەولێر ئەوکارە نەکرا؟ و هتد.

٥ـ تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات پاش پلێنۆمی دووهەم هەر بایەخی پێنەدرا. بەرپرسی پێشووی کە لە نێوان پلێنۆمی یەک و دوو بە ئەستۆی هێرش عەلیزادە بووە و لە پلێنۆمدا ئەو بەرپرسایەتیەی قەبوڵ نەکردەوە و داواکار بوو کە بە کەسێکی دیکەی بسپێرن، بەڵام بە کەسی تر نەسپێردرا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە چوار نەفەر لە کۆمیسیونی دەرەوەی وڵات و چەند کەسی تر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییمان لە دەرەوە بوون بەڵام کارەکەیان لە پلێنۆمدا پێنەسپاردن.

٦ـ لە پلێنۆمدا ئاگاهانە و لە ڕووی پلانەوە کۆمیسیونی ئەندامەتی،کۆمیسیونی چاودێر و بازرەسی، چاودێرانی ماڵی، وتەبێژەکانی حیزب و.... جێبەجێ نەکرا تەنیا بەو مەبەستەی کە دەسەڵاتی حیزب لە دەستی یەک دوو کەسدا بمێنێتەوە کە بە جوانی دیارە، لەلایەک لەبەر

www.peshmergekan.com

شاردنەوەی بابەتە شەخسیەکانی خۆیان کە ئاگاداری کاری یەکترن و لەلایەکی ترەوە لە بەر پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان کە بە ئەو شەڕە حیزبەکەیان بەم چەشنە بە قازانجی شەخسیی خۆیان تێکداوە. تەنانەت بەشی ڕاگەیاندنی حیزبەکەیش هەر بۆ بە قوربانی ئەم شەرە دزێوە لە ئاستی باڵای حیزبەکەدا/ بۆ نموونە پێرەووپرگرامی حیزب، مسەوەبی کۆنگرەی سێزدە بۆ لە سەر چاپ و بڵاوکردنەوەی کارێکی ئەوتۆ نەکرا تەنها یەکجار لەسەرەتادا چاپ کرا ئەویش لەسەر داواکاری یەک لەدوا یەکی بەرپرسی کۆمیسیونی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتدا بوو/ یەکساڵ بە سەر کۆنگرەدا تێپەر بوو ئەم حیزبە ماڵپەڕێکی نەبوو و ئەگەر ئێستایش ماڵپەڕێک کراوەتەوە پێرەووپرۆگرامی حیزبەکەی تێدا نییە و هەمووشمان دەزانین لە ژێر کامە فشاردا کرایەوە! یەکساڵی ڕابوردوو کە کاناڵی ئاسمانی ئاسۆساتمان بوو بۆ یەکجاریش لە سەر مسەوباتی کۆنگرەی سێزدە باسێک لەم کاناڵەدا نەکرا، خەڵکی تێگیشتوو و بەدەربەست لەسەر لایەنێک کە خۆی وەکوو حیزبێکی کوردستانی ناوزەد دەکات چۆن لەسەر ئەمە قەزاوەت دەکەن؟ تەنانەت کاناڵە ئاسمانییەکەیشیان داخست بەبێ ئەوەی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوەی کۆنگرەی سێزدە ئاگاداری بێت!

٧ـ پاش شەش یان حەوت ساڵ کە لە تەمەنی ئەم تەشکیلاتە تێدەپەڕێت، ئێستایش تەنانەت تائیدیەک کە لە دەرەوەی وڵات بۆ پەنابەرێک دەنووسرێت دەبێت بنێردرێتەوە بۆ کوردستان کە بەرێز "جێگری سکرتێر" مۆری بکات چون ئەو مۆرە تەنیا لە پاوەنی جەنابیان دایە. کاتی خۆی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی هاوڕێ ڕێبوار ڕەشید لە سەر ئەم بابەتە و سەدان بابەتی دیکە کە دروست و حیسابیی و بە قازانجی کۆمەڵە و ئەندامان بوون، پشتگوێ خران و گوێیان پێ نەدرا، چون دەچوونە گیرفانی کۆمەڵەوە نەک یەک و دووان.

٨ـ بەشی ماڵی و تەداراکات:

ئێمە مانگانە بری (٠٠٠/٠٠٠/٠٠٠) دینار یارمەتیی ڕاستەوخۆمان لە لایەن لایەنی پێواندیدارەوە هەیە، هەروەها ناوە ناوە لەم لاو ئەولاوە برێکیتر یارمەتیمان پێ ئەگات. کارمان بە سەرچاوەکانەوە نییە، بەڵام ڕێژە و بری ئەو یارمەتیانە هیچکات ڕوون نەبووە، هەروەک خەجکردنەکەیشی دیار نەبووە. مانگانە تا ئەمڕۆ بە ناوی خەرج و قەرزی "ئاسۆسات"ـەوە، برێکی بەرچاو پارە هەناردەی دەرەوەی وڵات دەکرێت، بەڵام لەم ماوەی ئەم حەوت ساڵەدا تەنانەت پاراگرافێکی سێ ڕستەیی ڕاپۆرتی ماڵی لە دەرەوەی کوردستان نەهاتووەتە بەردەست، نە بەردەستی کومیسیۆنی ماڵی و نە کومیتەی ناوەندیی.

هاوڕێ عومەر، تۆ دەڵێیت: "هەموو مانگێک ڕاپۆرتی ماڵیی دەرەوە بە مایل نێردراوە بۆ خۆم!"

باشە کاک عومەر با بڵێین بۆتان هاتووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئێوە بۆ خۆتان مەگەر کومیسیۆنی ماڵیی تاکەکەسیی کۆمەڵەن؟ ئایا ئەو کومیسیۆنە ئەندامانی تری نییە کە شیاوی ئاگادار بوونی ئەو بابەتە بن و بە پێی پێویست ئەو ڕاپۆرتە پوختەتتر و بە دروستییەوە پێشکەشی کۆبوونەوە و پلێنۆمەکانی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی بکەن؟

بە پێی ئەو باسانەی کە کراوە و دەکرێت، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان برێکی زۆر پارە قەرزدارە. بەڵام نە بری قەرزەکانمان مەشەخەسەن دیارە و نە قەرزدەرانیش. هاوڕێ هێرش لە پلێنۆمی

دوودا پرسیاری کرد کە تەرەفی قەرزداری ئێمە کێن و ناویان چییە؟ و بە کێ قەرزدارین؟ و کۆمەڵێک پرسیاری دیکەی لەو شێوەیە کە بەداخەوە هەرگیز وەڵام نەدرایەوە.

لانی کەم خۆ دەبێت ئێمە بزانین کە بە کێها قەرزدارین کە سپاس و ماڵئاواییەکیان لێ بکەین. ئایا چۆن ئەو قەرزانە جێبەجێ دەکەین؟ بە تەواوی لێڵ و تاریک و ناروونە. هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی سەربەخۆمان نییە. هەموو ئۆرگانە حیزبییەکانمان داخراون و بە لە بەرچاوگرتنی ئەو دۆخە ئاڵۆزەی کە بەسەرماندا سەپێندراوە، هیوایەک بۆکارابوونەوەیان بەدی ناکرێت. بەو دۆخە ماڵی و ئابوورییەوە کە هەمانە، بەرەو کوێ رێ دەپێوین؟ کەس نازانێت. پلانمان بۆ بەیانی و دوو بەیانی و مانگ و ساڵانی داهاتوو چیە؟ هیچ!.

لە سەر بایەعیی کەلوپەل لەلایەن  لایەنی پێواندیدارەوە ئێمە دەپرسین ئایا کێ ئاگاداری رێژە و ئاماری گشتیی کەسەکان و شت و مەکی وەرگیراوە؟ ئێمە (لانی کەم) نزیک بە شەش سەد (...) بایەعی وەر ئەگەرین، کۆی ئەمانە هێشتا بە پێی چەند کارتی بایەعی وەر دەگیرێن، نادیارە. هەر کات داوای کارتەکان کراوە جارێکیان... کارتی بایەعی هێنراوە، جارێکیتر باس لە... کارت کراوە، جارێکیتریان... کارت ئەهێنرێتەوە. ئەو شپرزەیی لە ئاماری بایەعی و کارتانە بە چ هۆیەکەوەیە؟ لە پاییزی رابردوودا  لە لایەن لایەنی پێواندیدارەوە بۆ هەر کارتی بایەعیەک (.) بەرمیل نەوت بە خۆڕایی دیاری کرا، ئێمە هەر لانی کەم بڵێین (...) کارتی بایەعیمان هەیە کە خۆی ئەکاتە (...) بەرمیل نەوت. ئەو نەوتانە چی لێهات؟ کێ لێی ئاگادارە؟ فرۆشراوە یان ماوە؟ ئەگەر ماوە چی لێدێت؟ ئەگەر فرۆشراوە، پارەکەی لای کێیە؟ ئەو پرسیارانە بێ وەڵام ماونەتەوە. هیچ راپۆرتێک لەسەر ئەم بابەتانە لە بەشی ماڵی و دارایی ئەم تەشکیلاتەدا دیار نییە!

دیسان لە سەر بایەعی، لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٣ دا راگەیێندرا کە بووجەی قەرەبووکردنەوە بۆ ئەو کەلوپەلە بایەعیانەی کە دابین نەکراون، لە بەرچاو گیراوە و دابین کراوە، و هەر کەسەو بڕی (...،..) دینار بۆ تەرخان کراوە و پێی ئەدرێتەوە. ئەوەبوو ئاماری (...) کەس راگەیەندراو و بڕی (.../.../..) دینار وەرگیرا. ئایا چی لەو برە پارەیە درایەوە بەو خەڵکانەی کە بەناوی ئەوانەوە پارە وەرگیراوە؟ ئاماری ئێمە لە (...) کەس زۆرترە؟ بۆ لەو پارەیە بڕی (.../.../.) دیناری نەدرایەوە بە ئەو (...) کەسە و ئەوجا قەیدی ناکات هەرچی لە پاشماوەکەی ئەکەن بیکەن. ئایا ئەنجامی ئەو کارە چەشنێک نیشاندانی لە بەرچاوگرتنی بایەخی کەسەکان لە لایەن تاقمێکی دیاریکراو لە بە ناو رێبەریی حیزبەوە نەبوو کە دەبووە مایەی دڵگەرمی و متمانەی گشتیی؟

سەرەڕای هەموو حەول و تەقەلای زۆری هێندێک لە هاوڕێیان، ئێمە تا ئەمڕۆ خاوەن ئەنبارێکی دیاریکراو بۆ کەل و پەلەکانمان نیین. نە لە بواری کەلوپەلی خۆراک و نە زیست و تەئسیسات. هەموو بابەتەکان بە دڵخوازی کەس یان کەسانێک بەڕێوە دەبرێت نەک بە پێی مێکانیزمێکی روونی پەسەندکراوی ئەوڕۆیی. لە سەر هەر بابەتێک بڕیارێکی ناکارناسانە و بیر لێنەکراو دەدرێت کە زەرەرمەندی ئەو ناوە کۆی حیزبە بەگشتیی کە دیارە تەنها قازانجی کەسانێک دابین دەکات. و قوربانیانی ئەم بێسەروبەرییە بە پەلەی یەکەم کوڕان و کچانی ئەو خەڵکەن کە لەم ئۆردوگایەی ئێمەدا دەژین! چوون تەنها کانگای ژیانیان ئەوەیە کە لە لایەن حیزبەوە بەدەستیان دەگات.



www.peshmergekan.com

لە بەدوادا چوون و بە جێگەیاندنی داخوازی منداڵانی ناو ئۆردوگا بڕی بیست ملوێن (.../.../٢.) دینار لە لایەن لایەنی پێوەندیدارەوە درا، ئایا ئەو پارەیە چیی لێهات و چی پێ کرا؟ ئایا ئەوە مافی ئەو منداڵە رەش و رووتانە نەبوو کە بە رۆژ و شەو لە پێش چاوی هەمووانەوە تەنیا کەرستەی یاری و دونیای منداڵانەیان بۆتە زۆرانبازی لە گەڵ سەگ و تووتکی بە لێشاوی نێو ئۆردوگا؟ یان هەڵس و کەوت لە گەڵ گەورەتر لە خۆیان و سەرگەردانی و بێ بەری بوون لە دونیای منداڵانەی خۆیان و ناچار بوون بە ژیان و هەڵس و کەوت لە دنیای گەورەساڵاندا؟

دروشمی عەداڵەتخوازانەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان (بە تایبەت لە بواری منداڵاندا) گوێی ئاسمانی کەڕ کردووە، ئایا هەموو منداڵەکان وەکو منداڵەکانی ع.د، ن.ج، ب.ر، ف ز، س.ل و... لەو دونیا دروشمەی ئێمەدا بەشدارن و ئەوانیش دەگرێتەوە؟! یان سۆسیالیزمەکە تەنها بۆ چەند کەسێکە؟

٩ـ بەشی چەک و تەقەمەنی (بێسەروبەریی):

ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی جیابوونەوەکانی ٢٠٠٧ دا حزووریان هەبووەو ئاگادارن، پتر لە (...) کەس هاتوونەتە سەرەوە. بۆ ئەم ئۆردوگایەی ئێستا. ئەو کەسانە بڕێکیان دوو چەک و تەنانەت سێ چەکیشیان لە گەڵ خۆیان هێنابوو. ئەگەر ئێمە چەکە زیادیەکان بە سەر ئەوانەدا کە چەکیان پێ نەبووە یان چەکیان نەهێنابوو، دابەش بکەین، هەر کەسە و ئەبێتە خاوەنی چەکێک. ئەمە خۆی (...) چەکی بۆ دابنێین. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەش دا چەندین جار لە لایە هاورێیانی پێشوومانەوە وەکوو بەرێزان ج.ن، ب.ر، م.ف و... ئەوانەوە ناوە ناوە چەک و تەقەمەنی کڕدراوە. کابرای چەک فرۆش ع.ت لە سەردان بۆ ئۆردوگای ئێمە پرسیارمان لێدەکات و دەڵێت: " ئەوە چیە؟ ئەو چەکانەی کە من پێم فرۆشتوون، هیچیان دیار نین" یان دەڵێت "بڕێک لەو چەکانە کە پێم فرۆشتوون لە بازاڕ دەیان بینمەوە".

ئەگەر ئێمە کۆی هەموو چەکەکان بە سێ سەد (٣٠٠) دانە حیساب بکەین، (٣٠٠ )دانەی دابنێن کە کاک بارام رەزایی ناردیەوە، سووتاندی یان لەگەڵ خۆیان بردیان یان هەرچیەکی لێ بەسەر هات. ئەی ئایا ئەو دووسەد چەکەی دیکە لە کوێن؟ بۆ لە... پێشمەرگەی ئێمە زۆرێکیان چەک و رەختیان هەر پێ نییە یان هەر نا، لەو بارەوە چ ئامارێک لە بەردەستدایە یان کێ بەرپرسە؟

بە کورتیی ئەمە مشتێک لە تەنگ و چەڵەمە و لە گرفت و کێشەکانی ئێمەیە، هەموو ئۆرگانە حیزبیەکانمان داخراون، رۆژ لە دوای رۆژ نشستمان کردووە و ئەسڵەن هیچ جۆرە فەنکسیۆنێکی حیزبیمان نییە و هیچ جۆرە کاروبارێکی حیزبیی بەرێوە نابەین.

شایانی باسە و بە تۆمارکراوی لەبەردەستدا هەیە کە ئێمە هەر لە خودی کۆنگرەی ١٣ و رۆژانی دوای ئەو بە شێوەی جیاواز و لە کەناڵەکانی تەشکیلاتەوە سکاڵ و رەخنە و گازەندە و گلەیی خۆمان گەیاندووە، بەڵام چ خەم؟

بەسپاسەوە ٢٠١٤/٠٣/١٩ زائینی ـ ١٣٩٢ /١٢/٢٩ هەتاویی

جەلیل ئازادیخواز / بیژەن قوبادی/ عەبدوڵڵە کۆنەپۆشی (عەبەدلێر)/ رێبوار رەشید / هێرش عەلیزادە

www.peshmergekan.com

.............................................

**بۆ: پلێنۆمی دووهەمی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

ڕوونوس: ئەندامان و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

ڕوونووس: ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

ئەمرۆ ٢٠١٣/٥/٢٧ زاینی کە کۆتایی پلێنۆمی دووهەم و لە هەمانکاتدا سازماندەهی و دابەشکردنی کار و ئەرکەکانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەڕێوە دەچێت، ئێمە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پرۆسەی قسەوباسەکانی پلێنۆم و هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیجرایی بە شێوەیەکی نادروست دەبینین کە بە ئاشکرا مەحفەلگرتن و بایکۆتکردنی بەشێکی تر لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لە خۆ گرتبوو.

بەو شێوە هەڵوێستی پلێنۆم لە ئاستی هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیجرایی لەسەر ئەساسی پرنسیپەکانی حیزبێکی جیددیی و سیاسیی نییە کە دەبوایە بە پێی کار و پراکتیکی سیاسیی و حیزبی هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی لە نێوان دوو پلێنۆمدا بەڕێوە بچووایە، دیتمان نەچووە، بۆیە ڕایدەگەیەنین کە هەیئەتی ئیجرایی بە نوێنەری دەنگ و هەڵوێست و مسەوەباتی کۆنگرەی ١٣ لە سەر ئەساسی بنەمای سیاسیی و ساختار و پراکتیکی نێوان پلێنۆمی یەکەم تا پلێنۆمی دووهەم نازانین. لەسەر ئەم ئەساسە لەکاتی دەنگدان بە هەیئەتی ئیجرایی ئێمە دەنگی متمانەمان نەدا.

بێشک لە داهاتوویەکی نزیکدا باسەکانی خۆمان لە سەر ئەو خاڵانە، لەسەر ئەساسی قسەوباسەکانی پلێنۆم و ڕاپۆرتی کۆمیسیونەکان، دەخەینە بەر ڕووانین و ڕای هاوڕێیانی تەشکیلاتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.

تێبینی:

١/ لە بەڕێز سکرێتێری حیزب داواکارین کە لە ڕێگە و کاناڵی پێوەندیدارەوە ئەم هەڵوێستەی ئێمە بە ئاگاداریی ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەر جێگەیەک کە هەن بگەیەنێت، چوون پێمانوایە ئەندامانی حیزب مافی ئەوەیان هەیە کە ئاگاداری هەڵوێستی ئێمە وەکوو کۆڕێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ک.ز.ک بن کە لە کۆنگرە دەنگی موتمانە خۆیان بۆ کۆمیتەی ناوەندیی بە ئێمە و هاوڕێیانی دیکە بەخشیووە.

٢ /لە خوارەوە ناوی تەنها چوار کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هاتووە، بەڵام لیستەکە کراوەیە بۆ هاوڕێیان، ئەندامان و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندیی و ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەر شوێنێک کە هەن.

بەسپاسەوە ٢٠١٣/٠٥/٢٧ زائینی ـ ١٣٩٢ /٠٣/٠٧ هەتاویی

جەلیل ئازادیخواز / عەبدواڵلە کۆنەپۆشی (عەبدلێر) / ڕێبوار ڕەشید / هێرش عەلیزادە

www.peshmergekan.com

.....................................................

تێبینیی: لە کاتی پەلەنۆمی دودا ٢٠١٣/٥/٢٨ ئێمە وەکوو گرۆپێک لە ک.ن بڕیارماندا کە فراکسیۆنێک لە ژێر ناوی "فراکسیۆنی کوردستانیی سۆسیالدیموکرات" رابگەیەنین بەڵام لەسەر داوای کاک عۆمەر ئیلخانیزادە دەستمان راگرت بەو هیوایەی کە کارەکان بە کۆی کۆمیتەی ناوەندی بەرێوە بەرین.

٢٠١٣/٥/٢٨ __________________

راگەیاندنی "فراکسیۆنی کوردستانیی سۆسیالدیموکرات" لە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

**بۆ پلێنۆمی دووهەمی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

ئاگاداریی بۆ:

ئەندامان و جێگران و راوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.

هاوڕێیان: لە باسەکانی پلێنۆمی دووهەمی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێمە وەک "فراکسیۆنی کوردستانیی سۆسیالدیموکرات" بەشداریی چالاکانەمان تێدا کرد، بۆ ئەوەی بنەما سەرکیەکانی بەرنامەی سەلمێندراوی گۆنگرەی ١٣ باشتر و بەرجەستەتر دەربکەون و بین بە ڕۆژەڤی کار و بچنە بواری پیادەکردنەوە. بەداخەوە گرووپێکی دیکەی هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی کە لە کۆنگرەی ١٣ دەنگیان بەم بەرنامە دابوو، ئێستا لە دەنگ و هەڵوێستی پێشووی خۆیان پاشگەزبوونەوە و پێ دادەگرن کە ئەوان لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا باوەڕیان بە سوسیالدیموکراتیی نییە و خوازیاری ئەوەن، بێ هیچ باس و پۆلێنێکی فکریی وتیئۆریی، خۆیان وەک لایەنێکی چەپ و سوسیالیست ناوزەد بکەن. ئەم هاوڕێیانە تەنیا پێداگریی لەسەر نەریت رابردووی "کۆمەڵە" دەکەن بێ ئەوەی کە بە روونیی و کۆنکرێت پێناسەی جۆری "کۆمەڵە" و پێناسەی هزریی و تیئۆریی ئەم پارتە بکەن و روونی بکەنەوە لە کوێدا وێستاون.

قەیرانی ئەم ناڕۆشنییە فکریی و هزرییە هەموو لایەنێکی کاری حیزبیی گرتووەتەوە کە چارەسەرەکەی تەنها ئاماژە بە بەرنامە و ساختاری کۆنگرەی ١٣ یە، دیارە بە ڕوونکردنەوە و ئاماژەی کۆنکرێتی زیاتریش کە ئەو بیر و دونیابینیی و ئاییندەبینییە باشتر و قووڵتر ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ناچار بە لێکدانەوەی جیاواز و بە ناڕۆشنیی ستراتیژیی و بە گومان لە کاری ڕۆژانەدا نەبن.

لە سەرئەنجامی خۆبەدەستەوەدان بە نەبوونی پێناسە و بنەمای فکریی و سیاسیی و بە نەبوونی بەرنامەی داڕێژراو، بەشێکی مەحفەلی هاوڕێیان لە کۆمیتەی ناوەندیی بە داخەوە دەستەیەکی کارگێریان "هەیئەتی ئیجرایی" هەڵبژارد کە ڕەنگدانەوەی ڕا و باوەڕی زاڵی بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٣ کۆمەڵە نییە کە هاودەنگ و کۆدەنگ تەواوی دەنگی نوێنەرانی

کۆمەڵەی لە پشت بوو. بۆ ئەم مەبەستەش بە داخەوە، هەروەکوو کۆپیی رووداوی لەو شێوەی سوننەتگەرایی و بازنەی غەیرەسیاسیی، دەستیان بە لابردن و پەراوێزخستنی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی کرد.

ئێمە لە بڵاوکراوەکانی داهاتوودا زۆر بە وردیی هەموو جیاوازیە فکریی و تیئۆریی و تەشکیلاتییەکانمان دەخینە بەر دیدی رای گشتیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و کوردستانیان. ئەڵبەت لێرەدا زۆر بەکورتیی ئاماژە بە هەندێک خاڵی جیاوازمان دەکەین:

١. سەرەڕای پەسەندکردنی بەرنامەی کۆنگرەی ١٣ ی کۆمەڵە و بە ئاشکرا دیاربوونی خەتی کوردستانیی و پلورالیستیی و "سۆسیالدیموکراسی" وەکوو ئایدیۆلۆژییەکی سیاسیی بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵە، بەشێک لە هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی لەم بەرنامەیە پاشگەزبوونەتەوە، بێ ئەوەی بەر لە کۆنگرەی ١٣ و پاش کۆنگرەی ١٣ توانیبێتیان ڕۆشنایی فکریی و سیاسیی و ڕەووشتیی و پراکتیکیی بۆ ئەو جۆرە لە "کۆمەڵەبوونی" خۆیان بەیان بکەن.

٢. ئێمە "فراکسیۆنی کوردستانیی سۆسیالدیموکرات" رای دەگەیەنین کە لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵات لە کوردستان کۆمەڵە حیزبێکی سەراسەرییە و بەو شێوەیە خۆمان بە هێزێکی کوردستانیی دادەنێین، نەک ئێرانیی. لەم ڕووانگەیەوە دەزانین کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و هێزەکانی ناو هەناوی ئەم بزووتنەوەیە داواکار و خوازیاری دابینکردن و بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییە زەوتکراوەکانی خەڵکی کوردستانن.

زۆر راشکاو و کۆنکرێت رای دەگەیەنین کە رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران رژێمێکی کۆنەپەرست و دیکتاتۆر و تیئۆکرات و هاوکات داگیرکەری خاک و خەڵکی کوردستانە کە دەستی لە خوێنی خەڵکدا سوورە و تاوانبارە و زوو یان درەنگ بەرەو ڕووخان و لەناوچوون دەچێت و وەک هەر ڕژێمێکی تاوانبار فرێ دەدرێتە زبڵدانی مێژوو. ئەم کۆمارە ئیسلامییە نە لەوەپێش توانیوویەتی ریفۆرم بکات، نە ئێستا و نە لە داهاتوویشدا هیچ جۆرە ریفۆرم وگۆرانکاریەک قبوڵ دەکات، چون هەر لە بناخەدا ناتوانێت ریفۆرم قبوڵ بکات و لە سەر پایەی دژ بە خەڵک بوون و دژ بە ئازادیی دامەزراوە.

ئێمە دەزانین کە باوەر بە گۆران یان بە گۆرینی ئەم رژیمە تا سەر ئێسک بێ هودەیە، بەڵام ئێمە بە راشکاویی رای دەگەیەنین کە دروشمی رووخاندنی رژێمی ناوەندیی کە لە ئێستادا کۆماری ئیسلامییە و لە داهاتوودا شایەد شێوەیەکی دیکە لە حکومەتی سەرکوپ بێت، نابێت لە مانای ئەرکدارییماندا دروشمی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بێت. ئەم دروشمە لە هەناو و ستراتیژی هێزگەلی چەپ و سەراسەریی ئێرانییەوە هاتووتە ناو گوتاری بزووتنەوەی کورد و بە سەریاندا سەپاندووە. دروشمی ڕووخاندنی ڕژیمی ناوەندیی لە داهاتوودا کێشەی سەرکیی و بنەڕەتیی، کە هەم سیاسیین و هەم یاسایی، بۆ کورد دروست دەکات و دەبێت بە هۆشیاریی و وردبینیی سیاسیەوە وەڵامی بدەینەوە. بە روونیی دەبینرێت کە دروشمی رووخانی رژیمی ناوەندیی لە سەرەتای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستاندا نەبووە و پاشان بە بزووتنەوەی کورد تەحمیل کراوە. لە ڕاستییدا هیچ خەباتێکی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی لە

جیهاندا نییه كه خۆی به دروشمی رووخان/ یان رووخاندنی ڕژیمی ناوەندییەوە كه داگیرکەرییەتی مەشغوڵ کردبێت.

حیزب بوون له سەر ئاستی ڕۆژهەڵات بەو مانایە دێت كه ئەرکی سەرشانی ئێمه ڕزگارکردن و پاراستنی کوردستان و خەڵکەکەیەتی له دەستدرێژیی. دیاره کۆمەڵه هیچ کاتێک هاوپشتیی سیاسیی و مرۆڤیانه و هاوسۆزیی و هاوهەستیی لەگەڵ لایەن و نەتەوەکانی ئێران رەت ناکاتەوە.

٣. ئێمه دەمانەوێت کۆمەڵه له پراکتیکی ڕۆژانەدا پلورالیزمی سیاسیی و ئایینیی و فەرهەنگیی له سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیادە بکات و ڕێزی لێبگرێت. لەبەرئەوە دژی هەموو جۆرێک له حەزف و له نەخوێندنەوە و له بەکەم دانانین و دەمانەوێت به روونیی و ڕاشکاویی لەگەڵ هەموو ئەو پارت و ڕێکخراوانە كه له ڕۆژهەڵاتدا هەن و چالاکن و كه دڵخوازانە دەیانەوێت، پێوەندییمان هەبێت و بەرەو هاوکاریی و هاوبەرنامەیی ڕێ بپێوین.

ئێمه هەموو جۆرێک له قسەوباسی نادروست و پشتەملە و خۆپەڕاندنەوە و شێوەکانی دیکە له بێمەسئولییەتی بەرامبەر ئەوەکانی دیکە، رەت دەکەینەوە و به سوننەتێکی زیانەخرۆ و تێکدەر و رووخێنەر دەبینین.

٤. ئێمه دەمانەوێت ئۆردوگای کۆمەڵه تەواو و سەرتاپا سیاسیی و نیزامیی بێت و له هەموو شێوەکانی وابەستەیيبە بێ پرینسیپیی، جا هەر چییەک بن، بپارێزرێت. ئێمه دەمانەوێت چی تر ئۆردوگای کۆمەڵه وەکوو بەردەباز بۆ مەرامیی شەخسیی و غەیرە سیاسیی و فکریی و نیزامیی بەکارنەبردرێت و ئۆردوگا له خەسڵەت و مۆرکی نیشتەجێبوونی موڵکی ڕزگار بکرێت. دیاره کۆمەڵه دەبێت بەرپرسایەتی خۆی به شێوەی یارمەتیدان و پشتگیریکردن بۆ هەموو ئەوانەی دڵسۆزی کۆمەڵه بوون هەڵ بگرێت كه نایانەوێت یان ناتوانن له فەزایەکی نوێدا بمێننەوە و بەشدار بن و بژین.

٥. ئێمه حیزب به ئامرازی کاری سیاسیی دەبینین و دەبێت له هەموو جۆرە گروپبەندیی و دەستەبەندییەک كه بەرژەوەندی حیزب دەخاتە پەراوێز و مەترسییەوە وەدوور بگرین و باسەکان، له مەیدانی مەحفەل و قسەی لابەلاوە، بخەینە ناو کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوە و مەیدانی ئاشکرا و لەبەرچاو، چون پێمانوایە سیاسەت و فکر و ئەندێشە بەرهەمی ڕاشکاویی و ڕۆشنایی و مەیدانین.

٦." فراکسیۆنی کوردستانیی و سۆسیالدیموکرات" ی کۆمەڵه پێی وایە كه له ئاییندەی کوردستانێکی ئازادی پلورالیستی پارلەمێنتارییدا خەتی سۆسیالیستی ڕیفۆرمیست كه باوەڕی به جێگۆڕکێی حکومەتە له ڕێگای هەڵبژاردن به شێوەی ئاشتیی و سیاسیی و دیموکراتیک، دەتوانێت نەخشی بەرچاوی له چەسپاندنی دادوەریی کۆمەڵایەتیی و فەراهەمکردنی مافەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دابینکردنی بیمەی گشتیی کۆمەڵایەتیی هەبێت، دوور له سیاسەتی دروشمگەریی و ماجەراییگەریی و بەرخوردیی ڕۆمانسیزم و دۆنکیشۆتیزمی سیاسیی چینایەتیی. ئەمە بۆ ئێمه سەنەد و زامنی سەقامگیرکردنی کۆمەڵگای کوردستان و پێڕەوی پێشکەوتنە له پرۆسەیەکی دیموکراسیی بەرەو یەکسانیی و ڕووەو کۆمەڵگایەکی هاوسۆز و هاوپشتی هاوچەرخ.

www.peshmergekan.com

جێی داخە سەرەڕای هەوڵی جیددیی ئێمە، کار و ئاخافتن و ئەنجام و بەرئەنجام و جۆری بەڕێوەبردنی پلۆنۆم، نیشانی دا کە ئەم ئاراستە و شێوانە لە کارکردن، دەقاودەق دژی پرینسیبی حیزبیی و بەرنامە و پێڕەوی حیزبە. بە هیوای هەرچی پەیگیریی و هاوپشتیی هاوڕێیانی دڵسۆزە بۆ بەهێزکردنی خەتی "فراکسیۆنی کوردستانیی و سۆسیالدیموکرات" ی کۆمەڵە.

بەسپاسەوە ٢٠١٣/٠٥/٢٨ زائینی / ١٣٩٢/٠٣/٠٨ هەتاویی

جەلیل ئازادیخواز / عەبدوڵڵە کۆنەپۆشی (عەبەدلێر) / ڕێبوار ڕەشید / هێرش عەلیزادە

..........................................................

**هاوڕێیانی دڵسۆز و خەباتگێڕی کۆمەڵە لە هەر شوینێک هەن**

سلاوتان لێ بێت

بەرێزان، پاش کۆنگرەی ١٣ کۆمەڵە هەم لە باری ناوخۆ و هەم لە باری کەشوهەوای سیاسیی لە ناوچەکە لە دۆخێکی تەواو جیاواز لە پێشوودایە. بۆ ئەوەی وەکوو حیزبی کۆمەڵە بتوانین بە ڕووداوەکانی ئایندە وەڵامگۆ و ئامادە بین، پێویستە هەموومان، سەرەڕای جیاوازیی پۆست و تەمەن و شوێنی نیشتەجێ و هتاد، دەبێت سەرلەنوێ خۆمان بەو ڕەووشتە بەرزانە چەکدار بکەین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆمەڵەی کرد بە حیزبێک کە بتوانێت لە دونیایەکی داگیرکەریی و دیکتاتۆریی و تاکحیزبیدا، نەک هەر جێی خۆی بکاتەوە، بەڵکو بتوانێت نەخشی خۆی لە کوردستان لە سەر مێژوو دابنێت، بە تایبەت لە ناو کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و ڕۆژشنبیراندا وا کە ببێت بە پارتێکی کۆمەڵگایی.

بەرێزان، خەباتگێڕیی و یەکسانیخوازیی و پێویستی بە کولتوری ڕەووشتبەرزیی و وەفاداریی بە پرینسیپپەروەریی و دیسپلینپەروەریی هەیە. مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر بە ڕێز و خۆشەویستیی، هاوکاریکردن و یارمەتیدانی یەکتر و ڕێنماییکردنی یەکتر، دەبێت بەشێکی گرینگ لە کارەکانمان بێت.

دەبێت هەمیشە لە هەوڵی بەردەوامدا بین بۆ ئەوەی کۆتایی بە بەخیلی سیاسیی، لە پاشملەقسەکردن، قسەهەڵبەستن و لەکەدارکردنی یەکتر بهێنین. ئەمە دەبێت بەشێکی دیکەی گرینگ بێت لە کاروخەباتمان.

ئێوە دەزانن کە دڵسۆزانی کۆمەڵە لە سەرەتای خەباتی کۆمەڵەدا خۆبەخشانە، فیداکارانە و دڵخوازانە، نەک هەر بە ڕەووشتی بەرز و بە پارە و بە کۆمەکی ماڵیی و بە سامانی خۆیان، بەڵکو بە ژیانی شیرین و بە نرخی فیداکردنی گیانی خۆیان، کۆمەڵەیان لە سەر زەوی دامەزراند. زۆرن ئەوانەی گیانیان سپارد و تەنانەت یەک جاریش بە یەک تاقە وێنە یادنەکراونەتەوە و تەنانەت یەک جاریش لەبنە ماڵەو کەسووکاریان نەپرسراوەتەوە. زۆرن ئەوانەی زیاتر لە یەک

ئەندامی لەشیان لەدەسداوە، کە ئێستا لە زەحمەت و مەینەت و ئازاری بەردەوامدا دەژین، بەڵام هیچ کاتێک گلەیی لە خەبات و ڕابردووی خۆیان ناکەن.

هاوڕێیان، ئێستا لە زەمانێکدا کە چەندین حیزبی سیاسیی هەین، کە لایەنەکانی کێبڕکێکار لە مەیدانی سیاسییدا بە ئەژمارن  کە بەرامبەر یەکێک لە هەرە خوینڕێژترین و وەحشیترین لە سیستەمە سیاسیەکانی دونیا وێستاوین، لە کۆمەڵەدا پێویستمان بە هەرچی زیاتر  لێبووردن و ئاشتبوونەوە و گەردنئازادیی لەیەکنزیک بوون ولەیەکگەیشتن هەیە. کاتی تووڕدانی هەرچی جۆرێک، کەم  بێت یان زۆر، لە دڵکرمێیی و دڵکرمێبوون، دڵرەنجاویی و  دڵئێشاویی و لە شێوەکانی دیکە کەبوونەتە هۆگەلی دوورکەوتنەوە و دڵساردبوونەوە لەیەکتر.

بەرێزان، خۆشەویستان

ئێمەی ئەندامان و دۆستانی کۆمەڵە، بەتایبەتیی ئەوانەمان کە بەرپرسیارتیی حیزبیمان قبوڵ کردووە، لە هەر کاتێک زیاتر پێویستمان بە کاری خۆبەخشانەی بێبەرانبەر هەیە، دەبێت لە هەر حەوزە و کۆمیتە و شوێنێک بین بەکردەوە نیشانی هاوڕێیانی چواردەوری خۆمانی بدەین کە بە خەرجی هەرچی کەمتر  بەڕێوە دەچین، کە دەست بە ماڵ و سامانی کۆمەڵەوە دەگرین، کە زیادەمەسرەفیی لە هیچ شتێکدا ناکەین، کە ڕەسیدی کڕینمان بۆ هەموو شتێکی کڕدراو هەیە، ئەگەر تەنانەت بە قرانێکیش بێت، کە تۆمارەکان لە جێی خۆیاندان و پەیگیریان لە سەر دەکرێت. کە هەموو کەرەستە و شتومەکێک بە ڕێکوپێکیی ڕادەگرین و بەکار یان دەهێنین. هاوڕێیان، ئەم کارانە دەبێت هێندە لەبەرچاو و ڕوون و حاشاهەڵنەگر بن کە ببن بە کولتوری کۆمەڵە و ببین بە نموونەی ئایدیال بۆ ئەوانەی لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدان و تەنانەت ئەوانەیش کە لەدەرەوەی بازنەی تەشکیلاتیدان.

هاوڕێیان، ئەمە ئەلفبێی یەکسانیخوازیی و بەرابەرخوازییە، ئەمە ئەلفبێی هەنگاوی یەکەمە بۆ جێبەجێکردنی دروشمەکانمان لە فەزای کۆمەڵگایەکدا کە چەندین ملوێنە و  لە مەیدانی حیزبییمان زۆر گەورەترە. بەڵام هەروەها بەڵێنێکی پرینسیپیی و وەفادارییەکی هەرەوەزکارییە کە دەبێت پێرەوی بکەین تا بەکردەوە لە گشت بوارەکاندا بیسەلمێنین کە ڕێبواری ڕێگای کۆمەڵەین.

بەرەو دووبارە چەسپاندنی ڕەووشتی خەباتگێڕیی کۆمەڵە! ڕێبوار ڕەشید    ٢٠١٣/١/٧

.......................................................

**پێشنیار و ئاگاداریی**

**هاوڕێیانی دڵسۆز و خەباتگێڕی کۆمەڵە لە هەر شوینێک هەن**

سلاوتان لێ بێت

www.peshmergekan.com

بەرێزان، لە درێژەی ئەو نامە سەرئاوەڵەیەی پێشوودا کە هاورێگەلێکی بەئەژمار وەڵامیان بە ئەرێنی دایەوە و هەروەها درێژەی باسی کۆنگرەی ١٣ کۆمەڵە، پێم خۆشە چەند خاڵێکتان بخەمە بەردەست:

١. سەرەڕای وەبیرهێنانەوەی چەندینجارە هێشتا هەر کۆمەڵە، بەتایبەتی ک.ن. سسیتەمی ڕۆژەڤ و پرۆتۆکۆل بەو شێوەیەی لە پێڕەوی ناوخۆدا هاتووە و بەشێکە لە کاری حیزبیی جیددیی و شەفاف پیادە ناکات و هێندەی من ئاگادار بم تەنها لە کۆمیسیۆنی دەرەوەی وڵات و کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی ناوخۆدا پیادە کراوە و دەکرێت. من پێموایە ئەمە یەکێکە لەو خاڵە شایانباسانەی کە دەبێت هەموو هاوڕێیەک لێی ئاگادار بێت.

٢. ئێمە هەروەها لەوەبەر باسی زیندووکردنەوەی کولتور و فەرهەنگی خۆبەخشانە و فیداکارانەمان کردووە و ئاماژەمان بە خەباتی سەرەتای دڵسۆزانی سەردەمی دەستبەکاربوونی کۆمەڵە کردووە. لەو ڕووەوە من دووبارە وەبیری هەمووانی دەهێنمەوە کە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵە لە سکرتێرەوە بەرەو دوا ئەندامی خوارەوە دەبێت خۆبەخشانە و بێ بەرامبەر و پاداشت کار بکەن. شێوەی مووچە هەروەکوو مووچەی پێشمەرگایەتیی دەبێت سیمبولیک بێت و تەنیا وەکوو پارەی خەرجیی ڕۆژانە بێت. پێشنیارک کە من پێموایە هەر زۆرینەی هاوڕێیان دەتوانن لە پشتەوەی بن کۆتاییهێنانە بە هەموو شێوەکانی پارەدان بۆ کاری تەشکیلاتی لە ئوروپا، مەگەر ئەوە نەبێت کە بکەوێتە فەزای کاری ڕەسمیی و کاری تەواوی ڕۆژەوە بە پریی، واتە هەشت سەعات، یان نیوەکات، واتە چوار سەعات و دەبێت کاری بەردەوامیش بێت. دیارە لەو چوارچێوەیەشدا هەر هاوڕێیان دەتوانن لە دڵسۆزیی و وەفاداریی و جیددیەتیاندا بەرهەمی خۆبەخشانەیان هەبێت. سەبارەت بە هاوڕێیانی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان، من پێموایە دەبێت لە سەداسەد سوود لە ئۆردوگا وەربگرین و بە هیچ شێوەیەک خەرجی کرێخانووی ناو شار/ دەرەوەی ئۆردوگا نەچێتە سەر شانی کۆمەڵە، و لە ڕاستییدا من هیچ پاساوێک بۆ لە دەرەوەی ئۆردوگا ژیانکردن نابینمەوە.

هەروەها بە پێی پێڕەوی ناوخۆ هیچ هاوڕێیەکی کۆمەڵە کە بەرپرسایەتی ڕەسمیی هەیە بۆی نییە لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و کاروکاسپیی شەخسی بەردەوامدا بێت و هەروەها بۆی نییە سوود لە کەرەستە و ئامرازی کۆمەڵە بۆ ئەو مەبەستە وەربگرێت. هاوڕێیانی کوردستانیش هەروەکوو هاورێیانی ئوروپا نابێت وەکوو بەرامبەر یان پاداشت لە مانای مووچەدا وەربگرن. هەموو هاوڕێیەکی نیشتەجێی ئۆردوگا بە بێگومانییەوە دەبێت ماڵ و شوێنی خەو و پشوو و ژیانی خۆی بە شێوەیەکی ڕکوپێک و شایستە بە هاورێی ئێمە بۆ مسۆگەر بکرێت، خۆراک و بژێوی گشتیی و جلوبەرگ و پێویستیی لەو جۆرەیان بۆ دڵنیا بکرێت، و هەروەها پارەیەکی کەمیش بۆ خەرجیی ڕۆژانەیان پێ بدرێت کە بە ڕای من، بۆ نموونە بۆ ئەندامانی ک.ن. نابێت لە نێوان سەدهەزار و دوو سەدهەزار دینار تێپەڕ بکات. جیاوازیی نێوان خەرجیی ڕۆژانەی پێشمەرگە و سەرەوە دەبێت نزم بێت و نابێت بێ دەلیل و بێ هۆی تایبەتیی شایانباس بێت. لە حاڵەتی پێویستبوونی کەسێک، بۆ نموونە ئەندامێکی ک.ن. بە پارەی تایبەتیی جیا لە خەرجی ڕۆژانە، دەبێت خودی ک.ن ئاگاداری بێت و بە پێی بڕیار و پرۆتۆکۆل بجەسپێت.

www.peshmergekan.com

٣. هەموو ئەو هاوڕێیانەی بە شێوەیەک وامی شەخسی خەڵکیان لایە کە ڕێژەکەی هێندە زۆر بێت کێشەی لە سەر بکەوێتەوە و بە شێوەیەک لە سەر کۆمەڵە بکەوێت، یان لە پێوەندیی دوژمنایەتیی و جۆری دیکە لە کێشە کە هەبێت و کە ڕەنگە بتوانێت ئێخەی کۆمەڵەش بگرێت، یاخود شتی دیکە کە بە چەشنێک بچێتە خانەی تاوانەوە، دەبێت ئەو کەسانە خۆیان دڵخوازانە ئەوە بە بەرپرسی خۆیان یان بە ک.ن. ڕابگەیەنن تا کۆمەڵە ئاگادار بێت. بۆ ئەوەی بتوانێت پێشوەخت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە یان کۆمەک بە چارەسەرکردنی بدات و سنوور بۆ زیان و زەرەری دابنێت.

هاوڕێیان، زۆرینەی پارتە سۆسیالدیموکراتەکانی ئوروپا و بزووتنەوەی کرێکاریی بەو شێوەیە بوون بە خاوەنی سەرمایەی خۆیان کە بە هۆیەوە توانیوویانە و دەتوانن درێژە بە سیاسەت و بە هەبوونی خۆیان بدەن. لە حاڵەتی حوکمدارییدا دیارە کە سیستەمی مووچە بۆ هەموو ئەو کەسانە دەبێت کە کار دەکەن و ئەوە شتێکی تەواو جودایە کە پێوەندیی بەم دۆخەی ئێستاوە نییە.

بەرێزان، خۆشەویستان

ئێمەی ئەندامان و دۆستانی کۆمەڵە، بەتایبەتیی ئەوانەمان کە بەرپرسیارتیی حیزبیمان قبوڵ کردووە، لە هەر کاتێک زیاتر پێویستمان بە کاری خۆبەخشانەی بێبەرانبەر هەیە، دەبێت لە هەر حەوزە و کۆمیتە و شوێنێک بین بەکردەوە نیشانی هاوڕێیانی چواردەوری خۆمانی بدەین کە بە خەرجی هەرچی کەمتر بەڕێوە دەچین، کە دەست بە ماڵ و سامانی کۆمەڵەوە دەگرین، کە زیادەمەسرەفیی لە هیچ شتێکدا ناکەین، کە ڕەسیدی کرینمان بۆ هەموو شتێکی کڕدراو هەیە، ئەگەر تەنانەت بە قرانێکیش بێت، کە تۆمارەکان لە جێی خۆیاندان و پەیگیریان لە سەر دەکرێت. کە هەموو کەرەستە و شتومەکێک بە ڕێکوپێکیی ڕادەگرین و بەکار یان دەهێنین. هاوڕێیان، ئەم کارانە دەبێت هێندە لەبەرچاو و ڕوون و حاشاهەڵنەگر بن کە ببن بە کولتوری کۆمەڵە و ببین بە نموونەی ئایدیال بۆ ئەوانەی لە ریزەکانی کۆمەڵەدان و تەنانەت ئەوانەیش کە لەدەرەوەی بازنەی تەشکیلاتیدان.

هاوڕێیان، ئەمە ئەلفبێی یەکسانیخوازیی و بەرابەرخوازییە، ئەمە ئەلفبێی هەنگاوی یەکەمە بۆ جێبەجێکردنی دروشمەکانمان لە فەزای کۆمەڵگایەکدا کە چەندین ملوێنە و لە مەیدانی حیزبییمان زۆر گەورەترە. بەڵام هەروەها بەڵێنێکی پرینسیپیی و وەفادارییەکی هەرەوەزکارییە کە دەبێت پێرەوی بکەین تا بەکردەوە لە گشت بوارەکاندا بیسەلمێنین کە ڕێبواری ڕێگای کۆمەڵەین.

بەرەو دووبارە چەسپاندنی ڕەووشتی خەباتگێریی کۆمەڵە! ڕێبوار ڕەشید ٢٠١٣/٢/٣

.........................................................

**ئاگاداریی و پێشنیار**

**(بە رای من جێی خۆیەتی ئەم نامەیەش بۆ هەموو ئەندامان بنێردرێت، بەڵام فەرموون ئێوە وەکوو (ک ن) بڕیار لە سەر ناردن یان نەناردنی بدەن!).**

www.peshmergekan.com

**هاوڕێیانی دڵسۆز و خەباتگێڕی کۆمەڵە لە هەر شوێنێک هەن**

سڵاوتان لێ بێت

بەڕێزان، لە وەڵامی نامەی دووهەمی سەرئاوەڵەی من بۆ هاوڕێیانی کۆمەڵە، دوو کەس لە هاوڕێیانی (ک ن) بە نووسراوە وەڵامیان داوەتەوە و بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە، یەکەم هاوڕێ جەلیل ئازادیخواە و دووهەم هاوڕێ سادق زەندی ـە کە لەبەر نووسراوەیی و تۆمارکراوەیی وەڵامەکان ڕێزێکی زۆریان بۆ دادەنێم و سپاسیان دەکەم بۆ تیشکخستنە سەر ئەو باسانە. لە ڕووی ڕەووشتیی و هاوڕێیەتیەوە بایەخییان زۆر بۆ دادەنێم و هەوڵ دەدەم ئەوانیش لەم نامەیەدا وەڵام وەربگرنەوە.

بەو شێوەیەی دەبیستریێتەوە یەکەم: لێرەولەوێ هاوڕێیانێک لە (ک ن) لە پاشملە کاردانەوەیان هەبووە و دووهەم: لە مێژووی ١٠/٣/٢٠١٣، ڕێککەوتی یەکشەممە (ک ن) کۆبوونەوەیەکی گرتووە و لە سەر ئەو نامە قسەوباس کراوە کە دیارە من تیایدا بەشدار نەبووم چون هاوڕێ عومەر شەوێک پێش ئەوە پێی ڕاگەیاندم کە ئەسڵەن (ک ن) کۆبوونەوە ناگرێت لەبەرئەوەی هاوڕێ هێرش و ئەوانی دیکە کە مەبەستی لە هاوڕێ خەلیل دەشتی و عوسمان خەلیلیە لە سەفەردا دەبن، و سێهەم: هیچ پرۆتۆکۆلێکی ئەو کۆبوونەوەیەی ١٠/٣/٢٠١٣ بە دەست من نەگەیشتووە (ئەسڵەن ڕەنگە هەر پرۆتۆکۆلێک نەشنووسرابێت).

پێش ئەوەی بچمە ناو باسە ئەسڵیەکە من ئەو سێ خاڵەی سەرەوە بە پرینسیپشکێنیەکی کەم وێنە دادەنێم و لە سەر گەشەی دیموکراسیی و شەفافیەت لە ناو کۆمەڵەدا بە خەتەری زۆر گەورەی دەبینم.

بەرێزان،

١. وەکوو بیستومەتەوە و لە نامەیەکی "سکرتاریەتی کۆمەڵە" دا ئاماژەی پێ کراوە، کە ئیمزای هاوڕێ بیژەن قوبادی لە سەرە و کە لە ڕاستییدا بە پێی پێرەوی ناوخۆی کۆمەڵە "سکرتاریەتی کۆمەڵە" خاوەن مافی نووسینی لەو جۆرە نامەیەی نییە. هەر لەبەرئەوەش کە من نازانم بە ناوی چەند کەسەوە نووسراوە هیچ بایەخێکی پێ نادەم. دیارە سپاسی هاوڕێ بیژەن قوبادی دەکەم کە ئیمزای خۆی لە سەر داوە و دەزانم کە هاورێیەک زەحمەتی کێشاوە.

بە هەرحاڵ، ناوەڕۆکی ئەو نامەیە ئەوەیە کە گوایا هاوڕێیانی (ک ن) پێیان وایە (دیارە نەگوتراوە ئەو هاوڕێیانە کێن) کە من نەدەبا ئەو نامەیە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵە بەرێ بکەم و (ک ن) ئەم کارە بە هەڵە دەبینن.

وەڵام: بەرێزان، ئەگەر جوان سەرنج بدەن سەرەتای نامەکەی من بە سەردێڕی " پێشنیار و ئاگاداریی" و بە " هاوڕێیانی دڵسۆز و خەباتگێڕی کۆمەڵە لە هەر شوێنێک هەن" دەست پێ دەکات. ئەمە بەو مانایە دێت کە من خودئاگا و بە خۆشییەوە پێم خۆشە بە دەست زیاتر و زیاتر لە ئەندامانی کۆمەڵە بگات. بە داخەوە من ئیمایلی هەموو هاوڕێیانم لا نییە و ڕەنگە زۆر هاوڕێ بە دەستیان نەگەیشتبێت و هیوادارم بە دەستیان بگات. لە پەیامەکەشمدا کە بڵاوم کردووەتەوە نووسیبووم کە تکایە بە دەست هاوڕێیانی دیکە بگات.

www.peshmergekan.com

٢. حەتمەن بەڕێزگەلێک دەپرسن: بۆ ئەو نامەیە بۆ ئەندامان بچێت؟

وەڵام: لە هەرە سەرەتای کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ هەوڵدان بۆ بەیەکبوون، هاوڕێیانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شوێنی جیاواز و کاتی جیاواز پێوەندیی زۆریان بە ئێمەوە دەگرت کە هیچ زانیاریەکیان سەبارەت بە دانیشتنەکانی نێوانمان پێ نادرێت. ئێمە بە ڕێزەوە داوامان لێدەکردن ڕووبکەنە ئێوە و داوای وەڵام لە ئێوە بکەن. ئێمە لە هەموو کۆبوونەوەکانماندا ئەمەمان عەرز دەکردنەوە.

بە ئینسیاتیڤی بەڕێز کوێستان داودی بەڕێزان کاک ناسری حیسامی کاک سەعیدی سەرهەنگی و کاک حوسەینی پەناهی کەوتبوونە خەمخواردن و بەدەربەستهاتنەوەی یەکگرتنەوەی هەردوو لامان. لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانماندا کە وا شکایەوە لە شاری یوتەبۆری بگیرێت چون دەبا لە مەراسیمی هاوڕێی دێرینی کۆمەڵە شەهید ڕەحمان لە ٢٠١٢/٢/٢٦ بەشدار بین. بەڕێز هاوڕێ حوسەینی شەبەق یش لەو مەراسیمەدا بە پەیامی خۆیەوە بەشدار بوو.

کەمێک پێش ئەوەی کۆبوونەوەی هەردوولامان دەست پێ بکات، پێمان ڕاگەیەندرا کە ئەو سێ هاوڕێیە، واتە کاک ناسری حیسامی کاک سەعیدی سەرهەنگی و کاک حوسەینی پەناهی، لەلایەن هاوڕێ ڕەزا کەعبی پێیان گوتراوە ئیتر پێویست ناکات بەشدار بن. دیارە بە پێچەوانەی خواستی ئێمەوە هەروەها هاوڕێ حوسەینی شەبەقیش پێی نەگوترا بەشدار بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەوێ بوو و لەگەڵمان بوو و یەکێکیش بوو لە هەرە ئەوانەی بە دەربەست یەکگرتنەوەیەکی لەو جۆرە دەهات. بە دڵنیاییشەوە سەهمی ئەو گەورەوگران دەبوو.

لە پاش یەکگرتنمان لە ١/٥/ ٢٠١٢ من چەندین جار داوام لە هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە، لە هاوڕێ جەمیلە ڕەحیمی و لە هاوڕێ ڕەزا کەعبی کردووە کە کۆبوونەوەی سەراسەریی بگرین و گرینگیی و بایەخی ئەو یەکگرتنەوە و مەبەست و ئامانجمان بۆ هاوڕێیان ڕوون بکەینەوە و هەوڵ بدەین هەمووان سەرلەنوێ کۆبکەینەوە و کۆتایی بە دڵکرمێبوون و ڕەنجاندن بهێنین. من ئێستایش وەڵامێکم وەرنەگرتەوە و کۆبوونەوەیەک هەرگیزاوهەرگیز ئەنجام نەدرا.

پاش کۆنگرەی ١٣ هەمان داوای من سەبارەت بە گرتنی کۆبوونەوەی جیاواز بۆ ئەندامان بە هیچ شوێنێک نەگەیشتووە و لە هەوڵی هاوڕێیانی کۆمیسیونی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵاتی لێ دەربچێت کە هەوڵ دەدەن هاوڕێیان لە سەر ئاستی وڵاتەکان کۆبکەنەوە، یەک دانە کۆبوونەوەی ئەندامان ئەنجام نەدراوە.

بەو مشتە نموونانەی سەرەوە تەنها پێمخۆشە وەبیر بەڕێزتان بهێنمەوە کە لایەنێکی خراپی ئەوی پێی دەڵێن "تەیفی کۆمەڵە" نەبوونی کۆبوونەوە و تەماسە لەگەڵ ئەندامان و ڕێزگرتن و بەهەند دانانی بۆچوون و پێشنیار و خەمی ئەوانە.

بەڕێزان، ئێوە ئاگادارن کە من پاش هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە دووهەم کەس بووم کە دەنگی متمانەم لە نوێنەرانی کۆمەڵە پێ درا. پاش کۆنگرە هەر زوو گەرماوگەرم سپاس و دەستخۆشیی خۆمم بۆ هەمووان نارد، تەنانەت ئەوانەش کە دەنگیان پێ نەدابووم.

www.peshmergekan.com

پاش پێنج مانگ دوای کۆنگرەی ١٣، من خۆم بە قرزداری ئەندامان دەبینم کە ڕوو بەوان شتێک بڵێم. ئەگەر هەر نەتوانم گوزارشی چڕوپڕ بخەمە بەر دەستی بەڕێزیان، لانی کەم دەبێت بۆم هەبێت لە شێوەی نامەی سەرئاوەڵەدا هەندێک بۆچوون و پێشنیار و ئاگادارییان بخەمە بەر دەست. ئەمە مافێکە لە کەسی داوا ناکەم، خۆم بە خۆمی دەدەم.

هەروەها من ئەمە بە مافێکی تەواو دیموکراسیی و مرۆڤیانە و ڕێکخراوەیی دەبینم، هەم بۆ خۆم و هەم بۆ ئەندامان.

لە درێژەشدا من ئەمە بە درێژەدەری لانی کەم خەتی ڕەووشتیی و ویژدانیی و ئەمەکداریی فوئاد و سەدیق و حەمەحسێنەکان دەبینم بۆ خەڵکی کوردستان کە بەشێکی بریتییە لە هاواری شەفافیەتبوون و هێشتنەوەی تەماس لەگەڵ ڕەگەکانی تەشکیلاتدا، نەک فرۆشتنەوەی عەکس و دروشمی سوواو و شێوەگەلی ناسیاسیی لە کار.

٣. گوایا ئەو باسانەی من کردوومنەتەوە نهێنین یان دەبێت هەر تەنها لە ئاستی (ک ن) دا بهێرێنەوە.

وەڵام: من خاڵ بە خاڵ دێمە سەر ئەو باسانە. بەڵام با لە پێشدا وەڵام بە "نهێنی" بدەمەوە.

هاورێیانی (ک ن) و هاورێیانی دیکە لە هەر شوێنێک هەن،

بۆ من "نهێنی" ڕێکخراو کۆمەڵێک خاڵی ڕوونە کە منداڵی ٧ ساڵەش دەتوانێت لێیان حاڵی بێت، بۆ نموونە وەکوو ئەوەی کە زانیاریی سەبارەت بە شوێنی ژیان و هاتن و چوون و چەک شاردنەوە و سەرچاوەی دارایی و هتاد هاورێیان و کۆمەڵە بڵاو نەکرێتەوە. کە باس لە پلانێکی هەڵمەت بۆ سەر بنکە و پایەگایەکی داگیرکەر دزە نەکاتە دەرەوەی کۆمەڵە، کە زانیاریی شەخسیی لە سەر ژیان و ویژدانی هاورێیان و کەسوکاریان دزە نەکاتە دەرەوەی ڕێکخراو، کە بە ئەمەک و خۆشەویستیی و ڕێزەوە نهێنی شەخسیی مرۆڤەکان ببەینە ژێر گڵ. کە پلان و بەرنامەی کۆمەڵە بۆ کار و چالاکیی تا کاتی دیاریکراوی خۆی نەیەت، دزە نەکەنە دەرەوە.

ئەمانە نموونەن لە "نهێنی پارێزیی" و "پاراستنی ڕازی پەنهان".

بۆ من "نهێنی" ئەوە نییە کە بچووکترین پێشنیار و ئاگاداریی لاپەڕەی قورئان بێت و هەندێک کەس لێم ببن بە شێخ و مەلا و بە دۆزەخ و بە ئاگری دۆزەخ هەڕەشە بکەن.

٤. وا دەگوترێت و بڵاوکراوەتەوە کە گوایا ئەوە قسەکردنە دژ بە (ک ن).

وەڵام: نا. هەر کەسێک ئەو نامەیەی خوێندبێتەوە دەزانێت کە من بە یەک وشەش باسم لە هیچ مرۆڤێک نەکردووە. هیچ کاتێکیش ئاستی باسی سیاسیی نابەمە سەر ئاستیی سەر تاکەکەس مەگەر باسەکە بە تایبەتیی وا پێویست بکات. هەمیشەش ڕێزم لە بچووکترین خەباتی خەڵک کردووە تەنانەت ئەگەر لە حیزبێکیشدا بێت کە من بە کۆنەپەرست و نادروستی دابنێم، چ جای بە هاورێیانی خۆمان.

www.peshmergekan.com

ب. هەر کەسێک کەمێک بە سیاسەت ئاشنا بێت دەزانێت کە لە ئەدەب و زانستی سیاسییدا بەو شێوەیە لە نووسین دەگوترێت "نۆرماتیف" واتە "جێی خۆیەتی وا بێت". بە کوردیەکەی من چەند پێشنیارێکم نووسیوە بەو هیوایەی وردە وردە ئۆپینیۆن پەیدا بکات، بەو ئومێدەی هاورێگەلێک کە بە دەربەست کۆمەڵەوە دێن و سەریان بۆی دەئێشێت بکەونە هێنانوبردنی ئەو باسانە و شەنوکەوکردنیان بە هیوای پێشنیاری کۆنکرێتتر و روونتر.

ئەگەر من توانای سەپاندنی ئەو خالانەم هەبووایە و بڕوام بە سەپاندن بووایە دەمکرد. بەلام نە توانام هەیە و نە بڕووا بە سەپاندن و زەبروزەنگیشە. ئەوی من ویستوومە ئەوەیە کە هەموو ئەو هاورێیانەی بە دەربەست پێشخستن و سەربەخۆکردنی کۆمەڵەوەن لە رووی ئابوورییەوە، بکەونە باسگەلێک لە سەر چۆنیەتی بەهێزکردنی کۆمەڵە. کە دیارە رەنگە هەر هیچ کەسیش نەچێتە پشتیان، چون تا ئێستا نەریت و کولتورێک بۆ وەگەرخستنی رای گشتیی لە ئاستی ئەنداماندا نییە و دەزانم کە دروستکردنی زەحمەتە، نەک هاسان.

ج. ئەسلەن، بە ئێستایشەوە، تێ ناگەم کە هەندێک لە کۆمیتەی ناوەندیی، کە رێکورەوان خۆیان بەیان ناکەن و نازانم کامانەن، لەبەرچی بەو شێوە سەنگەریان گرتووە و دژایەتی ئەو پێشنیارنامەیە دەکەن.

٥. خالی یەکەم کە سەبارەت بە رۆژەڤ و پرۆتۆکۆڵە بەردی بناخەی رێکخراوەی دیموکراتیکە. من باسەکە هەر لە سەر ئاستی سادەی دیموکراتیک دەهێلمەوە و ناچمە ناو دروشمی بریقەداری "زندە باد سوسیالزم" و دروشمی بریقەدار و ئالووالای دیکەی لەو جۆرە کە تەنها وشەبازیین و بەداخەوە کراون بە ستراتیژی کۆمەڵە. هەر رێکخراوێک پرینسیپی "رۆژەڤ و پرۆتۆکۆل" پیادە نەکات دەتوانێت بە ئارەززووی خۆی لە سەر خوێن و سامان و کەسایەتیی و ویژدان و رەووشتیی ئەوانەی خوارەوە ژیان بگوزەرێنێت. دەتوانم بە سەدان نموونەی کۆنکرێت بهێنمەوە. ئەمە بۆ من بە هیچ شێوەیەک قابیلی قبووڵ نییە و هیچ پاساوێک بە گوێمدا ناچێت و هەموو ئەندامێک دەبێت بزانێت. ئەندامان لە سیاسەت حالیی بن یان نا، بە لایانەوە گرینگ بێت یان نا، ئەمە بۆ من خەتی سوورە. هەروەکوو چۆن خەتی سوورە بۆ ئینتەرناسیونالی سۆسیالیستیی و ناتوانیت ببیت بە ئەندام، هەروەکوو چۆن خەتی سوورە بۆ هەموو رێکخراوەیەکی سۆسیالدیموکراتیی و بۆ چەپگەلێک کە لە عەمەلدا بڕووایان بە سۆسیالیزمی دیموکراتی هەیە و خەریکی شۆخیبازیی و گاڵتەجاریی نیین.

رێگام بدەن نموونەیەکی زۆر زۆر سادە و ساکار لێرەدا بهێنمەوە: ئەگەر رۆژەڤ هەبووایە و ئێوە بڕوواتان بە پرینسیپی رۆژەڤ هەبووایە، ئەوا بۆ کۆبوونەوەی یەکشەممە کە بە دزی منەوە کراوە و کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردووە، لانی کەم بە هەفتەیەک هەموومانتان ئاگادار دەکردەوە، و هاورێیان دەیانتوانی خۆیان ئامادە بکەن و منیش ئامادە دەبووم. ئەگەر بڕوواتان بە پرۆتۆکۆل هەبووایە ئێستا پرۆتۆکۆلی ئەو خڕبوونەوەیە (بە رای من کۆبوونەوەی رێکخراوەیی نییە) لە بەر دەستی مندا دەبوو و من دەمخوێندەوە کە چیتان تیادا نووسیوە و کێ چی گوتووە.

ناوەرۆکی ئەسلیی نامەکە:

هیچ هاوڕێیەکی کۆمەڵە نییە نەزانێت کە باری ئابووریی کۆمەڵە هێندە خراپ و نارۆشنە کە مەترسی زۆر گەورە لە ڕێگادایە کە کۆمەڵە لە پراکتیکدا ببێت بە شتێکی ناجیددی ناشایان بە ناوبردن. هەر کەسێک خۆی لەم باسە نادات بەکەڵکی ئەوە نایەت قسەی سیاسیی لەگەڵ بکرێت.

من لە ئاستێکی سیاسی بڵندەوە کە وام داناوە هاوڕێیانی کۆمەڵە لە سەر هەمان ئاست بەرخوردی لەگەڵدا دەکەن و وەکوو سۆمای چاوی خۆیان لایان بەنرخ دەبێت، زۆر بە کورتیی و دوور لە باسی شەخسیی و تانەلێدان و شتی وا، باسی هەندێک خاڵم کردووە کە پێموایە وردەوردە لەم ناسەربەخۆیی و وابەستەگییە فرە ترسناکە وەحشەتناکە ڕزگارمان دەکەن.

لەبەرئەوەش لە ساختاری سەرەوەی پارتەکەمانەوە دەستم پێکردووە جونکە دەزانم تەنها بە مۆدێلی لە سەرەوە بۆ خوارەوە چارەسەر دەبێت، نەک لە خوارەوە بۆ سەرەوە. ئێمە دەبێت سەرەوەی تەشکیلات لە دەستپاکیی و ماڵداریکاریی و وەفاداریی و ئەمەک و کاری خۆبەخشانە و پرینسیپ پارێزیی و دیسپلین پارێزییەوە بکەین بە نموونەیەکی کۆنکرێتی قایم و نیشانی خوارەوەی بدەین. لە حاڵەتی وادا دڵنییام کە ئەندامان و بەدەنەی تەشکیلاتیی، نەک بە پارەی مانگانە، بەڵکو بە فرۆشتنی کەلوپەلی ماڵی خۆیان، کۆمەڵە لەم وابەستەگی و ناسەربەخۆییە ئابڕووبەرانەیە ڕزگار دەکەن. ڕەنگە هەڵە بم. بەڵام هەڵە بم یان نا، ئەمە مۆدێلێکە کە دەبێت تاقی بکەینەوە.

یەکەمین خاڵ باسی ئوروپام کردووە کە هیچ هاوڕێیەکی ئوروپا نابێت بە هیچ شێوەیەک پارەی پێ بدرێت و روونم کردووەتەوە.

ئەرێ هاوڕێیان، کەسانێک کە خۆیان بە ئەندامی کۆمەڵە دەزانن و بۆ نموونە لە ئاسۆسات چەند سەعاتێک کار دەکەن، و کە دیارە زۆر جێگای ڕێز و پێزانینە. بۆ خۆیان لەو سەعاتەدا خۆیان نیشان دەدەن، ناوی خۆیان لە بەرهەمەکان دەدەن، فێری مەشقی کار و سیاسەت و شتی دیکە دەبن و ئەندامی کۆمەڵەن. ئایا پێویستە مووچە، جا کەم یان زۆر، وەربگرن؟

بە رای م نا، نابێت وەری بگرن. بەڵام دیارە لە کۆتاییدا دەنگی گشتیی ئەندامان بریار دەرە.

ئایا بە قسەیەکی وا کفری کەعبەم لە شێخگەلێک کردووە کە دەبێت بە چواردەوری خۆیاندا سەنگ فڕێ بدەن؟

ئایا من بە جوانیی ڕوونم نەکردووەتەوە کە مەگەر هاوڕێیەک نیوەکات یان کاتی تەواو کار بکات و چی و چی؟

سەبارەت بە هاوڕێیانی نیشتەجێی ئوردوگا ئاوام نووسیوە: "دووهەم: سەبارەت بە هاوڕێیانی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان، من پێموایە دەبێت لە سەداسەد سوود لە ئۆردووگا وەربگرین و بە هیچ شێوەیەک خەرجی کرێخانووی ناو شار/ دەرەوەی ئۆردووگا نەچێتە سەر شانی کۆمەڵە. ئەگەر لەو جۆرە خەرجییە هەن دەبێت وردەوردە کۆتاییان پێ بهێنرێت. لە ڕاستییدا من هیچ پاساوێک بۆ لە دەرەوەی ئۆردووگا ژیانکردن نابینمەوە.".

نازانم لێرەدا کفر لە کوێدایە؟

www.peshmergekan.com

هاوڕێیان، من کاتم نەبوو زیاتر بچمە ناو ئەو باسەوە.

من کارم بە ئامار/ ستاتستیک کردووە و دەزانم دەتوانێت چەند بە سوود بێت. لەبەرئەوە تەنانەت پێموایە کە دەبێت هەموو شتێک تۆمار بکرێت. بۆ نموونە، ئێمە چ ڕۆنێک بۆ ئۆردوگا دەکڕین، ڕۆنی تورکییە، ئێرانییە یان کوێندەرییە، ئەو نرخانە چەندیان جیاوازە، لە رووی کوالیتیەوە چۆنن، هاوڕێیانی ئۆردوگا کامیان بە پەسەند دەزانن، کام هاوڕێ بەرپرسی کڕینیەتی، کام هاوڕی بەرپرسی هێنان و بردنیەتی، کامە هاوڕێ بلاوی دەکاتەوە و بەو شێوەیە. من پێموایە دەبێت بە جوانیی و بە روونیی، واتە بە نووسراوە و تۆمارکراو، هەموو شتیک لە سەر نۆک و ماش و نیسک و پەردە و مێخ و هەموو شتێکی دیکە هەبێت. هەروەکوو لە سەر بەنزین، ئوتومبێل، هاتنوچوون، دووروودرێژیی ڕێگا و مەترسیی ڕێگاوبان و هەموو ئەو شتانە.

بە کوردیەکەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەبێت ببێت بە خاوەنی تۆمارێکی جێ باوەڕ و جێ متمانە.

تەنها لە ڕێگای ئەو شێوەیە لە کار دەتوانین بزانین چۆن کارەکان پێش بخەین و پاشەکەوت بکەین و خۆمان ڕێک بخەین.

بەرێزان، پاشان خاڵێکم وەبیرهێناوەتەوە کە لە کۆنگرەدا زۆر بایەخی پێ درا و کە ئاوا نووسراوە: "بە پێی پێڕەوی ناوخۆ هیچ هاوڕێیەکی کۆمەڵە کە بەرپرسایەتی ڕەسمیی هەیە بۆی نییە لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و کاروکاسپیی شەخسی بەردەوامدا بێت و هەروەها بۆی نییە بە هیچ شێوەیەک سوود لە هیچ جۆرە کەرەستە و ئامرازێکی کۆمەڵە بۆ ئەو مەبەستە وەربگرێت."

ئایا نووسیومە فلانە کەس و ئەو کەسانە وا دەکەن و وایان کردووە؟

هاوڕێیان، ئەگەر ئەم کارە لەبەر هۆگەلێک لە عەمەلدا پیادە ناکرێن، دەبێت باسی ئەو هۆیانە بکەین کە کامانەن، نەک خودی ئەو خاڵە خۆی ڕەت بکەینەوە یان پاساو بۆ پیادەنەکردنی بهێنینەوە. دەبێت هۆیەکان باس بکەین، بزانین دەتوانین چارەسەریان بکەین یان نا.

ئایا جوان دیار نییە کە من لە چوارچێوەی بەهێزکردنی باری ئابووریی کۆمەڵەدا دواوم کە بەشکم وردە وردە بزانین چی دەکەین، لە کوێدا هەڵەین، چۆن هاورێیان ڕێک بخەین، چۆن پلان بۆ بەخێوکردن و هتاد دابڕێژین؟

بە ڕاستیی حاڵیی نابم چ گرێکوێرەیەک لەو خاڵەدا هەیە.

پاشان نووسیومە: "هاوڕێیانی کوردستانیش هەروەکوو هاوڕێیانی ئورووپا نابێت وەکوو بەرامبەر یان پاداشت بە مانای مووچە وەربگرن. هەموو هاوڕێیەکی نیشتەجێی ئۆردووگا بە بێگومانییەوە دەبێت ماڵ و شوێنی خەو و پشوو و ژیانی خۆی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و شایستە بە هاوڕێی ئێمە بۆ مسۆگەر بکرێت، خۆراک و بژێوی گشتیی و جلوبەرگ و پێویستیی لەو جۆرەیان بۆ دابین بکرێت، و هەروەها پارەیەکی کەمیش بۆ خەرجیی ڕۆژانەیان پێ بدرێت کە بە ڕای من، بۆ نموونە بۆ ئەندامانی ک.ن. نابێت لە دووبەرابەری مووچەی پێشمەرگە تێپەڕ بکات. جیاوازیی نێوان خەرجیی ڕۆژانەی پێشمەرگە و سەرەوە دەبێت نزم بێت و نابێت بێ دەلیل و بێ هۆی تایبەتیی

گەورە بێت. لە حاڵەتێکدا کە هاوڕێیەک، بۆ نموونە ئەندامێکی ک.ن. پێویستی بە بڕە پارەیەکی تایبەتیی بێت، جیا لە خەرجی ڕۆژانە، دەبێت ک.ن. ئاگاداری بێت و بە پێی بڕیار و پرۆتۆکۆل بچەسپێت و ماوە و میچی بۆ دابنرێت."

ئێستایش دروست هەمان پێشنیار دووبارە دەکەمەوە.

ئەمە بەو مانایە نایەت کە بیر لە منداڵان و خانەوادەی (ک ن) نەکەینەوە کە پێویستان بە کۆمەکە، بەڵکو ناچار دەبین کە واقیعەن بیری لێ بکەینەوە و لەبەر چاوی بگرین و بزانین کارێکی وا چۆن دەکرێت. من نەمگوتووە کە حەتمەن هەر ئێستا لە سەعات یازدە و پەنجاوپێنج دەقیقەی شەودا وەکوو شێرەی ئاو، بیگرینەوە. بەڵام دەبێت هاوڕێیان بپرسن: ئایا ئەگەر کۆمەڵە لە ئێستای ئێستادا نەتوانێت پارەیەکی وا بدات، چی بکەین؟ ئەو هاوڕێیە چی بکات؟ لە کوێی دیکە چالاک بێت؟ و پرسیاری دیکەی گرینگی لەو شێوەیە.

وەڵامی ئەم پرسیارە بە تەنیا لای من نییە، بەڵکو لە کۆی بەدەربەستهاتن و مشورخۆریی هەمووماننە بۆ ئەو پرسانە.

پاشان نووسیومە: "هەموو ئەو هاوڕێیانەی جۆرێک لە قەرزی شەخسیی خەڵکیان لایە و ڕێژەکەی هێندە زۆرە کە ڕەنگە کێشەی لە سەر بکەوێتەوە و بە شێوەیەک لە سەر کۆمەڵە بکەوێت، یان دوژمنایەتیی و جۆری دیکەیان لە کێشە لەگەڵ خەڵکدا هەبێت کە ڕەنگە بتوانێت ئێخەی کۆمەڵەش بگرێت، یاخود شتی دیکە کە بە چەشنێک بچێتە خانەی تاوانەوە، دەبێت ئەو کەسانە خۆیان دڵخوازانە و لە زووترین کاتدا بە بەرپرسانی خۆیان یان بە ک.ن. ڕابگەیەنن تا کۆمەڵە ئاگادار بێت. بۆ ئەوەی کۆمەڵە بتوانێت پێشوەخت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە یان کۆمەک بە چارەسەرکردنیان بکات و سنوور بۆ  زەرەر و زیانەکان دابنێت. تکایە تێبینی بکەن کە من تەنها بەو مەبەستە ئەمە دەڵێم کە ئێمە وەکوو هاوڕێ بتوانین لەتەنگانەدا کۆمەك بە هاوڕێیانمان بکەین تا لە پڕێکدا نەبین بە ژێر باری پرسیار و بەرپرسیاریی و گلەیی و ڕەخنەی دەرەکییەوە."

ئێستایش هەمان وشەگەل دووپات دەکەمەوە.

هاوڕێیانی بەڕێزم، من نەمگوتووە خەڵکانێک کە قسەیان بۆ هەڵدەبەسترێت، یان ناحەزی کۆمەڵە قسەیان وەدووا دەخات. بەڵکو نووسیومە ئەگەر فیعلەن کەسێک کێشەیەکی بە دواوەیە کە پێوەندی بە کۆمەڵەوە نییە بەڵام ئەو کێشەیە دەتوانێت ملی کۆمەڵە بگرێت، با باسی بکات تا بتوانین هاوکاری بکەین و ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، پێش ئەوەی لە سەر کۆمەڵە و هەمووومان بکەوێت. پێش ئەوەی لە ناوەڕاستی خەڵکی دەرەوەدا ئێخەمان بگرێت.

ئەم قسەیە کوێی خراپە؟

پاشان سەبارەت بە ئیزندان و دەرکردنی خەڵک و لایەنگر و ئەندام لە ئوردوگا نووسیومە. ئێستایش هەر بە هەمان شێوە دەینووسمەوە.

ئێمە دەبێت هەر لە ئێستاوە بەرخوردێکی لە سەداسەد مرۆڤیانەمان بەرامبەر بە هەموو کەس هەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی چ وەکوو میوان و چ وەکوو هاوڕێ لە ئوردوگادا دەمێننەوە. ئەوە دەبێت بە سەبری ئەیوب و بە تۆلەرانسی سیاسیی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەوە بکەین. چون

www.peshmergekan.com

لە ئۆردوگادا ژیانکردن مانای سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و یاسایی جۆراوجۆری هەیە و پێوەندیی بە دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە. هاوڕێیان، مەگەر کەسێک هەیە لە بیری چوو بێت کە من لە جنێڤ ئیمزای مافی مرۆڤم بە ناوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە بە دە شێوە لێداوە؟

پاشان نووسیومە: " ٥. هەر ئەندامێکی کۆمەڵە و بەتایبەتی ئەوانەی لە پلەی بەرپرسیارییدان ئەگەر لەوەبەر لە ئێران زیندانیی بووبن، بە رای من دەبێت بە وردەکارییەوە گوزارش لە سەر بەسەرهاتی زیندانیبوونەکەیان بدەن و بەتایبەتیی باسی بکەن ئەگەر شتیان لێپێچرابێتەوە یاخود بە هەر شێوەیەک بوونەتە مایەی زەرەر بۆ هاوزیندانیان و لایەنانی دیکە. ئەم کارە لەبەرئەوە نا کە کەسی ناوبراو لێی بپرسرێتەوە و سەرزەنشت بکرێت یان سزا بدرێت، بەڵکو لەبەرئەوەی ڕێکخراو ئاگای لێ بێت و لە ئەگەری کێشەسازبووندا کاریگەریی خراپ لە سەر کێشە ئەسڵییەکە دانەنێت. هیچ جۆرە گوزارشێکی وا نابێت تەنها لە نێوان یەک دوو کەسی ڕێکخراودا بێت و دەبێت بە شێوەیەکی ئاوەڵە سەرجەم کۆمیتەی ناوەندیی لێی ئاگادار بن."

هاوڕێیان لە نووسراوەکەدا زۆر جوان دیارە کە من باسی "زیندان" دەکەم، نەک "زیندانی سیاسیی". لە هیچ شوێنێکیش ئەسڵەن باسی "زیندانی ئێران"م نەکردووە. قازانجی تۆمارکردن لەوەدایە کە مرۆڤ دەتوانێت لێی بڕووانێتەوە. تکایە دووبارە نامەکە بخوێننەوە. یەک دوو جار بە کاوەخۆ بیخوێننەوە پێش ئەوەی قەزاوەتی لە سەر بدەن.

من باسی زیندانی سیاسییم نەکردووە و هەرگیز شتی وا ناکەم. بەڵام من دەزانم و ئاگادارم کە وردەوردە خەڵک لە ڕۆژهەڵات زیاتر و زیاتر هەڵ دێت. ئەگەری ئەوە زۆرە کە کەسانێک لەبەر تاوانی جۆراوجۆر هەڵبێن یان لەوەبەر هەڵهاتبن. من پێموایە دەبێت (ک ن) بزانێت و ئاگادار بێت ئەگەر هەر جۆرە سزایەکی زیندان یان شێوەی تر لە سزا بۆ سەرپێچی بە کەسێکی ئێمە درا بێت. ئەگەر هەر لە ئێستاوە ناوخۆی خۆمان بەهێز بکەین، توانای وەرگرتن و میوانداریی باشترمان دەبێت. ئێمە دەتوانین داوایەکمان لە سەر خەڵک هەبێت کە پێشوەخت لەسەرخۆمان هەمان بووە. ئەمە کوێی خراپە؟

ئێوە دەزانن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو جۆرە کارێکی خراپی لە دەست دێت. هەر لەبەرئەوە خۆلەبێژەنگدان و خۆفیلتەرکردن و خۆپاڵاوتن بەردی بناخەی خۆپاراستن و گەشەکردنمانە. دیارە ئەمە ڕوویەکی ڕەووشتیی و ویژدانیشیی هەیە کە فرە گرینگە.

هەروەها نووسیومە: "٦. هاوڕێیان، کۆمەڵەی پاش کۆنگرەی ١٣ گەلێک سوننەتی نادێموکراسیی بەجێهێشت. یەکێک لەوانە مەسەلەی بڕیاری ئینتیسابییە. تکایە هەوڵ بدەن بە پێی لێهاتوویی و توانا ودڵخوازیی و کات و خۆبەخشیی خۆتان، بەیانی بکەن کە پێتان خۆشە لە کوێدا چالاک بن، و ڕوونی بکەنەوە بە چ شێوەیەک دەتوانن خزمەت بکەن. بەو جۆرە کۆمەڵە دەتوانێت بە باشترین شێوە سوود لە زانایی و توانا و خۆبەشیی ئێوە وەربگرێت، تا کارەکان بە شێوەی ڕاست و دروست بچێتە پێش."

بەڵێ، دروست مەبەستم ئەوەیە کە نووسیومە، چون هاوڕێ هەیە نایەوێت تێبگات. ئەگەر وەکوو لەسەروە عەرزم کردن، ئێمە کۆبوونەوەی خۆمان و ئەندامانمان بە ڕێکوپێکی هەبووایە، لەوێدا ڕووبەڕوو ئەو شتانە ڕوون دەکرانەوە. ئەمە زۆر ڕوونە. با کەس لە ئێمە ڕێگا بە کاری لەو جۆرە نەدات و ئاماژە بە سەرچاوەی بەرپرس بکات.

٧. باوەڕ ناکەم لە سەر خاڵی ٧ کە سەبارەت بە ڕاگرتنی فەزای هاوڕێیەتی و دڵسۆزیی و شتی لەو جۆرەیە کەس قسەیەکی هەبێت.

www.peshmergekan.com

کورتەیەک وەڵام بە نامەی هەردوو بەڕێز هاوڕێ جەلیل و هاوڕێ سادق:

بەڕێزان!

ئێوە وەڵامەکانتان گەیاندووەتە ئاستی شەخسیی. من نامەوێت باسەکەم ببەمە ئەوێندەرێ. مەبەستم ئەوە نەبووە کە کەس بریندار بکەم و بڕووام بە بریندارکردن و ڕەنجاندن نییە. دڵنیام ئەگەر بە کاوەخۆ چەند جارێک نامەکە بخوێننەوە، تێ دەگەن کە من بە هیچ شێوەیەک هیچ جۆرە مەبەستێکی شەخسیم نییە. هەر لەبەرئەوەیش لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانم شێوە تێگەیشتنی خۆتان بووە بە بائیسی نارەحەتییتان، بەڵام من هەر داوای لێبوردنتان لێ دەکەم و بە راستیی هیوادارم دڵتان نەئێشێت، و ئێستا کە ئەوە دەبیستن چیتر نارەحەت نەبن.

ئەوانەی من دەناسن دەزانن کە ئەگەر کۆمەڵە پارەی هەبووایە هەرام لە سەر ئەوە دەکرد، هاوڕێگەلێکی بەرچاو و دیار و خۆشناو و دڵسۆزی کۆمەڵە، بیانتووانیایە بە باشترین شێوەی خۆشگوزەرانیی و تێروتەسەلییەوە بەرامبەر دۆست و نەیار دەربکەوتنایە.

بۆ زانیاریتان:

١. هەتا ئێستا من بەش بە حاڵی خۆم لە پێنج مانگی رابردوودا پێوەندییم بە هیچ تاکەکەسێکی ئەندامەنەوە وەکوو شەخس نەکردووە، چون بڕووام بە کۆبوونەوە و قسەی لە روو و قسەی ناو کۆبوونەوەیە، نەک چپەچپ و ورتەورتی تەلەفۆنیی. خەروارێک لە قسەی پاشملە و ناو کۆبوونەوەی بێ پرۆتۆکۆڵ بە دوو قران ناکرم. من خودئاگا ئەوە دەکەم بۆ ئەوەی پێوەندیی ناو هاورێیان لە سەر بناخەی بیر و بۆچوون و کار بێت، نەک مەحفەلبازیی و ورتەورت و چپەچپ کردن. هیوادارم هەموو هاورێییەک جوان لەوە حاڵیی بێت چون پێوەندیی بە ژیان و ویژدانی مرۆڤەوە هەیە. ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەبێت نموونەی بەرزی ڕەووشت و خووی خەباتگێڕیی بن.

٢. وادیارە هاورێ عومەر لە کۆبوونەوەکان لەگەڵتان هیچ باسێکی لە چالاکیی ئێمە نەکردووە کە باش ئاگاداریان بووە. ئەوەیش دەگەرێتەوە بۆ یەکێک لە نەریتە نادروست و چەوتەکانی کۆمەڵە کە حەتمەن دەبێت بگۆڕدرێت.

پێشنیار:

من پێموایە ئەگەر بە زووترین کات کۆنەبینەوە و نەخشەرێگایەکی کۆنکرێت و ڕوون بۆ خۆمان دانێین، و پێش هەر کەسێک لە ریزی سەرەوە هەر لە سکرتێرەوە کە بەرێز هاورێ عومەرە دەست پێ نەکەین، و تا هەرە نوێترین ئەندام و لایەنگر، بەردەوام نەبین، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە "خەتەری ناوی زل و دێی وێراندایە".

دەزانم کەسان هەن بەم دۆخەی ئێستا رازین چون خۆیان هیچ جۆرە زەرەرێکی لێ ناکەن، بەڵام من رازیی نیم و تا پێم دەکرێت هەوڵی گۆڕینی دەدەم.

ئەمە پێویستی بە هەنگاوی عەمەلیی و قۆڵ هەڵکردنە، و زۆر زۆر زۆر دووره لە دروشمی قسەیی "زینده باد سوسیالیزم" و شەڕە عەکسی فەیسبوک بە ناوی شەهید و قسەی سۆز و سۆزئاوەر لە سەر کۆمەڵە. ئێستا وام لێهاتووە کە عەکسی هەندێک بەرێزی شەهید لە بازاڕەکانی فەیسبوکدا

دەبینم، دڵم پڕ دەبێت و دڵم دەئێشێت. ئەفسوس، هەزار ئەفسوس، هەندێک جار بەراتی خوداوەندەکان هەر زۆر کورت دەهێنن!

ئێمە دەبێت هەموو ئەو دروشمە بریقوباقانە لە عەمەلدا پیادە بکەین. عەرزم کردن، لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

بەڕێزان، نامەکەم هەر بە هەمان ئەو دێڕانەی پێشوو کۆتایی پێ دەهێنم:

ئێمەی ئەندامان و دۆستانی کۆمەڵە، بەتایبەتیی ئەوانەمان کە بەرپرسیارتیی حیزبیمان قبووڵ کردووە، لە هەر کاتێک زیاتر پێویستمان بە کاری خۆبەخشانەی بێبەرانبەر هەیە، دەبێت لە هەر حەوزە و کۆمیتە و شوێنێک بین بە کردەوە نیشانی هاوڕێیانی چواردەوری خۆمان و جەماوەریشی بدەین کە بە خەرجی هەرچی کەمتر بەڕێوە دەچین، و دەست بە ماڵ و سامانی کۆمەڵەوە دەگرین، و زیادەمەسرەفیی لە هیچ شتێکدا ناکەین، دەبێت ڕەسیدی کڕینمان بۆ هەموو شتێکی کڕدراو هەبێت، ئەگەر تەنانەت بە قرانێکیش بێت، تۆمارەکان دەبێت ئارشیو بکرێن تا لە کاتی پێویستدا پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت، کە نیشانی بدەین ئێمە هەموو کەرەستە و شتوومەکێک بە ڕێکوپێکیی ڕادەگرین و بەکاریان دەهێنین.

هاوڕێیان، ئەم کارانە دەبێت هێندە لەبەرچاو و ڕوون و حاشاهەڵنەگر بن کە ببن بە کولتوری کۆمەڵە و ببین بە نموونەی ئایدیال بۆ ئەوانەی کە کۆمەڵەن یان لەڕێبازی کۆمەڵەدان و تەنانەت بۆ ئەوانەیش کە لە دەرەوەی بازنەی تەشکیلاتیدان.

هاوڕێیان، ئەمە ئەلفبێی یەکسانیخوازیی و بەرابەرخوازییە، ئەمە ئەلفبێی هەنگاوی یەکەمە بۆ جێبەجێکردنی دروشمەکانمان لە فەزای کۆمەڵگایەکدا کە دەیان ملوێنە و کە زۆر زۆر لە مەیدانی حیزبایەتی گەورەترە. ئەمە بەڵێنێکی پرینسیپیی و وەفادارییەکی هەرەوەزکارییە کە دەبێت پێڕەوی بکەین تا بەکردەوە لە گشت بوارەکاندا بیسەلمێنین کە ڕێبواری ڕێگای کۆمەڵەین بە هەموو ئەو دروشمانەیەوە کە خۆمانی پێوە هەڵدەکێشین.

بەرەو دووبارە چەسپاندنی ڕەووشتی خەباتگێڕیی کۆمەڵە!

ڕێبوار رەشید      ٢٠١٣/٣/١٥

تێبینی:
سەبارەت بەو کۆبوونەوەی ١٠/٣/٢٠١٣ کە هاوڕێیانی (ک ن) بێ من گرتبوویان، من لە ٣/٤ دا بۆم نووسیبون کە سێ خاڵ بۆ کۆبوونەوەکە پێشنیار دەکەم کە ئەمانە بوون:
١. مەسەلەی باری ئابووریی کۆمەڵە و پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی.، ٢. باسی ئەو خاڵانەی جێی خۆیەتی بۆ پلونۆم گەڵاڵەیان بکەین.، ٣. کێشەی نەبوونی ژن لە ناو ک.ن. و کۆمیسیۆنەکان
لە ٣/٨ دا هاورێ بیژەنگ نووسراوەیەکی بە پێ دی ئێف نووسیوە کە بە دەلیلی مەشغوڵیی هاوڕێیان هێرش و خەلیل و عوسمان کۆنوونەوەکە ناگرین. هەر هەمان وەڵام کە شەوێک پێش ئەوە هاوڕێ عومەر بە پەیامی تەلەفۆنیی بۆی ناردووم.
بەڵام ٣/١٠، یەکشەممە، کۆبوونەوەیەکی بێ ڕۆژەڤی بێ پرۆتۆکۆل بێ ئاگاداریی من، گیراوە.
..........................................

**بۆ: ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

سڵاو و ڕێز

بابەت: تێگەیشتنێک لە پلونۆمی دوو (بەشی یەکەم)

بەڕێزان: لەو ماوەیەدا چەندین هاورێ دەردەدڵ دەکەن و لە ناوەڕۆکی پلونۆمی دوو دەپرسن. ئێمە پێمانوایە سەرەڕای هەوڵی هەندێک هاورێ، پلونۆمی دوو ئەو جیددیەت و دیسپلین و تێگەیشتنە قووڵەی تێدا نەبوو کە ئێمە چاوەڕووانیمان لێ دەکرد و پێمان وایە دەبێت خەسڵەتی سەرەکیی حیزبی سیاسیی بن.

لە سەرئەجامی ئەو بەرێوەچوونە ئێمە تێکرا پێشنیاری ۲۲ خاڵمان بۆ بریارنامە خستە بەردەست، کە دیارە بە داخەوە دەنگی پێ نەدرا. تەنیا ۸ دەنگی هێنا و یەک دەنگی دەویست کە پەسەند بکرێت. باقی هاورێیان بە بێدەنگی نەیانهێشت پەسەند بن.

لەوێدا ئێمە یەک یەک خاڵەکانمان دەخوێندەوە و روونیشمان دەکردنەوە بۆ ئەوەی خراپتێگەیشتن ڕوو نەدات. فەرموون ئێوەیش ببینن، تا ئەو کاتەی کۆبوونەوەی سیستەماتیک و بەردەوام بە ڕۆژەڤ و پرۆتۆکۆلەوە لە خزمەت بەدەنەی تەشکیلاتدا دەبێت، ئەم جۆرە نامەگۆڕینەوانە، ئەگەرچی شێوەیەکی زۆر سەرکەوتوویش نەبێت بۆ کاری تەشکیلاتی، بەڵام بە هەرحاڵ لە هیچ هەر باشترە. دیارە ئێستاش پێمانوایە خاڵەکان بۆ ریکوپێککردن پێداچوونەوەی دەوێ، بەڵام ویستمان چۆن خراوەتە بەر دەست پلێنۆم، هەر ئاواش بینێرین بۆ ئێوە./ پێشنیار بۆ بریارنامەی پلونۆم:

۱. پلونۆم بڕیاری دا کە ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە کە دەکەونە خانەی موعتاد و نائارامیی ڕەووانیی کە دەست دەوەشێنن لە دەرەوەی ئۆردوگا لە ماوەی یەک مانگدا شوێنی ژیانیان بە شێوەی پێویست و ڕێکوپێک بۆ ئامادە بکات.

۲. پلونۆم بڕیاری دا کە هیچ کەسێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی نابێت بە هیچ شێوەیەک شتومەکی کۆمەڵە بۆ بەکارهێنانی شەخسی بەکار ببات، بۆ نموونە ئۆتومبێل و بەنزین و پەتو و هتاد

۳. پلونۆم بڕیاری دا کە لە ئۆردوگادا نابێت هیچ جۆرە مەوادێکی ئەکهولی بخورێتەوە و کێشانی مەوادی موخەدەر بەکار ببرێت. هێنانی هەموو جۆرە مەوادێکی ئەلکهولیی و موخەدەر، هەتا بۆ دەرمانیش نابێت بهێنرێتە ناو ئۆردوگا.

٤. پلونۆم بڕیاری دا کە بۆ هیچ کەسێکی دانیشتووی ئۆردوگا و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی نییە بە سەرخۆشیی و کە گومانی مەستبوونیان لێ دەکرێت بێتە ناو ئۆردوگا.

www.peshmergekan.com

٥. پلونۆم بڕیاری دا کە هیچ ئەندام کۆمیتەیەکی ناوەندیی بۆی نییە بێ ئاگاداریی لانی کەم سکرتێر یان مەسئولی بڕیاردەر بچێت بۆ شوێنێک کە دەر لە مەسئولیەتی کۆمەڵەیە.

٦. پلونۆم بڕیاری دا کە حیسابرەسیی خەرجی کۆمەڵە لە هەر ئۆرگانێکدا بێت دەبێت بە حیسابی ورد بێت و هەر کاتێک بویستریت لەبەردەم کۆمیتەی ناوەندییدا بێت.

٧. پلونۆم بڕیاری دا کە هیچ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی بۆی نییە زانیاریی قسەوباسی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە بباتە دەرەوەی بازنەی کۆمیتەی ناوەندیی.

٨. پلونۆم بڕیاری دا کە هیچ گفتوگۆ و قسەوباسی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕوو بەدەرەوە نابێت لەگەڵ بنەما سەرەکیەکانی بەرنامە و پێرەوی ناوخۆدا جیاواز بێت، ئەوە نەبێت کە ئەو کەسە بە ڕوونیی و بە تۆمارکراوی وەکوو ڕای شەخسیی خۆی بەیانیان بکات.

٩. پلونۆم بڕیاری دا کە ئەو کەسانەی گومانی موعتادبوون، دەستبڕیی و دزیی، ئاوەسوویی سیاسیی، قاتڵی و شێوەی دیکە لە تاوانی گەورەیان لە سەرە نابێت بە پێشمەرگە وەربگیرێن. هەروەها کە لە ٣ ساڵی ڕابردوودا تەسلیمی نەبووبن و ئەوانە دەبێت بە نووسراوە لای بەرپرسیار و سکرتێری کۆمەڵە هەبن.

١٠. پلونۆم بڕیاری دا کە هیچ کەسێک نابێت دەست لە کاروباری مەسئولی دیاریکراوی تەشکیلات وەربدات تا ئەو کاتەی کە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی بڕیار دەدات هاویار و هاوکاری بۆ دابنێت.

١١. هەموو ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی دەبێت مانگی یەک جار یەک سیمنار، ئەگەر نیوسەعاتیش بێت، ئامادە بکات و پێشکەش بە تەشکیلاتی کۆمەڵەی بکات

١٢. پلونۆم بڕیاری دا کە پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ڕۆژی هاتنی بۆ ناو کۆمەڵەوە دەبێت لانیکەم یەک ساڵ تێپەڕ بێت ئەوجا بۆی هەیە مافی هاوسەری هەبێت و تا دوو ساڵیش بۆیان نییە منداڵیان ببێت.

١٣. پلونۆم بڕیاری دا کە بە هیچ جۆرێک ماشێن و ئوتومبێل کە هی کۆمەڵە نەبن نەیەنە ناو ئۆردوگا و دەبێت لە دەرەوەی ئۆردوگا ڕابگیرێن، بێ لە هەیئەتی ڕەسمیی میوانانی کۆمیتەی ناوەندیی.

١٤. پلونۆم بڕیاری دا کە هەر ئەندامێکی کۆمیتە ناوەندیی کە دیدار و سەردانەکانیان بۆ لای حیزب و کەسایەتیە ناسراوکان بە شێوەی حیزبیی بێت و وەکوو هەیئەت بەشدار بن، نەک وەکوو شەخس، و ڕاپۆرتیش ئامادە بکرێت. ئەمە ئەو سەردانانە ناگرێتەوە کە هاوڕێیەک بە ئیستیفادەکردن لە شتی خۆی بۆ سەردان و زیارەتی هاوڕێیەتی شەخسیی دەچێت.

١٥. پلونۆم بڕیاری دا کە ئاییننامەی پێشمەرگە لە ماوەی یەک مانگدا ئامادە دەکات و پێرەوی بنەماکانی دەکات.

www.peshmergekan.com

١٦. پلونۆم بڕیاری دا کە کۆمیتەی ناوەندیی ئامارێکی وردی کەرەسە و شتومەکی حیزب و ئەندامان و پێشمەرگەی دەبێت.

١٧. پلونۆم بڕیاری دا کە بەرنامەیەکی ئامۆزشیی ڕوون بە مەبەستی بردنە سەرەوەی ئاستیی سیاسیی و حیزبیی و وەفاداریی بە بەرنامە و پێڕەوی کۆمەڵە ئامادە بکات و وەکوو دەورەی پەروەردەکردن پێڕەوی بکات.

١٨. زیادکردنی موچەی بنەماڵە کان هەرکەس بە ڕێژەی ١٠ هەزاردینار.

١٩. زیادکردنی موچەی پ م هەرکەس بە ڕێژەی ٥٠٠٠ هەزاردینار لە مانگدا.

٢٠. دانانی سندوقێکی وام بەرێژەی یەک ملوێن دینار بۆ سندوقەکە

٢١. زیادکردنی مووچەی پزیشکی بەرێژەی یک ملوێن دینار مانگانە٢٢. پارتێشین بەندیکردنی میدیاکانی کۆمەڵە و دارشتنی ستراتیژی نووسراو بۆ ئەم میدیایانە و کردنەوەی ناوەندێکی چاپ و بلاوکردنەوە

بەرێزان، ئەم خالانە قبوڵ نەکران، چون لانی کەم زەمینەی بۆ ئەوە خۆش دەکرد ئەو سوننەتانە نەمێنن کە بە راستیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی داغان کردووە. بە داخەوە کولتوری باوی سوننەتیی، نموونەی مەحفەلگەرایی و ورکگرتن و تێکدانی باسە ئەسڵیەکان و ولادانیان بۆ کەنار و هتاد.، تا ئێستایش سێبەری خەتەرناکیان بە سەر کارەکانەوە هەیە.

ئێستایش پێشنیار و ڕێنمایی ئێمە بۆ ئێوە، کە بە دەربەستن بۆ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و دڵتان بۆی دەسووتێت، ئەوەیە کە ڕێگا بە برەوداریی نەبوونی ئەو خالانەی سەرەوە نەدەن. ئەگەر بێ دەنگ بن و هەڵوێست وەرنەگرن، ئەوا بەری ڕەنجتان وەکوو هەموو ئەو دڵسۆزانەی لێرەولەوێ و یەک یەک و دوو دوو وازیان هێنا و دوورکەوتنەوە، بە فیرۆ دەرووات.ئێمە دەبێت ڕووەو گەورەکردنی زەحمەتکێشانی کوردستان و بەهێزکردنی کۆمەڵە رێبپێوین.

هاورێیان دیارە ئەم خالانە لەکاتی پێشکەشکردندا بە پلۆنۆم زۆر بەپەسەندی وەرگیراو لە لای کەس ناپەسەند نەبوو. بەداخەوە لەکاتی دەنگداندا توانی هەشت دەنگ بێنێ و نەکرایە بریارنامە، ئەمە سەرای ئەوەی کە پێشنیار کرا دەکرێت دەستکاری بکرێت ولیژنەیەک پیادا چوونەوەی بکات و بەپێی پێویست بیانگۆرێت یا بیان خاتە شوێنی گونجاوی خۆی. بەلام بەوەشەوە دەنگی بۆ نەدرا.

جەلیل ئازادیخواز، هێرش عەلیزادە، عەبە دلێر و ڕێبوار ڕەشید ٢٠١٣/٦/٨

........................................

## پلێنۆمی دووهەمی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و هەڵۆێستی ئێمە!

بابەت: تێگەیشتنێک لە پلونۆمی دوو (بەشی دووهەم)

www.peshmergekan.com

هاورێیان: لە باسەکانی پلێنۆمی دووهەمی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە ئێمە بەشداریی چالاکانەمان تێدا کرد، بۆ ئەوەی بنەما سەرکیەکانی بەرنامەی پەسەندکراوی گۆنگرەی ١٣ باشتر و بەرجەستەتر دەربکەون و ببنە ڕۆژەڤی کار و بچنە بواری پیادەکردنەوە، بەداخەوە هەندێک لە هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی کە لە کۆنگرەی ١٣ دەنگیان پێ دابوو، لە دەنگ و هەڵوێستی خۆیان پاشگەز بووبوونەوە، بێ ئەوەی بتوانن هیچ باس و پۆلێنێکی فکریی وتیئۆریی بخەنە بەر دەست، خۆیان وەک لایەنێکی چەپ و سوسیالیست ناوزەد دەکەن. ئەم هاورێیانە تەنیا پێداگریی لەسەر نەریتی رابردووی "کۆمەڵە" دەکەن، بێ ئەوەی کە بە ڕوونیی و کۆنکرێت پێناسەی جۆری "کۆمەڵە" و پێناسەی هزریی و تیئۆریی کۆمەڵە بکەن و وەڵام بە کارەساتگەلی ٣٤ ساڵی رابردوو بدەنەوە و ڕوونی بکەنەوە لە کوێدا وێستاون.

قەیرانی ئەم نارۆشنییە فکریی و هزرییە هەمووی لایەنێکی کاری حیزبیی گرتووەتەوە کە چارەسەرەکەی تەنها ئاماژە بە بەرنامە و ساختاری کۆنگرەی ١٣یە. دیارە بە ڕوونکردنەوە و ئاماژەی کۆنکرێتی زیاتریش کە ئەو بیر و دونیابینیی و ئاییندەبینییە باشتر و قووڵتر و هەمەلایەنتر ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ناچار بە لێکدانەوەی جیاواز و بە نارۆشنیی ستراتیژیی و بە گومان لە کاری ڕۆژانەدا نەبن. هەروەها بۆ ئەوەی کۆمەڵە بتوانێت ماوەیەک بێ دەردری سەر و بێ هەراوهوریای بەرژەوەندیی شەخسیی کاری سیاسیی بکات.

لە سەرئەنجامی خۆبەدەستەوەدان بە نەبوونی پێناسە و بنەمای فکریی و سیاسیی و بە نەبوونی بەرنامەی داڕێژراو، مەحفەلێک لە هاورێیان لە کۆمیتەی ناوەندیی بەپێی پلانێکی شاراوە، دەستەیەکی کارگێریان "هەیئەتی ئیجرایی" هەڵبژارد کە ڕەنگدانەوەی را و باوەڕی زاڵی بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٣ کۆمەڵە نییە، کە هاودەنگ و کۆدەنگی تەواوی دەنگی نوێنەرانی کۆمەڵەی لە پشت بوو و تەنانەت خۆشیان دەنگیان پێ داوە. بۆ ئەم مەبەستەش بە داخەوە، هەروەکوو کۆپیی ڕووداوی لەو شێوەی سوننەتگەرایی و بازنەی غەیرەسیاسیی، دەستیان بە لابردن و پەراوێزخستنی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی کرد. بەو شێوەیە لە ڕاستییدا نەک هەر تەواوی کارەکانی کۆمەڵە لە کار کەوتوون، بەڵکو زیانی بەرچاویش لە شێوەی نادروست لە وەدەرنان و لە ئەنداموەرگرتن و لە کاردابەشکردن و شتی دیکە بە کۆمەڵە دراوە.

لێرەدا زۆر بەکورتیی هەندێک لە جیاوازیەکانمان بە بەرێزتان نیشان دەدەین:

١. سەرەڕای پەسەندکردنی بەرنامەی کۆنگرەی ١٣ ی کۆمەڵە و بە ئاشکرا دیاربوونی خەتی کوردستانیی و پلورالیستیی و "چونە ناوتێرمینۆلۆژی سوسیالدیموکراسی" واتە پەسەندکردنی بازنەی بەرینی ئەم جەریانە کۆمەڵایەتی و سیاسیە وەک سەرچاوەیەکی جێگای باوەر و کارای بزووتنەوەی جیهانی چەپ، و وەکوو ڕووانگە و لێکدانەوەیەکی سیاسیی بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵە، بەشێک لە هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی لەم بەرنامەیە پاشگەزبوونەتەوە (کە خۆیان دەنگیان پێ داوە)، بێ ئەوەی بەر لە کۆنگرەی ١٣ و پاش کۆنگرەی ١٣ توانیبێتیان ڕۆشنایی فکریی و



www.peshmergekan.com

سیاسیی و ڕەووشتیی و پراکتیکیی بۆ ئەو جۆرە لە "کۆمەڵەبوونی" خۆیان بەیان بکەن و ئەڵتەرناتیڤ بخەنە بەر دەست.

٢. ئێمە رایدەگەیەنین کە لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵات لە کوردستان کۆمەڵە حیزبێکی سەراسەرییە و بەو شێوەیە خۆمان بە هێزێکی کوردستانیی دادەنێین، نەک ئێرانیی. لەم ڕووانگەیەوە دەزانین کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و هێزەکانی ناو هەناوی ئەم بزووتنەوەیە داواکار و خوازیاری دابینکردن و بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییە زەوتکراوەکانی خەڵکی کوردستانن. حیزب بوون لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵات بەو مانایە دێت کە ئەرکی سەرشانی ئێمە ڕزگارکردن و پاراستنی کوردستان و خەڵکەکەیەتی لە دەستدرێژیی. دیارە کۆمەڵە هیچ کاتێک هاوپشتیی سیاسیی و مرۆڤیانە و هاوسۆزیی و هاوهەستیی لەگەڵ لایەن و نەتەوەکانی ئێران ڕەت ناکاتەوە. پرسی پاراستنی مافی مرۆڤ بە هەموو مانایەکییەوە بناخەی سەرەکیی بەرنامەی کۆنگرەی ١٣یە.

٣. ئێمە دەمانەوێت کۆمەڵە لە پراکتیکی ڕۆژانەدا پلورالیزمی سیاسیی و ئایینیی و فەرهەنگیی لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیادە بکات و ڕێزی لێبگرێت. لەبەرئەوە دژی هەموو جۆرێک لە حەزف و لە نەخوێندنەوە و لە بەکەم دانانین و دەمانەوێت بە ڕوونیی و ڕاشکاویی لەگەڵ هەموو ئەو پارت و ڕێکخراوانە کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەن و چالاکن و دڵخوازانە دەیانەوێت، پێوەندییمان هەبێت و بەرەو هاوکاریی و هاوبەرنامەیی ڕێ بپێوین. ئێمە هەموو جۆرێک لە قسەوباسی نادروست و پشتەملە و خۆپەڕاندنەوە و شێوەکانی دیکە لە بێمەسئولییەتی بەرامبەر ئەوەکانی دیکە، ڕەت دەکەینەوە و بە سوننەتێکی زیانەخرۆ و تێکدەر و ڕووخێنەر ی دەبینین. خۆهەڵکێشان و بەشانوباڵهەڵدانی خۆ و فشەی سیاسیی لە شوێنێکدا هەر دەبێت میچ و مەرزی خۆی هەبێت. ئەوانەی چواردەورمان دەزانن و دەمانبینن ئێمە کێین، چاوبەستن و هەوڵی چەواشەکاریی کاری جادوگەرییە، نەک سیاسیی.

٤. ئێمە دەمانەوێت ئۆردوگای کۆمەڵە تەواو و سەرتاپا سیاسیی و نیزامیی بێت و لە هەموو شێوەکانی وابەستەیی بە بێ پرینسیپیی، جا هەر چییەک بن، بپارێزرێت. ئێمە دەمانەوێت چی تر ئۆردوگای کۆمەڵە وەکوو بەردەباز بۆ مەرامیی شەخسیی و غەیرە سیاسیی و فکریی و نیزامیی بەکارنەبردرێت و ئۆردوگا لە خەسڵەت و مۆرکی نیشتەجێبوونی موڵکی ڕزگار بکرێت. دیارە کۆمەڵە دەبێت بەرپرسایەتی خۆی بە شێوەی یارمەتیدان و پشتگیریکردن بۆ هەموو ئەوانەی دڵسۆزی کۆمەڵە بوون هەڵ بگرێت کە نایانەوێت یان ناتوانن لە فەزایەکی نوێدا بمێننەوە و بەشدار بن و بژین. دیارە ئەوەش پێوەندیی بە توانای ماددی کۆمەڵەوە هەیە کە بە داخەوە خۆتان دەزانن لاوازە.

٥. ئێمە حیزب بە ئامرازی کاری سیاسیی دەبینین و دەبێت لە هەموو جۆرە گرووپبەندیی و دەستەبەندییەک کە بەرژەوەندی حیزب دەخاتە پەراوێز و مەترسییەوە وەدوور بگرین و باسەکان، لە مەیدانی مەحفەل و قسەی لابەلاوە، بخەینە ناو کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوە و مەیدانی ئاشکرا و لەبەرچاو، چون پێمانوایە سیاسەت و فکر و ئەندێشە بەرهەمی ڕاشکاویی و ڕۆشنایی و مەیدانین. ئەسڵەن فکری نوێ و زانستی سەرکەوتوو زادەی مەیدانی ڕاشکاوبوون و ئاوەڵەبوون و سەلماندنە، نەک کاوێژ و جووینەوەی قسەگەلێکی زیانەخرۆ.

www.peshmergekan.com

٦. ئێمە پێیمانوایە کە لە ئاییندەی کوردستانێکی ئازادی پلورالیستی پارلەمێنتارییدا خەتی سۆسیالیستی ریفۆرمیست کە باوەڕی بە جێگۆڕکێی حکومەتە لە ڕێگای هەڵبژاردن بە شێوەی ئاشتیی و سیاسیی و دیموکراتیک، دەتوانێت نەخشی بەرچاوی لە چەسپاندنی دادوەریی کۆمەڵایەتیی و فەراهەمکردنی مافەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دابینکردنی بیمەی گشتیی کۆمەڵایەتیی هەبێت، دوور لە سیاسەتی دروشمگەریی و ماجەراییگەریی و بەرخوردیی رۆمانسیسزم و دۆنکیشۆتیزمی سیاسیی چینایەتیی. ئەمە بۆ ئێمە سەنەد و زامنی سەقامگیرکردنی کۆمەڵگای کوردستان و پێڕەوی پێشکەوتنە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیی بەرەو یەکسانیی و ڕووەو کۆمەڵگایەکی هاوسۆز و هاوپشتی هاوچەرخ. ئێمە دەزانین ئەم باسە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر و بە سیمینار و خوێندنەوە و پەروەردەیە. کێشە ئەوەیە کە سوننەتگەرانی ناو کۆمەڵە سوودی زۆر لە نەبوونی ئەو میتۆدانە دەگرن و ئەسڵەن ڕێی پێ نادەن سەر هەڵ بدات.

٧. ئێمە پێمان وایە و هەر بەم ڕووانگەشەوە کاری حیزبی دەکەین کە حیزب بە ئامرازێکی مۆدێرنی دەستەبەرکردنی داوا و داخوازی گەل و جەماوەر دەزانین و دەبێت لە هەموو یەکەکان و ناوەندەکانیدا کەشی دیموکراسیی و گیانی بەرپرسایەتی و پاراستنی پێڕەو ڕەچاو بکرێت و ببێتە کرداری ڕۆژانە. هەربەم هۆیە حیزب دەبێت لە گیان و لە کولتوری خێلەکایەتی و ناوچەگەرایی و بەرژەوەندیە شەخسیە تێکدەر و دواکەوتووەکان بپارێزرێت، دەبێت لە ڕێگای پەروەردە و بارهێنانەوە کلتوری مۆدێرن و دیموکراسی و ئاسانگیری و هاوکاری لەسەر بنەمای شایستەسالاریی ببێتە کولتوری گشتیی حیزب.

٨. چەقین لە نەریتە قەتیسبووەکان و مانەوە لەرابردوودا، بەتایبەتی کاتێک لەبەر بەرژەوەندیی شەخسیی و خۆبەخێوکردن بێت، خەساری گەورە لە حیزب دەدات و قەیرانی کوشندە سازدەکات کە ئێوە لەوەبەر چەندین جار نموونەکانتان دیتووە و هەر ئێستاش دووبارە ساز بووەتەوە. نوێخوازیی و ڕەخساندنی زەمینەی لاوبوونەوە و هاتنە پێشەوەی لاوان لە حیزبدا و پەروەدەکردنی کادری زانا و بەتوانا و گەورەکردنی بازنەی حیزب تەنها زامنی هێشتنەوە و گەورەکرنی کۆمەڵەیە.

جێی داخە سەرەڕای هەوڵی جیددیی ئێمە، کار و ئاخافتن و ئەنجام و بەرئەنجام و جۆری بەڕێوەبردنی پلۆنۆم، نیشانی دا کە ئەم ئاراستە و شێوانە لە کارکردن، دەقاودەق دژی پرینسیبی حیزبیی و بەرنامە و پێڕەوی حیزبە. بە هیوای هەرچی پەیگیریی و هاوپشتیی هاوڕێیانی دڵسۆز بۆ بەهێزکردنی پەسندکراوەکانی کۆنگرەی سێزدەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و نەهێشتنی کولتوری بەرژەوەندیی شەخسییە کە لە مێژووی ڕابردووی کۆمەڵەدا ئاسەواری بە ڕوونیی دیارە.

سەرکەوتوو بن ٢٠١٣/٠٧/٢٥

جەلیل ئازادیخواز / عەبدوالا کۆنەپۆشی (عەبدلێر) / ڕێبوار ڕەشید / هێرش عەلیزادە

.........................................

## بەڕێز سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

بەڕێز کۆمیتەی ناوەندیی و جێگرەکانی و ڕاوێژکارانی ک.ن

سڵاوێکی گەرمی هاوڕێیانە

هەروەک جەنابتان دەزانن و ئاگادارن لە پاش پلۆنۆمی دوو بەو جۆرە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر سەرەڕای هەموو ڕەخنە و تێبینییەکانی ئێمە لە دەستەکە و لە جۆری هەڵبژاردنی، و ئەو کەش و دۆخەی کە بووە هۆی لەدایکبوونی دەستەی بەڕێوەبەر، ئێمە لە پێناوی کۆمەڵە و لە پێناوی باشترکردنی کاری حیزبی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی باری ئالۆزیەکان بریارماندا هاوکاری بکەین و توانایەکانی خۆمان بێدریغ بخەینە خزمەت کۆمەڵە و کاری حیزبیەوە، بەڵام بەداخەوە هەرلەودەمەوە دەستەی بەڕێوەبەر دەستی داوەتە کاری ناحیزبی و لەبەرچاونەگرتنی پێڕەوی ناوخۆ نەقسکردنی سەرپاکی پێڕەووپرێنسبەکانی کاری سیاسی و حیزبی. لە راستیدا کاریان گەیاندوەتە ئاستێک کە ئیتر ناکرێت بێدەنگ بین و بە ناچار لەرێگای ئەم نامەیەوە جەنابتان و کۆمیتەی ناوەندیی و جێگرەکانی لە خەسار و کارە ناحیزبیەکانیان و شکاندنی پرێنسیپەکان و لە ژێرپێ نانی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە ئاگادار دەکەینەوە و خوازیاری هەڵوەشاندنەوە ئەو کارانەین لە زووترین کاتدا، وەگەرنا بەناچاریی ئێمە هەڵوێستی دیکەمان دەبێت و میکانیزمی گونجاوی دیکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کارەناحیزبیەکانی دەستەی بەڕێوەبەر دەگرینەبەر.

یەکەم: ئەوە زیاتر لە دوو مانگ لە تەمەنی ئەم دەستەی بەرێوەبەرە تێپەر دەبێت بەڵام تا ئێستا ئێمە وەکوو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی تەنانەت یەک پرۆتوکۆڵمان سەبارەت بە کارەکانیان و تەنانەت ئەو ئیقداماتەی کە کردوویانە بۆ نموونە ئەندامگیریی و دەرکردن و کۆبوونەوە و... بە دەستمان نەگەیشتووە.

دووهەم: هەروەک خۆتان دەزانن و هەموو ئەندامانی ک ن ئاگادارن کۆمیسوێنی ئەندامگیری کۆمەڵە هەیە و بە رەسمیی هەڵنەوەشاوەتەوە و ئەگەریش لەبەر هۆیەک کە ئێمە لێی ئاگادار نیین، رەسمیەتی نەمابێت، ئەوە کۆمسوێنیکی دیکە بەجێی دانەمەزراوە. هەربۆیە هیچ کەس و ناوەندێکی حیزبیی تا ڕۆشنبوونەوەی کۆمیسۆینی ئەندامگیریی و رەسمی بوونی، بۆی نییە ئەندام بگرێت، بە پێی پێرەوی ناخۆ هەڵوەشاندنەوە و دانانەوەی هەر کۆمیسیۆنێک تەنها لە ئیرادە و سەڵاحیەتی پلێنۆمی حیزبدایە، بەڵام جێی داخە ئەو بەرێزانە بە مەیل وسەلیقەی خۆیان دوور لە هەموو یاساورێسایەکی حیزبیی دەستیان کردوە بە ئەندامگیریی و پلەی ئەندمبوونیان داوەتە هەندێک کەس، لەگەڵ ئەوەشدا کە رەنگە ئەو کەسانە شیاوی ئەندامبوون لە کۆمەڵەدا بن، بەڵام پرۆسەکە ناحیزبیە و بەزێرپێنانی شێوەی دروستی دارێژراوە و بە شکاندنی پرێنسیبە حیزبیەکان ئەم کارە کراوە، ئەم رەوتە نایاسایی و دژە پێڕەوەی ناوخۆ دەبێت دەستبەجێ ڕابگیرێت. لە کاتی پێویستدا ناوی ئەو کەسانەکە بەم شێوە کراونەتە ئەندام بڵاو دەکەینەوە.

www.peshmergekan.com

سێهەم: بەخشینی پلەی ئەندامی فەخری بە هەرکەس نەک تەنیا کاری دەستەی بەڕێوەبەر نییە، بەڵکو لە راستیدا کاری کۆمسوێنی ئەندامگیریش نییە و ئەگەر شتێکی وا بکرێت دەبێت کۆی ک ن بریاری لە سەر بدات. جێی داخە کاک رەزا ئەو کارەی کردوە و ئەم پلەی بەخشیوەتە خانمێکی نیشتەجێی ئۆردوگا و ئامادەین لە کاتی پێویستدا ناوی بڵێین.

چوارهەم: دەستەی بەڕێوەبەر بەپێی پێرەوی ناوخۆ ئەو مافەی نییە کە سازماندەهی بکات و ئەم کارە لە ژێرپێنانی پێرەوی ناوخۆی کۆمەڵەیە، داوادەکەین بە زوویی رابگیرێت و هەموو ئەوجۆرە سازماندەیانە هەڵبووەشێنەوە کە تا ئێستا کراون. رەنگە کەسی سازماندراو بۆ ئەو شوینە زۆریش شیاو بێت، بەڵام پرۆسە و بریارەکە خۆی هەڵەیە و ناحیزبیە و خەوشی ئاشکرای بێڕیزیی کردن بە پێرەوەی دەنگپێدراوی کۆمەڵەیە.

پێنجهەم: لە پلۆنۆمەوە تا ئێستا گرفت و کێشەیان بۆ سازماندەی راگەیاندن دروستکردوە و نایەڵن ئەم ناوەندە رێبکەوێت. ئێمە بەداخەوەین جەنابتان وەکوو سکرێتری حیزب و ک ن لەم کارە بێدەنگن. ئێمە هۆیەکان نازانین چون شەفاف و هاوسەنگەرهاسا بەیان ناکرێن.

شەشهەم: کۆمیسوینی بەڕێوەبەری ئۆردوگا (ئیجرایی) بە پێی پێرەوی ناوخۆ جگەلە پێشمەرگە و ئەندامان و کادرەکانی خوار بازنەی سەرکردایەتی کۆمەڵە کە (هەموو ئەندامانی ک ن و جێگران و راوێژکاران دەگرێتەوە) مافی سازماندەدانی تری نییە، کەچی دەستیان داوەتە سازماندانی راوێژکاران، کە بێ گومان مافی کۆمیتەی ناوەندییە.

حەوتهەم: روونە کە دەرکردنی پ م و ئەندامی خوار سەرکردایەتی مافی کۆمیسوینی بەرێوەبەرییە و دەکرێت کەسانێک کە بە دەلیلی حاشاهەڵنەگر شایستەی ئەندامبوون نەبن، دەر بکرێن بەڵام بوختانی وەکوو "سەر بە لایەنی دیکە بوون" نیازی بە ئیسپات و دەلیلی ڕوون هەیە. ئەم جۆرە تاوانبارکردنانە هەم نارەوایە و هەم نیازی بە بەڵگەی سەلمێندراو هەیە کە بەداخەوە کۆمیسیۆن بە تاوانبارکردنی ناروون و ناسەلمێندراو کەسیان دەرکردوە.

بەرێزان، ئەم کارانە هەموو سەرەرای ئەوەی ژێر پێنانی پێرەوی ناوخۆن ئاماژەن بۆ خۆکۆکردنەوە و ئامادەبوون بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارگەلێکی ناتەندروستیی حیزبیی کە بە دڵنیاییەوە زیانی گەورە بە کۆمەڵە دەگەیەنن. بۆیە ئێمە هاورێیانە و دڵسۆزانە داواتان لێ دەکەین خێرا ڕابگیرین و هەڵبووەشێنرێنەوە، ئێوە زۆر باش زیان و زەرەری ئەو جۆرە کارانەتان لە مێژووی چەند ساڵی رابردووی کۆمەڵەدا دیتووە و دەبێت کۆتایان پێ بهێنرێت.

بۆیە داواکارین کە لە پێناوی کۆمەڵەیەکی بەهێز و حیزبێکی تەندروستدا ئەم کارانە رابگیرێن و هەڵبووەشێنەوە.

لەگەڵ رێز و سوپاسدا

رێبوار رەشید، جەلیل ئازادیخواز، هێرش عەلیزادە و عەبدوڵاکۆنە پۆشی ٢٠١٣/٠٧/٢٤

.........................................



www.peshmergekan.com

**بەڕێز هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

سڵاوێکی هاوڕێیانە

بابەت: پێشنیار بۆ گۆرینی نوێنەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیی

هەروەکوو ئاگادارن لەسەر ئەو خواست و داواکارییەی لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی کوردستان بۆ پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کرا، جەنابتان بەبێ پرس و دەنگی گشتی کۆمیتەی ناوەندیی بەڕێز ڕەزا کەعبیتان وەکوو نوێنەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ناردە ئەو لیژنەیە، بەڵام ئێمە بە ڕێزێکی فەراوانەوە بۆ جەنابتان و بۆ بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵە بێدەنگییمان هەڵبژراد، و هیواداربووین کە سەرەڕای ڕەخنەکانمان لە بەڕێز کەعبی، ئەو بتوانێت لە کۆنگرەی نەتەوەییدا هەڵوێست و دەنگی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بێت، بەڵام بەداخەوە ئەو هەڵوێستی پێویست و شیاوی لەم ماوەدا لە خۆی نیشان نەدا.

ئێمە پێمانوایە بە چەند هۆیەک کە لە خوارە باسی دەکەین کاک ڕەزا کەعبی ناتوانێت نوێنەرایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا درێژە پێ بدات، هەر بۆیە داواکارین ئەم ئەرکە بە یەکێکی تر لە هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی بسپێردرێت. هۆیەکان ئەمانەن:

یەکەم: کاک ڕەزا کەعبی هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکی هەڵبژاردنی نوێنەرانی بەشەکانی کوردستان، بە پێی پرنسیپەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ئاستی کوردستانیبوون و دۆستایەتیی هەمە لایەنە لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکاندا، هەڵسوکەوتی نەکرد، و کۆمەڵەی خستە ژێر کاریگەریی سیاسەت و هەڵویستی چەوتی ئەو لایەنانەی کە بە درێژایی بوونیان لە گۆرەپانی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا، ئێرانچیەتییان کردووە.

دووهەم: بەڕێز ڕەزا کەعبی لە هەڵوێستیدا لەگەڵ مێدیای کوردیدا ناشیاو و ناشارەزایانە هەڵسووکەوتی کردووە و ڕاستەوخۆ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی لە سەنگەری دژایەتی لەگەڵ لایەنەکانی باکوور و خۆرئاوادا خستووە، ئەوەیش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە بەڕێز ڕەزا کەعبی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە وەفاداری بەرنامە و ساختاری ناوخۆی دەنگپێدراوی کۆنگرەی ١٣ نییە و بەرامبەر بە مسەوەباتی کۆنگرەی سێزدە خۆی بە پەرپرس نازانێت، چون هەر وەکوو خۆتان زۆر باش ئاگادارن، هەر پاش کۆنگرە لە پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی مسەوەبی کۆنگرەی سێزدە پاشگەز بووەتەوە،و لە چەندین شوێندا باسی کردووە.

سێهەم: لە موناسەباتی ناوخۆیی و تەشکیلاتیدا یەکلایەنە و مەحفەلیی هەڵسوکەوتی کردووە و بە ئیرادەی خۆی کەسەکانی ناو تەشکیلاتی بۆ کارکردن لە کۆنگرەی نەتەوەیی دیاری کردووە، کە دەبا ئەوەندەی کە کەس یا کەسانێک پێویستبوون کە لە کاروباری کۆنگرەدا بەشدار بووایەن، یەکەم داوای لە سکرێتر بکردبا و سکرێتریش لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییدا ئەو کەسانەی دیاری بکردبا. هەڵبژاردنی هەموو کەسێک بۆ هەر پۆستێک دەبێت لە سەر بناخەی توانا و وەفاداریی بە پرینسیپ و ڕاستگۆیی و هاورێیەندیی و جۆری دیکە لە خەسلەتی سیاسیی و

www.peshmergekan.com

ڕەووشتیی بێت کە لە کاک ڕەزا کەعبیدا نییە و ئێمە لە ماوەی دوو پلۆنۆمدا لێمان نەدیتووە، سەرەرای ئەوەی کە چەندین جار وەبیرمان هێناوەتەوە.

چوارهەم: کەسایەتی بەرێز ڕەزا کەعبی لەسەر ئەساسی ئەو نووسراوەی کە بەرێز هێرش عەلیزادە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی حەوت ساڵی لە ناو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و تەنانەت رابوردوویشی لە ناو کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە نامەیەکدا بۆ خۆی و جەنابیشتان وەکوو سکرتێری حیزبەکە نوسیووە، تا ئێستا لە لایەن بەرێز ڕەزا کەعبییەوە هیچ هەڵوێستێک نەگیراوە و ئامادە نییە وەڵام لە دیفاع لە خۆیدا بداتەوە، و لە هەمانکاتدا لە لایەن سکرێتری حیزبیشەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەک نەدراوە. ئێمە پێمانوایە کە ڕەزا کەعبی لەژێر چەندین پرسیاری بێوەڵامدایە، و مۆتمانەی لەژێر پرسیاردایە، هەر بۆیە پێویست بوو کە خۆی بۆ لابردنی ئەو ناڕوونیی و پرسیارانە کە لەسەریان هەیە، پێویست بوو پێش وەرگرتنی ئەو بەرپرسایەتیە لە کۆنگرەی نەتەوەیی ڕوونکردنەوەیەکی ڕووەو کۆمیتەی ناوەندیی و ئەندامانی حیزبەکە بدابا. ئەگەر بەرێز ڕەزا ئەو کاری نەکردووە ئەرکی سکرێتری حیزب بوو کە هەڵوێستی وەرگرتبا و لەدانی وەها بەرپرسایەتیەک خۆت بپارستبایە.

پێنجەهەم: کاک ڕەزا کەعبی لە موناسەباتی ناوخۆییدا لەگەڵ هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی زۆر دوور لە ئەخلاقی سیاسیی و پرنسیپەکانی حیزبایەتی لە دونیای مۆدێرندا تەوهین و ئەهانەتی ناشیاوی بە هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی کردووە، ئەویش لە پاشملە کە ئەمە یەکەم و دووەم جار نییە کە بەم جۆرە ناشیاو و بەدوور لە هەر ئەخلاق و پرنسیپێک کردوویەتی، هەروەکوو لە نامەکەی هاورێ هێرشدا بە ڕوونی دیارە/ ئێوە ئاگادارن هەر لە مێژە ئەم جۆرە ڕەفتارەی کردووە بە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خۆی بەرامبەر بە هاورێیان. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو هاوڕێیانە زۆریان پشت و پەنا و یارمەتیدەری ئەو بە شێوەی جیاوازبوون، و ئەو بە پێچەوانەوە هیچ جۆرە پیاوەتیەکی لە سەر ئاستی ناسیاوییشدا بە سەر ئەوانەوە نییە.

کەسێک کە تەوهین و ئەهانەت بە هاورێ و یان هاورێیانێک بکات کە ئێستا لەگەڵی هاورێی حیزبین و کە هەندێکیان لەوەبەر بە ساڵان پێکەوە لە حیزبێکدا بوون، دەبێت هەڵسوکەوت و وەفاداریی و هاورێبەندیی لەگەڵ بەرێزانێک لە شوێنێکی وەکوو کۆنگرەی نەتەوەیی کە تەنها حەوتوویەک یان چەند ڕۆژێک پێکەوە کار دەکەن، دەبێت چۆن بێت؟ بە ڕاستی مرۆڤی وەها ناتوانێت نوێنەری حیزبی ئێمە یان تەنانەت هەر حیزبێکی تر بێت، بە تایبەت لە شوێنێکی وەکوو کۆنگرەی نەتەوەیی، کە بە تایبەت ئێمە دەبێت تیایدا نموونەی ڕەووشتی بەرز و ئەمەکداریی و وەفاداریی و ڕێز و هەڵوێستی ڕاستگۆیانە و ڕوون بین.

بەم هۆیانەی لە سەرەوە باسمان کرد ئێمە وەکوو بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی بە سکرێتری حیزب ڕادەگەیەنین کە بەرێز ڕەزا کەعبی بۆ ئەم کارە شیاو نییە، و داواکارین کە بەجێگەی ئەو هاورێیەکی تر لە هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ ئەم ئەرکە تەرخان بکرێت.

ئێمە چاوەڕووانی وەڵامی جەنابتان وەکوو سکرتێری حیزب دەبین، هیواداریین پشتگوێ نەخرێت.

بەسپاسەوە    ٢٠١٣/٠٨/٢٨

www.peshmergekan.com

..................................

*هاوڕێیانی ک.ز.ک: ئەم نامەیەی کە لەبەردەستتاندایە لە سێ بەشدا لە ٢٠١٣/٦/١٣ تا ٢٠١٣/٠٧/٢٤ بۆ بەڕێز ڕەزا کەعبی و ڕوونوسەکەیشی بۆ هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە نێردراوە، هەر وەکوو لە خوارەوە دیبینن داوام لە هاوڕێ عومەر وەکوو سکرێتێری ک.ز.ک کردووە کە ئیجازە بدات ئەم نامە بدەست ئێوە بگات، بەڵام وادیارە کاک عومەر یان بە دروستی نازانێت کە ئێوە ئاگاداری کێشەکانی ناو حیزبەکە بن، کە هەموو کاتێک سووتەمەنی ئەم کێشانە ئێوە بوون یان بەردەوامبوونی ئەم وەزعە بە قازانج ک.ز.ک دەزانێت. هەر وەکوو لە پێشدا بەڕێزیانم ئاگادار کردووە لەسەر مەسئولیەتی خۆم ئەم نامەتان بۆ دەنێرەم و ئەگەر بەپێی پێڕەوی ناوخۆیش هەر سزایەکی هەڵگرێت ئەوا ئامادەم قەبووڵی بکەم.*

*بەڕێزان: حەز دەکەم بزانن کاتێک کە کاک ڕەزا ڕەخنە و نامەکانی من لەسەر خۆی لە دەرەوەی حیزبەکە بە پێچەوانە ڕاستیەکان باس کردووە و دیکات و گوایە من لە بەرامبەری ئەودا دیفاع لە کاک عومەر دەکەم، و تەنانەت لای هاوڕێیانم لە جنێو و ئەهانت بە من سڵ و شەرمی نییە، و بۆ سووککردنی باری گوناهانی خۆی پەنا دەباتە کۆمەڵەی شۆڕشگێر و ڕەوتی سۆسیالیستی! من دەپرسم سنوورێک ماوە کە ئەم برادەرە نەیبەزاندبێت؟ سنوورێک مابێت کە ئێوە ئەندامانی ئەم حیزبە لەم کێشانە ئاگادار نەبن؟ بەسپاسەوە هاوڕێتان هێرش*

بۆ: بەڕێز ڕەزا کەعبی     هێرش عەلیزاد     ٢٠١٣/٠٦/١٣

ڕوونووس: سکرێتری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەڕێز عومەر ئیلخانیزادە/ داواکارم لە کانالی تەشکیلاتیەوە نامەکەم بەدەستی هاوڕێیانی ک.ن و جێگرەکانی ک.ن و ڕاوێژکارانی ک.ن و کۆمیتە و بەرپرسانی حیزبی لە هەر جێگەیەک کە هەن بگات. هیوادارم کە بەدەستیان بگات!

هەر وەکوو لە نامەکانی نێوان پلێنۆمی یەک و دوودا ئەو ڕەخنانەی هەمبوو لێت، دەمنووسی و بۆم دەناردیت و لە ڕۆژانی پلێنۆمی دوویشدا بە شێوەی جۆرباجور لە لایەن من و هێندێک لە هاوڕێیانی ک.ن یەوە بەکورتی ئاماژەمان پێکردوە، بەڵام بەداخەوە هەر بەو پێیەی تا ئێستا کردووتە، لە جیاتی وەڵام بە ڕەخنەکان، جگە لە ژێرپێ خاڵیکردن و ریاکاری سیاسی و مەحفەلگرایی نەبێت کارگەریەکی ئەوتۆ لەسەر پێشکەوتنی پرنسیپەکانی کار بە شێوەی حیزبی نەبووە. بەداخەوە وادیارە من خراپ لە تۆ تێگەیشتووم.

دەمەوێت لە ڕێگەی ئەم نامەوە بە نووسین لەسەر مەبنای فاکت و دەکۆمێنت ئەو زەرەر و و زیان و خەسارەتانەی کە تۆ بە پرنسیپەکانی کۆمەڵە بەگشتی و پاشان ڕەوتی چاکسازی و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە تایبەتی لە پراتیکدا و بە شێوەیەکی دزێو و ریاکارانە گەیاندووتە، بیخەمە بەر ڕۆشنایی دیدی هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەستی ئەمجۆرە لە گەمە و کایەی



www.peshmergekan.com

منداڵانە کە تۆوی نەوعی و ئەو کەسانەی کە پێتانوایە سیاسەتکردن و "کۆمەڵەبوون" ئەوەیە کە تۆ کردوتە و دیکەیت.

من پێموایە ئەم شێوە دزێوە لە کار و لە بەرخورد دەبێت لە سێبەرەوە بێتە بەر رۆشنایی و رووبەڕوو و شەفاف و بوێرانە قسەکانی بکات. لە رووانگەی منەوە چارەسەری ئەم دەردەی تۆ تەنها ئاشکراکردنی رووی دزێوی و ریاکاری تۆیە لە ناو ئەم حیزبەدا، من تا پێش پلێنۆمی دووم بە شەفاهی بە نووسین زۆر لە گەڵت حەوڵمدا کە دەستت لەو جۆرە کارانە هەڵگری، بەڵام وادیار کە من لەوەدا سەرکەوتوو نەبووم ئەم ئەزموونە منی هاندا کە ئیدامەی ئەو قسەوباسانە بە شێوەی پێشوو لە گەڵ تودا هەمبوو، هیچ یارمەتیەک بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و هەمووی ئەو کەسانیکە بە سەدان ئارەزۆوە لەم تەشکیلاتدا ئامادەی کارەن و یان کار دەکەن ناگەیەنێت ئەگەر لە شۆێنەکدا راشکاوانە تەشکیلات بە گەشتی لێ ئاگادار نەبێتەوە. هەر بۆیە پاش پلێنۆمی دووم من بریارمدا کە نامە و قسەوباسەکانم بە شێوەی راشکاو بۆت بنوسەم و تەشکیلاتیش بە گەشتی لێی ئاگادار بێت.

هەر لە رۆژانی کێشەکانی ناو کۆمەڵەی شۆرشگێڕەوە، یەعنی سەرەتاکانی کۆنگرەی ١٠ تا لەیەکترازانەکانی ساڵی ٢٠٠٧ و پاشان چۆنییەتی دامەزرانی ئەم کۆمەڵەیەی کە ئێستا تیایدا هەردووکمان بەرامبەر بەیەک وەستاوین و تەنانەت حەوت مانگیشە رواڵەتی پێوەندیی دۆستانەمان بە یەکەوە نەدیوە. قسەوجەدلی سیاسیی و تەشکیلاتیی توندمان پێکەوە بووە، بەڵام قەت لە ئاستی ڕاوانان و حەزفی یەکتردا نەبوو، بەداخەوە من ئەمڕۆ دەبیینم کە تۆ چۆن بە هەمان شیوە و شگردی رابردوت دەرحەق بە هاورێیانیتەرەت، ئەمجارەیان لە پشتەوە خەنجەر دەوەشێنیت و لەو پەری بێدەنگی و لە پراتیکدا لە وەلاانی من و هاورێیانکیتر هیچ شەرمێکت نییە. ئەمجارەیان بۆ من؟ خۆت چاک دەزانی کە من و هاورێیانیکیتەر وەکوو من بە مانعی پەلانەکانی خۆت دەزانیت، و هەر لەسەر ئەم ئەساسەیە کە لە پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆ پەسەندکراوی کۆنگرەی سێزدە پاشگەز بوویتەوە!

ئەڵبتە من لەم ماوەدا بە دەیان جار قسەکانی ئەو کاتەی کاک عەبدوڵڵا مۆهتەدی دێنمەوە بەرچاوم کە لە رۆژانی پێش کۆنگرەی یازدە ساڵی ٢٠٠٦ لە کوردستان، کاک عەبدوڵڵا من و کاک حوسەین پەناهی بۆ ماڵی خۆی بە مەبەستی ئاگاداری لە هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە چۆنییەتی کۆنگرەی یازدە بانگ کردبوو، (ئەو کات من بەرپرسی کۆمیتەی مەڵبەندی سکاندیناڤی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بووم) لە یەکەمین قسەوباسدا کاک عەبدوڵڵا باسی تۆی کرد و گوتی: "کا رەزا کەعبی شیاوی کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە نییە و نابێت ببێت بە کۆمیتەی ناوەندیی"..

کاک حوسەین بە توندی هەڵوێستی گرت و دژی ئەو بۆچونە بوو. پاشان منیش وتم چۆن شتی وا دەبێت کاک عەبدوڵڵا؟ بۆ چی روویداوە؟

کاک عەبدوڵا گوتی: ئێوە نازانن و ئاگادار نیین ئەم برادەرە چی کردووە! بە ڕاستی ئێمە نەماندەزانی و ئاگادار نەبووین کە تۆ لای ئەوان و دژ بە ئەوان چیت کردبوو، پاش ئەوە لەم رۆژانەدا، لە خولیای ئەو بیرەوەریەدا، نامەکەی کاک حەمەی شافعی و وەڵامەکەی خۆتم لە وەڵام

www.peshmergekan.com

بە کاک حەمەدا و هەر وەها چەند نامەیتەری ئەو سەردەمم دەخوێندەوە. کاتێک لە یەکم دەدان و هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتی ئەم چەند ساڵەی تۆم لە ناو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکرد، تێگەیشتم کە ئەو وەڵامەی ئەو کاتەی من و کاک حوسەین لە دیفاع لە تۆ لە بەرامبەر کاک عبدواڵلەدا چەندە هەڵە و ساکار بووە! تێگەیشم کە ئێمە ئەوسا تۆمان نەدەناسی.

من پێموابوو کە ئەوەی تۆ لە لای شوانە لالەحەمە لە کانادا و لە ئورۆپا لە لای خەڵکی دیکە بە کاک عبدواڵلە موهتەدیت گوتبوو هەمووی درۆیە، بۆت هەڵدەبەستن و قسەوباسێکە کە بۆت دروست دەکەن، دیارە باش لە بیرت دێت هەر لە گەرمی ئەو ئاڵۆزییەدا پێش کۆنگرەی یازدە لێم پرسیت "کە چۆن شتی وات کردووە"؟ تۆش وەڵامت دایەوە و گوتت "هێرش درۆ دەکەن، شتی وا مومکین نییە".

من ئەو کات باوەرم پێکردیت، بەڵام ئێستا، کاتێک هەڵسوکەوتەکانی چەند ساڵی رابردووت پاش جیایەکانی ٢٠٠٧و هەروەها پاش کۆنگرەی سێزدە تا ئەمرۆ هەڵیدەسێنگێنم بەو قەناعەتە گەیشتووم کە بەڵێم مۆتمانەم پێتنەماوە! مۆتمانە لە ئاستی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبێک کە بۆخۆت ئیدعایەکی قورسەت لەسەری هەیە. و شەری قورسەت لەسەر کردووە و زەرەری قورسەت کێشاوە! بەڵێم زەرەری قورسەت داوە دروستترە.

چون دەبینم و دەبیستم کە هەر ئەو کاتە هەر ئەوەی کە بە کاک عبدواڵلە موهتەدیت دەکرد ئەمرۆ و ئەم ساڵانە بە کاک عومەریش هەر ئەوەت کردووە و ئێستایش تەنانەت رۆحم بەو کەسانیش ناکەیت کە دەتگۆت " مەگەر مەرگ، ئەگینا دەست هەڵگرتن لە تو مۆمکین نییە" و یان هەر پێش کۆنگرەی سێزدەکەمان دەتگۆت " تەنها ماڵێک کە لە دەرەوە تێدا دەحسێمەوە ئەم ماڵیە". بەڵام من شاهدی بێحومەرتیت بە کاک حەمەی میسری لە پلەێنۆمە مێژوویەکەی هۆڵەند و شاهدی بێحۆرمەتیت بە کاک جەلیل ئازادیخواز لە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندییەکەی ئەمرۆماندا بووم و لە ئاخری هەموویشیاندا بێحۆرمەتیت بە خۆم لە لای هاورێ و هاوکۆمیتە و هاوحیزبیەکەی "هەر دووکمان"، و رەنگە زۆر شتی تر لەم قوماشە کە بەلای تۆوە ئاسایی بووە و هەیە!. من نەمدەزانی. من هەڵە بووم نەدەبووا بەمجۆرە باوەرم بێتکردبا کاک رەزا. تۆ لەگەڵ ئەوانیش کە خۆشێت ویستوون راستگۆ نەبوویت کاک رەزا. ئەگەر بپرسی بۆت باس دەکەم چۆن؟ دەزانم قەت ناپرسی! چون دەزانیت وەڵامەکەی چیە.

پێش جیایەکانی ٢٠٠٧ لە کاتی کێشەکاندا کاک حەمەی شافعی لە نامەکەیدا بۆ تۆ دەنووسێت: "کاک رەزا ئەوەی کە لە دژی کاک عبدواڵلە بە پشتیوانی لە کاک عومەر دەیکەی و هەموو حەولەکەت ئەوەیە کە کە کاک عومەر ببێت بە سکرتێر، خاترجەم پاش کاک عبدواڵلە هەر ئەوەش دژ بە کاک عومەر دەکەی و ئەمجارەیان بۆ ئەوەی کە خۆت ببی بە سکرتێر". دەقاودەق هەر وەهات کرد.

من دەڵێم بە ڕاستی هەر وەهای لێهات! مانگ و ساڵی تێپەر نەکرد کە تۆ نەخشەی بێدەستکردنی ئەو برادەرەت دەست پێکرد/ شەرەکەت لەسەر کاک عومەر نەبوو! هەر پاش جیایەکانی ٢٠٠٧ تۆ بە هاوکاریی چەند کەسی تر بۆ گەیشتن بەم ئاواتەت زۆر رەزیلانە و ناهاورێیانە بە شێوەیەکی دزێو ئەم کارەت دەستپێکرد، با بۆت باس بکەم چۆن:

www.peshmergekan.com

حەتمەن باشت لە بیر دێت ئەگەر حاشای لێنەکەیت، هەر پاش جیابوونەوەکان لە سەرەتای هاوینی ۲۰۰۷دا لە ستۆکهڵم کۆنفرانسی ئەندامان گیرا، تۆ و کاک بارام رەزایی و کاک ناسر حیسامیش بەشداری کۆنفرانسەکە بوون. من لەسەر ئیدارە و سازماندهی و ناوی حیزب و پرۆگرامی ئەوەدەم لە کۆنفرانسدا قسەم کرد، وادیاربوو کە بە دڵت نەبوو و دەتزانی بە زەرەرتە. چون لە ئیستراحەتێکدا لە دەرەوەی کۆنفرانس تۆ و کاک بارام بانگتان لە من کرد کە چەند قسەیەکی خوسوسی پێکەوە بکەین. ڕووبەڕووم وەستان و گوتتان "کاکە لەوە بگەڕێ، تۆ دەبێت بزانیت ئێمە چی دەکەین. ئێمە ئەم پێنج کەسین کە لە پەشتەوە دەتوانین ئەم حیزبە ئیدارە بکەین و بۆ خۆمان ئەو جۆرەی کە دەمانەوێت دەیگێڕین". ناوی پێنج کەستان هێنا کە یەکیان من و ئەویتریان خۆت و کاک بارام و کاک ناسر و کاک سەباح بوون. دەزانم کە ئەو سەردەمیش تو لەمن خراپ تێگەیشتبوویت، هەر بەوەی کە دژی دەسەڵاتی رهای کاک عومەر و خوازیاری کۆنگرە دابەشکردنی دەسەڵاتی حیزبی بووم پێتوابوو کە دەتوانم لەم پەلانەدا جێگەم بێتەوە! بەڵام پرنسیپی کاری سیاسی و حیزبیمان زۆر جیاواز بوو هەربۆیە منیش وەڵامم دانەوە کە تکایا با برۆین بۆ ناو کۆبوونەوەکە و لەوێدا باسی ئەو حیزبە بکەن کە ئێوە دروستی دەکەن، و پێشمگوتن "من لە ناو حیزبێکدا نابم کە بەمجۆرە لەسەر ئەساسی تەوتەئە دابمەرزێت. من لە ناو حیزبێکدا نابم کە دووبارە سیاسەتی وەلانان و بایکۆت و مەحفەلگرایی لە بەرنامەیدا بێت".

مەبەستم ئەوەیە کە هەر لە یەکەم رۆژەوە تۆ هەر بەم خەونەوە لە دایک بوویت و دروشمی چاکسازیت بە درۆودەلەسە هەڵگرتبوو. هەر وەکوو بۆخۆیشێت لە چەندین مەحفەلی خۆسوسیدا باسێت کردووە کە هەمووی قسەی "قور" بوو! (مەبەستت لە ریفۆرم و....).

من بە راستی نەمدەزانی کە تۆ لە عالەمی خەیالاتی خۆتدا هەر لە مێژە خنکاویت و زۆر دەمێکە چاوەڕووانی مەرگی هاورێیانێکی کە لە پەشتەوە خەنجەریان لێدەدیت و لە حوزوریشیاندا فرمێسکی ریاکاری هەڵدەرژێنیت و بە "مامۆستای" خۆتیان دادەنێیت و زۆر جاریش پاش خەنجەرەک بەدوور لە جەمع خۆتیان تەسلیم دەکەیت و معزەرەت دێنیتەوە!

ئەم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە کە زۆرجار لەسەر چووک دەوستێت و دەڵێت من "جێگرەی سکرێترم"، "دەفتەری سیاسیم"،"بەرپرسی ئاسۆساتم"، "دەبیری کۆمیتەی ناوەندییم"،"بیست ساڵە کۆمیتە ناوەندییم". ئەم کەسە شەورۆژی خەریکی ئاخ و داخ هەڵکێشانە کە سکرێترەکان کەی دەمرن و کەی ئەو خاوەنداریەتی ئەم کورسیە دەکات. جا سەیر ئەوەیە کە ئەوی کە ئیدعایانی دەکات لە پێڕەوی ناوخۆی حیزبەکەدا نییە نە جێگرەی سکرێتر، نە دەفتەری سیاسی، نە دەبیری کۆمیتەی ناوەندیی، و شانازی بیست ساڵ کۆمیتەی ناوەندیی بوونیش دەبینین هەر شکست بووە ئەگەر وەکوو یەکێک لە "رابەرانی کۆمەڵەی" ئەم بیست ساڵە گۆشەیەک لە بەرپرسایەتی شکستەکان قەبووڵ بکات!

تۆ ناتوانیت دژی بیر و باوەڕی سۆسیالدیموکراسی بیت و بە هەموو عەقڵی خوتەوە پێتوابێت کە دەتوانیت سۆئیستفادەی لێبکەیت و لە هەمانکاتیشدا پێش هەموو کەس رابکەی بۆ کۆبوونەوەکانی و بێشەرمانە وێنە لە گەڵ ئەندامان و هەیئەتی ئینترناسیونالیست سۆسیالیست بگریت! و وەکوو وێنەی گیانبەختکردووانی جوڵانەوەی خەڵکی کوردستان لەسەر فیزبووک و... فەخری پێوە بفرۆشیت.

www.peshmergekan.com

تۆ ناتوانیت خەمخواری خەباتی باکوور بیت و دژی کچان و کورانی باکوور لە کوردستانی رۆژهەڵات، لە پلێنۆمی حیزبەکەدا هەوڵ بدەیت بڕیارنامە دژ بە پژاک بخەیتە بەر دەنگدان و "هێزەکانیان ئەوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە جێی "گومان" و "گوماناوی" لە قەڵەم بدەیت! هەر پاش ئەوە بە هەڵەداوان بەشداری یازدەهەمین کۆنگرەی نەتەوەیی لە برۆکسل بیت و وتار پێشکەش بکەیت! هەر ئەو کارەی کە حەوت ساڵ پێش ئێستا لە کۆنگرەی ١١ی کۆمەڵەی شۆرشگێڕیشدا دەتویست بیکەیت، کە ئەو کاتیش هەر دژایەتم ئەو بڕیارنامەیەتم کرد.

تۆ پێش کۆنگرە سێزدە و بە درێژایی پێنج ساڵی رابردوو دژ بە دەسەڵاتی سکرتێر و بە ناروونی ماڵیی و بە بێسەروبەریی حیزب لە تێداچوون و بێسەرۆشۆێنی هەموو ئەو هاورێیانە بووی کە بەو جۆرە لە ساڵەکانی ٢٠١٠ و ٢٠١١ گیانیان لەدەستدا و خۆت لێ بە خاوەن نەدەکردن، و کاتێک کە من یا هەر کەسێکی دیکە لێتی دەپرسی کە بۆ وایە، لە وەڵامدا بە شانازیەوە دەتگوت کە جەنابت لە موقامی "جێگری سکرتێردا" هیچ دەخالەتێکت لەو کارانەدا نەبووە. کام شانازی؟! شانازی بە بێ هەڵوێستی و دەرچوون لەژێرباری مەسئوولییەت و بەرپرسایەتی؟

هەمووان بینیان کە لە کۆنگرەی سێزدەدا لەسەر هیچ یەکێک لەو بابەتە گرینگانە قسەت نەبوو کە لە دەرەوە و بە چرپە و بە تەلەفۆن گوێی هاورێیانت پێ قان دەدا. لە سەر ئەو هەموو دزێویانە کە گوایا سکرێتری حیزب کردوویەتی و تۆ خەمی خەرمانی بابردووت بۆ دەخواردن، بە هیچ جۆرێک نوتقتان لێوە نەهات. خۆ هەر لەسەر ئەو وەزعە لە کۆمەڵەی شۆرشگێر جیا بوویتەوە و درۆشمی "چاکسازی" گۆیی هەموانی پڕ کردبوو.

هێندە بێ پرینسیپ و ناتێگەیشتوو لە سیاسەتیت کە تەنانەت لە رەواندنەوەی دەسەڵاتی سکرتێر و چەسپاندنی شەفافیەتی ماڵیی و هەموو ئەو میکانیزمانەی کە لە پێڕەوی ناوخۆدا پێش کۆنگرە گونجاندمان و لە مێژووی کۆمەڵەدا باشترین دەستکەوت بوون بۆ بەدەنەی تەشکیلات، تۆ نەک هەر پشتگیریت نەکرد، بەڵکو زۆر زۆرت پێ ناخۆش بوو، کە ئێمە بێ جوێندان و قسەی پشتملە و درووِدەلەسە و بوختان، هەموو ئەو ریفۆرمانەمان لە پێڕەوی ناوخۆدا دەچەسپاند کە باسمان دەکردن.

لە نێوان حاڵی نەبوون و سەرلێدەرنکردندا، لە ترسی سەرئەنجامەکانی کە نەتدەزانی چۆن و چی لە دەکەوێتەوە، لە کۆنگرەی سێزدەدا دەنگت بە بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆدا. جێی سەرنجە و لە مێژوودا دەمێنێتەوە کە هەر مانگێکی پێنەچوو کە تۆ لەگەڵ مەحفەلەکەی ئەمرۆتدا لێی پاشگەز بوویتەوە. و بۆ شاردنەوەی راستیەکان دووبارە درۆشمەی چەپ و سوسیالیستەکەت کردوەتەوە گردنێت، بەبێ ئەوەی بتوانی لە رووی سیاسی و تیئۆری تەنها دژایەتی یەک خاڵەی پرۆگرام و پێڕەوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی سێزدە بکەیت.

سەیرە، تۆیەک کە بوختان و درۆودەلەسە لە سەر سکرتێر و ناشەفافی ماڵیی و ئاسۆسات و چی چی هەڵدەبەستیت!، کەچی لە باشترین ریفۆرمی مێژووی کۆمەڵە کە بە قازانجی بەدەنەی تەشکیلاتە، پەشیمان دەبیەوە. بەراستی تێدەگەیت خەریکی چیت؟

رەنگە پرسیارەکەم دروست نەبێت، ئەڵبەتە دەزانیت خەریکی چیت! دەزانیت و پێتوایە کە سەرکەوتنی بەرنامە و پێڕەوێکی وا پەردە لە سەر خەۆنوخەیاڵەکانت و چرپە چرپەکانت هەڵ

دەدەنەوە و ئیتر ناتوانیت لە پاشملە ئاشی بە سکرتێربوونی خۆت بگێڕیت؟ بە راستی قەزاوەتی خوێنەر دەبێت چی بێت ئەمە شەری چاکسازی و گەورەکردنەوەی حیزبە یان کورسی و مەقام؟ بەڵێی خوێنەر یان چاکتر بڵێم ئەوانی کە بە فێکر و پرنسیپ لەگەڵ ئەم حیزبەدان دەتوانن لە خۆیان بپرسن بۆ هەر لە یەکەم رۆژەکانی دابڕان لە کۆمەڵەی شۆرشگێر، ئەم حیزبە هەر لە قەیراندا ژیاوە و بەردەوام خەڵکی لێ دابڕاوە؟ ئەو هەموو کادر و ئەندام و پێشمەرگە چییان لێبەسەر هات؟ ئامارێک دەکۆمێنتێک لەسەر ئەم زەرەروزیانە هەیە؟

بە راستی ئایا کێشەکە ناڕوونی ماڵیی و دەسەڵاتی سکرتێر بوو یان دانیشتن لەسەر کورسی سکرتێر؟ بە راستی لەو بێسەروبەریە کە دەناڵایت و دەتگوت هیچشێتێک دانامەرزێت و هیچ ناگۆڕدرێت. ئەی بۆچی لە کاتێکدا دەزانیت کە هەبوونی رۆژەف و پرتووکۆلنووسین و دەکۆمێنتکردنی کۆبوونەوەکان قازانجی کۆمەڵەی تێدا دەبێت و بە پێی پێرەوی ناوخۆش ئەرکێکی حیزبیە، بەڵام تۆ لە نێوان دوو پلێنۆمدا وەکوو دەبیری کۆمیتەی ناوەندیی کە بەرپرسایەتی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیی بە ئەستۆ بوو، یەک جاریش پیادەت نەکرد، و سەرەرای تائکید و داواکاری و رەخنەی زۆرێک لە هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی کە لە هەموو کۆبونەوەکاندا لێتدەگیرا بەڵام هەر گوێت پێنەدا؟ بە ڕاستیی پێتوایە بەدەنەی تەشکیلات و زۆرێک لە کۆمیتەی ناوەندیی ناتوانن لە هیچ حاڵیی بن؟ تەنها لەبەرئەوەی بیست ساڵە جەنابت لە سەر بەشەڕدانی خەڵک و بوختان و قسەی پاشملە کۆمیتە ناوەندییت؟

یەکگرتنمان و هەڵوێستی تۆ!

دڵنییام باشت لە بیرە کە ساڵێک پێش کێشەکانی کاک بارام و تۆ و هاورێیانی تر من چەندین جار لە گەڵ تۆ و کاک بارام سەبارەت بە دانیشتن و دیالۆگ بە مەبەستی لەیەکنزیکبوونەوە و سازدانی زەمینەی سازانمان لەسەر پرۆگرام و پێرەوێک کە هەردوو لامان، ئێمە لە کۆمەڵە ـ پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان و ئێوەیش کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەسەری کۆک بین قسەوباسمان کرد و هەموو جارێک داواو لێدەکردن کە لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی خۆتاندا قسەی لێ بکەن. بۆ ئەوەی ئەگەر تەوافقی گشتیی هەمووتان لەسەر بێت ئەوا با بە فەرمیی دانیشتنەکانمان دەست پێبکەین. تەنانەت ئەوەیشم پێدەگوتن کە ئەوە تەنها داواکاریی من نییە، بەڵکو قسەی گشتی هاورێیانی کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستانە، و چەندین جار پێم دەگوتن کە تەنها وەڵامی پۆزەتیفی هەرکام لە ئێوە بەس نابێت، (چون هەر دەتانگوت قسەکانت راستە حتما" وابکەین و...) بەڵکو هەڵوێست و بڕیاری گشتی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانمان دەوێت، و هەر بەم مەبەستەیش پێش پلێنۆمی ساڵی ٢٠١١ تان و پێش رۆیشتنەوەت لە ئاسۆسات بۆ کوردستان من بە تایبەتیی هاتم بۆ ستۆکهۆڵم و قسەوباسمان پێکەوە کرد.

هەر چەندە تۆ بڕیارت دابوو و دەتگوت کە لەو پلێنۆمەدا کاری سکرتێر یەکلایی دەکەنەوە، بەڵام ساڵێک پاش ئەوە لە یەکەمین دانیشتنماندا دەرکەوت، (کە بە هیمەتی هاورێیان ناسر حیسامی، کوێستان داودی، حوسێن پەناهی و سەعید سەرهەنگی جێ بە جێ کرا و من و هاورێ رێبوار لە لایەن کۆمەڵە/ پارتی سۆسیالدیموکراتەوە و هاورێ عومەر ئیلخانیزادە و هاورێ ئەمیر سەلاواتی لە لایەن کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە پێکەوە قسەوباسەکانمان دەکرد)، کاتێک من لە

قسەکانمدا گوتم بە ڕاستی ئێمە لە ساڵێک پێش ئێستا داوامان لە هاوڕێیانتان، کاک ڕەزا کەعبی و کاک بارام ڕەزایی. کردووە کە دانیشتن بکەین. بەڵام کاک عومەر لە وەڵامدا گوتی ئەوە یەکەم جارە کە من شتی وا دەبیستم و کە ئێوە لەوەپێش داواکاریی واتان کردووە.

هەر لەوێدا تێگەیشتم کە تۆ لە قسەوباسەکاندا ڕاستیەکانت لەگەڵ من باس نەکردبوو و تەنها دژی سکرتێرەکەت دەتویست من و هاوڕێیانم بەکار بهێنیت، کە هەر خۆت لە هەموو کۆنگرەیەکدا دەنگی موتمانەت پێدەدا و هەر پاش دەنگپێدانیشت لەملاولا بە خراپی باست دەکرد. تۆ لە من و زۆر کەسی تر داوات دەکرد کە دژی سکرتێرەکەت شت بنووسین و هەر خۆشت دەگەڕایتەوە و دەنگی موتمانەت پێدەداوە!

لە کۆبوونەوە دووهەمیشدا کە لە یوتۆبوری ساڵی ڕابردوو (مانگی چواری ٢٠١٢) بەڕێوە چووە و تۆ ڕاستۆخۆ لە گەڵمان بەشداری کۆبوونەوەکە بوویت، و هاوڕێیانی ناوبژیویش لە شاری یۆتەبۆری بە هۆی پرسەی ماتەمینی هاوڕێ ڕەحمان شافعیدا، لە یۆتەبۆری لەگەڵمان بوون. ئەو هاوڕێیانە کاک ناسر حیسامی، سەعید سەرهەنگی، حوسێن پەناهی و کوێستان داودی بوون. بەڵام تۆ بە بڕیاری خۆت بە زەمانی کۆمیتەی ناوەندییەوە، مانعی بەشداریی و حوزوری ئەو هاوڕێیانە بوویت کە هەموو لایەک دەزانن چەند دڵسۆزی کۆمەڵەن، مانعی بەشداریی کەسانێک بوویت کە لە ماڵی هەموویاندا شەووڕۆژی جگە لە ئیحترام و مهماننەوازی و یارمەتی بە تۆ هیچ خراپەیەکیان دەرحەق بە تۆ ئەنجام نەدابوو (نابێت لەبیرت چووبێت کە لەسەرەتای جیایەکانی ٢٠٠٧دا چەند جار داوات لە ک. د. دەکرد کە بە برادەرانی یەکیەتی و پارتی کوردستانت بناسنێیت و قسەی خێرت بۆ بکات). تەنانەت هاوڕێ حوسێن شەبەقیش هەر لە یۆتەبۆری لەگەڵمان بوو کە نەیتوانی بەشدار بێت، ئەگەرچی هەم بۆخۆی و ئێمەیش پێیمانخۆش بوو کە بەشدار بێت.

تۆ هەر پاش کۆبوونەوەکەمان کە دوو سەعاتێک زیاتری خایاند و بە تۆمارکراوی هەیە، کاتێک هاوڕێ ک. د. لێی پرسیت کۆبوونەوەکە چۆن بوو، وەڵامەکەت ئەوەندە نزم بوو کە بڕواکردنی ئەستەمە. تۆ وەڵامت دایەوە و گوتت "کۆبوونەوەکە هیچ نەبوو، ئێمە سۆسیالدیموکرات نیین و قەت نابین بە سۆسیالدیموکرات"! بەڵام من دەزانم و خەڵکیش دیبینن کە ئەوەی داوای یارمەتی لێدەکەی سۆسیالدیموکراتە، و ئەوەیش کە ئەمڕۆ لافی یەکگرتنەوەی لەگەڵ لێدەدی هەر سۆسیالدیموکراتە! و ئەوەیش کە وێنەی لەگەڵ دەگری هەر سۆسیالدیموکراتە هاوڕێ ڕەزا!

بەڵام تۆ زۆر باش دەتزانی کە بەشێکی زۆر کەمی قسەوباسەکانمان لە سەر بیروباوەڕی سۆسیالدیموکراتی بوو. لە ڕاستییدا زۆرینەی قسەکانی ئێمە لە سەر دادوەریی کۆمەڵایەتیی و مافی بەدەنەی تەشکیلات و شەفافیەتی حیزبیی و ساختاری دیموکراتیک و ڕەواندنەوەی مەرکەزیەتی بڕیاردان و شتی لەو جۆرە بوو. ئێمە هەمیشە لە خۆمان دەپرسی ئەرێ کاک ڕەزا لە کوێدا وێستاوە و چی دەوێت، چون بە ڕاستیی حاڵیی نەدەبووین هەڵوێستی سیاسیی تۆ چییە، بە دەم سەد جار چەپ و سۆسیالیست لە زارت دەبارێت، بەڵام لە عەمەلدا نە هیچی لە سەر دەنووسیت، نە قەت قسەی لە سەر دەکەیت و نە لە کولتور و هەڵوێستیشدا دەردەکەوێت و لە زۆربەی ئەو دانیشتنانەی باسی لەو جۆرەی تێدا بێت لە هەموو کەس زیاتر پاسیفتر و بێدەنگتریت.

www.peshmergekan.com

ئێمە هەر پرسیارمان لە یەکتر دەکرد و دەمانگوت باشە مەگەر کاک ڕەزا هەمیشە لە پاشملە هەر دادوهاواری ماڵویرانیی کۆمەڵەی نییە؟ و ناڵێت پارە و سەروسامانی دیار نییە و کەس نازانێت چی بە سەر دێت و هتد هتد؟ ئەی باشە بۆ لە عەمەلی یەککرتندا بەو شێوە بەرخورد دەکات؟

ئێمە هەر ئەو کات تێگەیشتین کە هەر لە سەرەتای پرۆسەکەدا نیشانتدا کە لەگەڵ گەورەبوونەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان نیت، بەڵکو لە عالەمی حەپەرۆتی خۆتدا غەرقی کورسی سکرتێر بوویت و ئێمەت بە موزاحمی خۆتی دەزانیت. قەت ڕووی ڕاستی خۆت بەجددیی و بە نووسراوە نیشان نەدا و نەداوە، لە جیاتی لە کۆمەڵەدا شەڕ لە سەر چەسپاندنی نووسینەوە و تۆمارکردن و دۆکۆمێنتکردن بکەیت، ئەوەی کە فێر بوویت و ئێمە دیبینین ئەوەیە کە شت بە دەستەوە نەدەیت.

هەر لەملاوئەولا ناڕاستەوخۆ دژایەتی پرۆسەکەت کرد و تەنانەت بۆ کۆنگرەیش کە پێکەوە پێڕەوی ناوخۆمان ئامادە کردبوو تۆ لە کاتی مەعەرەفکردنی باسەکەدا، لە ئەنقەست زۆر لاواز و بێ ناوەرۆک کردت، و لەو پەری بێدەرەتانیدا لەسەر سەکۆی هیئەت ڕەئیسەی کۆنگرە بە جێگەی ئەوەی کە بۆ بە تەسیوب گەیاندنی پێڕەوی ناخۆ دیفاعی قورس و قایم بکەیت، پێشنیاری گرتنی "ڕێفەراندۆم لە پاش کۆنگرەت" بۆ پێڕەوی ناوخۆ دەکرد! بەبێ ئەوەی باسێکی جددی لە دژایەتی پێڕەوی ناخۆدا هاتبێتە ئاراوە! و یا تەنانەت پێشنیاری وەها لە لایەن بەشداربووانی کۆنگرەوە کرابێت! خۆ لە محفلە چەپ و سۆسیالیستەکەتدا تەنانەت تاقە کەسێکیش بە مۆخالیفەت قسەیەکی نەکرد!

تو لەپێش کۆنگرە بڕیارت دابوو کە ئەگەر تەنانەت یەک دەنگیش بەدەست بهێنیت حتما" بۆ سکرتێریی کۆمەڵە خۆت کاندید دەکەیت. دیارە ئەوە مافی تۆ و هەر هاوڕێیەکی دیکەی کۆمەڵەیە و خۆ قەرار نییە هەتا هەتایە هەر کەسێک سکرتێر بێت، بەڵام دەرکەوت ئەو هەموو کێشە و هەڵایەی پێش کۆنگرە لەسەر شەفافیەتی ماڵیی و دەسەڵاتی سکرتێر سازت کردبوو، و ئەرزوئاسمانت لەیەک دەدا، هیچ خەبەرێک نەبوو، دیارە تێگەیشتین تۆ بە تەما بوویت کە ئێمە بێین و دەفتەری ئەو کێشانەی ڕابوردووتان کە هیچ پێوەندی بە ئێمەوە نەبوو، بکەینەوە و شەڕەکە بە ئێمە بکەیت؟ ئەوەی کە بە کاک بارام و هاوڕێیانی کردەت، و یان ئەوەی کە ئەمرۆ بە یارمەتی چەند هاوڕێیەکیتەری ناو ک.ن کە خەریکە چەندپات دەبێتەوە.

هەموو ئەو قسەوباسانەت کە هەمیشە دەکرد و مێشکی هاوڕێیانەت پێهەژاندەبوو، گوایا ئیتر لەوە زیاتر قبوڵ ناکەیت، ناڕاست دەرچوو. خۆت یەکەم کەس بوویت کە لە پلونۆمی یەک و دوودا دەنگت بە کاک عومەر دایەوە.

ئەوەش هەروەکو کاتی هەڵخراندنی کاک بارام کە بە هاوڕێیان (ک. د.) و (ل. م) دەگوت بە شەرەف و کەرامەتم ئەگەر ئەم مەسەلەیە سەر نەگرێت، یەعنی چوونەوەتان بۆ لای کاک عەبدوڵا، "ئەوا من هەر خۆم بە تاک و تەنیا دەچمەوە بۆ لای". کاک ڕەزا، تۆ بڕیارەت دابوو بچیەوە بۆ لای کاک عەبدوڵا! بۆ دەستی ئەو هاوڕێیانەت بڕی کاک ڕەزا؟

تۆ نەتدەزانی کە ئێمە ئەو کاتە زۆر باش لە گەمەی ناجۆر و ناسالمی تۆ حاڵیی بووبووین و خستومانیتە ناو تاقیکردنەوەوە. هەر بۆیە لە کۆنگرە و تەنانەت پلونۆمی یەکەمیش تا دووم هەر

www.peshmergekan.com

بێدەنگیمان هەڵبژارد و ئاگاهانە و هاورێیانە ویستمان هەڵچرخانێکی پۆزەتیف لە خۆتدا پێک بەهێنی و پێکەوە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان گەورە بکەینەوە/ بەپێ پرنسیپ بایکۆت و وەلانانی کەسمان پێدروست نەبووە بەڵام ئەمرۆ دیبینین کە نەخشەکانت لە پراتیکدا چون منداڵێکیش دەیخۆێنەتەوە.

و لە هەمانکاتیشدا دیتمان کە کاتێک پرۆژەکەت سەری نەگرت کە بتوانیت شەڕەکەت بە خەڵکی دیکە بکەیت، رق و کینەی خۆت لە پلێنۆمی یەکەمدا هەر پاش کۆنگرە بە کۆکردنەوەی ئەو مەحفەلەی کە ئەمرۆیش هەر کامیان بە ئاواتێکەوە لەگەڵت رێکەوتوون، بەرامبەر بە من و هاورێیانی تر هەڵڕەژاند، هەروەها لە پلێنۆمی دوویشدا نیشانت دا کە کار و هەڵسوران، بە حیزبیکردن و خەبات و توانا و تێگەیشتن... هتاد لای تۆ هیچ بایەخێکی نییە. تۆ کۆمەڵەیەکی بچکۆلەی بێهێزت دەوێت، چون ئەوە تەنها زامنێکە کە بتوانیت، خۆت گوتەنی، بیست ساڵ کۆمیتەی ناوەندیی بیت.

شەڕی هەموو پۆستە حیزبییەکان دەکەیت! دەتەوێت بەرپرسی زاگرۆس بیت/ بەرپرسی تەشکیلاتی دەرەوە بیت/ پێوەندیەکانی سلێمانی و هەولێر و دەرەوە لە ژێر دەستدا بێت و هەروەها پایشت چەقاندووە کە راگەیاندن و ئاسۆساتیش هەر لە ژێر دەستدا بێت! خۆ خۆت سەدبەرابەری ئەو سکرتێرە خراپ دەبیت کە هەر لەیەکەم رۆژی دامەرزاندنی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە دژایەتیەی کردووە و دەکەیت!

باشە، وا بیر دەکەیتەوە، زۆر جوانە، بەڵام قەت لەخۆت پرسیوە چەندەت لە ئەوەی کە تا ئێستا بە ئەستۆت بووە بەرێوە بردووە؟ من هیچ قەزاوەتێک لەسەر کارەکانی پێش کۆنگرەی ١٣ ناکەم، چون کاری من نییە و هاورێیانی ئەو حیزبە واقیعەن دەبێت قسەی خۆیان کردبێت یان بیکەن. بەڵام پاش کۆنگرەی سێزدە بە حەقی خۆمی دەزانم کە لێت بپرسەم کە لە ماوەی دوو پلێنۆمدا ئەو بەرپرسایەتیانەی کە بە ئەستۆت گرتوون کامانەن و کامەت جێ بە جێ کردووە؟ ئەوە مافی هەموو ئەو کەسانەیە کە لە کۆنگرەدا دەنگیان پێداویت و کە پۆستی کۆمیتەی ناوەندییان پێبەخشیویت، هەر ئێستا بزانن.

پاش پلێنۆمی یەکەم ئەندامی کۆمیسیونی راگەیاندن boویت، بەڵام بەرپرسایەتیەکەت بە "دۆستەکەی" ئەمرۆت بەخشی، و بەقسەی خۆت و لە یەکێک لە کۆبونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندییدا کە باست کرد، بەرپرسایەتی ئاسۆسات ت بە ئەستۆوە بووە. سەبارەت بە بەرنامەکانی ئاسۆسات خەڵکی دەتوانن قەزاوەت لە سەری بکەن، چوون ئەوەندەی من ئاگادار بووم لە داخی سکرێتر هەموو حەول و تێکۆشانت داخستنی ئاسۆسات بووە تا بە قەولی خۆت کۆمیتەی ناوندی ک.ز.ک لە فەقیری بێتەدەرەوە، ماشین و ئیمکاناتی هەبێت! هەیئەتی ئیجرایی نەبێت با دەفتەری سیاسی بێت با رووەو دەرەوە قورب و ئیحترام هەبێت!

من ئەو کاتە لە گەڵ نەبووم بەڵام هاورێیانی ئەو کاتە باسی دەکەن کە هۆی رۆیشتنی و دەرپەراندنی حیزبی دیموکرات لە ئاسۆسات و برینی یارمەتی مانگانەی ١٠٠٠٠ (دە هەزار) دۆلار لە لایەن ئەو حیزبەوە بۆ ئاسۆسات تۆ بوویت،. هەر پاش کۆنگرەیش هەر ئەو کارەت دەرحەق بە رەوتی سوسیالیستیی ئەنجام دا (کە دڵنییام رووبەڕووی خۆیان لە گوڵ کالتریان پێ نایژیت) و

بەلابردنی ڕێکلامەکەیان لەسەر ئاسۆسات قەراردادەکەت باتەڵ کردەوە و ئاکامەکەی ئەوە بوو کە بەرێزت بە ئیمزای خۆت بکەیت و ئەو کارەت بووە هۆی تووڕە بوونی ئەوان و مانگانە ٣٥٠٠ دۆلار لە یارمەتیەکەیان کەم کردەوە، و لە بری قەرز هەڵیدەگرن، کەچی لە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندییدا دیفاعت لە کارەکەت دەکرد، و بەڵام لە پشتی کۆمیتەی ناوەندییەوە لە بەرامبەر کاک عومەردا پاشەکشەت کرد و بە کاک عومەرت گوت "کاکە من تەسلیمی تۆم، چی دەڵێیت وا دەکەم". تەنانەت کاک عومەر فەرمانی پێدایت کە خۆت بچیت و کارەکە دروست بکەیتەوە. کە هەر وەهایشت کرد.

دەزانم سەرقاڵی "کاری زاگرۆس" بوویت بەڵام نەمدەزانی کە ئەو ئەرکە کێ پێیسپاردوویت؟ لە کاتێکدا سایتەکەی کۆمەڵە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا بە ئێستایشەوە نەکاری کرد و نە وەکار کەوت، و تەنانەت بووین بە گاڵتەجاڕی هەموو لایەک/ بەرپرسی کۆمیسیونی ئەندامەتی بوویت و منیش ئەندامی ئەو کۆمیسیونە بووم تەنها لە سەرەتاوە یەک کۆبوونەوەی بێ ڕۆژەڤ و بێ پرۆتۆکولمان بوو، و پاش ئەوە من سێجار بە نامە داوای کۆبوونەوەم سەبارەت بە کاروئەرکەکانی و فۆرمەکانی ئەندامەتی و... کۆمیسیونەکە لێت کرد، بەڵام تەنانەت وەڵامی هیچ کام لە داواکاریەکانمت نەداوە. پاش ماوەیەک تێگەیشتم کە کۆبونەوە و قسەوباس لەسەر فۆرمی ناساندنی ئەندامانی حیزب کێشەیەکی قورسە بۆ کەسانێک کە ئەمرۆ هاورێی جەنابتن، چوون دەبوا ئەوانیش ئەو فۆرمەیان پڕکردبا و رابوردووی خۆیانیان تێدا بەنوسیبا.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لەبەرئەوەی ئەمجارەیان پێکەوە لەم بەلەمە شکاوەداین، و ناتوانم ڕێگات بدەم لەوە زیاتر کونی تێ بکەیت کە تا ئێستا کردووەتە. تۆیەک کە لە پاشملە قسە دەکەیت و نارەزایەتی قورست لەسەر حیزب هەیە، بەڵام لە کۆبوونەوەکاندا دەنگت دەرنایە و ئەگەر کەسێکیش لەسەر ئەساسی چپەکانت قسەیەک بکات لە ئاخریەکەی و لە کۆتاییدا خۆت رزگار دەکەیت و لێی هەڵدێیت.

من لە قسە و رەخنەی جیددی و ئاشکرا لە تۆ یان لە هاورێیانی کۆمەڵە ز.ک ماندوو نابم، چون دەمەوێت کۆمەڵە لە ئیستای گەورەتر و تەندروستر بێت. داوا و گلەیی لە لای ئەم و ئەو و تەنانەت پەنابردن بۆ کاک بارام رەزایی و خەڵکانیتر ناتوانێت یارمەتی بە تۆ بکات کە بتوانیت ئەم محەفەلگراییە نەخۆشە کوشندەیە بەم جۆرە ئیدامە بدەیت. هەمووان وردەوردە تێدەگەن کە قوربانییەکانی ئەم فیتنەگەراییەی تۆ چەند گوناهن. بە راستی پێموایە زۆرینەی ئەوانەی کە ئاگایان لە ناوەرۆکی باسەکانە، تۆ بە عاملی سەرەکیی شکاندنی ئەم تەشکیلاتە دەزانن!

من لە هەڵسوکەوتەکانی رۆژانی کۆنگرە، لە هەڵوێستەکانی پلێنۆمی یەکەم لە پاش کۆنگرە، لە بوونت لە کۆمیسیونی راگەیاندندا و وەرنەگرتنی بەرپرسایەتی کۆمیسیونەکە، لە هاودەنگیت لەگەڵ هێندێکدا کە تەنانەت بۆ خۆت باوەڕت پێیان نەبووە و بە دەیان جار لە لای من باسی بێ کەفایەتیت کردوون، زیاتر و باشتر تێ دەگەم کە مەبەستت چەند ناخاوێنە. ئەگەر دەتەوێت بۆت باس دەکەم.

پێم بڵێ، ئەگەر تۆ مەبەستت چاککردنی ئەم حیزبیە چۆنە کە لە پلێنومەکەدا نە لەسەر ئەساسی کارکردن و لیاقەتی و توانای تاکەکانی ناو کۆمیتەی ناوەندیی یەک دانە وشەشت

www.peshmergekan.com

نەگوت؟ چۆنە کە یەک وشەش سەبارەت بە ئەخلاقی شەخسی و کەسایەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کە هەیانبێت نەگۆت؟ ئەی حیزبێک بە چی پێش دەکەوێ و سەردەکەوێ؟ تو دەبێت وەڵامی هەموو ئەو کەسانی بەدیتەوە کە دەنگییان بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پێداویت، کە معیار و پێوانی تو بۆ کۆمیتەی ناوەندیی و بەرپرسایەتی ئۆرگانە حیزبیەکان چیە؟ بۆ نموونە لە پلونۆمدا هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیجرایی لەسەر ئەساسی چە پێوانییەکە؟ کارکردن و کەسایەتی و توانایەکان، رابوردوویان و ئەمرۆیان چوونە، پێوانەکان چیە؟

تۆ کە عەقڵیەتی خەڵک و بەدەنەی تەشکیلات کە دەنگیان بە هەموومان داوە ئاوا بە دەستکەم دەگریت، وەڵامی ئەندامانی ئەم حیزبە چۆن دەدیتەوە؟ کاتێک دەپرسن کەسێک ١٢ ساڵە نیشتەجێی وڵاتێک بێت زمانی ئەوە وڵاتە فێر نەبووبێت/ گەواهینامەی شۆفێری پێنەگیرابێت/کاری رەسمی وەرنەگرتبێت/ کاری رەش بکات / پرۆگرام و پێڕەوی حیزبی بۆ نەخوێنرابێتەوە و تەنانەت لە پلێنومدا دەڵێت کە لە کۆنگرەدا کلاو چووەتەسەری، کە لە کۆنگرەدا دەنگ بە پرۆگرامی حیزبەکە دەدات و دەنگ بە پێرەوی ناوخۆ نادات و تەنانەت نازانێت کە لەوانەدا چی نووسراوە و یان موخالیفی چییە و موافەقی چییە/ کە لە نێوان دوو پلێنۆمدا وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی وەدووی یەک کاری حیزبەکە نەکەوتبێت/ ئایا بوونی هەر لە کۆمیتەی ناوەندییدا لەژێر پرسیاردا نییە، کاک رەزا؟

تۆ بە چ ویژدانێکی حیزبیەوە دەنگی بۆ "هەیئتی ئیجرایی" پێ دەدیت؟ تۆ چ جۆرە کۆمەڵەیەکت گەرەکە؟ ئەگەر سکرتێر بیت چی بە سەر ئەم حیزبەدا دەهێنیت؟ بێشک پێوانەکانیشێت بۆ سکرێتری حیزب هەر بەمجۆرەیە کاک رەزا! رێگایەک کە گرتووتەبەر کاری ژێربەژێرە و کۆدەتایە هەر بۆیە تا ئێستا سەرکەوتنت لەمبوارەدا بە خۆتەوە نەبینووە. هەروەها بەردەوام بیت سەرکەوتنت مسۆگرە!

تۆ بۆ خۆت لە ژێر پرسیارێکی قورسدایت. هاورێکەی پاڵدەستت، مامۆستای بارهێنان و پەروەردەی هاورێی هەیئتی ئیجرایی پاڵدەستە، هەموو دەزانن کە کەی و چۆن هاتووەتە ناو کۆمەڵە و تەنانەت بە درۆ لە کۆنگرەدا خۆی مەعەرەفی کرد، تۆ بە خاتری چی بێدەنگ دەبیت کاک رەزا؟ ئەڵبتە لەم رۆژانەدا تێگەیشتم کە تۆ نەک هەر دەبێت بێدەنیگ بیت بەڵکو لەسەر دانی پۆست و مۆقام بۆ ئەم "دۆستەت" هەموو سنوورێک دەبەزێنیت و گوتووتە کە ئەگەر ئەو بەرپرسایەتیە بۆ ئەو هاورێیەت مسۆگەر نەبێت لە کۆمەڵە دەرۆیت! پێمسەیرە کە بەخاتری پەلەوپایەی کەسێکی تر، پۆستی بیستساڵەی کۆمیتەی ناوەندیی خۆتی بۆ قوربانی دەکەیت! براستی مرۆڤێکی فێداکاریت! کور و کچی خەڵکی کوردستان مەگەر نۆکەر و کارەکەری من و تۆن؟ خوێنی ئەندامانی کۆمەڵە هی ماڵی باوکی کێیە کە ئاوا هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت کاک رەزا؟

بەڵێ، تۆ بە کردەوە نیشانت دا کە نامەکەی کاک حەمەی شافەعی دەقاودەق پاش حەوت ساڵ دروستە. هەر بۆیە ئەمرۆ بۆ وەلانانی کەسانی وەدەربەست و جددی ناو کۆمەڵە کە لە خۆت زیاتر دەزانن و کار دەکەن لە هیچ بێ پرنسیپیەک سڵ ناکەیتەوە. تۆ کۆمەڵەیەکی وا بچووکت دەوێت هەتا عومری سەد ساڵە بتوانیت بە قوەتی تەفرەقە و بوختان و قسەی پاشملە درێژە بە کۆمیتەناوەندبوونی خۆت بدەیت. (بە داخەوە ئەمە بەشێکی ئەو کولتورە خراپەی کۆمەڵەیە کە

لە خەڵکی باش دەترسێن و دژایەتی دەکەن. نەک بە کولتوری گەورەی کۆمەڵە لە خۆفیداکردن و خۆبەخشین و ڕاگرتنی کەژوهەوای هاوڕێیەتی).

تۆ دەزانیت عاملی شکاندن و وێرانکردنی کاک بارام ڕەزایی و هاوڕێیانی دیکە لە یەکەم ڕۆژەکانی کێشەکانەوە و هەر لە سەرەتاکانی ٢٠٠٦ کانەوە تۆ بوویت، تۆ بۆ بەکارهێنانی کاک بارام لەگەڵ هەموو زەعف و کەم و کوریەکانی سازایت و تەنانەت بۆت دەشاردەوە. نەک لەبەر هاوڕێیەتی و خۆشەویستیی، بەڵکو دەتکرد بە بەردەبازی سەرکەوتنی خۆت/ من چەندین جار کە خۆت باست دەکرد ڕەخنەی توندم لێدەگرتیت و پێمدەگوتیت تۆ نابێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت بەم جۆرە لەگەڵ کاک بارام هەڵسوکەوت بکەیت.

تۆ لە ئاخرین شەڕ و کێشەکاندا هاندەری یەکەمی کاک بارام بوویت کە بەو جۆرە لە ئوردوگا چووە دەرەوە، کێ هەیە ئەوە نەزانێت یان نەیبیستبێت کە تۆ تا ئاخرین کاتەکان کاک بارام ـت بەکار هێنا و ئێستایش کە سالێک بەسەریدا تێدەپەرێت هەر لە ژێرەوە کەڵکی بەرئاوەژووی لێوەردەگریت.

چەند مانگ پێش ئێستا لە نامەیەکدا بە وردیی ئەوەم بە عەرزت گەیاند چۆن کاک بارام هەموو نەخشە گڵاوەکەتی بۆ باس کردووم. لەگەڵ ئەوەشدا کە پاش سالێک بە سەرچوون لە ڕۆیشتنی کاک بارام لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، من و ئەو تەنها یەک جار پێوەندییەکی تەلەفونیمان بوو، کەچی تۆ ئەوەندە نیگەران بووبوویت کە لە ڕێگەی کاک سادق زەندیەوە سەفارشت کرد بوو کە کاک بارام لە گەڵ من قسە نەکات، "چون هێرش قسەکانت زەبت دەکات و بڵاوی دەکاتەوە". من هەر ئەوکات وەلامی کاک بارامم داوە و پێمگوت بە جەنابتان بەڵێت کە فایلی ئەو دەنگی کە من بڵاوەم کردوەتەوە بۆتی بنێرێت، بەڵام بۆ بارام دەرکەوتووە کە تۆ خەرێکی چ گەمەیەکی تری کاک ڕەزا. تۆ ترسابووی کە کاک بارام نەخشە دزێوەکانتی بۆ من باس کردبێت.

بەڕێز، ئێمە چەند ساڵە یەکتر دەناسین؟ نازانم ئەوە چ ویژدانێکە کە ئەوەندە بێ بەزەییە بێت کە هاوڕێیەکی دێرینی خۆی لە پێناو مەبەستی شەخسی خۆیدا جار لە گەڵ جار بەم جۆرە بەکار بهێنێت یان ئاوا بەو شێوەیە باسی بکات و بەرخوردی لەگەڵ بکات؟ بە ڕاستی پێت وایە ئەوانەی هیچیان لە دەست نایەت، یان تازە هاورێیەک، چەند فریات دەکەوێت یان باوەڕت پێ دەکات؟

"یەکگرتنەوە"

لە هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە تۆ پاش ماوەیەکی کورت لە جیایەکانی ٢٠٠٧، پاش ئەوەی تێگەیشتی کە پەنجەی سکرێترکەتت (کاک عۆمەر) بۆ ناشێکێنرێت، یەکەم کەس بوویت کە دەستت بە لێدانی تەپڵی "یەکگرتنەوە" کرد. لەراستیدا بۆ یەکگرتنەوە نا، بەڵکو تەنها لە پێناو سات و سەودای بەرژەوەندیی شەخسیی ئەم ئالایەت بە دەستەوە گرت. دەنا هەموو دەزانین کە جیابوونەوە و دابڕان گەمەیەکی سیاسی بۆ کەیفخۆشیی ئەم و ئەو نییە، بۆ پەیداکردنی پول و پارە و مەقام و پلەی حیزبی نییە، بۆ خۆ حەشاردان نییە کە ئەمرۆ جیا بیتەوە و سبەی لێی پەشیمان بیتەوە.

ئەگەر بۆ کەسانێک وابووبێت و ئێستا پەشیمانن لەوەی کە کردوویانە و پێیانوایە هەڵە بووە، ئەوە پێویست بە چاوەڕووانی و تەنانەت پڕوپاگەندە بە قازانجی ئەم و ئەو لایەن ناکات، بەڵکو هەر ئەوەندەی بەسە کە بڕۆن و لێبووردننامەی خۆیان بگەیەننە دەست حیزبی پێشوو، کە ئەویش لە ڕاستییدا داوانامەی لێبووردنە لە خودی کاک عبدوڵاە مهتدی کە من پێموایە قبوڵی دەکات.

بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە پلە و پایەی حیزبیی بۆ کەسێکی وەکوو تۆ لای کاک عبدواڵلە ئەزمونێک نییە کە "ئوستاد" هەر بەو هاسانییە لە شاگردی زۆر گوناهباری خۆی خۆش بێت. گوناهی تۆ دیفاعکردن لەم کۆمەڵە یان ئەویان نییە، بەڵکو شتی دیکەن کە کردووتن. چون تو پێش کاک بارام و هاوڕێیانی سوێندت خواردبوو کە ئەگەر هەر بە تەنها خۆشت بیت دەچیتەوە بۆ لای کاک عبدواڵلە مهتدی، بەڵام دیتمان نەک هەر ڕاستی تێدا نەبوو بەڵکو هاوڕێیەتیت لە گەڵ کاک بارام و هاوڕێیانی بە درۆ دەرچوو. ئەوە ئەوان دەڵێن کە تۆ بڕیاری خۆت نەبردووەتە سەر!

کایەکردن بە حیزب و لەتکردنی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆتدا شتێک نییە کە تۆ بتوانی خۆتی لێ‌بشاریتەوە. ئەم گەمەیە هەر وەکوو گەمەکانی تر تەنها ڕیاکاریی سیاسیە بۆ بەکارهێنانی بەدەنەی تەشکیلات دژی سکرێتر تا بتوانیت هەندێک بەرژەوەندی شەخسیی ببەیتەوە و ئەگەر بکرێت دەسەڵات لەگەڵ سکرێتر بەش بکەیت. بۆ نموونە کە ئێستایش خۆت بە "جێگری سکرتێر" ڕادەگەیەنیت کە لە ڕاستیدا ئەسڵەن پلەی وا لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشاندا هەر نییە. لە پراتیکدا بینیومانە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان تا ئەمرۆ چەندە لەم ڕیاکاریە سیاسیەدا زەرەرمەند بووە.

من پێموایە ئێستا زۆر لە ئەندامان لە هەموو کۆمەڵەکاندا دژایەتیەکیان لە سەر یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکان نییە، بەڵام ئەوان دەیانەوێت بە پێی ئەساسی فکریی و سیاسیی و ڕەووشتیی ئەنجام بدرێت و دەیانەوێت سەرئەنجامی کارێکی وا کۆمەڵەیەک بێت کە لە هەموو ڕوویەکەوە گەورەتر بێت، نەک دووبارە کەسێکی ناشایستە لە سەر پشتی ئەندامانی دڵسۆز بۆ سەرەوە هەڵبزنێت و مەقامێک بۆ خۆی وەدەست بهێنێت. ئەمە جیاوازیەکی زۆر گەورەیە لە نێوان تۆیەک و دڵسۆزانێکی ئەندام لە کۆمەڵەدا کە هەوڵیان بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکانە. (ئەڵبەتە بە فێکر و عەقڵی من مەبەست ک.ز.ک و کۆمەڵەی ش.ز.ک.ئێرانە. چوون ئەمر دەبینین کە لەباری فێکریەوە هەدوکیان ڕەفۆرمیستن، هەردوکیان تێدەکۆشێن لە کۆرسیەکانی پێشەوەی ئینترناسیۆناڵی سۆسیالیستەوە جێگر بن و... و تەنانەت زۆر لە ساختاری حیزبی یان پێڕەوی ناوخۆی حیزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران کۆپیەک لە پێڕەوی ناخۆی کۆمەڵە- پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، کە پەسەندکراوی کۆنگرەی چواردەیە/ کە بە خۆشیەوە من ئەوە بەسەرکەوتن دەزانم بۆ ئەوانی کە ڕاشکاو سیاسەت دەکەن/ چون کۆمەڵە سازمانی حیزبی کۆمونیستی ئێران سیاسەت و خەتی ڕاشکاوی سوسیالیستی و کۆمونیستی خۆی هەیە).

"ئیختلافی سیاسیی"!

هەر پاش کۆنگرەی سێزدە و لە یەکەم پلونۆمی کۆمیتەی ناوەندییدا هەست بە تورمزکردنی ڕەوتی ئەو ئاڵوگۆڕانە دەکرا، کە بڕیاردرا پاش کۆنگرە بە ئەنجامی بگەیەنین و زۆربەی هەرە زۆری

www.peshmergekan.com

بەدەنەی تەشکیلات چاوەڕێی دەکرد. لەم ماوەدا سەرپێچی و لادان بە شێوەی جورباجور لە پێرەوی ناوخۆ و تەنانەت ئاستی قسەوباسەکان و موناسەباتی ناوخۆیی و کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیی و سازماندهیەکانی، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئاستی جددیەتی سیاسی بۆ ئالۆگۆڕ چەندە نزمە. من بەپێی لێکدانەوەی خۆم بەو قەناعەت گەیشتووم کە بەرژەوەندیی شەخسیی و حیزبیی لە دوو پارادۆکسی رووبەرووی یەکتردا وەستاون. هەر بۆیە من باوەڕێکم بە کێشەی سیاسیی و ساختاریی لە حیزبدا کە تۆ لێرەو و لەوێ کاڵ و کرچ هەڵیدەرژێژیت نییە. من پێموایە ناوەرۆکی باسی یەکگرتنەوەیەک کە تو باسی دەکەی، لە تەمەنی کۆمەڵەی ز.ک دا چەندە واقعی و گونجاوە، هێنانە گۆری "ئیختلافی سیاسی"ش هەر ئەوەندە واقعیە.

چەند مانگ پێش ئێستا بە تێکڕای دەنگ، لە کۆنگرەدا دەنگمان بە پرۆگرامی سیاسی ئەم حیزبە دا، خۆ دەبێت پرۆگرام و پێرەوەکەت هەر هیچ نەبێت لە چاپ بدرێت، لانی کەم فارسیەکەیشی چاپ بکرێت! ئەساسنامەی کۆنگرەی ١٢ لەسەر سایتەکەت لاببرێت و بڕیارەکانی کۆنگرەی سێزدە لە جێگەی دابنرێت، و خەڵک و لایەنی سیاسی بزانن کە من و تۆ دەنگمان بەچی داوە و لە پراتیکدا چەند بە پرۆگرام و پێرەوی حیزبەکە وەفادارین! و ئەگەر پاشگەزبوونەوەیەک هەیە با دیار بێت و قسەوباسەکەی دەکۆمێنت کرابێت و ئەندامانی حیزبەکە لێی ئاگادار بن. ئەی سبەی رۆژ کۆنفرانس و پلێنۆم لەسەر چ ئەساسێک دەگریت؟ یان هەر دەتەوێت لە تاریکیدا خۆڵ لە چاوی ئەندامانی دڵسۆز بکەیت و چاوبەستراو بێنەوە کۆنگرە و دەنگ بەو پیاوانە بدنەوە کە لە رووناکی دەترسن؟

بە تەوای لەسەر ئەو قەناعەتم کە تۆ و کەسانێک کە وەکوو تۆ بەم جۆرەی کە سیاسەت دەکەن لە رووناکی دەترسن، هەربۆیە رەوش و شێوەی کاریان تەنانەت لە ژیانی خسوسیشدا دزێوە و نادیارە. رەوشتیان لە گەڵ کاری رێکخراو و سیستماتیکی و حیزبی دا لە تەناقوزدایە و هەمیشە گیرۆدەی کاری دزێو و ژێرپێخاڵیکردنی ئەم و ئەوەن، مەحفەڵگرایی و ناوچەگرایی و لە دەستی ئاخردا پەنا بۆ کودەتا کردن دەبەن. ئەم شێوەکارە لەگەڵ کاری حیزبی و رێکخراوییدا نامۆیە، و لەهەر حیزبێکدا بوونی هەبێت کوشندەیە.

هەربۆیە ساتوسەودا لەگەڵ ئەم رەوشتە ناتەندروستەدا بە زیانە. تۆ لە کاری سیاسی و حیزبیدا خاوەنی هەڵوێستی شەفاف و کار بە شێوەی حیزبی نەبوویت، و هەر لەسەر ئەم ئەساسە لە هەڵسوکەوت لە گەڵ لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا رواڵەتی واقعی خۆت شاردوەتەوە. لە پلێنۆمی دوودا باسی ئیختلافی سیاسیت کرد و درێژەت پێ نەدا. من دووبارە داوات لێدەکەم بۆ خۆت و هەر کەسێکی تر لە گرووپی "کارگێر" کە ئەگەر راستیەک لە وجودتاندا سەبارەت بە "ئیختلافی سیاسی"هەیە، بفەرموون رووەو خەڵکی کوردستان لەسەر ئاسۆ سات با بە ئاشکرا قسەوباس بکەین. ئەگەر راستگۆیەکتان لەگەڵ ئەندامان هەیە فەرموون بابەتەکانی ئەم "ئیختلافە سیاسیە" رووە دەرەوە بۆ خەڵک و ئەندامانی حیزبەکە باس بکەن.

تۆ ئەگەر قسەیەکەت بوو بۆ لە کۆنگرە باست نەکرد؟ کەواتە حەقم پێدە کە بڵێم ئەم هەڵوێستەیشت وەکوو هەموو ئەوانەی دیکەت هەر ریاکارانەیە، و هەر وەکوو "کاری ژێز بە ژێرت دژی سکرێتر، و باسی "یەکگرتنەوەت" ناسیاسیە، و گەمەیەک کە هەموو کات و ساتێک لە پێناو "پۆستی سکرتێریدا" خەڵکی دڵسۆز و نائاگا لە کێشەکانی ناو کۆمیتەی ناوەندییت کردووە بە



www.peshmergekan.com

قوربانی. ئەڵبتە کاتێک کە دەڵێم نائاگا مەبەستی خراپ و بێحۆمەرتیم بەو خەڵکە نییە، بەڵکو شاردنەوەی قسەوباسەکان لە ئەندامان ئەو بێئاگایە دروست دەکات کە ئەمە بۆ هەر حیزبێک خەتەرناک و کوشندەیە، هەر ئەوەی کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ژێریدا پشتی چەماوە.

پاش کۆنگرەی سێزدە سەرەرای ئەوەی کە بڕیاربوو بە شێوەی حیزبی و لەو چوارچێوەی خەت و جیهەتی کۆنگرەی سێزدەدا هەنگاو بنرێت، بەڵام بە داخەوە هەڵسوکەوتت بە پێچەوانەی بڕیاراتی کۆنگرە بوو:

یەکەم: قەت بیر لەوە دەکەیتەوە کە کەس و کەسانێک کە پێڕەو و پرۆگرامی حیزبەکیان قبوڵ نەبێت، حەوڵدانیان بۆ وەرگرتنی پۆستی کۆمیتەی ناوەندیی و پاشان پلاندانان بۆ وەرگرتنی پۆستی دەستەی کارگێر چ مانایەکی هەیە؟ قەت بیرت کردووەتەوە خۆت و مەحفەلەکەت کە پرۆگرام و پێڕەوی حیزبەکەتان هەر لە یەکەم رۆژدا قەبووڵ نەبوو بەڵام لە پێناو پۆستی کۆمیتەی ناوەندییدا بێدەنگیتان لێکرد، چۆن دەتوانن لە رابەری حیزبدا بن؟ وەڵامتان بۆ ئەوانی کە دەنگیان پێدا چیە؟

بەم کارەی تۆ و مەحفەلەکەت کردتان، پرنسیپەکانی کاری سیاسی و حیزبی ئێوەی لە ژێر پرسیارێکی قورسدا داناوە. وەڵامتان چیە بۆ ئەندامانی حیزبەکە؟ ئەگەر خەڵک و لایەنی تر لە دەرەوەی حیزب لە ئێوە بپرسێت کە ئەگەر کەسانێک پێڕەو و پرۆگرامی حیزبێکیان قەبوڵ نەبێت و هەر چەند مانگ پێشتر تەنانەت دەنگیان بە پێڕەوی ناوخۆکەشی نەدابێت. و چەند کەسیشیان بە سات و سەودا پۆستەکەیان وەرگرتبێت و مەرجیان ئەوە بێت کە "هەر بۆمان گرینگ نییە ناوەرۆکی بەرنامە و پێڕەو چیە"، و "ئەگەر ئەو پێنجەمان لە کۆنگرەدا بۆ پۆستی کۆمیتەی ناوەندیی دەنگمان پێنەدەن هەر هەمووومان لە کۆمەڵە دەرۆین"!. تۆ وەڵامت لە بەرامبەر ئەم پرسیارەدا چیە؟

دووهەم: لە تەواوی ئەم ماوەدا بە سەنەد هەیە کە بە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆ کارت کردووە و دەیکەیت. جگە لە کارشکێنی و کاری ژێر بە ژێر و دروستکردنی مەحفەل لە ناو کۆمیتەی ناوەندیی لە دژی سکرێتر لەسەر ئەساس و ئیدامەی دژایەتی رابوردووت لە گەڵیدا و لە پێناو وەدەست هێنانی پۆستەکەی سکرتێردا، نە هەر کارێکی بەسودت بۆ ئەم حیزبە نەکردووە بەڵکو لەگەڵ هاورێیاندا مانعی راپەراندنی کاروئەرکە حیزبییەکان بوویت، و تەنانەت خەریک کۆکردنەوەی خەڵکانەکیتر لەژێر ناوی ئەندامگیریدا بوویت، کە لە ئەساسدا نە ئەرکی تۆیە و نە لە ئیختیاراتی تۆدایە.

هەروەها خەریکی وەلانان و دەستتێوەوەردان و تاشینی مسئولیەت لە پاڵدەستی ئەو ئۆرگان و بەرپرسانەی کە پێتوایە لە بەرامبەر کارە چەوتەکانی تۆدا مانعن. و ناراستووخۆ لە رێگای داروودەستەکەتەوە خەریکی زەخت و زۆریت لەسەر ئەو بەرپرس و ئەندامانە کە لە گەڵت نین. من خاترجەمت دەکەم ئەزموونی هەردووکمان لە تەمەنی ژیانی سیاسیمان دا نیشانداوە ئەو جۆرە کارە سەرکەوتنی بۆ کەس تێدا نییە، و سەرەڕای ئەوەی هەندێک دەستکەوتی بچووکی شەخسیت

www.peshmergekan.com

دەست دەکەوێت، ڕەنگە قوربانی ئاخری هەموو قوربانییەکان هەر خۆت بیت، بەڵام ئێمە بە سەبری خۆمان دەمانەوێت تو بخەینە بەر ڕۆشنایی تەشکیلات و بەدەنەی حیزب.

سێیەم: لە ئاخردا ئەگەر لەسەر ئەو قسە و باسی کە تا ئێستا کردوومە و بە نوسراوە ناردومە بۆت، پێتوایە کە ئیتهامە و دورە لە راستی، ئەوا من ئامادەم ڕووەڕووی یەکتر بە حۆزۆری نۆێنەرانی بەشە جوارۆجۆرەکانی تەشکیلات لە دەرەوە و ناوەوی کوردستان دانیشتن بکەین. و هەموو ئەو نامە و قسەوباسانی کە لە لامە بیخەمە ڕوو. تا پێتبڵێم کە ئەوەی تو کردوتە و دیکەی هیچ پرنسیپەکی حیزبی، تەشکیلاتی، سیاسی، هاورێیەتی و تەنانەت ڕەفاقەتی و ناسیاویشی تێدا نییەکاک ڕەزا. من ئامادەم. "هذا گۆی و هذا مەیدان".

چوارەم: من دەزانم کە تۆ بۆ لە وەڵامی قسە و نامەکانی مندا بێدەنگیت هەڵبژاردووە! من دەزانم کە لە نامەکانمدا زەمانی ڕەق و زەبرم بەکار هێناوە، تۆ لە بەرامبەر قسە و نامەکانم کە زووتریش بۆم ناردویت هەر بێدەنگیت هەڵبژارد! من لە سەرەتادا بە پێچەوانەی سوننەتەکانی خۆت، دژ بە هەموو هاورێیکانت، من زۆر هاورێیانە و دڵسۆزانە لەگەڵت قسەم کرد، پاشان داوام لێکردیت کە بۆ گەورەکردنەوەی حیزب تۆ دەبێت دەست لەو شێوەکارە هەڵبگریت، بەڵام تو بە جێگەی وەڵام و دیالۆگ و قسەی شەفاف و ڕوون دەبینم کە ژێر بە ژێر خەریکی کاری نارەفێقانە و ناحیزبیت و هەر لەسەر کارەکانی پێشیەکگرتنمان و کۆنگرەی ١٣ بەردەوامیت. تەنانەت لە ڕێگەی دەوروبەرتەوە حەول دەدی کە من بێدەنگ بکەیت! بەڵام خۆت باش دەزانی کە من و هاورێیانم عاشقی کورسی کۆمیتەی ناوەندیی نەبووین! و قەرارمان وانەبوو کە بێدەنگ بین، و دابنیشین و بە هەمان شێوەی رابردوو کە تو هێنابووت ئیدامەی بدەین. چون بۆ خۆت و خەڵکیتریش دەزانن کە لە ماوەی چەند ساڵی تەمەنی کۆمەڵەی ز.ک.ک دا چ خەسار و زەرەرێک کرا، ئەوەی کە تۆ پێش کۆنگرەی سێزدە شمشێرت لەسەر دەکێشا و لە کۆنگرەدا زمانەت لەسەر نەچەرخا! بەڵام بەسەر هەموو ئەوانەشدا ئێمە داوامان لێتان کرد کە پێکەوە وەزعەکە بگۆرین، کاری باش و بەنرخ بکەین.

بۆ خۆت دەزانیت من شتێکم نییە کە لەم ڕێگادا لە دەستی بدەم، و چاک دەزانیت کە هەرگیز بە پلە و پایەی حیزبیش پابەند نەبووم. تەنها شێتک کە لە ژیانی سیاسی و شەخسیدا بەلامەوە گرینگە ژیان و مەرگێکی سەربەرزانەیە، ئەزموونی ژیانی سیاسی و حیزبیم فێری کردووم کە لەش و وێنەی گیانبەختکردوانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان نەکەمە بەردەبازی پلە و پایەی حیزبیم! بیست ساڵ دانیشتن لەسەر کورسی "کۆمیتەی ناوەندیی" و لە تاریکیدا ژیانکردن سودێکی نە بە حیزبەکە و نە بەخەڵکی کوردستان نەگەیاند. ئەم جۆرە کارکردنە خزمەت بە گەل و نیشتمان نییە کە شانازیەیکی تێدا بێت.

ڕەخنە و قسەی ڕەقم تەنها بۆ ئەویە کە تێبگەیت بەم جۆرەی کە دەیکەیت و ئیدامەی دەدیت زیاتر و زیاتر زەرەر لە کۆمەڵە دەکەوێت. بە داخەوەم کە لە جیاتی سیمینار و کۆڕ بۆ ئەندامان دەبێت تووشی ئەم سەرئێشەیەیان بکەین، بەڵام چی بکەم ئەمە نەریتێکی خراپی ناو کۆمەڵەیە کە کەسانی وەکوو تۆ کۆمەڵەی پێ دەشکێنن کە دەبێت کۆتاییان پێ بێت.

هێرش عەلیزادە/ کۆتایی لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٠٧/٢٤

www.peshmergekan.com

## بۆ هاوڕێی بەڕێز کاک عومەر هێرش علیزادە ٢٠١٣/٠٨/٣١

سڵاوێکی هاوڕێیانە

هاوڕێم سپاس بۆ وەڵامەکەت، بە داخەوە کە ئەم حیزبە بەو شێوە دروستەی کە لە سەرەتاوە بە دڵ و بە گیان ئێمە تێکۆشاین کە کۆبوونەوەکانی خۆی دوکۆمێنت بکات، نایکات، سەرەڕای ئەوەیکە لە پێڕەوی ناوخۆدا بە فەرمی هاتووە، سەرەڕای ئەوەی کە لە ماوەی ڕابردوودا چەندین جار لەم بێسەروبەریە ڕەخنەی توند گیراوە، تێدەگەم کە هەمووتان دەزانن کە پرۆتوکۆل دەبێت ببیێت و بنووسرێت بەڵام حتما" حیکمەتێکی تێدایە کە لە نووسینی خۆتان پاراستووە و خۆ دەپارێزن. ڕاستە ئەرکی کاک ڕەزا کەعبی ـیە، بەڵام خۆ جەنابت وەکوو سکرێتری ئەم حیزبە بە بەردەوامی شاهیدی ئەم نەکردنە بوویت، تا ئێستا چیت بۆکردووە؟ کام کۆبوونەوە و کام بڕیارت لەسەر دەرکردووە و بە کاک ڕەزا ڕابگەیەنیت کە ئەم بێسەرەوبەریە ئیدی بەسە!

خۆت شاهیدی کە دەیان جار ڕەخنە گیراوە کە دەبێت کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە هەر وەکوو هەموو ئەحزابی پێشکەوتووی دونیا پرۆتوکۆلی هەبێت، هیچ ناکرێت. کەچی دەبینیم لەسەر ئەوەی کە من نامەیەکم بۆ کاک ڕەزا نوسیووە و گوایا لە نامەکەدا "زەمانی زبر" بەکار هێنراوە، دەستبەجێ کۆبوونەوە دەکرێت تا بە ئەنقەست ناوەرۆکی نامەکە ون بکرێت و هاوڕێیانی پاک و دڵسۆز کە لە حیزبدا ماون و هەن تێنەگەن، لە ئەسڵدا باس دەبێت باسی ناوەرۆک بێت، ئەوجا شایەد قسەکردن لە سەر چۆنییەتی زمانەکەیشی پێویست بێت.

بە ڕاستیی پێویست بوو ئەو یەک دوو هاوڕێیەی نایانەوێت ناویان بێت و بە ناوی "هاوڕێیاننەوە" قسە دەکەن، زەحمەت بە خۆیان بدەن و ئەو وشانە پەیدا بکەن کە بە نەزەری ئەوان زبر و ناشیاوە؟ ئایا ئەو وشانە کامانەن؟

خۆ من بۆ خۆم هەر لەسەرەتادا باسم کردووە کە زمانی نامەکەم زبرە. دیارە ئەوە لە ڕووانگەی خۆمەوە کە بە ڕاستیی تا ئێستا بە قەدەر سەرە موویەک دڵی هیچ کەسم ئازار نەداوە. حەتمەن نامەکە نەک هەر زبر نییە، بەڵکو بۆ ئەوان دەبێت وەکوو لۆکە وابێت. کوردی ئاقڵ لە مێژە گوتوویە دەرزیەک بکە بە خۆتدا ئەوسا سوژنێک بکە بە خەڵکدا. ئەوانەی سەدان و هەزاران سوژنیان کردووە بە هاوڕێیان و بە حیزبدا چۆن بەو یەک دوو سەرە دەرزیە لێرە و لەوێیەی من، وا دادەچڵەکێن و بە هەوادا دەچن؟

من لە نامەکانمدا هۆیەکانیم باس کردووە. کەس نازانێت خۆتۆ کاک عومەر زۆر باش دەزانیت کە من هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ کاک ڕەزا لەسەر ئەو شێوە هەڵسوکەوت کە هەییوو قسەم لەگەڵ کردووە، ئیدامەی قسەکانمان زۆر لەبەری قورس بوو هەر بۆیە لە ڕێگەی هاوڕێ عبە دلێرەوە هەوڵمدا لەگەڵی قسە بکەم، بەڵام دیتم بە قەولی کوردیی، هەر مێشێکیش میوانی نییە. هەر لە پێش پیلنۆمی دووەوە سێ نامەم بۆ نوسیووە، کە ڕوونوسەکانی بۆ خۆت هاتووە، پاش ئەوە دیتم

www.peshmergekan.com

کە لەگەڵ کاک بارام رەزایی و کەسانێکی تر لەدەرەوەی ئەم حیزبە قسە دەکات و ئەوانم لێ هان دەدات کە گوایە من لە ناو جەمعی کۆمیتەی ناوەندییدا رەخنەم لێ گرتووە، چکارەساتێك!

پاش قسەکانی کاک رەزا کە لەملاوئەولا کردوونی، سەددەرسەد درۆ و ناڕاستن و غەیرەحیزبی و غەیرەهاوڕێیین، من ئەمجارەیان رونووسی نامەکانم بۆ هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی نارد. من لە کاک رەزا حاڵی نەدەبووم کە بۆ پێیناخۆش بوو کە هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی لە رەخنەکانی من ئاگاداربن لە حاڵێکدا کاک رەزا لە لای بەشێک لەو هاورێیانە نەخشە و بەرنامەی وەلاخەستنی من و چەند کەسی تر لە هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی پێش پلێنۆمی دوو لەگەڵ ئەواندا تاوتوێ دەکرد. لە هەمانکاتدا رەخنە و نامەکانی منی بە پێچەوانەی ناوەرۆکی نامەکانم بۆ چەندین کەس لەدەرەوەی حیزبەکە، بۆ نموونە کاک بارام و کاک سەعید و کاک... و تەنانەت لە گەڵ برادەرانی رەوت و چەند کەسی لایەنی کۆمەڵەی شۆرشگێر پێش ئەم نامەی ئاخرم و پێش پەلەنۆم باس کردووە.

پاشان هەر پێش پەلەنۆمی دوو بوو کە کاک رەزا لە لای هاورێی کۆمیتەی ناوەندیی، واتە لە پاشملە نەک بەرەو ڕوو، دایک و خوشکی من و هاوڕێ ڕێبواری واووا لێدەکات و لە حیزب وەدەریان دەنێت، (بەو زمانە شیرینە و رەوانەی کە پڕ لەو جۆرە وشانەیە کە هەمیشە دەرحەق بە هاوڕێیانی لە پاشملە بەکاری هێناوە).

ئەمرۆ دەبینیت پاش چوار مانگ لە پەلەنوومی دووم، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییدا لە ٢٠١٣/٨/٢٤، باس لەسەر ئەو نامەیە دەکرێت کە من دوو مانگ پاش پەلەنوومی دوو و پاش تەوهین و ئەهانەتەکانی کاک رەزا بە من و بە هاورێیانی دیکە، لە پێشدا بۆ کاک رەزا خۆی و بۆ خۆتم ناردووە، پاش یەک مانگ بێ هەڵوێستی تۆ وەکوو سکرتێری گشتیی و وەکوو کەسێک کە بە زۆر و زیادەوە ئاگات لە مەسەلەکانە، و لە بێ وەڵامیی کاک رەزادا، ناردوومە بۆ هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندیی.

ئەگەر ئێوە لە کۆنگرەی سێزدەدا لە ئاستی هەموو خەسارەکانی پێنج ساڵی ڕابردووتاندا (لانی کەم!)، کە بە قوربانیبوونی ژیان و ماڵی چەند پۆل پێشمەرگە و بە ڕۆیشتنی دەیان و سەد بەباڵا کەسانی تر، لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە بیگرە تا بە کادر و پێشمەرگەی دێرین دەگات، بێدەنگ بوون و هەر دەتانەوێت بەم شێوەیە بەردەوام بن، بە ڕاستی ئێمە ناتوانین بێدەنگ و بێهەڵوێست بین.

هەر بۆیە بە ئەرکی سیاسی و حیزبی خۆمانی دەزانم کە قسەوباسەکانمان بکەین، و لە هەمانکاتدا بە حوکمی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ئەم حیزبە دەنگی متمانەیان وەکوو کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە بە ئێمەیش داوە، ئیجازە نادەین کە لە بێدەنگیدا کادر و ئەندام و پێشمەرگە بکەونە ژێر زەخت و زۆری کەسانێکەوە کە لە ژیانیاندا نانهاوەری ماڵ و منداڵی خۆیشیان پێجێبەجێ نەبووە. و بیانەوێت بە یارمەتیەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان منەت و شاواش لەسەریان دابنێن و لە ژێر زەخت و زۆر و تەهدیدی ڕۆژانەدا بن.

من هەرگیز ناتوانم لەم بێمۆبالایەتیەدا بژیم، هەر بۆیە نامەکەم سەبارەت بە رەزا کەعبی بۆ بەشێک لە ئەندامانی حیزبەکە نارد. و ئەگەر پێویستیش بێت بۆ دەرەوەی حیزبەکەیشی دەنێرم،

www.peshmergekan.com

چون نامەویت بە زەبری سکرێتێربوون و پول و پارە، بە زەبری ئەوەی کە ماڵێک چەند شەهیدی هەیە، لەسەر ئەو ئەساسە ترساندن و زەخت و زۆر لەسەر کوڕان و کچانی خەڵکێک هەبێت کە بوون بە پێشمەرگە و گیان و ژیانیان لە دەست کەسانێکدا بێت کە هەموو ژیانیان سات و سەودا بێت.

کاک عومەر، لەبەرچاوی خۆت مجەسەمی بکە، پێش پەلەنۆمی دووهەم کەسێک تەوهین و ئەهانتی کەثیف لە لای هاورێیانت لە پاشملە پێبکات و نەخشە و بەرنامەرێژی دەرکردنی بۆ کردبێت، پاشان لە رۆژانی پەلەنۆمدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە باسی قەدەغەکردنی مەشروبخۆرییمان لە ئۆردوگا کردووە، ئەو هەمان شەو، خۆ بە ژووری ئیسراحەت و خەوتنماندا بکات و ئابجۆی ساردمان بۆ بێنێت و پێمان بڵێ فەرموون میوانی من بن، تۆ و ئەوانەی شەرەف و ویژدانیان هەیە و هاوڕێیەتی دەزانن، چۆن لە سەر ئەو کەسە بیر دەکەنەوە؟

هەر لەو رۆژانەدا هەمان کەس بێت و تەعارەفی بەخشینی (تەختەنەردی سنە)ی وەکوو هەدیە پێبکات! لەم کایە کەثیف و ژهراویەدا هەڵوێستی تۆ چییە، کاک عومەر؟ ئایا هەڵوێستی جوامێرانەی تۆ ئەوەیە کە لە لەحنی نامەکەی من رەخنە بگریت و تۆیش وەکوو ئەوانی تر ناوەرۆکەکەی بشاریتەوە؟

تۆ دەزانیت و هەموو ئەو کەسانەی تر کە نامەکەی منیان لەسەر رەزا کەعبی پێگیشتووە دەزانن کە من ئەو نامەم دوو مانگ زیاتر پاش پەلەنۆمی دوو نووسیوە، بەو مانایە کە من هێشتا نەمزانیوە کە کاک رەزا دایک و خوشکی من و خەڵکی تریشی دووبارە و سێبارە بە "زمانە شیرینەکەی" داماڵیووە. بۆچی و لەسەرچی؟

کاک عومەر ئێستا من بە تەوایی تێگەیشتووم کە تۆ بۆ بەرامبەر ئەو هەموو تەوهین و ئەهانەتەی کە کاتی خۆی کاک رەزا بە کاک عبدواڵلە موهتەدی و هاورێیانی دیکەی دەکرد بێدەنگ دەبوویت،. هەر ئەو کاتە ئێمەی ئێستا بووین دەمانگوت هەرچییەکی سیاسیی هەیە بیڵێن و بینووسن بەڵام جوێن نەدەین و تەوهین و هەرەشەوگورەشە نەکەین.

پاش کاک عبدواڵلە مۆهتەدی‌یش هەر ئەوە بەرامبەر بەخۆت دووپات بووەوە و خۆت بە ساحێبی نەکرد. ( ئاگادار بێ کە من هێشتا زۆر شتم باس نەکردووە) ئێستا وادیارە نۆبەی ئێمەیە و تۆ لە سەنگەری کورسی دەسەڵاتەوە خەریکی نەسیحەتکردنی ئێمەیت کە هەر بەو بێدەنگیی و بێهەڵوێستیەی گرتووتانە، کە خوێن و ژیان لە سەر بێکەسانی ناو کۆمەڵە کەوتووە، بەردەوام بین. بەجێگەی ئەوەی کە تاوانبار وەلامدەرەوە بێت، رەخنەگران و شاهیدەکان موحاکمە دەکرێن!

کاک عومەر تۆ وەکوو سکرێتێری ئەم تەشکیلاتە بە جێگەی ئەوەی کە سەبارەت بەو مەسەلانە بدوێیت و وەڵام بدەیتەوە، دێیت رەخنەی توندی خۆت لە وتارێکی رووبەدەرەوەی کاک رێبوار و نامەکەی من دەگریت. (هەرچەندە نامەوێ باسەکە بگۆڕم بەڵام، کاکە خۆ کاک رێبوار وەکوو خۆی و بە ناوی خۆیەوە وتارێکی بڵاوکردووەتەوە. هەر کەس بە هەڵەی دەزانێت دەتوانێت ڕەخنەی لێ بگرێت. ئەوە یەکەم جار نییە ئەو وتار دەنووسێت و بڵاوی دەکاتەوە. بۆ کەسانی بێ ئاگای لێ هان دەدەیت، خۆ ئەوانە هەر نەیشیان خوێندووەتەوە).

حەتمەن هۆی تایبەتیی هەیە کە تۆ ناتوانیت بەرامبەر بە کاک رەزا ڕابووەستیت و پێی بڵێیت کاک رەزا دەستت لە تەوهین و ئەهانت هەڵبگرە، دەستت لە تەوتەئە و باجگیر لە خۆت و ئەم تەشکیلاتە هەڵبگرە/دەست لە دەستبرینی خەڵک هەڵبگرە و...!

هەروەها داوات لێدەکەم خۆت قەزاوەت لەسەر نامەکەی من مەکە چون دەرکەوتووە کە قازیەکی ناعادلیت، تەنها چەند پرسیار بخە بەر دەستی ئەندامانی ئەم حیزبە با ئەوان قەزاوت بکەن:

یەکەم: ئایا ناوەرۆکی نامەکەی هێرش دەبێت لە یەکەم هەنگاودا وەڵام بدرێتەوە و بخرێتە تاوتوێکردنەوە یان لادان و جوێن و تەوهینەکانی کاک رەزا کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا وەکوو جێگری جەنابت کردوویەتی؟

دووهەم: کۆبوونەوە لەسەر زەرەرو و زیانەکانی کارکردی رابەری ئەم حیزبە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا تاوتوێ بکرێت و بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە یان زەمانی زبری هێرش لە نامەکەیدا بۆ کاک رەزا؟

سێیەم: ئایا دانیشتن و بیرکردنەوە لە ئامار و ئەرقامی زیندووکانی ناو ئەم حیزبە، ئامار و ئەرقامی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کە ئەم حیزبەیان بەجێ هێشتووە، ئەو کادر و ئەندامانەی کە رۆیشتوون، ئەو هەموو پێشمەرگەیەی کە رۆیشتوون، ئەو کەسانەی کە گیانیان لەدەستدا و هەر نەماون، یان ئەوانەی کە لە زینداندان. ئایا ئەمانە گرینگن یان ناردنی نامەی ئاگادارکردنەوە بۆ هاورێیانی وەکوو دیاکۆ زەندی و ئەمیر سەلاواتی و حامید سەعاتی و هیوا زەکریایی و... هتاد کە ئەوان تەوهینیان بە حیزب کردووە؟

چوارهەم: بیرکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ داواکاریی و پێشنیارەکانی ئێمە گرینگە یان نووسی نامەیەک بۆ من کە گوایا زەمانی نامەکەم زبرە؟ هەموو قسەوباس و داواکاریەکانی ئێمە ئەوەیە کە لە پرۆگرام و پێرەوی ئەم حیزبەدا هاتووە و بە زۆرینە لە کۆنگرەی سێزدەدا دەنگی پێدراوە، ئێمە داوای پیادەکردنیمان کردووە.

هیوادارم یەک گوم نەکەین، بەو مانایە کە وەها نیشان بدەین کە لە قسەوهەڵوێستی یەک تێناگەین، بە ڕاستی لەیەک دەگەین و لە یەک حاڵی هەین کە چیمان دەوێت و چی بکەین، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکاتی کۆنگرەی سێزدە گرینگە کە لە پراتیکدا جێبەجێ بکرێت، ئەگەر بەرژەوەندی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و حیزبەکەمان وەکوو وەسیلەیە بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجەکانمان لەو بزووتنەوەدا لە پێش هەموو بەرژەوەندیەکەوە بێت، ئەوا ئێمە دەتوانین بەرو گۆرانێکی جددی هەنگاو بنێین.

هیودارم ئێستایش لێرەدا زەمانە زبرکەم زۆر مشغوڵەت نەکات و زیاتر بیر لە ناوەرۆکی نامەکەم بکەیتەوە. تەنها رێگای دەربازبوونی ئێمە لەم کێشانە ئەوەیە کە ناوەرۆکی قسەوباسەکان تاوتوێ بکەین. ئێمە لە یەکەم رۆژانێکەوە کە بڕیارمان دا پێکەوە کار بکەین پێمانوابوو کە جەنابت دەتوانی لەم گۆرانەدا جێگە و شوێنی باڵات هەبێت. ئەمەمان بە دۆستان و هاورێیان و خۆت گوتووە و هیچ قسەوباسی شاراوەمان نییە. بەڵام وادیارە لە هەڵەداین، و زیاتر قسەکانی کاک رەزا کە لە سەرت دەیگوت و گۆیی هەمووانی لە پرکردووە، عەینیتر بێت.

www.peshmergekan.com

تۆ نامەکەت جۆرە لە ڕێگەی سکرێتاریەتەوە بۆ ئێمە ناردبوو، ڕەنگە دروستەکەیشی وەها بێت کە منیش هەر لەو ڕێگەوە وەڵامەکەت بۆ بنێرمەوە، دروست ئەوە بوو کە ئەوانیش لە وەڵامەکەی من ئاگادار بن. بەڵام پێمباش بوو کە جارێک دەست رابگرم و تەنیا بۆ خۆتی بنێرم و بزانم کە بە راستی لەسەر قەزاوەت و قسەکانم هەڵوێستت چییە؟ چون لە هەڵوێست و کارەکانتدا وەها دەردەکەوێت کە تۆ بڕیارت بۆ بەحیزبیکردنی حیزب نەداوە، بەڵکو هەر ئیدامەی ئەو لە "چاکسازیە" کە لە سەرەتاکانی ۲۰۰۷وە تا ئەمرۆ تێدا بردەوام بوون، هەر بۆیە بەردەوام خەریکی سازانیت لەگەڵ هەموو ئەم کێشانەدا بە مەرجێ کورسی دەسەڵات و پارەکە لە جێگەی خۆیدا بمێنێتەوە.

هیوادارم تورە و نارەحەت نەبیت چون بە سەدان جار ئەوەم لە ڕەزا بیستووە و حتما خۆتیش بە زیادەوە بیستووتە. ئەڵبەتە ئێستا کاک ڕەزا لە ڕابردووی خۆی ئەزموونی وەرگرتووە و ئەمجارەیان ڕێگەی خۆی دوزیووەتەوە و دەیەوێت هیچ نەبێ بەرامبەر بە تۆ لە ڕێگەی "دیموکراتیکەوە" گرفتی خۆی لەگەڵ تۆ چارەسەر بکات.

تۆ باش دەزانیت ئێمە شتی شاراوە و قەول و بڕیاری ژێر بە ژێرمان لە گەڵ کەس نییە، ئەوەی کە دەیلێین و نووسیومانە هەر ئەوەیە/ چون برووامان بەکاری سیاسی و حیزبێکە کە لەسەر ئەساسی هاورێیەتی نەک تەوتەئە و کاری ژێربەژێر بێت. دەزانم بە داخەوە ڕێگایەکی سەخت و دژووارە.

هاوڕێت هێرش علیزادە ۲۰۱۳/۰۸/۳۱

............................................

## بۆ بەڕێز: هاوڕێی عومەر ئێلخانیزادە لە: عەبدوڵا کۆنەپۆشی ۲۰۱۳/۰۸/۱۹

سڵاوێکی هاوڕێیانە

لەماوەی ڕابردوودا چەندین جار سەبارەت بە مەسەلەی کومیتەی لایەنگران قسەم لە گەڵتان کردووەو تا ئێستا هیچ جوابێکم وەرنەگرتووەتەوە.

ئێوە ئۆرگانێکتان لە ناو ئۆرگانێکی دیکە داتاشیوە بەبێ ئەوەی سنووری کار کردنی بۆ دیاری بکەنو میکانیزمی کارکردن لە نێوان پێوەندیەکانو کومیتەی لاینگراندا بە نووسراوە لە بەردەستمان بێت، جیاکردنەوەی کومیتەی لاینگران لە حاڵێکدایە کە زۆربەی کارەکانی پەیوەندیدار بە لاینگران لە ڕێگەی پەیوەندیەکانەوە جێبە جێ دەکرێت.

نەبوونی ئایینامەی کاری ک.ل بووەتە هۆی گرفتی جیدی لە کاری پێوەندیەکان کە نموونەیەکیان درووست کردنی کارتی پێناس لە لایەن کومیتەی لاینگرانەوە بوو بەبێ ئەوەی کە ئێمە ئاگادارکرابین کە لە ئاسایش مولەتی بۆ وەربگرین و ئێستا لەلایەن ئاسایشەوە ئەو پێناسە قبووڵ نەکراوە و دەبێت سەرلەنێو لە ڕێگەی یاساییەوە پێناس بۆ لایەنگران درووست بکەین.

www.peshmergekan.com

هەروەها پێناس بە کەسانێکی نەشیاو دەدرێت کە دواتر بۆ ئێمە مەسئولیەتی هەیەو تووشی گرفتمان دەکات، لە کاتێکدا کە لەلایەن ئێوەوە من چاودێری کومیتەی لایەنگرانم بەڵام ئاگاداری هیچ کارێکی نیمو دواتریش لەبەرامبەر کەمو کوریەکانی خۆم بە بەرپرس نازانم. هەر نموونەیەکی دانی پێناسە بە کەسێک بە ناوی فەرهاد ئەحمەدتەپەرەش خەڵکی شنۆ. ئەم کەسە پێشتر لەلای کۆمەڵەی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران پێشمەرگە بووە و لە پەیوەندی لە گەڵ کوژرانی ئەسعەد زەرزا لە هەولێر بۆ ماوەی یەکساڵ و نیو لە زیندانی پارتیدا دەبێت و پاش ئازاد بوونی گەڕاوەتەوە بۆ لای کۆمەڵەی شۆڕشگێر بەڵام وەریانەگرتووە و تەنانەت پێناسێشیان پێ نەداوە. جا چۆن دەکرێت ئێمە کە ئەم کەسە ناناسینو ناتوانین چاودێری وردمان بە سەریەوە بێت بە ئاسانی پێناسی پێ ئەدەین.

وێنەی ئەم کارانە زۆرە و بەڕاستی جێگەی نیگەرانییە لە بەر ئەوەی کاردەکاتە سەر قورسایی ئێمە لە لای ئاسایش و نشینگە و دامو دەزگاکانی حکومەت.

تکایە بە زووترین کات ئایین‌نامەی کاری نێوان پەیوەندیەکان و ئەو ئۆرگانەی درووستان کردووە دیاری بکە.

بە سپاسەوە

عەبدۆڵا کۆنەپۆشی ٢٠١٣/٠٨/١٩

.............................................

## بۆ کۆمیتەی ناوەندیی و جێگران و ڕاوێژکاران

### ڕێبوار ڕەشید ٢٠١٣/٠٦/٢٩

ڕوونکردنەوە سەبارەت بە دوو نامەی کاک ڕەزا کەعبی لە ڕۆژی ٢٠١٣/٦/٢٦ و ٢٠١٣/٦/٢٨ کە سەبارەت بە کۆمەڵێک خاڵی جیاوازە و هەندێکیان بەتایبەتی لە سەر پێشمەرگە و ئۆردوگایە.

وەڵام: بە ڕاستیی من هیچ شتێک لەو دوو نامەیە حاڵیی نابم و نازانم بۆ نووسراون.

ئێمە لە کۆنگرەی ١٣ ئەو ئاییننامەیەی بۆ پێشمەرگە کە وەکوو کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان هەمان بوو خستە بەر دەست، کە لە ڕووی سیاسیی و یاسایی و ڕەووشتیی و جاڕنامەی مافی مرۆڤ و پێشنیارەکانی "جنێڤ کالدا" هاوئاهەنگن. هەروەها هاوڕێ جەلیل گەڵاڵەیەکی ئامادەکراوی هەبوو، و قسەوباسەکان لە سەر ئەوەبوون کە لەو دووانە ئاییننامەیەکی ڕێکوپێک ئامادە بکرێت و بخرێتە کارەوە. ئەزموونی ئەو ٨ مانگەی پێشوو نیشانی دەدا کە ئەوەش وەکوو هەموو شتێکی دیکەی باش تووڕ درا.

پاشان من و چەند هاوڕێیەکی دیکە هەر لە پاش کۆنگرەوە باسی هەبوونی ڕۆژەڤ و پرۆتۆکۆڵ و کۆبوونەوەی ئەندامان و قسەنەبردن بۆ دەرەوەی کۆبوونەوەکان و هتاد هتاد کردووە و

www.peshmergekan.com

کردوومانەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە بەرنامە و ساختاردایە و بە دەنگی کۆنگرەش برەودارە یەک جاریش نەخرایە ژیانەوە.

سەبارەت بە باسی پێوەندییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی ناو ئۆردوگا، مەشروبخۆریی و مەوادکێشیی و بێسەروبەریی و شتی لەو جۆرە، لەلایەک ١٧ خاڵ و لە لایەکی دیکە ٥ خاڵ، وەکوو پێشنیار بۆ بڕیارنامەی پلونومی ٢ خرایە بەردەست کە تەنها من و هاوڕێیان هێرش و جەلیل و عەبە دلێر دەنگمان پێ دا. ئەسڵەن ئەوەی من ئاگادار بم و بە زەبتکراوی هەیە یەک دانە وشەی موسبەت دژ بە مەشروبخۆریی و بێپرینسیپیی حیزبیی و ئەو خاڵانە نەگوترا و نەکرا بە بڕیارنامە، کە ئێستا کاک ڕەزا بە گشتیی و نارۆشن نووسیونییەوە.

لە ٦ ڕۆژ زیاتری پلونۆمی ٢ دا، هەمووی بخەیتە سەر یەک دە (١٠) سەعات قسەوباسی سیاسییمان لە سەر ئێران و کوردستان نەکرد و هەر بەو کێشانەوە خەریک بووین کە ئەسڵەن نابێت هەر کێشەی ئێمە بن.

کولتوری سەودا و خوێندەواریی وایە کە هەر پێشنیار/ پێسنیارنامە و قسەوباس هەبن، دەبێت ئاماژە بە خۆیان و بە نووسەر و سەرچاوەکانیان بکریت. لەم نامەی کا ڕەزا وا دەبینرێت کە ئەم بۆ یەکەم جار کێشەگەلی ئەم ٨ مانگەی ڕابردووی خسستبێتە بەردەست. ئەوەش زیانی گەورە بە جۆش و خرۆش و بە دەستپێشخەریی فکری و سیاسیی و بە توانای داهێنان و زوو بیرکردنەوە و هتاد ئەوانە دەدات کە لەوەبەر خۆیان ماندووکردووە.

دیارە نارۆشنی ئەم باسە دەکەوێتە هەمان خانەوە کە هەیئەتی ئیجرایی بەو شێوە کە بە هۆی دیار و ئاشکرا لە پلونۆمی یەک نەیتوانی هەبێت و لە پلونۆمی دوو بەو شێوە هەڵبژێردراوە، دێت خۆی دەخاتە ناو ئەرکگەلێکەوە کە هی ئەو نیین، بڕوانن نامەی هاوڕێ هێرش بە مێژووی ٢٠١٣/٦/٢٤. یاخود ناوبردنی کاک ڕەزا بە "جێگری دەبیرکل" لە کاتێکدا کە لە بەرنامە و ساختاردا شتی وا هەر نییە.

ڕێبوار ڕەشید ٢٠١٣/٠٦/٢٩

.............................................

## بەڕێزکاک عومەر دوای سلاوێکی گەرمی هاوڕێیانەو برایانە

بەرێز

ماوەیەکە لە درێژەی قسەوباسەکانی نێوانماندا بە نیازم لە نووسراوەیەکدا سەرجەمی ڕووانگە و بۆچوون وخەسارەکانی حیزب وکاری سیاسی خۆمانت بۆ بنووسم. دیارە بەشێک لەم باس و بابەتانە ڕەنگەتەنیا ڕووانگە و بۆچوونی من خۆم بێت بەڵام بە شی زۆری ئەم نووسراوەیە ڕاو بۆ چوون وخوێندنەوەی کۆیەک لە هاوڕێیان و کادرەکانی کۆمەڵەیە کە ئەگەر پێت باش بوو هەمووان واژۆی خۆیان دەخەنە ژێرئەم نووسراوەیە.

بەڕێز کاک عومەر، من هەوڵدەدم پۆلێن و سنووربەندکراو بابەتەکان بۆ جەنابتات بنووسم وبنێرم.

رامانێک لە پێکهاتەو جۆری ڕێکخسنەکانی کۆمەڵە:

پاش ڕووداوی دوای ڕۆشتنی ئەو کەس و هاورێیانە کە لەگەڵ کاک بارام رەزایی ڕۆشتن و سەرەرای ئەو زەبرە دیارەی کە لە ئێمەیاندا بە ڕۆشتنی خۆیان و بە ئەستەمی قەرەبووبوونەوەی جێگای خاڵیان، وجیا لە رەوشی کاری نەخوازراو ناپەسەندیان کۆیەکی زۆر راو بۆچوون و داخوازی ورەخنەیان هەبوو کە بە راستی جێگای رامان و جیبەجێکردنبوون و هەن.

دیارە من لە دریژەی ئەم باسەدا و دوارتر بە دریژی دەگەرێمەوە سەر ئەم بابەتە. لەو دەمەدا و لە گەرماگەرمی ئەو ڕۆشتن و رووداوەدا هەوڵدرا هەموو خەسارەکان یا کۆیەکی هەرە زۆری ئەو خەسارانە بخرێتە ئەستۆی ئەوان، هەر ئەو دەمەش من ئەم هەوڵەم پێ نارەواو نابەجێ بوو و هەیە. خۆتان دەزانن ماوەیەکی زۆر و بەرچاوە کە ئەوان چوون و ئێمەش رۆژ لەدوای رۆژ باری کاری ڕیکخستنیمان خراپ و خراپتر بووە. ئۆردوگا بێ سامان و نارێکخراو ماوەتەوە. باندو دەستە و تاقم بازی و باج دان بە لۆمپنیزم و مودیریەتکردنی ئەم لۆمپنیزمە بە میتۆدی جۆراجۆر درێژەی هەیەو بە رێوەدەچێت. **(1 )**فێرگە داخراوە و هیچ جۆرە فێرکاری وبارهێنان و مشقێک لە گۆڕیدا نییە**( 2.** خزم خزمێنەو تاقم بازی و دابەشکردنی ئیمکاناتی هەرەکەمی کۆمەڵەش بە شێوەیەکی نارەواو نابەرابەر **(3 )** نە بوونی پلە بەندی و دیار نەبوونی سنووری کادر وپ. م و ماندوو نا ماندوو. نە بوونی هیچ ڕێکخستنێ لەم بە شانەدا، فێرگە، پارێزگاری، یەکەی ئامادە، ئەنبار و ئۆردووگا. راگەیاندن و سکرتاریەت، درۆ، دووڕوویی، ژێرپێ خاڵیکردن لە کۆمیتەی ناوەندییدا، ئەم دۆخەتا ئاستیکە من بۆ خۆم هیچ بە شانازی نازانم لە وەها بازنەیەکدا بم. جبەخانەو تەقەمەنی کۆمەڵە لە ژێر سفرەوەیە.

کاک عومەر خۆت دەزانی من شێتی ژیان و جیهانی مۆدیرن و خۆشگوزانییەکانیم و نای شارمەوە بەڵام هەمیشە پرێنسکەیبەکانیش رەچاو دەکەم و کردوومە. دنیای مەزن و ئەقلێ نە زۆک ناسازن بەڵام ورد کارکردن و پسپۆرانە ئیش لە تایبەتمەندیەک نی ئەم جیهانەن، بەڵام بەرێز ئەوە بزانە لەئۆردوگای ئێمە لە بری کاری سیاسی و خۆ ریێکخستن و ئامادە بوون بۆ رووداوەکان زیاتر لە هەر بارێک شەوانە مەی نۆشی دەکرێت و دەخورێت. من بۆ ئەم قسانم هەموو نموونەی زیندووم هەیە و بە فراونی بۆم باسکردویت و دەیکەم جەمسەرێکی ئەم کەمپەی ئێمە لۆمپنیزم تاقم بازی و ناوچە گەری و بەرەڵاییە، جەمسەرکەی تری بنەماخوازی قشری گەری پەرەدان بە وردەفەرهەنگ تا ئاستێ کە ئەگەر بە خۆمان بڵێین ئەلقاعدەی کۆمەڵەکان نا رەوا نییە. لە بەر چاوی من و جەنابت ژن لێی دەدرێت، سوکایەتی پێ دەکرێت، لە ماڵەکەی دەر دەکرێت قسە ناکەین. بەر بە کۆرپە کچی چواردە ساڵە و لاوە کوری لە و تەمەنە دەگیرێت کە بۆ چاویان لیێککردوو، ئەم لای ئێمە تاوانە. بۆ هیچ ناوەند و کاری ریکخستنی تاریفکراومان نییە و شپرزەی لە هەموو گیانمان دەبارێت. زاگرۆس دەرگای داخراوە، کاری سیاسی و خۆپەروەردەکردن و بارهێنانی کادر هەر باسی مەکە، چونکە بە ئێمەو فەرهەنگمان بێگانەیە. دۆخی ئێمە بە جۆریکە یەک نە فەر خوێندەوار و کراوە و خاوەن فەرهەنگ و شارنشین جێگای نا بێتەوە و نە بووەتەوە. خۆت باش دەزانی هیچ رێکخستنێکی پەیژەی بوونی نییە و نەبووە. هەر کەس بۆخۆی گیای کێویک دەبرێت و بریوویەتی. بچوکترین سیاسەتی تاریفکراوی راگەیاندنمان نە بووەو نییە.

www.peshmergekan.com

یارمەتی پ م و بنەماڵەکانمان و خۆمان لە ژێر خەتی فەقری هەژارترین وڵاتی ئەفریقاشە وە ناگونجیت. خزمەتگوزاریە پزیشکیەکانی کەمپی ئێمە لە وانەی سەدەکانی ناوەراستیش خراپترە، مانەوەو رێکخستنی ئێمە لە بێ ڕیکخستنی و نەمانەوە دایە. لە هەموو ئەم ئافەتانش بگوزەرین خۆ خۆری و بوونە تەداروک چی دووشمن لە ناوخۆمان و کەمپەکەمانە هەموومانی بی تاقەت کردووە، کاک گیان بۆ نموونە ئەگەر نازانی با بزانی وبسایتی کوملە از درون لە کەم پەکەی خۆمانەوە بە رێوە دەچێت و کەسێکی سەرەوی خۆمان مودیریتی دەکات و کردوویەتی. داوێنی هیچ کامان لەمنەوە تا جەنابت لە درۆ و بوختان و تاوان هەڵبەستن بێ بەش نەبووە و نییە. کاکە گیان، رامان لەم مەسەلە بۆ خۆت و کۆمەڵشمان لازمە کە بۆ وادەکات ئەو کەسە چ پرۆژەیەکی پێیە و دەیەویت وا خزمەت بە کۆمەڵە بکات؟

تا ئیستاو ئەم چرکەساتە کە ئەم نووسراوە بۆ جەننابت دەنووسم هیچ و هیچ بریارێکی پلۆنۆمەکان و کۆمیتەی ناوەندیی جیبە جێ نەکراوەو بی هەلاوردن هەر هەمووی شکاوە و لە ژێر پێ نراوە. هیچ پیوەررێکی ئەساسنامەی بۆ ئەندام گرتن و هیچ بریارنامەیەکی ک ن بۆ پ م وەرگرتن رەچاونەکراوەو ناکرێت. کاک عومەری بەرێز راستی تا ئیستا لە خۆمان پرسیووە ئەوە بۆ هەموو کادرە باش و خوێندەوارەکانی ئێمە دەکەونە بە ر شالاوی بوختان و درۆبۆ هەڵبەستن و بە کەمترین ماوە خراپ دەکرێن و کە میپان پێ چۆڵ دەکرێت؟ راستی ئەمە ناتوانی پرۆژەبێت بۆ نەزۆک هیشتنەوەی کۆمەڵە و حیزبەکەی من و جەنابت؟ بۆ کەسانی نە خویندەوار و خەساری کۆمەلگا زۆر باش دەمێننە وە و دەسدێنن بە سەریاندا و رایان دەگرن؟ کاکە گیان بۆ تا ئێستاش ئێمە نەمان توانیوە خاوەنی کۆمیتەیەکی ئەمنییەتی بین ئەوە بۆ هەرکات باسی دەکەین بەربەستی بۆ دروست دەکەن یان دەی خەنە پە راویزەوە و لە بیری دەبەنەوە. کام ئۆردوگای حیزب لە دنیادا هێندەی ئۆردوگاکەی ئێمە خەلک خۆی تیادا کوشتوە و کوشتنەکانیش بێ رۆشن بوونەوە بە سەریدا رابوراون.

کاک عومەر ئێمە هەمووومان لە ئاست ئەم بابەتانەدا بەرپرسین و ئەگەر کەسیش یەخەمان نەگرێت شەرافەتی ئینسانانی و ویژدانی خۆمان وازمان لێ ناهێنی. تکایە با هەڵوێستەیەک بکەین. خەمساردیمان لە ئاست زندانییە سیاسیەکانمان و بنە ماڵەکانیان وێردی زمانی هەموو کەسە و لە زندانەکاندا دەم بە دەم باسی دەکرێت.

دەست بۆ هەر لایەک دەبەین ویرانی و ویرانی و ویرانی بە رووماندا دیت، ئێمە لە دەرەوەو لە ئاست میدیای جیهان و پە یوەندیەکانمان بە دەرەوە لە ژێر سفریشدا نین، کێ دەمان ناسێت و چەندە لە کۆرو کۆمەل و ناوەندەکانی دەرەوەدا ئامادەین پێویست بە باس ناکات خۆمان دەزانین چۆنین. پاش هەوڵیکی زۆر و ماندووبونێکی فراوان کۆمیتەی ئامریکامان سازدا و بە هۆی لێ نەپرسینەوە خۆ بە خۆ و بێ ئیمکانات راوەستا. باشترین کەسان لە ئاستی دکتۆرادا هاتن بە پیرمانەوە و هێندە خەمساردیمان کرد کە کشانەوە.

بەرێز، خۆتان دەزانن کە لەم بەش و بوارانەدا چەندە وێران و بێ پرۆژە و ناکاراین، نووسینی ئەم نامە بۆ جەنبتان بەم مانا نییە کە کۆی بەرپرسایەتی ئەم دۆخە دەکەوێتە ئەستۆی بەرێزتان بە تەنیا  نا هەگیز نا، بەڵکو هەمووومان بەرپرسین و جەنابیشت وەک سەری ئەم ریکخراوە بەشی شێرت هەیە و چارەی خێرا و بە پەلەی ئەم بارە پێش گۆنگرە یەکەم ئەرکی

www.peshmergekan.com

کۆمەڵە و جەنابت و ک ن نە کە دەبێت دەست بەکار بین یا چاککردن یا ....... بۆ دەرچوون لەم دۆخە کە لە سەرووی قەیرانەوەیە ئەم خاڵانەی خوارەوە بە هەرە پێویست و فەوری دەزانم.

١. هەڵوەشانەوەی ڕێکخستن و کۆمیتەی بەرێوەبەری ئۆردووگا

٢. ڕێکخستنەوەی دووبارەی ئۆردووگا لەسەر دابەشکردنی بەرپرسایەتی بە پێی توانا و دلسۆزی و لێهاتوویی

٣. سازدانی ڕێکخستنی سیستەمێکی پەیژەیی کە تیایدا پلە سابقە لێوەشاوی هەرکەس بە دروستی دیاری کرابێت

٤. جیاکردنەوی ریز و سنووری کادر، ئەندام، پیشمەرگە و جێ بەجێکردنی ئاییناممەی هێزی پیشمەرگە و ماف و ئەرکەکانی هەر کەس و پ م و ئەندامێکی بی ئەم لاو ئەولاو چاوپۆشی

٥. دیاری کردنی مووچە و ئەر ک و ماف بە پێی تاریفی کادر و ئەندام و پ م

٦. دارشتنی ستراتیژی و سیاسەتێکی کۆنکریت و دیاری کراو بۆ سەرپاکی راگەیەندنەکانی کۆمەڵە

٧. سازدانی فەرهەنگی سیاسی و حیزبی لە ئۆردووگا و لیدانی بێرەحمانەی هەموو وردە فەرهەنگێک و بیری نەریتی و دواکەوتوانە و راحت ویستی و لا ئوبالی گەرییەک

٨. وەگەرخستنەوەی فێرگەو بارهێنانی کەسی حیزبی بە کلتورو باوەر و فەرهەنگی مۆدیرن و ئەمرۆیانەو سیاسیەوە

٩. سازدانەوەی هێزی پ م لە سەر بنەمای سیاسەتکەکانی کۆمەڵە و دسپلینی حیزبی هیچ چاوپۆشی نەکردنی لەم بوارەدا

١٠. بێ وەستان و ماتڵی سازدانی کۆمیتەی ئەمنییەت و چاودێری کردنی و ردوو رەوای باری ئەمنییەتی خۆمان و ئۆردوگا

١١. پەلامار و بەربەستی بوێرانەی بێ ئنزباتی و شایعە و درۆ سازکردن

١٢. بنبرکردنی باند ازی و ناو چەگەری و مودیریەتی لۆمپنیزم

١٣. چاوخشانەوە بە سەر پرۆسەی ئەندامگیریدا لە ماوەی **2** ساڵی رابردوودا

١٤. دانانی لیژنەیەکی تازەی ئەندامگیری **5** کەسە

کاک عومەر ئەم خاڵانە لەم بەشەدا دەتونن بە دادمانەوە بین و دۆخەکە چارەسەر بکەن وەگەر نە بەرەو هەڵدێرین، دیارە زۆر شتی دیکەش دەتوانن ببن کە خۆتان بیری لی بکەنەوە

بووجە و داهات و ماڵی کۆمەڵە

بەرێز هەروەک جەنابت دەزانیت من ئەوە ماوەی نزیک بە **2** ساڵ دەبێت ئەندامی کومیسیۆنی مالی کۆمەڵەم لەم ماوەیەدا جگە ئەوەی کە مانگانە بووجە دێت و دەڵێن ئەوە بۆ ئەوێ و ئەوە بۆ



www.peshmergekan.com

ئەولای هیچ کاریکی دیکەم نەکردووەوە نەبووە لەم کومیسیۆنەدا. نە سیستەمان هە یە نە حسابدار. خواوەکیلی ئەم دەورە دێت و دەچێت، بوودجەی ئۆردووگا دیاری کراوە و کەچی هەرڕۆژ ئێمە لەنگی پوولی ڕۆژان ین، جەندین و چەند جار بووە خۆشت و ئێمەش بۆ 20 دینار پارەی بەنزین ماوینەتەوە؟ ئاخر ئەم دۆخە تاکەی دەتوانیت وابیت؟ تائەم کاتەش من بۆ خۆم بۆ یەک جاریش فاکتۆر سورەت حساب و خەرجی ئاسۆ ساتم نەبینی کە ن بینی. چۆنییەتی خەرجی ئەم دەزگا ئیستا و ئیستاش بۆ من نادیارە و نادیار، دیارە کاک فرزین لەم بارەوە هەم قسەی لەگەڵ جەنابت کردووە هەم نامەی بۆ ناردووی من زۆر لە سەری ناچم بەس ڕێگا چارەکان بە کورتی باس دەکەم.

بەرێز کاک عومەر، من ئەم خاڵانەی خوارەوە بە هەرە پێویست دەزانم بۆ چاکسازی باری ماڵی خۆمان:

١. دامەزراندنی خێرا و هەر ئێستای سیستەمیکی حسابداری ئەمرویانە بۆ بەرێوەبردنی هەموو خەرج و حسابەکانی کۆمەڵە بە ئاسۆساتیشەوە

٢. سپاردنی هەموو خەرج و داهاتی ئاسۆسات بە خەزانەداری کۆمەڵە و هەموو لیپرسینەوەیەکیش با هەر لە ئەو بیت لەم بارەوە.

٣. دامەزراندن و لابردن و مووچە دیاریکردنی هەموو کارمەندان و کارگیرانی ئاسۆسات با بە ک ن بیت و ئەوان بریاری ئەم کارانە بدەن، واتە ک ن خۆی هەموو ئەم پرۆسەیە بەرێوە بەرێت.

٤. دارشتن و ئامادەکردنی ستراتیژیەکی کۆنکریت و گەڵالە کراو بۆ ئاسۆسات کە کەس نەتوانێت لێی لابدات و لازم و بە بەرێوە بردن بێت.

من لەم بارەوە ئەوەم بە بیر دەگات و خۆتان دەتوانن زیاد و کەم یا باشتری کەن.

کاک عومەر، جەنابت کۆی ئەم خەسارانە دەناسیت و دەزانیت ئاواتەخوازم بە جیددی و راشکاوانە بریاری چارەسەر و جاکسازی بدەیت بۆ هەمیشە ئەم باسانە ببرینەوە.

ڕووانگە سیاسەت هەڵوێست و سنوربەندیەکانمان

سیاسەت و هەڵوێستەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکیشان تا ئیستا و ئەمرۆ لەو هەڵوێست و سیاسەتانەن کە دەتوانین بڵێین زۆر تەندروست و شیاوبوون بەڵام کەم برست بە رتەسک وە لە هەندێک رووبەر و رەهەندا بی قسە یا کەم قسە بوون.

ئێمە لە ئاست ریفۆرمخوازانی سەوزو هەناو حکومەتی هەڵوێست و خویندنەوەی شیاو بە جێگامان بووە و باش توانیومانە ئەم درمە و خەسار و ئاخیزگە و رادەی کارای و پتانسیلەکانی بناسین. ئەمە بە تەنیا بەس نییە. ئێمە نەمان توانی ئەم خویندنەوە گەشە و بە دامینە بکەین و بتوانین لە ئاستیدا بەرەو رەوتیک ساز و پیک بینین کە لە بری ئەو جیگر و ئالتەرناتیف بیت، دەتوانم بڵێم ئێمە لەم هەڵوێست و خوێندنەوە تەندروست و بە جێگەیەدا تەنیا و تا رادەیەکیش تەریک ماینەوە. ئامرازو هۆکار و ئەسبابەکانی گەورە و بە بەرەکردنی ئەم بەریانە لە لاوازی خۆماندایە نەک بە هێزبوونی ئەو رەوتەدا. راستە کە ئەوان میدیای جیهان و سەرمایەو هەندێک لە

ڕاره‌وه‌كانی ده‌سه‌ڵاتی جیهانیان له‌ گه‌ڵ بوو، به‌ڵام ئه‌م له‌گه‌ڵ بوونه‌ كاتی و له‌ دۆخی هه‌لچووندا بوو، زووكشایه‌وه‌ و رووله‌ ته‌كینه‌وه‌ بوو، به‌ڵام ئێمه‌ نه‌مان توانی جێگا خالیه‌كان بقۆزینه‌وه‌و خۆمان پڕیكه‌ینه‌وه‌.پركردنه‌وه‌ی ئه‌و جێگا خالیانه‌ په‌یوه‌ندی تۆكمه‌ و سنوربه‌ندی سیاسی و بوجه‌ی خۆی ده‌ویست كه‌ ئێمه‌ نه‌ زۆر بۆمان گرینگ بوو نه‌ باش به‌ پیریه‌وه‌ چووین، وامان ده‌زانی كه‌ ته‌نیاو ته‌نیا به‌ مینبه‌ری ئاسۆسات ده‌توانین ئه‌م گرینگه‌ به‌ ئه‌نجام بگه‌یه‌نین كه‌ له‌ كرده‌دا دیمان وا نه‌بوو. كه‌لێن و درز كه‌وتنه‌ ناو بزووتنه‌وه‌ی مه‌ده‌نی و سیاسی كورد هه‌لێك بوو كه‌ سه‌وزه‌كان كردیان و ئه‌وه‌ ده‌كرا به‌ چالاكی و زۆركاری ئێمه‌ روونه‌دات.

ئێمه‌ وه‌ك هێزێكی چه‌پ و سوسیالیست له‌ ئاست پێناسه‌كردنی ئه‌م چه‌پ و سۆسیالیسته‌ بێ پرۆژه‌و بێده‌نگ و به‌خه‌ستی كه‌م كارین. هێشتا زۆرێك له‌ كادر و ئه‌ندام و پ م كۆمه‌ڵه‌ به‌ رۆشنی و وردی هیچ خوێندنه‌ وه‌ و تێگه‌شتنێكیان له‌ چه‌پ و سوسیالیزم و كلتوری ئاوه‌ها هێزێك نییه‌. ئێمه‌ ئیستایش خۆمان به‌ ئه‌سته‌م ده‌توانین له‌ به‌رانبه‌ر هێزێكی نه‌ته‌وه‌یدا پۆلین و پێناسه‌ بكه‌ین. له‌ فامكردن و شرۆڤه‌ی سۆسیالیزمدا نازانین كام سۆسیالیزم باس ده‌كه‌ین و خوازیاری سۆسیالیزمین یا سۆسیال دیموكراسی، ئه‌ویش كام سۆسیال دیموكراس، ئه‌وه‌ی رۆژ ئاوا كه‌ له‌ زۆرجاردا له‌ راست راستتره‌ یا سۆسیال دیموكراسیه‌كه‌ ئاخیزگه‌ و پێگه‌و بنه‌ماو هه‌لومه‌رجی تایبه‌تی وڵاتی ئێمه‌ خوازیاریه‌تی.

به‌رێزم ئه‌م باسه‌ زۆری ده‌وێت و منیش نا خوازم هه‌ر ئێستا و به‌م چه‌ند خه‌ته‌ ته‌واوی كه‌م به‌س هه‌ست ده‌كه‌م پێویسته‌ ئه‌گه‌ر تیتر ئاساش بێت وه‌بیری بینمه‌وه‌. ئێمه‌ باس له‌ چه‌پی كوردی ده‌كه‌ین به‌ڵام بۆ خۆشمان هیچ تاپۆ و ئاراسته‌یه‌كی دیارمان له‌م جه‌په‌ كوردییه‌ نییه‌. ئه‌و هێزانه‌ی كه‌ پییان ده‌ڵێین چه‌پی كوردی، كێن ؟كوان؟ له‌ كۆمه‌لگای كوردستاندا چ پێگه‌و جیگه‌یه‌كی دیاری كۆمه‌لایه‌تیان هه‌یه‌ و په‌یوه‌ندی و سیاسه‌تی ئێمه‌ له‌ ئاستیان چۆنه‌؟

ئایا چه‌پی كوردی حه‌تمیه‌تیكی له‌گه‌ڵ ده‌وله‌تی كوردی هه‌یه‌ یانا؟ ئایا ئه‌م چه‌په‌ كوردیه‌ ده‌توانیت بجیته‌ بازنه‌ی چه‌پی ئێرانییه‌وه‌ یا راستی راسته‌ یا بارگاوكراوه‌ به‌ جۆره‌ شۆفیه‌نیزمێكی نه‌ته‌وه‌ی بالاده‌ست؟ چه‌ندین و چه‌ده‌ندین پرسی گرینگ چاره‌نووسساز له‌به‌رده‌ماندایه‌ و بێ وه‌ڵام رامان گرتوون. بۆ چوونه‌ ناو گونگره‌یه‌كی سه‌ركه‌وتو پر ناوه‌رۆك و به‌ ده‌سكه‌وت وه‌ڵام دانه‌وه‌ به‌م پرسانه‌ و زۆری دیكه‌ش له‌ هه‌ره‌ پێویسته‌كانن، به‌رێز.

ئێمه‌ له‌ ساته‌وه‌ختی خه‌بات دژی دیكتاتۆریداین هه‌رجه‌نده‌ ئه‌م دیكتاتۆریه‌ی لای ئێمه‌ نۆبه‌ره‌و له‌ جاخی مۆدیرندا بۆنی ئیستبدادی لێدێت، له‌م خه‌باته‌دا هێزه‌ هاو ریگاو هه‌لۆێسته‌كانمان كامانه‌ن ره‌نگه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی بۆچون و جۆره‌ تیگه‌شتن و سنوو به‌ندییه‌كمان له‌م هێزانه‌ هه‌بێت، به‌ڵام به‌ روون و كۆنكریت و هه‌ولدراو له‌م به‌ستینه‌شدا زۆر پرسی بێ وه‌ڵام هه‌ن كه‌ ده‌خوازن وه‌ڵام بگرن بابه‌تی یه‌كگرتنه‌وه‌ و یه‌كبوونه‌وه‌ی كۆمه‌ڵه‌كان بی ئه‌وه‌ی به‌ میتۆدی هاوبه‌ش و فامی هاوبه‌ش وتیگه‌شستنی هاوبه‌ ش له‌ ده‌سه‌ڵات و كۆمه‌ل وحیزب نه‌ گونجاوه‌، ئێمه‌ بۆ گه‌شتن به‌م ها به‌شانه‌ چیمان كردووه‌ و ده‌ی كه‌ین. ده‌ورانی حیزبی بچووك به‌سه‌ر دێت و هاتووه‌ بۆ بوون به‌ حیزبی كۆمه‌لایه‌تی و به‌فراون چیمان كردووه‌و ده‌یكه‌ین؟

www.peshmergekan.com

دوا قسەش کاک عومەر، بە رای جەنابت پێشخانی فکری و رادەی ئاوەزو سەرمایەی ئەندێشەی ئێمە لەو ئاستە دا هەیە ئەمانە گەلاڵە بکات و ئەم بارە لە ئەستۆ بگرێت؟

جیهانی ئاوەزو باری پەروەردە ورادەی تیگەشتن و زەخیرەی فام و ئاوەزمان رێگامان دەدات بە پیر دانەدانەی ئەم پرسانەوە برۆین و وەلامی شیاوخۆیان بۆ دەستە بەر کەین؟ کاک عومەر با روون و راشکاو بلێم ئێمە بە دەست بەرێوەبردنی ئۆردووگایەکیب چوکەوە گیرمان کردووەو ووردە فەرهەنگ و نەریت و دواکەوتووی گەمارۆی داوین، جا چۆن ئەوکارانە بکەین نازانم.

جەنابی کاک عومەر، بەداخم وا دەلێم بەلام بم ببوورە ناچارم بلێم دوورترین و دواکەتووترین گوندی ولات کەلتور و ژیانی لە ئۆردوگای ئێمە کراوەتر و پێشکەوتووترە وە خەتاش خەتای خۆمانە.

بەرێز کاک عومەر، من چاوەڕووانی وەلامی جەنابت دەکەم کە یەکەم هەنگاوەکان بەرەو چاکسازی هەلبگرین، یان....

سوپاس بۆ تاقەتان و خوێندنەوەی ئەم نامەو پێشاوپێشیش بۆ وەلامەکەتان هەرچی بێت

جەلیل ئازادیخوا ٢٠١١/١٢/٤

.................................................

## هاورێیانی کومیتەی ناوەندیی

## هاوڕێیانی دەستەی بەڕێوەبەر

سلاوێکی گەرمی هاوڕێیانە

ئاواتە خوازم ئەم راو سەرنجانەم لەسەر راپۆرتی کاک رەزا لە کۆبوونەوەی رۆژی شەممە هاوڕییانە وەر گرن ولە ئاراستەی رەخنە و رەخنە لەخۆگرتندا ببینن بۆ هەرچی باشتر کردنی کارو باری حیزب و ریکخستنەکانی کۆمەلە. سازدان و رەخساندنی دۆخێکی کراوەی زەینی و هاورێیانە کە تیادا ئەندێشە چرۆ بکات و زمان لە پێناوی گەیشت بە خالە هاوبەش وخەسارەکان ئازادانە بخولقیت ئەرکی تاک بەتاکی ئێمەیە. سەرەرای ماندوو نەبوونی هاورێیان و ئاواتم بۆسەرکەوتنییان ئەم راو سەرنجانەم لە بابەت راپۆرتی ناوبراو هەیە کە هەوڵ دەدەم بە چنراویەکی گونجاو بیخەمە بەردەستان.

١- پاش تەواوبوونی پلۆنۆم کە ماوەیەکی زۆری بەسەردا دەچێت تا ئەم بەرواره هێشتا هیچ جۆرە کۆروکۆبوونەوەیەک لە رێکخستنەکانی کۆمەلەدا نەگیراوە وباسەکانی پلۆنۆم بۆ خوار ک ن نەبراوە و هیچ شۆربوونەوەی باسێک لە گۆریدا نییە.

٢- بەداخەوە ومەخابن کە باسەکانی ناو پلۆنۆم وەک خۆی و بە ئەمانەتەوە ناگویزریتەوە و لە ڕێگاو کانالی نا فەرمیەوە و دلخوازانە باسی ناراست و دەنگۆ سازکردن لە گۆریدایەو دەخوازی هەرچی زووتر ئەم دۆخ و گرفتە چارە بکرێت

٣- هەر لەم ماوەکەمەدا ١٦پێشمەرگە ریزەکانی کۆمەڵەیان جێهێشتووە و جێگایان پڕ نەکراوەتەوە.

٤- بە شەوانەو زۆر دوور لە یاساو ڕێسای حیزبی خەڵک لە ئۆردوگا کراوەتە دەرەوە ئەگەر دەریش نەکرابێت زۆر نەشیاو لە ئۆردوگا دوور خراوەتەوە وەک پ م ئامانج سەڵەواتی.

٥- دەتوانم بڵێم هەموو ڕۆژێک یا هەموو شەوێک شەر بووە و ئارق خواردنەوە و مەستکردن بووەتە پەتاو لێدان و پەلامار بۆ خۆی جۆرە نورمێکی پەیدا کردوە وەک شەرەکانی پشتیوان و سەرکەوت و رەزاو شۆرش وسارۆ و کارو وفواد و چیا هەروەها کار گەشتووەتە چەقۆکێشان و شتی نا شیاو.

٦- ئاموزشگای کۆمەڵە چۆڵە و هیچ کەس نییە کە وەربگیرێت و یەکسەرە دەرگای پەزیرش و ئامۆزشگا بەسراوە و کەس بیریک لەم دۆخە ناکاتەوە.

٧- ماشینەکانی کۆمەڵە دەکرێت بڵێم بێ خاوەنن و فرکان فرکانیان پێدەکرێت و هیچ پرسینەوەیەک نییە و هەمووشمان دەزانین کێ ئەم فرکان فرکانە دەکات.

٨ ـ ئەو کەسانەی وەک پوریا و بەهار کە سینگیان بۆ دادەڕنراو ئێمە خوازیاری بەرخوردبووین تەکیانا بێ تەسفیە کۆمەڵەیان جێهێشت و ڕوویان لەلای کاک بارام کرد.

٩- ماوەی هەفتەیەکە فیوزی کارەبای ئۆردوگا سوتاوە و تەنیا لە مۆتۆری کارەبای کۆمەڵە سوددەگرن و هیچ کەسیش بەرپرس نییە.

١٠- هەندێک جار نان نییە و لەدەرەوەی ئۆردوگا نان دەکرن هەروەک دوێنێ.

١١- کار گەشتوەتە شوێنێ کە کە ئەندامی ک ن شەو بە مەستی دەچێتە بارەگای مقەری شاری کۆمەڵە و بەزەوقی خۆی سوکایەتی بە پ م سارۆ دەکات و بێ ئاگاداری بەرپرسی شار شەوانە لە مقەرِ دەریدەکەن.

١٢- کەسێک بە ناو سەلاح مورادی بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ ئۆردوگا بەجێدێڵێت و پاشان دیتەوە و بە قسەی خۆی لە ئاسایشی هەولیر گیراوە بێ لێپرسینەوە چەکدار دەکرێت ولە پرسگە دادەنریت، ئەمە لە کاتێکدایە کە خۆم بە بەرپرسی نیزامیم وتوەکە ناوبراو هەموو کەس وکاری پاسدارە لەوانە باوک، مامو و کەسانی نزیکی.

١٣- سانسۆرکردنی ئاسۆسات هەربەردەوامەو باشترتین نمونەی تاتیل وهەواڵی سمیناری سی دی ئۆیە و پاشان تاتیلی بەرنامەی دیمانە کە ئاسمان و ریسمانی تیدایە جگە من و هەندێک هاورێی دیکە.

١٤- وێرانی هەواڵ و بەرنامەکانی بۆ نموونە لەیەک پارتی هەواڵیدا بەداخەوە ٨ هەڵەی زمانی و نووسراوەیی لە ژێرنووس وتاتیلەکاندا دەبینریت.

دیاره خەسارەکان لەمانەش زۆرترن و من بەم چەند خاڵە بەس دەکەم بەهیوای پێداچوونەوە و چاکسازیان.

بەڕێز بەرپرسی دەستەی بەڕێوەبەر، ئەم نامە بۆ بەڕێزتان دەنێرم و چاوەڕووانم لەگەڵ بەدەست گەشتنیدا بیگەیەننە هەموو ئەندامانی ک ن

سوپاس و ئاواتی سەرکەوتنتان

هاوڕێتان جەلیل ئازادیخواز ٢٠١٣/٦/١٨

.....................................................................

## برای بەرێزم کاک عومەر سلاویکی هاوریێیانە

بەڕێزم هەرچەندە نە پێویستە و نە نیازیشم هەیە ریژەو جۆری چالاکیەکانی خۆم بۆ دەستەی بەناو بەڕێوەبەر بنووسم و نە ئەوان حەز بەم شتە دەکەن و نە پێشیان خۆشە، بەلام بە باشم زانی بۆ زانینی خۆت و ئاگادار بوونت ئەم بابەتە بنێرمە خزمەتان و ئەگەر کاک عوسمانیش خوێندنەوەیەکی شرۆڤەکارانەی رەخنە گرانەی لەسەری بوو ئەوەبا بفەرموویت.

هەروەک دەزانن ماوەی کەمتر لە دوو مانگە من بۆ پشوو هاتوومەتەوە بۆ ئەمریکا لەم ماوەیەشدا ئەم کارانەم کردوە.

١- دیمانە لە تەلەفزوێنی کوردی ئەمریکا بە هاوبەشی کادرێکی رابەری حدک لەسەر بارودۆخی کوردستان و هێزەکانی رۆژهەلات.

٢- دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ تیقی کوردی دەنگی ئەمریکا لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

٣- بەشداری لە بەرنامەی فارسیی "افق" لەدەنگی ئەمریکا بەشی فارسی لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

٤- دیمانەیە لە "صفحە آخر" دەنگی ئەمریکا بەشی فارسی لە سەر شاعیری نەتەوەیمان شیرکۆ بێکەس.

٥- سمینارێکی کورت ماوە لە کانوونی فەرهەنگیی ئێرانیان لە واشنگتون لە سەر مامۆستا شێرکۆ بێکەس.

٦- بەشداری لە کۆگرەی ٢ رۆژەی سێکۆلار دیموکراتەکانی ئێران لە واشنگتون و خوێندنەوەی وتار.

٧- دیداری ناوەندیی مەدەنی ئەمریکای (ئا تێ ئیس) و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی.

٨- سمیناریکی ٣ ساعەتە لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی لە کانوونی فەرهەنگی ئێرانیان لە واشنگتن بە ئامادەبوونی ١٠٠ کەس لە رووناکبیران و ئکیتی فارس زمان.

www.peshmergekan.com

٩- دیمانە لە گەڵ تیڤیی" مەردم" لە واشنگتون.

١٠- دیدار لە گەڵ چالاکانی فارس و هاوبەشی کەمپینی گفتوگۆ و پێشکەشکردنی بابەتی لە سەر ژن، نەریت، کۆمەڵگا.

١١- دیدار لەگەڵ (وەزارەتی ) دەرەوەی ئەمریکا.

١٢- دیدار لەگەڵ بەرپرسانی کەی،ئار، جی.

١٣- دیدار لەگەڵ بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوە و کوردستانی حدک.

١٤- دیدار لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی لە ئەمریکا.

١٥- دیدار لەگەڵ بەرپرسانی " ئێتحادی چەپ" لە واشگتون.

دیارە ئەم کارانەم هەموو بە ئەرک و خەرجی خۆم ئەنجام داوە و دەی دەم و لە سەفەرەکانی پێشوشدا هەرواوبووە و سەرەڕای ئەمەش کە هیچ کات باسی ئەم خەرجانەم نەکردووە، ساڵی پار واتە ٢٠١٣ بۆ ١١ مانگیش من مووچەی خۆمم نەگرت، ئەمانە بۆیە دەڵێم گوایە لە هاتنەوەمدا ٤٠٠٠ دۆلار دراوە بۆ سەفەر کە ڕاستە ٣٠٠٠ دراو بە بلیت و ١٠٠٠ بۆ خەرجی سەفەر کەچی بیستوومە لە بری موچەی مانگانە حیسابیان کردووە.

بەهەر حاڵ ئەمە بەشێک لە کارەکانی من بوو لە پەیوەندی لەگەڵ میدیا و کۆمەڵە و پەیوەندی دیپلۆماسی، وەگەرنە چوار بەرابەری ئەمە کارم کردوە کە پەیوەندی بەخۆم و کاری کولتوریەوە هەیە. دیسان سوپاس.

جا تکایە با هاوەڵانی تریش کاری دوو مانگەی خۆیان بنووسن و کاک عوسمان شرۆڤەی هەموویان بکات.

هاورێت جەلیل ئازادیخواز

........................................................

## هاورێ و برای بەڕێزم کاک عومەر

## جەلیل ئازادیخواز ٢٠١٣/٠٨/٢٩

سڵاویکی هاورێیانە

برای هێژا ئەمرۆ وەڵامنامەکەی جەنابتم بە دەست گەیشت کە لە وەڵامی نامەی داواکاریی کۆنووسی ک ن من و هاورێ هێرشدا نووسیوتە. سەرەتا سوپاس بۆ وەڵام وبەرپرسایەتیت لە ئاست ئێمە و نامەکەماندا، بەڵام بە پێویستی دەزانم ئەم چەند تێبینییە بۆ بەڕێزتان بنووسم.

www.peshmergekan.com

سەرەتا نووسیوتانە کە کۆنووسی کۆبوونەوە کە دەبێت بەرپرسی کۆبوونەوەکان بینووسێت و ڕەوانەی بکات کە لە هەولێرە و دەستت پێی ڕاناگات، واتە ڕەزا. دەبێت بڵێم کەی کاک ڕەزا کۆنووسی ناردووە تا ئەمە جاری دووهەم بێت؟ پاشان ئەوەی جەنابت نووسیوتە من بۆخۆم زۆر زیاتر لەوەم بیستووە، بەڵام چۆن جەنابت جێگای باوەڕی بۆ من و هەمیشە و هەموو کات لە گرفت و قەیران و ئەنجامی کاردا ڕاو ڕاوێژ کردن لەگەڵت بۆ من لە پلەی یەکەمی گرینگیدا بووە ئێستاش هەر بەو گرینگیە قسەکانت وەر دەگرم، هەرچەندە ماوەیەکە هەست دەکەم کە هەندێک مەیلت لەوەیە کە یاساشکێنی و کارە تێکدەرانەکانی ڕەزا و هاوراکانی بپۆشی  یان باشترە بڵێم کەم و ناگرینگ نیشانیان بدەیت، ناشزانم بۆ؟

برای بەڕێز، دەپرسم ڕاستی کەسێک کە خۆی ئامادەی کۆبوونەوە نییە، ئایا ڕەوایە بیهێننە بەرباس و بێ بەڵگە خراپە و نەشیاو بدەنە پاڵی؟

بۆ بەرتان بەم ڕەوتە نەگرت؟ پاشان بە لای کەمەوە ئەم کارە لە باری منەوە کراوە واتا تاوان خستنە پاڵ و قسە بۆهەڵبەستن کە ئامازەی پێدەکەم. بەڕێزم کاک ڕەزا بۆ و بە چ مافێک دەبێت ناوی من بێنێت؟ کەی دەست لەم جۆرە کارە هەڵدەگرێت و دەگەرێتەوە بۆ یاسا و ڕێسا حیزبیەکان؟ هەروەک خۆتان دەزانن ڕەزا لە کۆبوونەوەی ک،ن داو بە ئامادەبوونی خۆت و زۆرێک لە بەڕێزانی ک، ن  و بێ هیچ بەڵگە و هۆ و تاوان و کارێکی خراپ هێرشی کردە سەر من و جنێوی دا وە بەبێ لێپرسینەوەی حیزبی ئەم کردارەی ناوبراو چاوپۆشی لێکرا و من ماڤی خۆمە کە بپرسم بۆ؟

بەڕێزم ناوهێنانی من لەلایەن ڕەزاوە هەرچەندە لە غیابی خۆمدا نەشیاوە بەڵام دەبێ هۆیەکی بێت. ئەگەر من شتێکم وتوە یان نووسیومە لە ئاقاری گشتیدا یان وتوومەوە لە وەڵامی قسە و باسی هاورێیانی کۆمەڵەدا بووە، هەروەها بچووکترین سووکایەتیم بەکەس یا کەسانێ یا دیاردەیەک نەکردووە و نووسراوەکان ماون، ئەگەر قسەیەکی بێ بەڵگەم کردووە ئامادەم هەموو بەرپرسایەتیەکانی قبوڵ بکەم. هەروەها دەزانیت سەرەڕای هەموو کارە نەشیاوەکانی ڕەزا و تەنانەت جنێودانی بێ پاسا و نەشیاویشی بە من، من چاوپۆشیم کرد و پێش چوونەوەم بۆ ئەمریکا لە دانیشتنێکی دۆستانە دا بە هاورێی کاک سادق، بە وەلی، بە عوسمان و فەریبا و ڕەزا و ئەرسەلان و جوبرەئیل، و وا دەزانم عەتاش بوو، کە چەند کات ژمێر قسەمان کرد و بە شاهیدی کاک سادق خۆی بە منیان وت کە قسەکانی تۆ زۆر سەمیمی بوون و دەخوازی هەموومان بەخۆماندا بچینەوە و واز لە هەڵسوکەوتی نا هاورێیانە بێنین، هەر بەگەیشتنەوەم بە ئەمریکا دیسان ئاژیتاسیوون دەستی پێکردەوە و وەک هەمیشە ڕەزا پێشقەرەوڵی ئەم کارە بوو.

بە قسەو واتەی خۆت ئێوە ڕاگەیاندنتان کردە سێ پارت و منتان وەک بەرپرسی هەفتەنام وە بڵاوکراوەکان داناو خۆم و جەنابیشت لەم بارەوە بە وردی قسەمان کرد کەچی کاتێک ڕەزا نامەی سازماندانەکەی نووسی بە ئەنقەست ناوی منی لابردوە و ناوی هاورێیەکی دیکەی هێناوە، بە جەنابتانم وت، وتان هەڵەیە و چاکی دەکەین و تا ئیستاش چاک نەکراوە و ڕەزا ئامادە نەبووە ئەم نووسراوە وەرگرێتەوە بۆ ؟ ئایا ئەم حیزبە حیزبی کاک ڕەزا یە کە بە مەیلی خۆی هەموو شتێکی نە شیاو دەکات؟ جەنابت بۆ بێدەنگی و ئەو نامە هەڵناوەشێنیتەوە؟ پاشان خراپ نییە بزانیت کە ڕەزا هەر لەو دانیشتنە دۆستانەدا وتی بە ڕاستی من بەناڕەوا هێرشم کردە سەرتۆ و

www.peshmergekan.com

داوای لێبوردن دەکەم و ئامادەم کەتبی بۆت بنووسم کە من وتم ئەگەر بڕیار کاری هاورێیانە بێت گرینگ نییە، من لە بیری دەکەم و بۆم گرینگ نییە، ئەمە بوو کاری هاورییانەکەو داوای لێبوردنەکەی ڕەزا؟ کاکە ڕەزا شەوانە ڕۆژ لەپشت سەر خەریکی خراپکاریە و جودای و تەفرەقە دروست دەکات و تۆش هەڵوێست ناگریت، نازانم بۆ؟

مەگەر نازانیت ڕەزا بۆ کاک نەوید و سامانەکەی چی دەوت؟ ئەگەر لازمە من ئامادەم ڕووبەڕووی خۆی بیڵێم. مەگەر نازانی بۆ خۆت و مووچە و پارتی لە زمانی نەویدەوە چی دەوت دیسان ئەگەر لازم بێت من ئامادەم ڕووبەڕووی بڵێم. کاکە زۆر و زۆر و زۆر شتی دیکەی ڕەزا هەن، بۆ ئێوە بێدەنگن، تکایە بڵێن ئەگەر حیزب حیزبی ڕەزایە و هەرچی دەخوازێت بە دڵی خۆی بیکات با بزانین و بە ڕاست من هەموو ژیان و سەروەت و بوونی خۆمم بۆ ئەم جۆرە گەرەلاوژانە لە دەست نەداوە و تاقەتیم نییە. وە گەر نە، من هێندە شتی ڕەزام لایە کە مەسنەوی سەد مەن میشەوە برام، من ئیتر گەشتومەتە سنووری ڕەنگە هەموو کارە نالەبارەکانی ئەو برادەرە باس بکەم، تکایە سنوورێک بۆ ئەم کردارانەی ڕەزا دابنێن.

بەڕێزم، پاشان ئەگەر هەر کەسێکی دیکە ناوی منی هێناوە تەنیا کاری ڕەزایە وەک کەیوان سەنای کە چاولەزاری ڕەزان. برام، ئەو کەسەی کە دەڵێت هەندێک کار ناکەن و بە قسەی منە کە کار ناکەن ئەوە عوسمانە با ناوی ئەو کەسانە بڵێت کە کار ناکەن. من بۆ عوسمان قسەم زۆرە بەس چۆن هەست دەکەم ئەو قسانە هی خۆی نییە و چاولەزاری ڕەزایە ئەم جارەش هیچ ناڵێم. وەگەرنە هەمووومان ئاگامان لە یەکە. کاک عومەر، تۆ باسی نامەی ڕێبوار دەکەیت، ئەوە کام حیزبە کە دەبێت بۆن بە دەم تاکەکان و ئەندامەکانییەوە ئەکات کە چۆن بیر دەکەنەوە؟! ئازادی تاک و سەرفەرازی لەدەربڕینی ڕادا بنەماییترین ئازادی و مەرجی کەسایەتی ئازادی تاکن، هەر تاکێک ئەم تایبەتمەندیە لە دەست بدات کۆیلەیە، جا چ کۆیلەی حیزب چ کۆیلەی دەسەڵاتێکی تر. ڕێبوار بە ناوی خۆی وەک خۆی و ڕای کەسێکی خۆی دەربڕیوە و پەیوەندی بە حیزب و کەسی ترەوە نییە. بەڵێ، ئەگەر بە ناوی حیزبەوە قسەی کردووە جەنابتان ڕاست دەفەرموون، پاشان کاک عومەر، ئەوە بۆ باسی ڕەزا ناکەن لە کاتێکدا تۆ لە دیمانە دا دەڵێیت پەژاک واقعیتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەبێت وا مامەلەی لەگەڵ بکەین کەچی ڕەزا لە ڕووداو دا و بە ناوی کۆمەڵەوە دژی ئەمە دەوستێت و کەسیش هیچ ناڵێت، بانێک و چەند هەوایە کاکە؟

باسی نامەی کاک هێرش دەکەیت، بەڵێ منیش نامەکەم دیوە و ئەوە نزیکەی چەند مانگە کاک هێرش لەم نامانە بۆ ڕەزا دەنووسێت. دوو شتە کاک عومەر. دەق و ناوەڕۆکی ئەم نامانە کەسەکین و بە کاک هێرش خۆی مەربووتە پاشان یا ڕاستن یا ناڕاستن یا نیوە ڕاستن نە ڕەشی ڕەش نە سپی سپی نە خوا نەئبلیس. بەڵام پرس ئەوەیە بۆ ڕەزا خۆی لێ نەبان کردووە دیارە تا ئەو جێگای من دەزانم بە جیا لە زمان و لەحنی نامەکە ناوەرۆکەکەی زۆری ڕاستە بۆیە دەنگ ناکات، دەی با بیسەلمێنێت کە وانییە و ئەوسا سزای حیزبی هێرش بدەن.

کاکە گیان تکایە سنوورێک بۆ ئەم هەلسوکەوتانە دانین، کەس سوودی لێ نابات. من ئەم دەقە بۆ خۆت دەنێرم و بە باشی دەزانم خۆت بیدەیت بە ڕەزا، هەر بژیت.

برات جەلیل ئازادیخواز ٢٠١٣/٠٨/٢٩



www.peshmergekan.com

## بۆ ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

## بابەت: ڕوونکردنەوەی پێویست

## ڕێبوار ڕەشید ٢٠١٣/٠٨/٣١

سڵاو و ڕێز

بەڕێزان، لە ڕێکەوتی ٢٨ /٢٠١٣/٢ نامەیەکی سەرئاوەڵەم بۆ ئێوەی ئەندام نارد کە بە دەست هەندێکتان گەیشت، بەڵام پێموایە ژمارەی ئەوانەی بەدەستیان نەگەیشتووە هێشتا زۆرن. ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمیتەی ناوەندیی دژ بە بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیە بۆ ئەندامان وێستان. لە وەڵامی ئەو هەڵوێستەیاندا نامەیەکی دیکەم بە مێژووی ٢٠١٣/٣/١٥ بۆ کۆمیتەی ناوەندیی نارد و داواشم لێکردن کە ئەوان خۆیان ئەو نامەیە بە دەستی ئێوە بگەیەنن، کە دیارە دەزانم تا ئێستاش نەیانکردووە و بە دەستتان نەگەیشتووە.

ئێستایش دروست هەر لەبەر نەبوونی کۆبوونەوەی ئەندامان و نەبوونی نامیلکەیەکی ناوخۆیی ناچارم لە ڕێی ئەم نامەوە قسەوباسی خۆمتان پێ ڕابگەیەنم. ئاپەدیتکردنی ئێوە وەکوو بەدەنەی تەشکیلات بۆ من فرە گرینگە.

پێموایە بەڕێزتان دەزانن من یەکێکم لەو کەسە کەمئەژماردانەی کە بە ڕێز و خۆشەویستیەکی زۆرەوە لە بەدەنەی تەشکیلات دەڕووانم و بە گرینگترین پایەی تەشکیلاتی دەبینم و لە زۆربەی کۆبوونەوەکاندا ئەو باسەم کردووەتەوە و مەسەلە و پرسی کۆبوونەوەی گشتیی و تەماس لەگەڵ بەدەنەدا خستووەتە بەر باس، کە من بە بناخەی سەرەکیی کاری ڕێکخراوەیی دەبینم.

بەشێکی زۆرتان دەزانن ئێمە لە "کۆمەڵە- پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان" بڕیارماندا پێش بەستنی کۆنگرەی ١٣ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هیچ جۆرە پۆست و مەقامێک و هیچ جۆرە پارە و مووچەیەک وەرنەگرین و هاوئەرک و هاوماف لە کۆنگرەدا وەکوو ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەشدار بین و بڕیاری کۆنگرە پەسەند بکەین. ئێمە ئەو کارەمان بە هەستی مەسئولیەتێکی یەکجار بەرز کرد بۆ ئەوەی لە جیاتی شەڕەجوێن و یەکترشکاندن و بوختان و قسەهەڵبەستن دژ بە یەک و لێکترازان و لێکدابڕان کە خۆتان دەزانن کولتوری باو و سەردەستی پاش نەوەدەکانی کۆمەڵە (کان) بووە، ببین بە نموونەی پێکەوەبوون و هاوکارییکردن و هاوسەنگەریی.

سەرەرای ئەوەیش کە کۆنگرەی ١٣ بوو بە مەیدانی ساخکردنەوەی حیسابی کۆن لە نێوان زۆرێک لەوانەی کە لە سەر حیسابی ڕابردوو و مێژووی کۆمەڵە دەژین، ئێمە بە باشمان زانی هەر سەرئەنجامەکەی قبووڵ بکەین و دەست بە کار بین، چون واقیعەن هەم بڕووامان بە خۆمانە و هەم پێمانوابوو کە سەرئەنجام بڕیار هەر بۆ لای بەدەنەی کۆمەڵە دەگەڕێتەوە و کارەکان جێبەجێ دەبن.

www.peshmergekan.com

دیاره دەزانن پاش کۆنگرە لە نامەیەکی سەرئاوەڵەدا من هەر دەستبەجێ سپاسی هەموو ئێوە و ئەوانەم کرد کە دەنگیان پێ دابووم و پێ نەدابووم و داوام کردبوو کە پەڕەیەکی نوێ هەڵبدرێتەوە و بە هێز و وزەیەکی گەرم و گوڕ ڕوو لە ئاییندەوە دەست بە خەبات بکەین.

هاوڕێیان،ئەو خاڵانەی ئێمە دەمانویست ببن بە نەخشەڕێگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، زۆر بە کورتیی، ئەمانە بوون (ئێستایش هەر ئەمانەن):

١. گەورەکردنی کۆمەڵە و تێکشکاندنی ئەو کۆسپانەی کە تا ئێستا کۆمەڵەیان بە بچووکی هێشتووەتەوە. واتە هەوڵدان بۆ کردنی کۆمەڵە بە حیزبێکی جەماوەریی.

٢. گۆڕینی ئۆردوگا بۆ گۆڕەپانێکی سیاسیی و عەسکەریی و جێخستنی نەزم و نەسق (بە هەموو وردەکارییەکی وەکوو نەهێشتنی دیاردە چەوت و نادروستەکان، و هاوکات دروستکردنی کتێبخانە و سەوزەوانیی و باخچە و چاککردنی سوێنی ژیان و هتاد).

٣. چەسپاندنی کۆبوونەوەی ئەندامان و کۆبوونەوە گشتییەکان و گەیاندنی دەنگ و ڕووی ئەندامان بە یەکتر، کە تەنها زامنێکی هێشتنەوەی حیزبێکی ڕاستییە وەکوو حیزبی سیاسیی لەسەر ئەساسی تۆمارکردن، بۆ نموونە ڕۆژەف و پرۆتۆکول.

٤. هەوڵدانی هەرچی زیاترە بۆ نزیککردنەوەی کۆمەڵەکان لە یەکتر، بۆ نموونە پەیداکردنەوەی پێوەندیی، هاوکاریی و پاشان هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوەی جیددی تەنانەت تا مانای یەکگرتن. (دیارە مەبەستم ئەو لایەنانەیە کە لە باری سیاسیی و فێکرییەوە لە خانەیەکدان).

٥. چەسپاندنی پلورالیزمی سیاسیی بەو مانایەی کە کۆمەڵە، دوور لە هەموو تاکتیک و سووئیستیفادەکردنێک، دەکەوێتە پێوەندیی گەرموگوڕ و پێویست و هەروەها هاوکاریی لەگەڵ هەموو ڕێکخستنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێ هیچ جۆرە هەڵاواردن و بیانوویەک. بە واتایەکی دیکە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەبێت سەربەخۆیی خۆی لە هەڵبژاردنی دۆست و یارە ڕاستەقینەکانی خۆیدا بسەپێنێت و ڕوو بەدەرەوە و ناوەوە ئەم سیاسەتە وەپێش بخات. ئەگەر ئۆردوگانشینی کۆمەڵێک شت داسەپێنێت، خۆ دەبێت سەبارەت بە پلورالیزمی سیاسیی کە کردوومانە بە یەکێک لە دروشمە گرینگەکانی خۆمان، ڕاستگۆ بین.

٦. چەسپاندنی پلورالیزمی سیاسیی بەو مانایەی کە کۆمەڵە، دوور لە هەموو تاکتیک و سووئیستیفادەکردنێک، دەکەوێتە پێوەندیی گەرموگوڕ و پێویست و هەروەها هاوکاریی لەگەڵ هەموو ڕێکخستنەکانی کوردستان لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە، بە پێی هەمان پرینسیپی سەرەوە.

٧. جێگرتن و چالاکبوون لە ئۆرگانە نێودەوڵەتیی و پیشەیی و کرێکاریی و سەندیکایی و خوێندکارییەکان بۆ ئەوەی لە عەمەلدا ببین بە حیزبی جەماوەریی خاوەن بەرنامە. پێوەندیگرتن و هاوکاریی لەگەڵ پارتگەلی دەستەخوشک و هاوبیر و ئەوانە کە بە گشتیی لە بەرنامەی کۆمەڵە نزیکن و ئەوانەی دۆست و یاری بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانن، و هەروەها ئەوانەی پشتگیریی لە مافی ژنان و کۆمەڵگای مەدەنیی و دیموکراسیی و هتاد دەکەن.

www.peshmergekan.com

٨. هەروەها کردنی بە سەدان ڕیفۆرمی گرینگ لە ناوخۆی تەشکیلاتدا، هەر لە چیرۆکی دیارنەبوونی پارە و سامانی حیزبەوە هەتا مەسەلەی مووچە و ئیمتیازگەلێک کە هەندێک کەس زەوتیان کردووە تا بە شێوەکانی مامەڵە و ڕەفتاری گشتیی دەگات. هەموو ئەم ریفۆرمانە دەبێت بە شێوەیەک لە قازانجی بەدەنە و خانەوادەی شەهیدان و بە تایبەتی پێشمەرگەدا بێت.

بەڕێزان.لە پلونۆمی یەکدا هیچ بڕیارێکی شایانباسمان نەدا. بە هۆی ئەو نەخۆشییە کوشندەیەی خۆتان چاک دەزانن لە مێژە لە ناو تەیفی کۆمەڵەدا هەیە، نەمانتوانی هەیئەتێکی ئیجرایی هەڵبژێرین. ئەڵبەت سەرەڕای ئەوەیش هەندێک کار بە کەموکورتیەوە دابەشکران. لە دابەشکردنی کارەکاندا من یەکێک بووم لەوانەی ئەرکی بەرپرسایەتی پێوەندیەکانی دەرەوەم پێ سپێردراو و منیش لە ئەستۆم گرت. سەربەرزانە عەرزتان بکەم کە لە ناساندنی کۆمەڵەدا نەک هەر دریغیم نەکرد، بەڵکو کاری زۆر گەورە و شایانباسیشم وەئەنجام گەیاندووە. هەروەها هیچ مووچە و پارەیەکیشم وەرنەگرتووە. منیش هەروەکو ئێوە لە چاوەڕووانی پلونۆمی دوودا بووم کە بەشکم لەوێدا بگەینە سەرئەنجامی شایانباس.

پلونۆمی دوو پلونۆمێکی تەواو نا سەرکەوتوو بوو. بەڵام هەر باو و سوننەتە کە لە ڕاگەیاندنی کۆتاییدا حیزبێک دێت و زۆر بە ئەرێنی باسی کۆنگرە و پلونۆمی خۆی دەکات، هاوکات کە لە ناوەوە زەخمی ناسۆرە و خوێنی لێ دەچۆڕێت.

پلونۆم کە لە ڕاستییدا دەبێت جێگای توێژینەوە و لێتوێژینەوە و هێنانوبردنی باسە سیاسیەکان و پاشان سەرئەنجامکێشیی لە باسەکان و دارشتنی خەتی ستراتیژیی بێت، بوو بە باسگەلێک کە زۆر لە باسی سیاسیی و جیددیەتی سیاسییەوە دوورن. لە پلونۆمی دوودا هەمان شێوەی ئەو مەحفەلبازییە هەبوو کە زۆرینەی ئێوە نەفرەتی لێ دەکەن. مەحفەل هەمیشە گەورەترین و کاریگەرترین گورزی دەستی ئەوانەیە کە بێسەوادی سیاسیین و دوور لە خوێندنەوە و خۆماندووکردن و جیددیەتی سیاسیی دەیانەوێت درێژە بە نەزمێک بدەن کە تەنها و تەنها بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیانە، کە بەردەوام بە مووچە وەرگرتن لە سەر کۆمەڵە بژین، چون فێر نەبوون بە ڕەنجی شانی خۆیان خۆ بەخێو بکەن.

بەڕێزان، ئەوانەمان کە دەمانەوێت کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە ئاکارێکی دروستتدا ببەین دووچاری دێلەمایەکی گەورە هاتووین. لە لایەکەوە پێمان دەگوترێت کە نابێت هیچ قسەوباسێک ببرێتە ناو ئەندامانەوە و دەبێت هەر لە ناو کۆمیتەی ناوەندییدا بمێنێتەوە. کۆمیتەی ناوەندیی کراوە بە حەزرەتی عیسا و هەریەکەی چرایەک لە ژوور سەری دەگەرێت. کێشەکە ئەوەیە کە خودی کۆمیتەی ناوەندیی کۆسپەکەیە. من بەش بە حاڵی خۆم کۆمیتەی ناوەندیی نەک هەر بە پیرۆزی دانانێم، بەڵکو پێموایە دەبێت لە سەداسەد لە خزمەت بەدەنەشدا بێت. هەروەها نابێت هیچ شتێکی شاراوەی لە بەدەنە هەبێت. (مەبەستم لە شتی شاراوە، نهێنی گرینگی حیزبی نییە کە سەبارەت بە سەلامەتیی و بێوەیی و سەرکەوتوویی هاوڕێیانە).

لێرەدا منێک کە قسەم هەیە و دەبێت وەفادارانە بەدەنەی لێ ئاگادار بکەم بێ هەبوونی کۆبوونەوەی ئەندامان و کۆبوونەوەی گشتیی ناتوانم بیکەم. (ئەمە تەنها میکانیزمێکە کە بە شێوەی سیستەماتیک ئەندامان و ڕابەری حیزب لە پێوەندیدا دەهێڵێتەوە).



www.peshmergekan.com

دوو شێوە بۆ تەماسی کۆمیتە ناوەندیی یان هەیئەتی ئێجرایی و سکرتێر لەگەڵ بەدەنەدا دەمێنێتەوە:

یەکەمیان ئەوەیە کە هەر ئەندامێکی کۆمیتە ناوەندیی/ هەیئەتی ئیجرایی/ سکرتێر، تەلەفۆن هەڵدەگرێت و لەگەڵ تاکەکەسەکان قسە دەکات، کە من پێموایە ناشیرینترین و نادروستتریین و خراپترین و چەواشەکارترین شێوەی تەماسە لەگەڵ بەدەنەدا و تەنها ئەو کەسانە دەیکەن کە دەیانەوێت حیزب بکەن بە دووکانێک و خۆیانی پێ بژیەنن. من پێموایە ئەمە سووکترین و بێشەرمانەترین شێوەی پێوەندییە. دەزانم هەیە و دەزانم بە بەربڵاوی هەیە و دەشزانم تەنها ویژدان و کەسایەتی بەرزی ئێوە ئەو کارە قێزەونە ڕادەگرێت کە فێربن بڵێن نا و ئامادەی کاری وا نەبن. پێیان بڵێن کە فەرموون کۆبونەوەمان بۆ بکەن فەرموون قسەوباسەکانتان بەنووسەن و بۆ هەمووومانی بێنێرەن.

دووهەمیان ئەوەیە کە لە ڕێگای نامەیەکی لەم جۆرەوە، بۆ نموونە من، لەگەڵتان بدوێم. دروستیی ئەم جۆرە لە پێوەندیی ئەوەیە کە تۆمارکراوە و سەندە و بۆ هەموو کەسێکتان هەمان دێڕ و ناوەرۆکە. و لە هەمان کاتدا ئەو ئیمکانەیش بە هەموو هاوڕێیان دەدات کە ئەگەر هەلوێستێکیان هەبێت لەسەر ئەساسی قسەی بەرامبەرەکەیان نەزەر و تێبینییەکانی خۆیان بنووسنەوە، بە گشتیی بەر بە چرپەچرپ و واتەوات و کاری ژێر بە ژێر دەگرێت کە دەبێت خۆتان لە من باشتر بزانن کە چرپەچرپە و کاری ژێر بەژێرە چەند زەرەری بە کۆمەڵە گەیاندووە. بە پێچەوانەی قسەی تەلەفۆنیی و تەماسی یەک بە یەک کە تەنها لە نێوان دوو کەسدایە و قسەوباسەکانیش داخراوەن.

هاوڕێیان، بەو شێوەیە قسە زۆرە کە بە داخەوە لەبەر نەبوونی کۆبوونەوەی ئەندامان نەمتوانیوە عەرزتان بکەم. خۆشتان دەزانن لە نامەیەکدا جێی هەموو ئەو باسانەی تێدا نابێتەوە کە پێویستن.

هەر لە سەرەتای هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی "کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان" و "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان"، هەوڵماندا بەرنامە و ساختاری ناوخۆی کۆمەڵە تا دەکرێت ڕوون بێت و خەسڵەتی ڕێکخراوەیەکی سیاسیی ڕۆشنبیر و هۆشیار و پا لە سەر ئەرد هەڵبگرێت. بۆ نموونە کە بەرنامە زەمینەی بوون بە حیزبی جەماوەریی تێدا بێت، کە ئەو شێوە لە سۆسیالیزم باسی دەکات ڕوون و قابیل بە دیفاع و زانستیی بێت. تەنها کەسێک کە لە کۆبوونەوەکانماندا پێی لە سەر "چەپ و سۆسیالیست" دادەگرت کاک ڕەزا کەعبی بوو. ئەویش هەر خودی ئەو وشەیەی دەگوتەوە و تەنها یەک جاریش باسی نەکرد و نەیتوانی ڕوونی بکاتەوە کە مەبەستی لە "چەپ و سۆسیالیست" چییە.

ساختاری ناوخۆیش بە شێوەیەک ڕێکخرا کە بۆ دواجار کۆتایی بە مەسەلەی نیپۆتیزم، واتە ژنومێردینە و خزمخزمێنە و کەسوکارگەریی، بهێنێت. هەروەها لەناوبردنی شێوەی ئینتیساب، ناوچەگەریی و خودگەریی. پاشان بەرسنوورکردنی دەسەڵاتی سکرتێر و کۆمیتەی ناوەندیی و هاوکات زیادکردنی دەسەڵاتی ئەندامان و دروستکردنی کۆمیتەگەلێک کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی خۆیان بن بۆ ئەوەی لە کاردا شێوەی دروستتر و هاوڕێی شایستەتر بخرێنە کار.

بۆ ئەوەی ئەم کارانە سەربگرێت پرینسیپی ڕۆژەڤ و پرۆتۆکۆلمان دامەرزاند تا کەس لە کۆمیتەناوەندیی/ هەیئەتی ئیجرایی/ سکرتێر نەتوانێت لە پشت پەردەوە تەماس بگرێت و تەنها کۆبوونەوەکان و سەرئەنجامەکانی سەنەدی کار بن. نوێنەرانی "کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان" بە عەلاوەی هاوڕێ جەلیل ئازادیخواز کە ئەو دەم لە ئامادەکردنی بەرنامە و ساختاری نوێدا نوێنەری "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" بوو و چالاکانە بەشدار و جێ نەخش بوو، ئەوەمان کرد کە تا دەکرێت دەسەڵاتی سیاسیی بڕەوێتەوە، کە دەسەڵات لە سەرەوە چەق نەبەستێت، بەڵکو بە بەدەنەدا شۆڕ بێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی کە بەدەنە ئەکتەری چالاک و خاوەن قسە بێت.

هاورێیان عومەری ئیلخانیزادە و ڕەزا کەعبی، ئەوانیش ئەو دەم لە ئامادەکردنی بەرنامە و ساختاری نوێدا نوێنەری "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" بوون. هاوڕێ عومەری ئیلخانیزادە خاوەنی تێبینی خۆی بوو. بەڵام هاوڕێ ڕەزا کەعبی تەنانەت بە یەک وشەش دژایەتی هیچ خالێکی نەدەکرد و تەنانەت زوو زوو دەیگوت "کاکە، من بە لامەوە گرینگ نییە چی دەنووسن. چۆنی دەکەن با وا بێت".

لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند کەسێک پێش کۆنگرەی ١٣ لە پاشملە لە دەسەڵاتی زۆری سکرتێر هاوار و فەغانیان بوو. باسیان باسی تالانی مالیی و قۆرخکردنی دەسەڵات و خانەوادەگەریی و پاوانکردنی ئاسۆسات و هتاد. بوو، لە کۆنگرەی ١٣ دا دژایەتیەکی زۆری ئەو ساختارە نوێیەیان دەکرد کە دروست بە شێوەیەکی دیموکراتیک و هاوەدمیانە و مۆدێرن، دەسەڵاتی سیاسیی دەڕەواندەوە و چارەسەری کێشەکانی پاسیڤبوونی ئەندامانی دەکرد. تەنانەت لە کۆنگرەدا لە جیاتی بەرنامە و ساختاری نوێ، بە "ئیشتیبا" زیاتر لە پێنج جار بەرنامە و ساختاری کۆنیان بە ناو ئامادەبوواندا بڵاو کردەوە.

هاوریێیان، من کە تەنها لە کۆنگرەی ١٣ ـەوە ئەندامی ئەم حیزبەم، شایەد باش حاڵیی نەبم. بەڵام دڵنییام گەلێک لە ئێوە زۆر باش ئەو کەسانە و ئەو ئەدەبیات و ئەو هەڵسوکەوتە ناهاوڕێیانە و ناسەمیمانە لە کۆمەڵەدا دەناسنەوە.

سەرەڕای ناچاربوونی ئەو جۆرە کەسانە کە دەنگ بە بەرنامەی نوێ و ساختاری نوێ بدەن، نەمانتوانی لە پلونۆمی یەکدا هەیئەتێکی ئیجرایی هەڵبژێرین. ئەوانەی لەبەردەم دیالۆگی سیاسییدا هیچیان پێ ناکرێت، دەتوانن لە پاشملە مەحفەل دروست بکەن و شێوەکانی سوودمەندانی جیاواز لە سەر خوانێک کۆبکەنەوە. ئەو ئۆردوگایەی لە بۆن و ڕەنگ و خەسڵەتی سیاسیی و عەسکەریی داچۆڕاوە و کراوە بە بەردەباز و بە وێستگای مەرامی جیاواز، هەمیشە دەتوانێت چەند کەسێکی هاوخوان کۆبکاتەوە، ئەگەرچی مەرام و مەبەستی درێژخایەنیشیان یەک نەبێت.

لە سەرەوە عەرزم کردن کە هەندێک کار دابەش کران و هەر چۆنییەک بێت، سەرەڕای بە دەیان جار شکاندنی بەرنامە و ساختاری نوێ، گەیاندنمانە پلونۆمی دوو. بۆ نموونە چەندین جار لەو کەسانە گوایا ٢٠ ساڵ ئەندامی ک.ن کۆمەڵە بووە گاڵتەی بە ڕۆژەڤ و پرۆتۆکۆل کردووە. ئێوە باش تێدەگەن کە ڕۆژەڤ و پرۆتۆکۆل لە زیانی کێ و قازانجی کێدایە. هونەری کاری زانستیی هەر

www.peshmergekan.com

ئەوە نییە سەربکەوێت، بەڵکو لە سەرەتادا کۆسپەکان و نارۆشنییەکان، درۆودەلەسە و دووزمانییەکان، دەخاتە ڕوو. هونەری زانست هەڵدانەوەی پەردەیە لە سەر کۆنە و ناڕاستییەکان.

کار گەیشتووەتە ئەوەی کە لە پاشملە تەنانەت جوێنی شەخسیی ناشیرین بە خوشک و دایکی ئەوانە بدرێت کە داوای حیساباتی سیاسیی و عەسکەریی دەکەن. دڵنییام داتان ناچڵەکێنم چون لەوەبەر ئەوەتان بیستووە و بینیووە و ڕەنگە تەنانەت کەسەکانیش بناسنەوە. (تکایا بە وەردی سەرەنج بەدەنە نامەکەی هاوڕێ هێرش کە بۆ ئەندامانی ناردووە)،

هاوڕێیان، ئەو ساختارەی کۆنگرەی ١٣ بۆ مرۆڤ نووسراوە. دەقیقەن بۆ مرۆڤگەلێک نووسراوە کە بتوانن ڕۆڵ بگێڕن. بۆ کەسانێک نووسراوە کە دەبن بە ئەندامی کۆمەڵە و پێمان وایە خەڵکی ڕووسوور و سەربەرز و ئاقڵ و هۆشمەند و سەربەخۆ و خاوەن نەزەر و هەڵوێستن.

بە پێی ئەو ساختارە دەبێت کار بە شێوەی شایستە، واتە شایستەگەریی، بدرێت، بە پێی توانا و لیاقەت و تێگەیشتن لە بابەت بێت، بە پێی وەفاداریی بەرامبەر بە بەرنامە و ساختار بێت. بۆ کەسانێک نووسراوە کە هەر لە منداڵییەوە لە خودی خانەوادەدا کۆمەڵێك ڕەووشتیی گشتیی دروستیان فێر کراوە، وەکوو درۆنەکردن، لە پاشملەقسەنەکردن، جوێن نەدان، ئیهانە نەکردن، تەوهین نەکردن و هتاد. بۆ کەسانێک نووسراوە کە پێش ئەوەی ڕێز لە بەرامبەرەکەیان بگرن ڕێز لە خۆیان دەگرن، سووکایەتی بە خۆیان ناکەن، دەستی خەڵک نابڕن، لە بێکاریی و بێدەرامەتیی و کێشەی خانەوادە هەڵنەهاتوون.

ئێمە بۆیە پشتگیریی ئەو ساختارەمان کردووە چون بۆ ئەو شێوەیە لە مرۆڤ نووسراوە کە نەک هەر کاروباری ژیانی خۆیان پێهەڵدەسووڕێت، بەڵکو دەتوانن کاری کۆمەڵگایش ڕاپەڕێنن. ئێمە لەو ئاستە بڵندەوە سەیری هاوڕێیانی کۆمەڵەمان کردووە.

ئەو ساختارە بۆ کەسانێک نەنووسراوە کە پاش هەڵفڕینیان لە هێلانەی باوکودایک هێشتا ویژدانێکیان نییە، ڕەووشتێکی هاوڕێیانەیان نییە، غیرەت و بوێریان نییە بەرەو ڕوو قسەی خۆیان بکەن. ئەوانەی پاش سەد ساڵ چەوساندنەوەی کورد لە مێژووی مۆدێرندا هێشتا هێندە سووکن کە ناوچەگەریی دەکەن، هێشتا دەیان جار بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان ڕا دەگۆڕن، نایانەوێت هیچ شتێک تۆمار بکرێت، چون دەزانن لە قازانجیان نییە، بڕوایان بە کۆبوونەوە نییە و پەنا دەبەنە بەر تەماسی تەلەفۆنیی و پێوەندیی شەخسیی، ئەوانەی خۆیان هێچ ناکەن و بە شێوەی بە زەیی پیاداهاتنەوە لە سەر خوێنی مردووانیان دەژین، کە هاواری شەهیدان دەکەن لە ڕاستییدا دەیاپڕێنەوە کە بە خۆرایی ئیمتیازیان پێ بدرێت و ساڵ دوای ساڵ خێری مەقامیان پێ بکرێت.

ساختاری ئێستای کۆمەڵە بۆ ئەو جۆرە لە مرۆڤە کە واقیعەن خۆبەخش بێت، دەنا هەر زوو مۆرک و خەسڵەتی دەردەکەوێت. لەوەبەر عەرزم کردن کە هونەری کاری زانستی لە سەرەتادا هەڵدانەوەی پەردەیە لە سەر سوننەتی ئاولێچۆڕاو.

کۆنگرەی ١٣ ساختارێکی خستووەتە بەر دەست کە تەنانەت دەتوانرێت سکرتێری حیزبەکەیش بگۆڕدرێت ئەگەر کارەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد. حیزب لە هەموو ٦ مانگێکدا دەتوانێت سکرتێری

www.peshmergekan.com

حیزب بخاتە ژێرپرسیار، بەڵام هاوکات بە سیاسەوە ڕێگای بدات درێژە بە سکرتێربوونی خۆی بدات کاتێک کە کارەکانی بە پێی بەرنامە و ساختار بەڕێوە دەبات و لە خزمەتی ڕێکخراودا دەبێت.

ساختاری کۆنگرەی ١٣ ڕێگا بە کۆمیتەی ناوەندیی دەدات هەیئەتێکی ئیجرایی بە پێی توانا و شایستەبوون و ڕاستگۆیی و ڕەووشتی بڵند و سەری بەرز، هەڵبژێرێت. چون من وا حاڵیی بووم کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبێک موتۆڕی سەرەکیی حیزبەکەیە و لە باشترین و لێوەشاوەترین و سەربڵندترین و خۆشناوترین و بەتواناترین و دەستودەم پاکترین لە کەسایەتیەکانی ئەو حیزبە پێک دێت. ئەو موتۆڕە دەبێت ساخ و سەلامەت و تەندروست و بە توانا و تاقەت و بەهێز بێت. دەبێت هێندە کەسایەتی هەبێت کە ئۆتۆنۆم بێت و سەربەخۆیی خۆی بپارێزیت و خۆی نەکات بە بارمتەی ئەوەندە تومەن و دۆلار و قەرز و مەشروب و نازانم چی.

ئێمە ئاوا لەو بڵندییەوە سەیری ئەندامانی کۆمەڵە و ئەوانەمان کردووە کە لە ئاییندەدا دێنە ریزی کۆمەڵەوە. ئەوە هەمیشە بۆ ئێمە سەربەرزیی دەبێت و واقیعەن دەتوانین خۆمانی پێوەهەڵبکێشین.

هاورێیان، بە داخەوە بەشێکی زۆر لە مێژووی پاش کۆنگرەی ١٣ مێژووی تووڕدانی بەرنامە و پشتگوێخستنی ساختاری ناوخۆیە. ئەمە بە پلەی یەکەم لەلای ئەوانەوە کە خۆیان دەنگیان پێ داوە.

پاش ئەوەی هەیئەتی ئیجرایی، بێ لە کۆمەڵێک خاڵ کە هەویرێکی ئاوخواردەن، دەستی وەردایە ناو شتی گرینگ، وەکوو  بۆ نموونە کە ڕێگا بە خۆی بدات ئەرک دیاری و دابەش بکات، کە بە هیچ شێوەیەک کاری ئەو نییە. داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە بروواننە نامەی هاورێ هێرش بە مێژووی ٢٠١٣/٦/٢٤ کە بەتایبەت سەبارەت ئەو باسە نووسیویە و هەر گەرماوگەرم ئاگاداری کردوونەتەوە، بڕیارم دا کە هەتا ئەم کێشانە چارەسەر نەکرێت هەر لە خزمەتی تەشکیلاتدا بم، بەڵام ئەو هەیئەتە و ئەو شێوە لە ڕێکخستن بە ڕەسمی ناناسم. کێشەکان زۆر زۆر گەورەتر لەوەن کە تەنانەت ئەندامانیش قبوڵی بکەن چون لە ئەسڵدا زەرەردانی گەورەیەلە بەرنامە و ساختارێک کە ئێوە دەنگتان پێ داوە.

نموونەی زۆر بچووک لە پێشێلکاریی گەورە بۆ نموونە گرتنی کۆبوونەوەیە بێ ئاگاداریی هەندێک کەس. نموونەیەک کۆبوونەوەی گوایا کۆمیتەی ناوەندییە لە ٢٠١٣/٨/٢٤ کە بێ ئاگاداریی من و چەند کەسی دیکەی کۆمیتەی ناوەندیی کراوە و لەوێدا لە بری تاوتوێکردنی باسگەلی گرینگ، کۆمەڵێک شتی لاوەکیی ناجیددیی گەورە کراون کە پێمخۆشە لە کۆبوونەوەدا ئاماژەی پێ بکەم، بەڵام خاڵێکیان گوایا ئاگادارکردنەوەی من بووە لە سەر ئەو وتارەی کە لە ماڵپەی هەڵوێست بە مێژووی ٢٠١٣/٧/٢٧ سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی نووسیومە.

هەمووان دەزانن کاری نووسین و وەرگێرانی من دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ ساڵ لەمەوبەر. بۆ نموونە من زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر کتێبی ئێستا بەناوبانگی بەڕێز کاک ئیسمایل بێشکچی م لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی. ئەو دەم ژمارەی ئەوانەی لە سەر کورد و کوردستان و کۆلۆنیالیزم لە ناو کورددا دەدوان زۆر نەبووین. ئێستا هەندێک کەس کە خوێنەواریی و سەوادیی

www.peshmergekan.com

سیاسیی و تێگەیشتنیان لە دیموکراتیی و ئازادیی بیروڕا زۆر لە خوارەوەیە بە هەموو ئەقڵێکیانەوە دادەنیشن لە سەر ڕای ئازادی شەخسیی من گەرەکیانە من ئاگادار بکەنەوە.

مەبەستی ئەوان لەو باس گۆڕینە لە ڕاستییدا ئەوەیە کە خۆ لەو باسی ڕیفۆرم و هەنگاوە پێویستیانە بدزنەوە کە من دەمەوێت و پێدادەگرم کە دەبێت بکرێن.

بەرێزان، شێوەکانی پێشێلکاریی و لادان زۆرن و هیچیشی لە قازانجی کۆمەڵەدا نییە.

نموونەی کێشەی گەورە کە هیچ پێوەندیەکی بە فکر و ئایدیۆلۆژیی و قازانجی کۆمەڵەوە نییە زۆرن، بۆ نموونە لە سەرەتای پاش پلونۆمی دووادا چەندین کۆبوونەوە بۆ بڕیاردان لە سەر ئاسۆسات و ئاییندەی ئاسۆسات دەکرا. لە هەموو ئەوانەدا چەند کەسێک پێیان دادەگرت کە بێ هیچ دواخستنێک ئاسۆسات دابخرێت. نموونەیەک ئەوەیە کە لە مێژووی ٢٠١٣/٦/٢٢ دا نووسراوەیەکی هەیئەتی ئیجرایی بە ناوی "سەبارەت بە سازماندەیی ک.ن" هاتووە و دەڵێت: "ستودیوی سوئد: لە زوترین کات ک.ن لە سەر چۆنیەتی درێژەی کاری ستۆدیو، مەسئەلەی ماڵی ستودیو، قەرزی بە تایبەت هاورێیان و تەنانەت لە سەر داخستنی یەکجاری ستۆدیو کۆبونەوە لە گەڵ هاورێیانی ستۆدیو بکات و پاشان لە کۆبونەوەی ک.ن بریاری یەکجاری لە سەر بدرێ و یەکیک لە ئەندامانی ک.ن لە کوردستانەوە سەردانی ستودیوی سوئد بکات. (٦/٢٢ )".

بەڵام لە ٢٠١٣/٨/٢٤ سەرەڕای ئەوەی کە ئاسۆسات لەو ماوەی دوو مانگەدا خراپتر و پچرپچرتر و بێ بەرنامەتر بووە کە هاورێیانی ئەوسای خۆبەخش و چالاک، هەر زۆر کەم چالاک ماون، دروست هەمان هەیئەتی ئیجرایی و هەمان ئەو کەسانە کە داوایان دەکرد دابخرێت، ئێستا داوا دەکەن کە ئاسۆسات بە هەر نرخێک بێت بمێنێت.

دڵنییام کە ئێوەیش وەکوو من دەپرسن چۆن و بۆ؟

وەڵامەکە ئەوەیە کە مەسەلە مەسەلەی قازانجی کۆمەڵە و ئاسۆسات نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکە کە لە سازماندەیی ڕاگەیاندندا کراوە و بووە بە مایەی ئەو بڕیارە نوێیە. دیارە ئەگەر کۆبوونەوەی گشتیی بگیرێت ڕوونکردنەوەی ئەو هۆیە و باسکردنی زەحمەت نییە.

سەرئەنجام، وێڕای سپاس و پێزانینم بۆ ئێوە، بۆ ئەو کاتەی لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەم نامەیە بەخشیوتانە، من باوەڕم بە چاکسازیی و پشوودرێژیی هەیە، بەڵام دەزانم کارێکی یەکجار سەختە. عادەتەن بەدەنەی تەشکیلات جۆش و خرۆشی گۆڕانکاریی دروست دەکەن و تاوی دەدەن، بەڵام بەدەنەی کۆمەڵە زۆر ماندوو و کەنارخراو کراوە و زۆر لە فەزای دیالۆگ و بیرکردنەوە و شەنوکەو و بریاری سیاسیی دوور خراوەتەوە.

من نازانم ئێوە چۆن بیر دەکەنەوە و چ جۆرە حیزبێکتان گەرەکە، و هەرچیەکیشتان بوێت مافی خۆتانە. حیزبێکتان گەرەکە لەو شێوەی ئێستا هەیە یان واقیعەن حیزب. بەڵام دڵنییام وەکوو باقی خەڵکی چەوساوە و زەرەرلێکەوتوو و تینووی پێشکەوتن لە هەموو جیهاندا زۆرینەی ئێوە لەگەڵ باسی ئاوەڵە و ڕەووشتی بەرز و کاری جیددی سیاسییدان. لە هەردوو حاڵەتدا میکانیزم هەیە بۆ ساخکردنەوە و بەیەکلادا خستنی. بڕیاری ئێوە زۆر لەوە گرینگترە کە خۆتان بیری لێ دەکەنەوە.

www.peshmergekan.com

من پێموایە دروستکردنی بیری هاوبەش و زمانی هاوبەش و ڕەووشتی دروستی هاوبەش، و هەڤاڵبەندیی و هەڵگرتنی بەرپرسیایەتیی بەرامبەر بە ئاکامەکان و کاری هاوبەش، لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا هاسان نییە. ئێوە وەکوو ئەندامان و بەدەنەی تەشکیلات دەبێت چاوەڕووانیی و داواکاریی زۆر زیاتر و گەورەترتان لەوانە هەبێت کە شەڕ لە سەر پلە و مەقامەکە دەکەن، و کە بەرژەوەندیی شەخسیی بەرێوە دەبەن. ئەوە ئەرکێکی مێژوویییە لە سەر شانی بەڕیزتان.

ئێوە نابێت ئاییندەی خۆتان تەسلیم بەوانە بکەن کە حەیرانی کۆمەڵەبوونتان بە درۆ بۆ دەچڕن. ئێوە سەرئەنجامی ئەو کارەتان لە ساڵانی پڕ نەهامەتیی رابردوودا دیتووە، و دەزانن ئاکامەکەی چەند خوێن و ڕەنج و تاقەت لە سەر ئێوەمانان کەوتووە.

هەوڵ و مەبەستی هەندێک کەس لە کۆمیتەی ناوەندیی هەر ئەوەیە کە کۆمەڵە هەر لە بازنەی بچووکی چەند کەسیدا بمێنێتەوە، دەنا ئەمان ناتوانن بیست ساڵ، ساڵ دوای ساڵ لەگەڵ هەموو کەموکورتیی و زیانەخرۆییەکیاندا، بە ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی بمێننەوە. لە کۆمەڵەیەکی بچووکدا پۆستەکان گەرانتین، حەزفکردنەکان هاسانن و مفتەخۆریی بازاڕدار و مشەخۆریی سەرکەوتوو دەبێت. ئەوانەی دەیانەوێت نان بە قەرز بە یەک دەدەن و کاتی پێویست شەڕە عەکسی شەهید دەکەن. لە دۆخی وادا کارە جیییدیە سیاسیەکان وا ئاستیان دێتە خوار کە کەسێک دێت بە پۆزلێدانی سەرۆککۆمارییەوە عەکسی خۆی دەخاتە سەر فەیسبوک و ڕۆژ تا ئێوارە عەکسی شەهیدتان پێ دەفرۆشێتەوە. قانع گوتەنی، دەستم دامێنی تۆ دیوارەکەت باش بۆیە کە، با بە شەو سەرمای نەبێ، منداڵی بن دیواری کورد.

لە حیزبێکی گەورەدا (کە من پێموایە لایەنێکی خراپی ئەمرۆی کۆمەڵە بریتیە لە دژایەتیکردنی هەبوونی حیزبێکی وا) بە سەدان کەسی لێهاتوو دەتوانن بێنە گۆرەپان و لە مەیدانی ئاشکرادا لە سەر پۆستەکان ڕقابەتی سالمی فکریی و سیاسییی بکەن و بە ڕەووشتی جوان و شیرین توانای خۆیان نیشان بدەن و بە پێی گوزارشی عەمەلی خۆیان، پاشان خۆکاندید بکەن و مەسئولیەت وەربگرن. لە حاڵەتی وادا مەیدان بۆ کەسانی ناشایستە لە درێژخایاندا نامێنتێوە.

ئێوە باش لە وردەکاریی ئەم باسانە دەزانن لەبەرئەوە منیش زیاتر سەرتان نائێشێنم، تەنها بە پێویستم زانی وەکوو ڕێزلێنان لە بەرتان، وێنەیەکتان لە دۆخەکە نیشان بدەم کە بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم و دەبێت ڕاییبپەڕێنم.

ئەوانەی دەیانەوێت وەڵام بدەنەوە، وشە ئازادە. من پێشنیاری کۆبوونەوەی گشتیی دەکەم و هەمیشە کردوومە. لەوێدا هەر کەس ئازادە بە دوکۆمێنت و تۆمارکراو خۆی بسەلمێنێت.

سپاستان دەکەم و هیوای بێوەیی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

ڕێبوار ڕەشید ٢٠١٣/٠٨/٣١

..............................................

**بۆ : سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

www.peshmergekan.com

**بۆ : هاوڕێیانی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

پاش ڕێزو سڵاوی هاوڕێیانە ٢٠١٣/٩/٢٥

بەڕێزان، پێویستە لە سەر کاری بە ناو! کومیسیۆنی بەڕێوەبەرایەتیی (ئیجرایی) لە ماوەی نێوان پلێنۆمی ٢ تا پلێنۆمی ٣ی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵێک بابەتتان بۆ باس بکەم.

هەرچەند کە هەڵسەنگاندنی بە ناو! کومیسیۆنی ئیجرایی کاری من نییەو پێویستە کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لەو بارەوە بکۆڵێتەوەو بڕیاری لە سەر بدات، بەڵام وەک کەسێک کە بە بڕیاری پلێنۆم و بە پێی پێداگریی هاوڕێ کاک عومەری ئیلخانیزادە، وەکو ئەندامێکی ئەو بە ناو کومیسیۆنە دیاری کرام، تەنانەت ئەگەر وەکو ڕاپۆرتیش بێت، ناچارم کمیتەی ناوەندیی لێ ئاگادار بکەمەوە.

بە پێی پێڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی سێزدە، ئەرک و کاری کومیسیۆنەکان و تەنانەت ڕێژەی کەسەکانیشی دیاری کراوە و پێم وانییە کەسێک کە تۆزقاڵەزەڕەیەک بڕووای بە ڕاستی بێت، بتوانێت نکۆڵیی لێ بکات.

لە پێڕەوی ناخۆدا هاتووە :

مادەی ١٢ : کومیتەی ناوەندیی لە پلێنۆمی خۆی لە نێوان ئەندامان، جێگرەکان و ڕاوێژکاران، ئەندامانی کومیسیۆنەکانی ناوەندیی دیاری دەکات، کە هەر کومیسیۆنێکی کومیتەی ناوەندیی لە سەر بنەمای پێویستی لە ٣ تا ٥ کەس پێکدێت.

مادەی ١٣ : خاڵی ٦ ــ کومیسیۆنەکان چاودێریی بووجەی ئۆرگانیی خۆیان دەکەن.

خاڵی ٧ ــ کومیسیۆنەکان لە چوارچێوەی پێڕەوی ناوخۆی حیزبدا، مافی

هاندان و سزادانی ئەندامانی ژێر بەرپرسایەتیی خۆیان هەیە.

خاڵی ٨ ــ کومیسیۆنەکانی کومیتەی ناوەندیی لە ئیمکاناتی ئەمنییەتی،

پاراستن، گواستنەوەو مەئمووریەتە حیزبیەکان بە شێوەی یەکسان

سوود وەرگرن و...

کۆمەڵێکیتر لە مادە و خاڵەکانی پێڕەوی ناخۆی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە لایەن کومیسیۆنە تاکە کەسیەکەی کاک عوسمانەوە پێشێلکراون کە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

خاڵی چوار لە مادەی دوو لە بەشی یەکەم.

خاڵی حەوت لە مادەی دوو لە بەشی یەکەم.

خاڵی دوو لە مادەی دووی بەشی دووهەم.

www.peshmergekan.com

خاڵی سێ لە مادەی دووی بەشی دووهەم.

خاڵی سێ لە مادەی چوارەمی بەشی دووهەم.

خاڵی چوار لە مادەی چوارەمی بەشی دووهەم.

بەڵام بەداخەوە لێرەدا دەبینین دەقاودەق بە پێچەوانەی پێڕەوی ناخۆ عەمەلکراوە، جا بۆ؟ بەم بەڵگانەی خوارەوە :

١- کومیسیۆن ناتوانێت تاکە کەسی بێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کومیسیۆنی دیاری کراوی پلێنۆم سێ کەس بوون، عوسمان خەلیلی، موحسێن مورادی، بیژەن قوبادی. هەر لە یەکەم رۆژەکاندا بە پەراوێز خستن و راونانی کاک موحسێن مورادی، کودەتا بە دژی ئەو پێکهاتەیە دەستی پێکرد. سەرەڕای ئەوەی من چەندین جار لە گەڵ کاک عوسمان و کاک موحسێن قسەم کرد لە سەر ئەوەی با دانیشین و ئەرک و کارەکان دابەش بکەین، بەڵام ئەوەی کە نەمبیستەوە، وەڵام بوو.

٢- لەم ماوەیەدا کێ بۆ کوێ سازماندراوە و دانراوە، کێ وەرگیراوە یان بڕیاری دەرکردنی دراوە، جیا لە کاک عوسمانی خەلیلی تکایە بڵێن بزانین کێ لێێ ئاگادارە؟

٣- هەر دام و دەزگا یان پێکهاتەیەکی حیزبی خاوەنی کۆمەڵێک نەزم، نەسەق، دیسیپلین و ئوتووریتەی ئورگانییە، ئایا کاک عوسمان خەلیلی لە رۆژێکدا چەند کاتژمێر لە ئۆرگانەکەی خۆی بووە؟ چەندە لەو بڕیارانە سەرچاوەکەی کومیسیۆنی بە ناو ئیجراییە؟ لە کاتێکدا کە کاک عوسمان بە بڕیاری تاکڕەوانەی خۆی بابەتێک یان تەلەفونی یان لە چاوپێکەوتنێکی سەرەڕێیدا دیکتە دەکات و بە بێ بانگ کردنی کەسەکان بۆ ناو شوێنی کاری ئورگانی، لە دەرووە بە چپە و سرتە بەڕێوە دەبات، ئایا ئوتووریتەیەک بۆ ئەو ئورگانە دەمێنێتەوە؟

٤. کۆمەڵێک بۆچوون و گەلاڵەی تاکە کەسیی تاکڕەوانە لەم ماوەیەدا براونتە قۆناخی جێبەجێکردنەوە و بە بێ هیچ کار و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی کارناسانە کە بە داخەوە کۆمەڵێک بەرپرسایەتی و تەعەهودی مالیی خستۆتە سەر شانی کۆمەڵە، کێ بەر پرس و وەڵامدەرەوەی ئەوانەیە؟ ئەوانە لە چ بەشێک پەسەندکراون و بڕیاری جێبەجێکردنیان دراوە؟

٥- لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا لەملا و ئەولا باس لەوە کراوە کە کومیسیۆنی پێشووتر خزمەتی بە چەند کەسێک کردووەو باقی خەڵکەکە بەرەڵا کراون، ئەی باشە بۆ باس لەوە ناکرێت کە لەم ماوەیەدا چیکراوە؟ جیا لە چوار کەسی دیاری کراو، خزمەت بە کێ کراوە؟کە بەداخەوە ئەوەش تەنیا بە شێوازێکی کاسبکارانە بووە.

٦- لەو کێشانەی کە لە بەشی زیست دا دروست کراون، کێ بەرپرسیارە؟

٧- تا دوێنێ ئێمە بە گشتی وەکو پێشمەرگە میوانی سێ ژەمەی سەر سفرەی هەژارانەی خەڵکی کوردستان بووین، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە چ کولتوورێکە کە لە ئەگەری هاتنی هەر تاکێکی هەر ئەو خەڵکە، ئێمە یان چاوی بینینمان نییە، یان بە ناوچاوانی میوانداریدا دەدەینەوە لە پێش چاوی میوانەکە. لەم پێوندەش دا هۆکار چیە کە هەڵوێست و بەرخوردی یەکسانمان نییەو سەلیقەیی و

بە پێی پێخۆش بوونی خۆمان هەڵس و کەوت بکەین و لەو پێوەندیەشدا بە پێی ئەوەی میوانی کێیە، لە گەڵی بجووڵێنەوە؟

٨- تێکدانی ژیانی بنەماڵە و بێ چارەنووس کردنی منداڵان و شێواندنی داهاتوویان بۆ وێنە ژیانی هاوبەشی ماجد سەقز و بەیانی خێزانی، ژیانی ئاژوان یەزدانی و ئاوارە کردنی ئەو بنەماڵەیە.

٩- کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی تەشکیلاتی و حەولدان بە هەموو هێزەوە بۆ راونانی رخنەگران و دانە پاڵی تاوانی بێ بنەما و بیانووی جۆراوجۆر.

١٠- راونانی خەڵک یان پێکهێنان و پەرەپێدانی دۆخێک کە خەڵکەکە ناچار بە هەڵهاتن بکرێن و ناچار بە ناوی" تەسویە حیسابەوە" بە جێهێشتنی کۆمەڵە.

١١- چاو پۆشی لە تاوان و هەڵەی کەسانێکی تایبەت و گەورەکردنەوی هەڵەی کەسانێکی زۆر.

١٢- رێگا پێدانی کەسانی سەر بە دەزگا ئەمنییەتیەکانی حکومەت و سەر بە هەر کون و کەلەبەرێکدا کردنی ئەو کەسە و ئاگاداریی ئەو لەهەموو لایەنەکانی ژیانی تایبەتی، تاکەکەسی، سیاسی و حیزبیی ئێمە.

١٣- هەڕەشەی دانە دەستی ئاسایش لە کەس و پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ دەرکردنی.

١٤- ئاخۆ تۆ بڵێیت پەرەپێدان بە دیاردەی پەلەوەر بازی و سەرقاڵ بوون بەو دیاردەوە و کەڵک وەرگرتن لە ئێمکاناتی تەشکیلات بۆ ئەو مەبەستە، لە خزمەت بارهێنان و پەروەردەی سیاسی و حیزبیدا بێت؟

١٥- خستنە خزمەتی ئێمکاناتی کۆمەڵە بۆ کەسانێکی تایبەت و بێ بەش بوونی خەڵکانیتر لە ئێمکاناتی تەشکیلاتی.

١٦- پێشتر باس لەوەدەکرا ئورگانە حیزبیەکان شوێنی راپەڕاندنی ئەرک و کارە حیزبیەکانن نەک شوێنی نیشتەجێ بوون و مانەوە، هەر بەو بیانووەوە ئاژوان یەزدانی راونراو ئاوارە کرا. دواتر ئەو شوێنە چیپێکرا و کرایە شوێنی نیشتەجێ بوونی کێ؟ بەشی پزیشکی چیی لێ قەوما.

١٧- بە کردەوە دابەشکردنی کەسەکان بە دوو بەشی (خودی) و (غەیری خودی) کێ ئەتوانێ نکۆڵیی لێ بکات و ئەو بابەتە پەیڕەوکردنی چ پلانێکە؟

١٨- زەخت خستنە سەر و تەنانەت دەرکردنی کەس بە هۆی ئەوەی کە لە کەس یان کەسانێک نزیکترە، لە خزمەت کێدایە؟ من نازانم ئەم راونانی کۆمەڵێک کەسی دڵسۆز، کارامەو لێهاتوو بە هۆی چ بەرژەوەندییەکی شاراوەو نادیاری کۆمەڵەیە؟

١٩- دانان و پەرەپێدانی دیاردەی نامۆ لە گەڵ هەموو سونەت و پرەنسیبە ناسراوەکانی کۆمەڵە، واتە دیاردەی جاسووسی کردن لە نێو ئورگانەکان،. بۆ نموونە دانانی ئالان بۆ جاسووسی لە راگەیاندن و لە بەرانبەردا چاوپۆشیی کاک عوسمان لە نوقم بوونی ئالان لە نێو گێژاوی ئەلکول.

www.peshmergekan.com

٢٠- بێ بەشکردنی بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی ئوردوگا لە بەرق تەنانەت بۆ رووناکایی شەوانە بە هۆی برپایێکی ناشیانەی بیرلێنەکراوەوە.

٢١- خولقاندنی فەزای ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکی لە سەر داهاتووی تاک و بنەماڵە و مەترسیی دەرکردن و ناچار کردنیان بە هەڵبژاردنی بێدەنگی و خۆ دزینەوە لە بەرامبەر سەرەڕۆییەکانی کاک عوسمان. بەڵگەش بۆ ئەو بابەتە پێم وابی هەر ئەوەی کە خاڵکە لە ناو خۆیاندا بە شێوەی تەنزێکی تاڵ، دەڵێن : کورە خۆتان نیشان کاک عوسمان مەدەن، ئەگەر دەرکەون دەرتان ئەکات!

٢٢- من پێشووتر بە هاوکاری کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی ئەوکاتی راگەیاندن پرۆژەی پەرەپێدانی بینای راگەیاندنمان بە ئەنجام گەیاند و ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە دوو هێندەی بەشی تر کار و پێداویستیی بۆ دابین کرا، بەڵام خەرجەکەی نەگەیشتە سێ میلیۆن دینار، ئەی بوو بۆ نۆژەنکردنەوەی حەمام و سرویسی بێهداشتی کە تەنیا پێنج دانە درگا، چند میتر کاشی و برێک لوولە و گەچ بوو، برِی /٦/٨٠٠/٠٠٠ دینار خەرج کرا و کەس نەیپرسیەوە؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە لە راگەیاندن سێ لا دیوار دانرا، دوولا دیوار رووخێندرا، دوو لادیواریتر کون کران، کاری بەرق و لوولەکێشی و رەنگکاریی بۆ کرا، حەمامێک بە دیواری کاشیەوە بۆیە کرا ئاودارخانەیەکی پان و بەرین بە دیوار و بنەوە کاشی و سێرامیکی بۆ کرا، چەند لادیوار گەچکاری کران، شیشە لە درگاو پەنجەرەکان خرا، یۆنۆلیت (تەپەتۆرە)ی لێ دراو سەقفی بۆ تێگیرا.

کۆمەڵێک بابەتی بە بەڵگەو حاشا هەڵنەگرم لایە کە لە بەر پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵە ناچارم بێدەنگیان لێبکەم و هەروەها برێک بابەتی نزمی تر هەن کە باسکردنیان جێگای شەرمە و من لە باسکردنیان خۆ ئەبوێرم و تەنیا ئەڵێم: بە پێی ئەو پێرەوی ناخۆەو مێکانیزمە باسکراوەکەی، ئەو بە ناو کومیسیۆنە بە پێی پێکهاتە داسەپێندراوەکەی و بریاری سەرەرۆیانە و تاکە کەسیەکانییەوە، هیچ لایەنێکی جێگای پاساو بۆ هێنانەوە نییە. بۆیە خۆی ناشەرعیە و بریارەکانیشی نائاسایی، نایاسایی نا شەرعی و بە پێچەوانەی بریاری کۆنگرە، پێرەوی ناخۆ و پلێنۆمەو من خوازایاری هەڵوشاندنەوەی هەموو بریارەکانی پێنج مانگی رابردووم.

ئەو بریارانە هەمووی بریاری تاکەکەس یان بە رێنمایی کەسانی نابەرپرس و هەلپەرستی بەرژەوەندیخوازی دەرەوەی کومیسیۆنی بەرێوەبەرایەتیی تەشکیلات بووە و هیچ پێوەندیەکیان بە بریار و راپرسیی ئەندامانی ئەبووی کومیسیۆنەوە نییە.

لیستی ئەو کەسانەی کە یان دەرکراون و یان بە خولقاندن و پەرەپێدانی کەش و هەوایەکی تایبەت، ناچار کەوتوون بچن زیاتر لە ٣٠ کەسە.

وەهەر وەها کەسانێکیتر کە لە ئەگەری درێژەی ئەو دۆخەدا، بە نیازن بچن یان ئەبێت چاوەڕوان بن کە لە ئەگەری کەوتنە بەر چاو، دەر بکرێن.

بیژەن قوبادی ٢٠١٣/٩/٢٥

.......................................



www.peshmergekan.com

## بۆ: بەڕێز سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

## بۆ: بەڕێزان ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پاش ڕێزو سڵاوی تایبەت

بەڕێزان بەم شێوەیە ئاگادارتان دەکەمەوە کە لە ڕۆژی یەک شەمەی ڕابردوو پاش تێپەڕبوونی تەحەمولی چەند مانگەی هەڵس و کەوتی کاک عوسمان خەلیلی و چەندین جار لە گەڵی باسکردنی لە سەر شێوازی کاری کومیسیۆنی ئیجرایی و سەرەڕای قبوڵکردنی هەڵەبوونی شێوازەکەی و بەداخەوە درێژەپێدانی ئەو شێوازە کە بە هیچ شێوەیەک شێوەی کاری گشتی و شیاوی ئورگانێکی حیزبی نەبوو، هەروەها کۆمەڵێک بڕیاری تاکرەوانە و لە ئاکامدا قبوڵ نەکردن و نارەزایەتی دەربڕین، کاک عوسمان زۆر ناشیرین و لە ئەوپەڕی بێڕێزیدا لە پێش چاوی چەند کەس پەلاماری منی دا، باڵی گرتم و وتی: هەستە بڕۆ دەرەوە تۆ ناتوانیت لێرە بیت. بابەتەکەش بەو شێوەیە بوو کە لە سەر بابەتێک لە گەڵ فەریاد کەمانگەر بوو بە دەمەقاڵەیان و بە فریادی وت: تۆ یەک زەڕڕە سیداقەتت نییە و چوو دەرەوەی کومیسیۆن. من بە دوایدا چووم و گەڕاندمەوە و پێشنیارم کرد کە لەسەر کورسیەکەی دانیشێت و قسە کردن و توورە بوون دەستی پێکردەوە. لە بەر ئەوەی من پێشتر لە گەڵ شێوازی کاک عوسمان ئاشناییم بوو کە قسەکان پاش و پێش ئەخات و بە پێچەوانە ئەگێڕێتەوە و ئەمجارەش هەر بەو چەشنە جووڵایەوە، وتم کاک عوسمان ئەو شێوازە هەڵەیە و بۆ نموونە لە بابەتەکەی ساڵح لاویش لە چوار مانگ لە مەوبەر لە سەر خۆم هەر بەوشێوەیە هەڵس و کەوتت کرد، گڕی گرت و ڕوو لە من وتی تۆش یەک زەڕڕە سیداقەتت نییە. من زۆرم پێناخۆش بوو پێم وت من تا ئەمرۆش ئەوە باجی سێداقەتی خۆمە ئەیدەم، دیسانەوە وتی: ها خۆت بیڵێیت نە وا نییە سێداقەتت نییە ئەوە نییە هەرکەس هەرچی بە من ئەڵێت تۆ نایەیتە دەنگ.

سووکایەتیەکەم زۆر پێ قورس بوو، خۆم بۆ ڕانەگیرا و وتم ئیزنی ئەوە نادەم نە تۆ نە هیچ کەسیتر بە من بڵێت ناسادێقیت و دەستم کوتایە بان مێزەکەی بەردەمم. ئەویش بە سەرمدا نەڕاندی، دەنگی لێ بەرز کردمەوە و هەستایە سەرپێ و باڵی گرتم و بە زۆر وتی بڕۆ بۆ دەرەوە تۆ نابێت لێرە بیت. منیش وتم نە تۆ نە کەسیتر ناتوانێت من لێرە بکاتە دەرەوە. وتی ئەتوانم و ئەتکەمە دەرەوە. من وتم ئەمەش ئوردوگا نییە" بیگەنێنیت"، کەست نەهێشت هەمووت ڕاونا بۆ دەرەوە و ئایا ئێستاش نۆرەی منە؟

ئەو ڕۆژە تا نیوەڕۆ وەستام و لە بەیانیی ڕۆژی دووشەمەوە نەگەڕاومەتەوە بۆ ئەو شوێنە لە بەر ئەوەی لەو ماوەی پێنج مانگەدا هیچ شتێک بە ناوی کومیسیۆن، بوونی نەبووە و ئەو بابەتەم لە نووسراوەیەکی جیاوازدا بۆ کومیتەی ناوەندیی نووسیوە. ئێستاش بە هۆی ئەو هەڵس و کەوتەی کاک عوسمانەوە سکاڵام لێی هەیە و خوازیاری بەدواداچوونی ئەو بابەتە لە لایەن بەڕیزتان و کومیتەی ناوەندییەوە.

بە سپاسەوە     بێژەن قوبادی     ٢٠١٣/١١/٢١

............................................................

www.peshmergekan.com

**بەڕێز کاک عومەر ئیلخانیزادە**

**بەڕێزان ئەندامان و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندیی** ٢٠١٤/٠٣/١٢

وێرای سڵاوێکی هاوڕێیانە.

بابەت: ئازار و ئەشکنجە و دەسبەسەرکردن و بێدەنگی سکرێتر و کۆمیتەی ناوەندیی.

بەڕێز کاک عومەر: بێشک ئاگاداریت کە لەماوەی چەند مانگی رابردوودا دوو کەس لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بەناوەکانی فەرهاد.... و خالید... بۆ ماوەیەک لە ئۆردوگای کۆمەڵەدا زیندانی و دەستبەسەر کراون/ یەکەمیان فەرهاد... ٢٢ رۆژ راگیراوە و سەرەرای زەخت و زۆری لە سەری و راگرتنی لە ژوورێکی بچووکدا بەبێ ئەوەی شتێک لەسەر سابت بێت ئازاد دەکرێت. دووهەمیان خالید...کە گوایە زیاتر لە دوو مانگ هەر بەو جۆرە لە ژوورێکی بچووک و لە ژێر زەخت و زۆری رۆحی و رەوانییدا و لە هەمانکاتدا ئازا و ئەشکنجە جەستەیی/ شووکی ئەلکتریکی و..... و..... (بە پێی زانیاری پێشتری تەشکیلات لەسەر خالید، ئەو بۆ خۆی باسی هەڵە و تاوانی کردووە) پاش دوو مانگ ئازار و ئەشکنجە بە جەستەیەکی ئەشکنجەکراو و برینداروەوە تەحویلی ئاسایشی سلێمانی دەدرێت. بە جۆرێک کە ئاسایش بە توندی دژی ئەم کردوە نارەزایەتی خۆی لە رێگەی تەلەفوونەوە ئاراستەی پێوەندیەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی دەکات.

ئەوەی کە ئاشکرایە و لە ناو ئۆردوگادا باس دەکرێت گرووپێکی چەند کەسی ئەم کارە ناشیرینەیان بە بێ ئاگاداریی کۆمیتەی ناوەندی کردووە، و تا ئێستا زیاتر لە دوو حەوتوو لەم کردەوە تێپەر دەبێت و زیاتر لە دوو مانگ لە ئۆردوگایەک کە بێشک لە ئەندامانی ک.ن و جەنابت تێدا دەژین، کەچی بێدەنگی لێکراوە. لەکاتێکدا ئاسایشی هەرێمی کوردستان و بەشێک لە پێشمەرگەکان ئاگاداری ئەم رووداوەن!

هەروەکوو دەزانیت ئەم هەڵسوکەوتە دەبێت دوور لە پرنسیپ و ئەخلاقی کۆمەڵە بێت و هەموو پرنسیپەکانی ئەو لایەن و پارتانە کە خەبات لە پێناو مرۆفایەتیدا دەکەن دژی کاری لەم چەشنەن، هەر بۆیە وەستان و کێشدان و بێدەنگی ئێمە هیچ پاساوێکی بۆ نییە، داواکارین کە:

یەکەم: وەکوو سکرێتر ئەرکی سەرشانتە کە کۆمیسیۆنێک بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و تاوتووکردنی ئەم رووداوە جێبەجێ بکرێت کە لەسەر ئەو فایل و دۆکۆمێنتانەی کە هەن و هەروەها لێکۆڵینەوە لە گەڵ ئەو کەسانەی کە ئەو ئیتهامەیان لەسەرە، ئامادە بکەن.

دووهەم کۆمیتەی ناوەندیی زۆر بە خێرایی کۆ ببێتەوە، و لەسەر راپۆرتی کۆمیسیۆنی تەحقیق و کۆی ئەو قسەوباسانەی کە هاورێیان لە ئۆردوگا بیستوویانە و دەیکەن بڕیاری خۆی بەرامبەر بەو کەسانەی کە ئەو تاوانەی ئەنجام داوە جێبەجێ بکات.

ئێمە وەکوو ئەم پێنج کەسە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی چاوەڕووانی وەڵام و هەڵوێست و ئیقدامانی جەنابت دەبین.

بە سپاسەوە. جەلیل ئازایخواز/ عبدواڵا کۆنەپۆشی/ بیژەن قوبادی/ رێبوار رەشید/ هێرش علیزادە
٢٠١٤/٠٣/١٢

www.peshmergekan.com

## بەرێز سکرێتری کۆمەڵەی زەحمتکێشان، کاک عومەر ئیلخانیزادە.

وێرای سڵاوێکی هاورێیانە. ٢٠١٤/٠٣/٢٤

هاورێم، هەروەکوو ئاگاداریت ماوەیەکە لە کوردستانم، و لە ماوەدا لەسەر داواکاریی خۆم لە بەرپرسی ئیجرایی ئۆردوگا دوو سیمینارم گرتووە. یەکەمیان تایبەت بە ئەندامان لە ٢٠١٤/٣/١٦ و دووهەم لە ٢٠١٤/٣/٢٣ بۆ هەموو هاورێیانی تەشکیلاتی بە گشتیی لەسەر ئەوزاع و ئەحواڵی تەشکیلات بە تایبەتیی و باسێکی گشتیش لەژێر ناوی "یەکگرتنەوە" بەبشداری هاورێیان بەرێوە چوو، کە سەرەرای بایکۆتی بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کە دیارە هەرگیز لە باسی فکرییدا لەوەپێشیش بەشدار نەبوون و خەمخۆرییەکیان بۆ دەیان کێشە تەشکیلات نیشان نەداوە، لەهەر دوو سیمینارەکەدا کاری نابەجێی بەرچاو کراوە/ کە لە ئۆردوگا لە کۆبوونەوەی یەکەمدا بە بەشداریی بیست کەس لە ئەندامان و لە کۆبوونەوەی دووهەمدا بە بەشداریی سیوپێنج کەسێک کۆتایی هات.

ئەوەی باسی ئەم نامەیە و جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە کەسێک بەناوی "مەسعود سەلامی" کە بە مونتەسب لە لایەن رەزا کەعبی و عوسمان خەلیلی ـەوە بەرپرسی پارێزگارییە، بە کلاشینکۆفەکەیەوە لە سالۆنی سیمینارەکەدا لە پشت هەمووانەوە دانیشت بوو. لە ئاخری کۆبوونەوەکەدا بەبێ ئیجازە هەر یەکسەر هەستایە سەرپێ و قسەوباسێکی دەست پێکرد.

لەبەرئەوەی کەسیان دیاری نەکردبوو بۆ ئیدارەی سیمینارەکە هەر خۆیشم پاش قسەوباسەکەم بەرپرسایەتی کۆبوونەوەکەم لە ئەستۆ گرت. هەر بۆیە هەر بە خاتری ئیحترام سەرەرای ئەوەی کە نۆبەی نەگرتبوو و چەکەکەیشی هەر بەدەستەوە بوو، گوتم: فەرموو هاورێ مەسعود سەلامی، وەرە پای مایکەکە و قسەکانت بکە. کاتێك گەیشتە لای مایکەکە و قسەکانی دەست پێکرد هەرچی گوت بەخۆی مەربوتە ئەوە باسی من نییە. چون هەموو قسەکانی زەبت و فیلمبەردار کراوە. بۆ نموونە، هێندێک رەخنە و تێبینی لەسەر شێوەی بەرێوەبردنی سیمینارەکە هەبوو، کە دیارە بەرێز کاک موحسین مورادی (میراوە) وەکوو بەرپرسی ئیجرایی، بەرپرسایەتی ئیدارە و بەرێوەبردنی ئەو کارەی لە ئەستۆ بوو. بەلام:

یەکەم: ئاگاهانە و بەپێی پلان بایکۆتی کۆبوونەوە کرابوو (کاتی خۆی ئاگادارینامەی سیمیناری یەکەمیان لەبەر سەلفسرویس دراند بوو. ئەم کارەیەش هەروەکوو بە دەیان و بیستان کاری زۆر ناشیرین و دوور لە ئەخلاقیی دیکە، لەم بارەشەوە بەرێز موحسین زۆر بە داخەوە هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەر بەوە لە هیچکام لە کۆبوونەوەکاندا نەنواند. دیارە کاک موحسین لەو بارەوە بێگوناهە چون ناچار کراوە لەو کولتورەدا قالب بگرێت.

هاوکات هەمووان دەزانن کە لە سیمناری جەنابت و "جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵە" دا تەنانەت داوای تەنبێی ئەوە کەسانەتان کردووە کە بەشداری فلان و فیسار کۆبوونەوەتان نەبوون. دیارە من داواکاریی وەهام نییە و قەت ناشمبێت. وەلێ دیارە کە بانێکە و دوو هەوا. هەر

www.peshmergekan.com

بە هەمان شێوەی کە نیگاهبان و ماشین و واحدی ئامادە و پارە بەپێی بڕیاری "کۆنگرە" و "پێڕەوی ناوخۆی حیزب" هەر بۆ جەنابت و "جێگرە"کەتە، دروست لە کۆبوونەوە و سیمینارەکانیشدا هەر بەم جۆرەیە!

دووهەم: جگە لە مایکێک هیچ ئیمکاناتیکی دیکە وەکوو دووربینی فیلمبەرداری و زەبت و تەنانەت لیوانێک ئاو لە هیچ کام لە کۆبوونەوەکاندا نەبوو. ئەوەیشی کە جێ بە جێ کرا بە هیممەتی خۆم و یەک دوو هاوڕێ دیکە ئامادە کرا.

سێهەم: کاک ڕەزا کە خۆی و مەحفەلەکەی تەشریفیان نەهێنابوو، بە جێی خۆی، بەڵام یەک دوو کەسیان کە ناردبوو  مشروبیان خواردەبووە/ و یەک لەوان کە بە حیساب گوایا بەرپرسی پارێزگارییە بە چەکەوە لە هۆڵی کۆبوونەوەکە ئامادە بوو. هەر وەکوو باسم کرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە نۆبەی نەگرتبوو من هەر بەرێزەوە پێمگوت "فەرموو ئەوە مایکەکە لێرەیە، بێ و قسەکانت بکە". لە نێو قسەکانیدا هەڕەشەی لە کاسانێک کرد کە بە قەولی خۆی "ئەگەر کەسێک ببینم چیە چپ بکات حتمەن تەقەی لێ دەکەم ".

من ئیتر ناچار بووم مایکەکەی لێبستێنم و نەمهێشت ئیدامەی قسەوباسەکەی بدات. پاش ئەوە داوام لە کاک موحسین وەکوو بەرپرسی ئیجرایی کرد کە "قسە لەگەڵ ئەو بەرێزە بکات و لە هۆڵی کۆبوونەوەکە بیکاتە دەرەوە" چون من لێرەدا کە دانیشتووم هەست بە ئەمنیەت و ئاسایشی خۆم ناکەم. هەر بۆیە داوای لێکۆڵینەوە و هەڵوێستی جەنابت لە زووترین کاتی مومکیندا دەکەم:

1. بەرپرسی پارێزگاریی چۆن لە کاتی کاری حیزبیدا مەشروب دەخواتەوە؟ و سەرەڕای ئەوەی کە لەبەر دەرکی سالۆنەکەدا نووسراوە کە کەس بۆی نییە بەچەکەوە بێتە ناو هۆڵەکە، بەڵام کاک مەسعود سەلامی بە چەکەوە و بە مەستیی دێتە ناو هۆڵی سیمینار و بەو شێوەیە دەکات؟ ئەگەر پلانێک لە پشتی ئەم حەرەکەتەوە نەبووە چۆن کەسێکی وەها دەتوانێت مەشروب بخواتەوە و بە چەکەوە واردی هۆڵی کۆبوونەوە بێت؟
2. کاک مسعود لە کاتی قسەکردنی لە کۆبوونەوەیەکی فەرمی حیزبیدا هەڕەشەی گوللەپێوەنان لە ئەندامانی حیزبەکەی دەکات ئەگەر ئەم کارە بەپێی پلان نەبێت کەسێکی وا چۆن ئیجازە بە خۆی دەدات کە لە کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا هەڕەشە لە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بکات/ لەکاتێکدا دەبێت پارێزەری بێت؟
3. ئەگەر ئەم حیزبە خۆی بە خاوەن هەڵسوکەوتی شیاو بە ئینسان دەزانێت دەبێت لێپرسینەوەی جیددی لەم ڕەفتارە قێزەونە بکات. و لە زووترین کاتی مومکیندا ئەم کارە ئیدانە و لە هەمانکاتدا بەرخوردی شیاو و پێویستی پێبکات، ئەگەر نەکردرێت، ئەوا بەمافی خۆمی دەزانم کە لە ڕێگەی یاساییەوە هەڕەشەکەی کاک مەسعود پیگیری بکەم.

لە کۆتاییدا بۆ مێژوو دەبێت ئەوە بڵێم کە من وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمتکێشان لە ئۆردوگای حیزبەکەدا هەست بە ئاسایش و ئەمنیەت ناکەم، هەر بۆیە هەر کردەوەیەکی لەم جۆرە کە ڕەنگە کارەساتی جیددیشی لێبکەوێتەوە لە ئەستۆی ڕەزا کەعبی و مەحفەلەکەی دەزانم.

www.peshmergekan.com

هێرش عەلیزادە

٢٥/٠٣/٢٠١٤

..................................................................

سیمیناری دووم: باسێک لەسەر بارودۆخی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و زەرورەتی "یەکگرتنەوە". ٢٠١٤/٠٣/٢٣ بۆ هەموو هاورێیانی تەشکیلاتی لە ئۆردوگایی بانەگەورە.
پێشکەشکار: هێرش عەلیزادە

هاورێیان: وێرای سڵاوورێزێکی هاورێیانە/ هەموو لایەکەتان بەخێر بێن بۆ ئەم کۆرێی ئەمرۆمان/ بەداخەوە لە کۆبونەوەی پێشوو و ئەمرۆیشدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەوانی کە کارەکانی ئەم حیزبەیان لە ماوەی ئەم ١٦ مانگی پاش کۆنگرەی سێزدە بە ئەستوویە، و تەنانەت هێندەێکیان لە یەکەم رۆژانی جیایەکانەوە تا ئێستا لە کۆمیتەی ناوەندی ئەم حیزبەدا خاوەن بۆست و مەقامی‌یان بوون. لە جێگەی ئەوی کە هێندێک هاورێ بانگ دەکەن و چەپە چەپیان بۆ دەکەن و ئەم یان ئەو هاورێ دەکەن خودی و غیر خودی... با بێن و لە رووەرووە قسەکانیان بکەن وەڵام بەو پرسیارانە بدەنەوە کە باس دەکرێت.

پێشەکی هەر بۆ زانیاری خۆم دەمەوێت بزانم کە چەندە لە هاورێیانی بشدار لەم کۆبونەوەدا ئەندامن؟ هەر وەها چەندە کەس لەو هاورێیانی کە لێرە ئامادەن، پرۆگرام و پیرەوی ک.ز.ک.یان بەدەست گەیشتووە و خۆێندویانەوەتەوە، یان بۆیان خۆێندونەتەوە؟ (١٦ ئەندام سەرجەم ٤٠ کەس.. پرۆگرام و پیرەو ؟؟؟ بێدەنگی!).

هاورێیان: کۆرێ ئەمرۆمان ئامازیە و لێکدانەوەیەکی، گرێدراوە بە داهاتووی ژیانی سیاسی یەک یەکی ئێمەوە، هیوادارم لەرێگەی پرسیار و تێبینییەکانتانەوە بتوانین رۆشنایەکی باش لەسەر لایەنە جورباجۆرەکانی ئەم باسە و باسی یەکگرتنەوە دابنێن.

من قسەوباسەکەم بەمجۆرە دەست پێدەکەم. من باسەکەم نووسیوەتەوە بۆ ئەوەی کە هاورێیان بتوان باش لە چوارچێیەوەی قسەکانم کەڵک وەر بگرەن.

بەرێزان: من درۆست یەکساڵ پێش ئێستا وتارێکەم بۆ ئەندامان لەژێر ناوی "بۆ ئەوانی کە دەڵێن کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران فەرقیان نییە و فرمێسکی یەکگرتنەوە بۆ هەڵدەرژێن" نووسیوە. (ئەڵبەتە نازانم کە چەندە لە ئەندامان بەدەستیان گەیشت/ رەنگە بزانن کە داستانی ئەو هەڵۆێستی ساڵێک پێش ئێستای من دەگەرێتەوە بۆ پیوەندیە ژێر بە ژێرەکانی پێش کۆنگرەی ١٣ و تەنانەت پاش کۆنگرەی ١٣ش). حتما" ئەو ماجرایەتان لەبیر ماوە چەندە قوربانیانی ئەو پلانە ژێربەژێرە زۆرەن و بەشێکیان هێشتا هەر زیندوون.

ئەو وتارە لێکدانەوەیەک بوو لەسەر ئەساسی پرۆگرام و پیرەوی ناوخۆ و ئەو سیاسەتانی کە ئەم حیزبە لە کۆنگرەکان دوازدە و سێزدەیشدا لێی‌هاتبووەدەرە. کە تەنها زەمانەت و پشتگیری ئەو جهتگیری و کردارە دەبوو کە جیاوازیەکانی دەسەلماند، بەڵام بێ‌وەفایی و پاشگەزبوونەوە

www.peshmergekan.com

لەکرداردا بە مسەوەباتی کۆنگرەی ١٣ لە کارکردی ١٦ مانگەی کۆمیتە ناوەندی ک.زک ئەوەی بەمن سەلماند کە دەبێت بیر لە ڕێگەچارەیەکی دیکە بکرێتەوە. و هەر ئەویش هووی گرتنی ئەم سیمیناری ئەمرۆمانە هاورییان. ئەم هەڵۆێستیشم هەر لە یەکەم رۆژانی باسی یەکگرتنەوە (بڕیاری کۆنگرەی ١٤ی ک.ش.ز.ک.ئێران و ناردنی هەیئتی ئەوان بۆ لای ئێمە) چەند مانگ پێش ئێستا بە شەفافی و روونی بە عەرزی سکرێتری حیزبەکە گەیاندووە.

رووی قسە و هەڵۆێستی یەکساڵ پێش ئێستای من لەو تەفەکرو و عەقڵیەتە بوو کە هەر لەیەکەم رۆژانی جیایەکانەوە، وەکوو خۆرە وجودی ئەم حیزبەی گرتبووەخۆی، و رۆژ لە گەڵ رۆژ حیزبی لاوازتر دەکرد/ من ئەمەم بە نەخۆشیەکی قورس و مۆزمن لەسەر ک.ز.ک دەزانی، و پێموابوو کە جگە لە زەرەر و زیان قازانجێکی بۆ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان تێدا نییە و نایێت. ئەم هەڵۆێستەی من تەنها کاتێک دیتوانی بگاتە قۆناخی پراتیکیەوە، کە رابەری هەڵبژێدراوی ئەن حیزبە لەباری سیاسی و فیکریەوە لەسەر ئەساس و بناغەی مسەوەباتی کۆنگرەی سێزدە لە کردەوەدا خۆی بۆ تەیار بکردبا، و لە کارکردی رۆژانەی خۆیدا هەنگاوی جێدی و سەمیمانی بۆ جێبەجێکردنی مسەوەباتی کۆنگرەکانی هەڵگرتبا.

من کاتێک ئەو وەتارەم نووسی، جیاوازیەکانی نێوان ک.ز.ک و کۆمەلەی شۆرشگێری.ز.ک.ئێران لەسەر ئەساسی بڕوا و پڕنسیپی سیاسی و وەفاداری بە پرۆگرامی سیاسی ئەم حیزبە فورموولەم کردەبوو/ پێموابوو ئەو بەرپرسایەتی کە لە ڕێگەی دەنگەکانی ئێوەوە لە مسەوەباتێکدا لە کۆنگرە سێزدەدا بە ئێمە سپێردرا، هەنگاوی جێدی بۆ هەڵدەگیریەت، من پێموابوو کە ئێمە دەتوانین لەبواری جیاوازیەکاندا سەرکەوتوو دەبین، و تەنانەت مشەوقی لایەن و خەڵکیتەریش دەبین لە پێناو گەورەکردنەوەی ک.ز،کوردستاندا. کە بەداخەوە ئەمرۆ من پاش ١٦ مانگ تێپەربوون بەسەر کۆنگرەی سێزدەدا پێچەوانەکەی دەبێنم.

دەبینیم کە ک.ز.ک هەروەکوو لە پلانی رێفۆرم و چاکسازیەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە لە پلانی جێبەجێکردنی مسەوەباتی کۆنگرەی سێزدەیش هەر ئەوەی لێبەرسەرهاتەوە. دەبینیم کە ئاڵۆزی فێکری و لاوازی تێگەیشتی سیاسی و لەسەر هەموویانەوە و بەرژەوەندی تاک و گرۆپ لە ناو کۆمیتەی ناوەندیدا، ئەم حیزبی بە ئاقارەکەی مەترسیداردا بردووە. کەمن حەوتووی رابردووە لە کۆبونەوەی ئەنداماندا باسم کرد.

لێرەدا رایدەگەیەنم کە کارکردی ١٦ مانگەی ئەم حیزبە لە پاش کۆنگرەی ١٣ منی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە لە هەڵۆێستی یەکساڵی رابردووی خۆم سەبارەت بە "باسی یەکگرتنەوە" ئەم دولایەنە خۆم نۆێ بکەمەوە/ راشکاو و شەفاف بڵێم کە درۆشمی "ریفۆرم و چاکسازی" لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی ئەم حیزبە تا کۆنگرەی سێزدە چەندە تێدا سەرکەوتوو بوو لە جێبەجێکردنی مسەوەباتی کۆنگرەی سێزدەیش هەر ئەوەندە سەرکەوتوو بووە. رەخنە و پاشگەزبوونە و هەنگاو لە کرداردا ئیراد نیە هاورێیان/ قەتیسبوون و گەران لە بازنەیەکدایە کە بەرهەمی نادیارە، عەیب و ئیرادکی قورسە و نابخشودنیە.

گۆران لەسەر هەڵۆێستی رابردووم نەک لەبەر خاتر ئەوەی کە لە هەڵۆێستە فێکری و سیاسیەکانی خۆم پاشگەز بوومەتەوە/ نا هاورێیان!. من و هێندەێک لە هاوڕێیانتەر بۆ

پێشخەستی ئەمە فێکرە باجی قورسمان داوە. سەرەرای ئەوە بە هەموو وجودمەوە بە پرۆگرامی سیاسی و پیرەوەی ناوخۆی حیزبەکە (مەسەوەبی کۆنگرەی سێزدە) تا ئەم کات و ساتەیش وەفادارم/ بەو مانایەی کە پێموایە ئەم خەتە فێکری و سیاسیە و مسەوەباتی کۆنگرەی ١٣دیتوانی ئەم حیزبە لە هەڵدەێرێکی مەترسیداردا رزگار بکات. و پرنسیپ و رەوشتی سیاسی دەبێتە بەردی بناغەی کاری ئەمرۆمان.

بەڵام بەداخەوە ئیرادەی ئێمە چەند ئەندامێکی ک.ن لەم رێگادا بوو بە قوربانی درێژەی هەرهەمان تەفەکور و عەقلیەت کە ریفۆرم و چاکسازیشی بە ساوایی تێدا خنکاند. هەر بۆیە باسی یەکگرتنەوە لای من و هێندەێکیدیکە لە هاورێیانم مانا و تێگەیشتێنکی جیاوازەتری هەیە لەوەی کە لە ناو باقی ک.ن.دا تێئۆری بۆ دەدوزنەوە، بەبێ ئەوەی بتوانن لە رۆشناییدا قسەی خۆیان بکەن! لە کاری سیاسی و دانۆستانی جێددیدا هاورێیان ئەوەی کە کراوە، جگە لە گەمە بە خەباتی سیاسی، بە حیزب و ئیرادەی مرۆف ناوێکیتەری نیە.

لێرەدایە کە گرنگە تەنها بیر لە ئەمرۆ نکەینەوە داهاتوو و دەرباز بوون لەم وەزعیەت دەبێت ئەساسی کاری ئێمە بێت!

لەسەر ئەساسی کارنامەی حەوت ساڵەی ئەم حیزبە، لە باسی یەکگرتنەوەدا بەکار هێنانی کارتی ئیختلافی سیاسی بۆ ک.ز.ک برووی نیە/ هەر باس و دانۆستانێک لە سەر  ئەساسی ئەوەیە کە تو چەندەت لە چەنتەدایە؟ دەستت چەندە پڕە! چەندە وەفاداری بە پرنسیپ و بنەماکانی حیزبەکەت؟ ئەوەی کە لە کۆنگرەدا تەسیوب کرا و ئەو دەنگی کە بە من و ئەو هاورێیانە درا، لە پراتیک و کارکرد و پێشخەستنی حیزبەکەدا چەندە رەنگدانەوەی بووە؟ و لە هەمانکاتیشدا من پێموایە ئێستا زۆرێک لە ئەندامان و لایەنگران و دوستانی ئەم دو باڵە لە کۆمەڵەکاندا دژایەتیەکی ئەوتوویان لە سەر یەکگرتنەوەی ئەم دو باڵە نییە، تەنانەت پێشوازیشی لێدەکەن. ئەڵبەتە ئەوانی کە دور لەهەر سات و سەودایەک دەیانەوێت بە پێی ئەساسی فکریی و سیاسیی و ڕەووشتیی ئەم پرۆسە ئەنجام بدرێت.

ئەگینا مانای نابێت ئەگەر من بڵێم لە خەتی فێکری و سیاسی حیزبەکەی مندا لیدان و ئەشکنجە/ بێحۆرمەتی و ئەهانت/ ناشەفافی و بێحقوقی جیگەی نیە بەڵام لە رەفتاروکرداردا پێچەوانی بێت! و لەوە نوقسانتر تێیدا هەر بەردەوام بێت! لە رۆژگاری ئەمرۆدا کەس کڕیاری ئەم کالای ئێمەی نیە هاورێیان! قسەوقەوڵ قەرارەکانمان و بڕیارەکانمان ئیکسپایر بوون.! تاریخی مەسرەفی بەسەر چووە.

هاورێیان: دەکرێت هەر رێگایەک کە مرۆف پێی بە قازانج بێت بیگرێتەبەر، لەزۆر کاتدا گوران و تاقیکردنەوەکان رەنگە قیمەتێ قورس و گرانی لەسەر مرۆف هەبێت مەرج نیە کە هەمیشە تێدا سەرکەوتوو بین/ من سەرەرای ئەوەی کە خاترجەمم کە دەبێت ئەم وەزعە بەزوویی بگۆردریت، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا سەرئەنجامێکی بەدەڵی هەمووان دەبێت؟ گرانتیەک نیە هاورێیان/ دابڕانەکانی رابردوویش ئەوەی پێمان سەلماندووە.



www.peshmergekan.com

بەڵام یەک شێت دەزانم ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ نابێت خۆی بە شێتەکەوە قەتیس بکات کە بەرهەمی نادیار بێت! دەزانم کە ژیانی ڕۆژانەی ئەم ئۆردوگا لەباری ڕۆحی و ڕەوانی و پاراستنی حۆرمەتی ئینسانیەوە شیاوی ئێوە نیە. دەزانم ناعەداڵەتی و بێمافی کۆشندەیە هەیە!

ئەوەی کە کۆمیتەی ناوەندیەکە بە دەنگی خۆتان و لەسەر پەشتی خۆتان دانیشتووە و سەرچاوەی ئەم وەزعەیە، جیاوازیەکی بەرچاو و باڵا هەر لە نێوان خۆیاندا دبینرێت! ژیان و پەروەردی ئەم خەڵکە لە هەموو بوارێکدا گرنگە، ئێمە بە پێی خەتی سیاسی و فێکریمان بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیمۆکرات، بۆ عەداڵەت بۆ بژیوی باشتری خەڵکی کوردستان و... تێدەکۆشین، ئەگەر ئەمە لە ژیانی سیاسی و کرداری ڕۆژانەی ئەم ئینسانانی کە لێرەدا دەژین ڕەنگدانەوەی نەبێت کۆمەڵگای باشتر و ژیانی مرۆڤانە لەودیو سنورە دەسکردەکانەوە چ مانایەکی هەیە هاورێیان؟ ئەگەر وانیە، دەبێت ئیدەیالیزم مەزهەبی جەهنمی سەر زەوەی و بەهشتی پاش مەرگ، فێکر و عەقڵیەتی ئێمەی تەنیبێت!

جا بۆیە من پێموایە کە کەس نابێت جارێکیتر ئەو ئیجازەیە بە خۆی بدات کە بەبێتە سیاهی لشکری ئەم یا ئەو/ و خۆی بخاتە ژێر کاریگەری قسەوباسێکەوە کە لەماوەی ئەم حەوت ساڵدا لە کرداردا محلەکی لە ئەعراب نەبووە.

نابێت تەعەسوبی ناوی ئەم یان ئەو کۆمەڵە/ گیانبختکردووان ئەم ڕێگە پڕ لە ئێش‌وئازارە/ ناوچەگەری و کۆرومحفەلەکان، ئێمە کوێر و نابینا بکات و ڕاستیەکانی ژیانی سیاسی و مرۆیی خۆمان نەبینین و نەیناسین. جێددیەتی سیاسی و ڕاوەستاوی و باوەربەخۆبوون لە بریاری سیاسیدا دەبێت ئەساس بێت. بۆ نموونە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئێوە لەسەر ژیانی سیاسی خۆتان دەبێت چ بێت؟ توویەک کە نیگهبانی من دەدیت؟ بە ماشێن بەملاوئەولادا دەمبەیت/ تەنانەت نازانی کە من پاش ئەوەی کە لەبەرچاوی ئێوە گۆم دەبم چی دەکەم، خۆ تۆ دەبێت لە کردەوەدا پێشکەوتنێک بە حیزبەوە ببینێت/ و بزانیت کە ڕەنج و کارێت مانای هەیە! ئەگینا بۆ لێرەیت؟

بەرژەوەندی کۆمپانیایک و حێزبێک لەرووی زەرەر و قازانجەوە وەکوو یەکە. کاتێک تو کۆمپانیایک دادەمەرزێنیت دەبێت هەموو حیساب و کێتابێکی بۆ بکەی و ساڵ لەگەساڵدا لەسەر زەرەوقازانجەکانی هەڵسەنگاندن بکەی...../ لە حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیشدا هەروەهایە هاورێیان. تو دەبێت بۆ حیزبەکەت هەر عین حیساب و کیتاب بکەی و بزانی کە:

•ڕادەی جێبەجێکردنی بریارە سیاسیەکان/ دروشمی ڕیفۆرم و چاکسازیەکان/ مسەوەباتی کۆنگرەکان/ جیاوازیە سیاسیەکان کە باسی دەکرێت/ ساختار و مۆناسەباتی ناخۆیی و.... چەندە پێشچووە؟ دیاربوون و پێشخستنی لە ڕێکخستنەکاندا/ لە پێوەندیە دیپلۆماسیەکاندا/ ڕاگەیاندنەکاندا و...../ ئاسۆسات؟ کێ و چوون داخرا؟ بۆ؟

•ژمارەی تاکەکان (پێشمەرگەوکادروئەندامانی ئەم حیزبە) هەر لەیەکم ڕۆژی دابڕانەکانەوە چەندە بوو و چەندە لەوانە ماوەن" ئەمە فاجعەیە کە ئەمرۆ لەم سیمینارەدا لە کۆی ٤٠ کەس تەنها هاورێیەک لە هاورێیانی کاتی جیایەکان لێرە دەبینرێت!/ ئەو کۆرییی کە لە گەڵ کۆمەڵە ـ پارتی سوسیالدیموکرات لە کۆنگرەی سێزدەدا یەکمانگرت، چەندەیان ماوەن بۆ دیار نەماوەن؟/

www.peshmergekan.com

ئەو ئەندامانی لە کۆمیتەی ناوەندیەوە کە لەم حیزبە ڕۆیشتوون/ ئەو پێشمەرگانی کە پوول پوول نەماوەن/ ئەوانی کە هاتن بۆ پ.م یەتی و ڕۆیشتن./ ژمارەی قوربانیان و بێسەروشۆێنەکان/ ژمارەی ئەو کەسانی کە زیندانی و ئەشکنجە و هەتکی حۆرمەت کران/ بێسەروبەری لە ئیمکاناتی ئۆردوگای/ و ماڵی‌دا/ ژماری چەک و تەقەمەنیەکاندا چەندە بوون چەندەمان کریوە و چەندە ماوە؟ / ژمارەی پێشمەرگەکانی ئەمرۆمان/ ژمارەی چەکەکانی پایەگاە و پرسگە و واحدی ئامادە/ ژمارەی ماشینەکانمان لە هەشت ماشینەوە گەیشتووەتە ٢ ماشێن/ دارایی یەکەم ڕۆژەکانی ئەم حیزبە و داراییەکانی ئەمرۆی کە تا بنەقاقای لە قەرزدایە و تەنانەت کۆمیتەی ناوەندیەکەیش جێگە لە یەک یا دو نەیێت ئەوەیش خاترجەم نیم بەلام کەس نازانێت بە کێ قەرزدارین؟. ئامار و ئەرقام دێت و دەچێت!

بەم وەزعەوە دەتەوێت یەکگرتنەوە نکەی؟ بەم وەزعەوە باسی "ئیختلافی سیاسی" دەکەی و مەرج دادەنێت؟ بەم وەزعەوە شانازی ئەوە دەکەی کە لە ناو کۆمەڵەی زەحمتکێشانی کوردستاندا "نەفس ئازادە"؟؟ بەدەنەی ئەم ڕێکخراوەیە هیچ قازانجێکی لەم بڕۆبیانکەدا نیە، هەر بۆیە ئێوە دەبێت بڕیاری و هەڵوێستی خۆتان بێت. ئیدامەی ئەم وەزعە لە قازانجی ئێوەدا نیە هاوڕێیان.

هاوڕێیان: هەموو دەزانین کە جیابوونەوە و دابڕان گەمەیەکی سیاسی بۆ کەیفخۆشیی ئەم و ئەو نییە، بۆ پەیداکردنی پووڵ و پارە و مەقام و پلەی حیزبی نییە، کە ئەمرۆ جیا بیتەوە و سبەی لێی پەشیمان بیتەوە، بەڵام ئەوەی کە ساڵی ٢٠٠٧ لای ئێمە ڕوویدا و ئەم دیووئەودیوی لێکەوتەوە، لەسەر بناغەیەکی فێکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی نەبوو و ئەگەریش دروشمی "ریفۆرم و چاکسازی" بۆ مەقبوولیەت و حەقانیەتی ئەم لێکدابڕانە بەرز کرایەوە لەسەر ئەساسی باوەڕێکی سیاسی و جێدی بەم چەمکە نەبوو/ من ناڵێم دروشمی ڕێفۆرم و چاکسازی واقعێی نەبوو/ دەڵێم ئیرادە و بڕوا و ئیمان بەم چەمکە نەبوو کە دابڕانێکی لەسەر کرا. چوون لە پراتیکدا دیتمان کە دروشمی ڕیفۆرم و چاکسازی پاش حەوت ساڵ بەچ ئاقارێکدا چوو!

حیزبێکی تەندروست پێویستی بە خەڵکی خاوەن هەڵوێست و شەفاف لە کاری سیاسی و ڕێکخراوییدا هەیە، ئەگەر مرۆڤ فێر بێت خۆی لەژێر کاریگەری تاقم و گرۆپ و ڕەوشتی غیرەسیاسی ڕزگار بکات و ئازادانە بەبێ تەعسووب بڕیار بدات ئەوە دەتوانێت سەربەست بژی، سەربەست خەبات بکات. سەربەست هەڵۆێست وەرگرەت. ئەو کاتە من و تۆ و هەر کەسێکیتریش دەتوانین بەبێ هیچ گرفتێک بە ئاشکرا لە جیاتی جارێک دەیان جار هاتووچووی یەک بکەین و پێکەوە قسەوباس بکەین، بەبێ ئەوەی کەسێک بتوانێت ئیتەهامێکمان لەسەر سازبکات، بەبێ ئەوەی بە سووک و ئاسان لە ئۆردوگا بەتکەنە دەرەوە/ بەبی ئەوەی کە سووک و ئاسان دەستبەسەرت بکەن/ بەبێ ئەوەی کە ئەندامی ک.ناوەندیەک یان بەرپرسێک ڕەقەت لێبگرەێت و بەڵێت یامن یا تو لەم حیزبەدا!

هاوڕێیان: لە دەروونی کۆمەڵەی زەحمتکێشانی کوردستاندا ناتەندروستی و ناشەفافی لە بنەما فێکری و سیاسەکان/ لە کاری ڕێکخراوەیی و ئیداری حیزب/ بەشی ماڵی و مۆناسەباتی تەشکیلاتیدا هەیە کە وەکوو نەخۆشیەکی کۆشندە و گران سەرتاپای حیزبی ئالۆدە کردووە، ئەگەر ئێستایش هەلۆمەرجێک بۆ دەربازبوون لەم ڕووخان و دامرانە هاتووەتە ئاراوە، بەداخەوە

بەشێکی بەرچاو لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکە لە ئاستێکی نەزم و لاواز و لە هەمانکاتدا ناشەفاف و شاراوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن.

ئەوانی کە دەیانەوێت لە حیزبێکدا بن بە ناوی کۆمەڵەیەک کە بەپێی پرۆگرام و خەتی فێکریان، خاوەن خەتێکی ڕێفۆرمیستی و لە هەمانکاتدا فێدرالیست و نەتەوەیی بێت و لە درۆشمی لغوی مالیکیتی خوسوسی و ڕۆخاندنی سەرمایەداری و حکۆمەتی چینایەتی دەستی هەڵگرتەبێت، ئەوا هەردو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و شۆرشگێر لەو بازنەدان. ئەگەر هاورێیانەکیش کە لە خەتی فێکری سوسیالیستی و ئیدولۆژی کۆمەڵەیەکن تەنها بە ئاڵا سورەکەیەوە دیناسنەوە، بەو مانایەی کە خوازیاری ڕۆخاندنی سەرمایەداری و لغوی مالیکییەتی خوسوسی و حکۆمەتی کرێکارین، ئەو تەفەکروە ئەگەر جێددی بێت و ڕاستگۆیی لە کرداریدا بێت ئەوە حیزب و میکانیزم روون و ئاشکرای خۆی هەیە کە ناوی "ڕێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست" کومەڵەیە. ئەوەی کە من دەبینم لە ناو ک.ن کۆمەڵەی زەحمەتکێشاندا چەند کەسێک جاروبار باسی "چەپ و سۆسیالیست" دەکەن بەبێ ئەوەی یەک خەتی لەسەر بەنووسن و خۆیان روون بکەنەوە تەنها دەستەوازۆیەکە لە پێناو پۆست و ئیمتیازاتی ژیانێک کە لەم ئۆردوگایەدا بۆیان مسوەگر دەبێت!

بەرێزان: من بۆیە باسی وەزعی تەشکیلاتتان بە گەشتی بۆدەکەم دەمەوێت بڵێم کە پێداگرتن و ئیدامەی ئەم وەزعە هیچ قازانجێکی بە خەبات و خەڵکی کوردستان نەگەیاندووە و نە دیگەیەنێت، بۆ دەربازبوون لەم وەزعە دەبێت لەم هەلە کەڵک وەرگرین و پرۆسەی یەکگرتنەوە بەجێددی بگرین، بەداخەوە دەبینین کە زیاتر لە چوار مانگ لەم پرۆسەیە دەگۆزەرێت بەڵام سەرئەنجامێکی شایانی باس نیە.

ئەگەر وەکوو تاکێکیی بێلایەن چاوێک لە پرۆسەی دانوستانەکان بکەی لە کردار و ڕەفتاری کۆمیتەی ناوەندی هەردولا وەرد بیتەوە، تێدەگەی کە کارشێکێنی و کاری ژێر بە ژێر لە لای ئێمە بەرچاوە. دەبینن بروبیانێکی سیاسی بۆ دانوستانەکان دەتاشرێت کە وەکوو باسم کرد لە پراتیکدا مانایەکی نیە جگە لە کایە بە وەشەکان نەبێت!

هەروەکوو لەسەرەتادا درۆشمی "ڕێفۆرم و چاکسازی کرا بە ئاڵای جیابوونەوە لەم رۆژانیش ئەگەر بەوەردی چاوخشاندنێک بەسەر پرۆسەی دانوستانەکاندا بکەن و لە هەمانکاتدا قسەوکۆمێنتەکانی سەر فیزبووک و گرۆپ و محفەلەکانی بازنەی دژبەرانی ئەم پرۆسە چاو لێبکەن تێدەگەن کە ئەمجارە قسەوباسەکان ناوی "ئیختلافی سیاسی" لەخۆ گرتووە، کە نەک هەر باوریان پێنیە بەڵکۆ لە ئەساسدا تەنانەت هەر قسەی خۆیشیان نیە.

راستە "یەکگرتنەوە" بەبێ ڕێز بۆ یەکتر، بەبێ دەنگ و رای بەرامبەر بەبێ زەمینەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ و شەفاف لەسەر ئەساسی جیاوازیی سیاسی و ساختاری دوولایەن و لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێمانایە. بەڵام هاورێیان فەرموون با هەڵسەنگاندنێک بکەین بزانین براستی ئێمە ئەوەی دەمانەوێت بیکەینە لەمپەرێک بۆ شکستی ئەم پرۆسە لەم حیزبدا چەندە لە عەمەڵدا کاری بۆ کراوە؟ یان چیمان بۆ کردووە؟ لایەنێک کە نەتوانێت قسە و ئیدعا و تێئۆریەکانی خۆی لە عەمەڵدا بەسلمێنێت باس لە جیاوازی سیاسی و ڕێکخراوەیی تێیدا بێمانایە!

www.peshmergekan.com

یان براستی کاتێک دەڵێن خەڵکی کوردستان دەبێت بشداری ئەم یەکگرتنەوە بن چەندە واقعییە؟/ خەڵک بە گشتی و رووناکبیر و نوسەری کورد چەندە لەم دابرانەکانی ناو کۆمەڵەکاندا هەر لەسەرەتایی حیزبی کۆمۆنیستەوە تا ئێستا تێدا بشدار بوون/ جگە لەوانی کە پێیان دەڵێن تەشکیلاتی/ لایەنگران و بنەماڵەی گیانبختکردووانی کوردستان؟/ بۆ نموونە ماوەیەک پێش ئێستا راگەیاندنێک لە لایەن دو "تەشکیلاتی ناوخووە" چووە سەر تورە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمە چەندە راستی تێدا بوو؟ جگە لە کارێکی زۆر ناشیانی هێندەێک کەس لێرەولەوێ!

لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم کە ئەگەر بەرژەوەندی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و حیزب وەکوو وەسیلە و ئەبزارێک بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانمان لەو بزووتنەوەیەدا لە پێش هەموو بەرژەوەندیەکەوە بێت، ئەوا ئێمە دەتوانین بەروو گۆرانێکی جێدی هەنگاو بنێین. ئەگەر ئەم پرۆسەی یەکگرتنەوە مسوەگر بێت سەرەرایی ئەوەی کە من یا تۆیەکی چەندە بەدەڵمانە و یان لە دوارۆژدا لەگەڵی دەبین، من پێموایە ژیانی سیاسی و مرۆیی ئێوە لەوەی کە ئێستا هەیە چاکتر و رووناکتر دەبێت.

تەواو هێرش عەلیزادە ٢٠١٤/٣/٢٣

..............................................................

## بەرێزان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

لە رێی ئەم نامەوە پێتان رادەگەیەنم کە ئەگەر لە کۆبوونەوەکانی ئاییندەدا "رۆژەڤ" و "پرۆتۆکۆل" نەبێت، من ئیتر ئامادە نابم و بەشدار نابم.

رۆژەڤ بەم شێوەیەی خوارەوەیە (بۆ نموونە!):

رۆژەڤ

ناو: کۆبوونەوەی بەرێوەبەرایەتیی/ کۆمیتەی ناوەندیی/ کۆمیتەی تەلەڤیزیۆن هتاد

ژمارە: ١

مێژوو: ٢٠١٢/٩/٥ رێککەوتی پێنجشەممە

کاتژمێر: ٦ ی ئێوارە تا : ٩ ی شەو

شوێن: کوردستان و ئوروپا (تێکەڵاو)

١. بە خێرهێنان

٢. راوەرگرتن بۆ هەڵبژاردنی هاورێیەک بۆ بەرێوەبردنی کۆبوونەوەکە (٣ خولەک)

٣. راوەرگرتن بۆ هەڵبژاردنی هاورێیەک بۆ نووسینی پروتۆکۆڵی کۆبوونەوە و هاورێیەکیش بۆ پیاداچوونەوە (٣ خولەک).

٤. ئەگەر پێویست بکات رێگادان بە زەبتکردنی کۆبوونەوەکە لە رێگای ئەلەکترۆنێکی (٢ خولەک)

www.peshmergekan.com

٥. دەنگدان یان دەنگ نەدان بە پەسەندکردنی دوا پرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەی پێشوو (٢ خولەک). لە ئەگەری دەنگ نەداندا ڕوونکردنەوە و ئاماژەی کۆنکرێت بەو خاڵە تا لەم ڕۆژەڤەدا قسەی لە سەر بکرێت.

٦. دەنگدان بە پەسەندکردنی خاڵگەلی ڕۆژەڤی ئەمڕۆ (١ خولەک)

خاڵەکانی ڕۆژەڤ:

٧. باسێک لە سەر تەلەڤیزیۆن (٣٠ خولەک)

٨. باسێک لە سەر چۆنییەتی کۆبوونەوەکانی ئوروپا (٣٠ خولەک)

٩. باسێک سەبارەت بە هەوڵدان بۆ هاوپەیمانییەک لەگەڵ حیزبگەلی دۆستدا. پێشکەشکردنی هاوڕێ.... (١٠ دەقیقە) و قسەوباس لە سەرکردن (٢٠ خولەک)

١٠. خاڵی دیکە گەر هەبن. (پێشنیار و تێبینییەکان)

کۆی کات لەوپەڕییدا نیزیکەی ١٢٠ خولەک، واتە ٢ کاتژمێر

تکایە لە سەر ئەو خاڵانە بە پێی توانا خۆتان ئامادە بکەن و خۆتان لە هەموو شێوەیەکی دووبارەکردنەوە بپارێزن. لادان لە باس قابیلی قبوڵ نییە.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ٢٠١٢/٩/٥

هاوڕێیان،

١. ڕۆژەڤ دەبێت لە سەر کاخەزی ڕەسمیی کۆمەڵە بنووسرێت و پرۆتۆکۆڵی ئەو ڕۆژەڤە لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا بگاتەوە دەست کۆمیتە.

٢. ڕۆژەڤی کۆمیتەی ناوەندیی دەبێت لانی کەم پێش ٧ ڕۆژ بگاتە دەست هاوڕێیان. واتە هەر دوا بەدوای کۆبوونەوەی ڕۆژ، ڕۆژەڤی هەفتەی ئاییندە دەبێت لەو خاڵانە ئامادە بکرێت کە دەزانرێت بابەتی قسە و باس و بڕیارن.

بەڕێزان، بەڵامەوە گرینگە ڕاشکاوانە بە بەڕێزتان رابگەیەنم کە نە سوود و نە چێژم لە هیچ لەو کۆبوونەوانە وەرنەگرتووە کە تا ئێستا گرتوومانن. دەزانم و دڵنیام دەر لە هەر چوارچێوەیەکی لەم شێوەیە هیچ بە هیچ ناکرێت و فەنکسیۆنی حیزبمان نابێت.

سپاستان دەکەم کە گوێتان گرت و کە کاتم لێگرتن، بێوەی و سەرکەوتوو بن

ڕێبوار ٢٠١٢/٩/٣

....................

**بۆ پلێنۆمی دووهەمی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

ڕوونوس: ئەندامان و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

ڕوونوس: ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

ئەمڕۆ ٢٠١٣/٥/٢٧ زاینی کە کۆتایی پلێنۆمی دووهەم و لە هەمانکاتدا سازماندەهی و دابەشکردنی کار و ئەرکەکانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەرێوە دەچێت، ئێمە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پرۆسەی قسەوباسەکانی پلێنۆم و هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیجرایی بە شێوەیەکی نادروست دەبینین کە بە ئاشکرا مەحفەلگرتن و بایکۆتکردنی بەشێکی تر لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە خۆ گرتبوو.

بەو شێوە هەڵوێستی پلێنۆم لە ئاستی هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیجرایی لەسەر ئەساسی پرنسیپەکانی حیزبێکی جیددیی و سیاسیی نییە کە دەبوایە بە پێی کار و پراکتیکی سیاسیی و حیزبی هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی لە نێوان دوو پلێنۆمدا بەرێوە بچووایە، دیتمان نەچووە، بۆیە ڕایدەگەیەنین کە هەیئەتی ئیجرایی بە نوێنەری دەنگ و هەڵوێست و مسەوەباتی کۆنگرەی ١٣ لە سەر ئەساسی بنەمای سیاسیی و ساختار و پراکتیکی نێوان پلێنۆمی یەکەم تا پلێنۆمی دووهەم نازانین. لەسەر ئەم ئەساسە لەکاتی دەنگدان بە هەیئەتی ئیجرایی ئێمە دەنگی متمانەمان نەدا.

بێشک لە داهاتوویەکی نزیکدا باسەکانی خۆمان لە سەر ئەو خاڵانە، لەسەر ئەساسی قسەوباسەکانی پلێنۆم و ڕاپۆرتی کۆمیسیونەکەکان، دەخەینە بەر ڕووانین و ڕای هاوڕێیانی تەشکیلاتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.

تێبینی: لە خوارەوە ناوی تەنها چوار کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هاتووە، بەڵام لێستەکە کراوەیە بۆ هاوڕێیان ئەندامان و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەر شوێنێک کە هەن.

بەسپاسەوە ٢٠١٣/٠٥/٢٨ زائینی / ١٣٩٢/ ٠٣/٠٨ هەتاویی

جەلیل ئازادیخواز / عەبدوڵڵە کۆنەپۆشی (عەبدلێر) / ڕێبوار ڕەشید / هێرش عەلیزادە

---

## بۆ ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

سڵاو و ڕێز

ئەم نووسراوەیە تەنها بۆ ناوخۆی ڕێکخراوە. تکایە ڕێز لە پرینسیپی ڕازی پەنهان و ڕاگرتنی نهێنی بگرن.

بابەت: ڕوونکردنەوەی پێویست



www.peshmergekan.com

بەڕێزان، بە مێژووی ٢٠١٣/٢/٢٨ نامەیەکی سەرئاوەڵەم بۆ ئێوەی ئەندام نارد کە بە دەست هەندێکتان گەیشت، بەڵام پێموایە ژمارەی ئەوانەی بەدەستیان نەگەیشتووە هێشتا زۆرن. ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمیتەی ناوەندیی دژ بە بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیە بۆ ئەندامان وێستان. لە وەڵامی ئەو هەڵوێستەیاندا نامەیەکی دیکەم بە مێژووی ٢٠١٣/٣/١٥ بۆ کۆمیتەی ناوەندیی نارد و داواشم لێکردن کە ئەوان خۆیان ئەو نامەیە بە دەستی ئێوە بگەیەنن، کە دیارە دەزانم تا ئێستاش نەیانکردووە و بە دەستتان نەگەیشتووە.

ئێستایش دروست هەر لەبەر نەبوونی کۆبوونەوەی ئەندامان و نەبوونی نامیلکەیەکی ناوخۆیی ناچارم لە ڕێی ئەم نامەوە قسەوباسی خۆمتان پێ ڕابگەیەنم. ئاپەیتکردنی ئێوە وەکوو بەدەنەی تەشکیلات بۆ من فرە گرینگە.

پێموایە بەڕێزتان دەزانن من یەکێکم لەو کەسە کەمئەژماردانەی کە بە ڕێز و خۆشەویستیەکی زۆرەوە لە بەدەنەی تەشکیلات دەڕووانم و بە گرینگترین پایەی تەشکیلاتی دەبینم و لە زۆربەی کۆبوونەوەکاندا ئەو باسەم کردووەتەوە و مەسەلە و پرسی کۆبوونەوەی گشتیی و تەماس لەگەڵ بەدەنەدا خستووەتە بەر باس، کە من بە بناخەی سەرەکیی کاری ڕێکخراوەیی دەبینم.

بەشێکی زۆرتان دەزانن ئێمە لە "کۆمەڵە- پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان" بڕیارماندا پێش بەستنی کۆنگرەی ١٣ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هیچ جۆرە پۆست و مەقامێک و هیچ جۆرە پارە و مووچەیەک وەرنەگرین و هاوئەرک و هاوماف لە کۆنگرەدا وەکوو ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەشدار بین و بڕیاری کۆنگرە پەسەند بکەین. ئێمە ئەو کارەمان بە هەستی مەسئولیەتێکی یەکجار بەرز کرد بۆ ئەوەی لە جیاتی شەڕەجوێن و یەکترشکاندن و بوختان و قسەهەڵبەستن دژ بە یەک و لێکترازان و لێکدابڕان کە خۆتان دەزانن کولتوری باو و سەردەستی پاش نەوەدەکانی کۆمەڵە (کان) بووە، ببین بە نموونەی پێکەوەبوون و هاوکارییکردن و هاوسەنگەریی.

سەرەرای ئەوەیش کە کۆنگرەی ١٣ بوو بە مەیدانی ساخکردنەوەی حیسابی کۆن لە نێوان زۆرێک لەوانەی کە لە سەر حیسابی ڕابردوو و مێژووی کۆمەڵە دەژین، ئێمە بە باشمان زانی هەر سەرئەنجامەکەی قبووڵ بکەین و دەست بە کار بین، چون واقیعەن هەم بڕووامان بە خۆمانە و هەم پێمانوابوو کە سەرئەنجام بڕیار هەر بۆ لای بەدەنەی کۆمەڵە دەگەڕێتەوە و کارەکان جێبەجێ دەبن.

دیارە دەزانن پاش کۆنگرە لە نامەیەکی سەرئاوەڵەدا من هەر دەستبەجێ سپاسی هەموو ئێوە و ئەوانەم کرد کە دەنگیان پێ دابووم و پێ نەدابووم و داواو کردبوو کە پەڕەیەکی نوێ هەڵبدرێتەوە و بە هێز و وزەیەکی گەرم و گوڕ ڕوو لە ئاییندەوە دەست بە خەبات بکەین.

هاوڕێیان،

ئەو خاڵانەی ئێمە دەمانویست ببن بە نەخشەڕێگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، زۆر بە کورتیی، ئەمانە بوون (ئێستایش هەر ئەمانەن):

١. گەورەکردنی کۆمەڵە و تێکشکاندنی ئەو کۆسپانەی کە تا ئێستا کۆمەڵەیان بە بچووکی هێشتووەتەوە. واتە هەوڵدان بۆ کردنی کۆمەڵە بە حیزبێکی جەماوەریی.

٢. گۆڕینی ئۆردوگا بۆ گۆڕەپانێکی سیاسیی و عەسکەریی و جێخستنی نەزم و نەسق (بە هەموو وردەکارییەکی وەکوو نەهێشتنی دیاردە چەوت و نادروستەکان، و هاوکات دروستکردنی کتێبخانە و سەوزەوانیی و باخچە و چاککردنی سوێنی ژیان و هتاد).

٣. چەسپاندنی کۆبوونەوەی ئەندامان و کۆبوونەوە گشتییەکان و گەیاندنی دەنگ و ڕووی ئەندامان بە یەکتر، کە تەنها زامنێکی هێشتنەوەی حیزبێکی ڕاستییە وەکوو حیزبی سیاسیی لەسەر ئەساسی تۆمارکردن، بۆ نموونە ڕۆژەف و پرۆتۆکول.

٤. هەوڵدانی هەرچی زیاترە بۆ نزیککردنەوەی کۆمەڵەکان لە یەکتر، بۆ نموونە پەیداکردنەوەی پێوەندیی، هاوکاریی و پاشان هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوەی جیددی تەنانەت تا مانای یەکگرتن. (دیارە مەبەستم ئەو لایەنانەیە کە لە باری سیاسیی و فیکرییەوە لە خانەیەکدان).

٥. چەسپاندنی پلورالیزمی سیاسیی بەو مانایەی کە کۆمەڵە، دوور لە هەموو تاکتیک و سووئیستیفادەکردنێک، دەکەوێتە پێوەندیی گەرموگوڕ و پێویست و هەروەها هاوکاریی لەگەڵ هەموو ڕێکخستنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێ هیچ جۆرە هەڵاواردن و بیانوویەک. بە واتایەکی دیکە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەبێت سەربەخۆیی خۆی لە هەڵبژاردنی دۆست و یارە ڕاستەقینەکانی خۆیدا بسەپێنێت و ڕوو بەدەرەوە و ناوەوە ئەم سیاسەتە وەپێش بخات. ئەگەر ئۆردوگانشینی کۆمەڵێک شت داسەپێنێت، خۆ دەبێت سەبارەت بە پلورالیزمی سیاسیی کە کردوومانە بە یەکێک لە دروشمە گرینگەکانی خۆمان، ڕاستگۆ بین.

٦. چەسپاندنی پلورالیزمی سیاسیی بەو مانایەی کە کۆمەڵە، دوور لە هەموو تاکتیک و سووئیستیفادەکردنێک، دەکەوێتە پێوەندیی گەرموگوڕ و پێویست و هەروەها هاوکاریی لەگەڵ هەموو ڕێکخستنەکانی کوردستان لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە، بە پێی هەمان پرینسیپی سەرەوە.

٧. جێگرتن و چالاکبوون لە ئۆرگانە نێودەوڵەتیی و پیشەیی و کرێکاریی و سەندیکایی و خوێندکارییەکان بۆ ئەوەی لە عەمەلدا ببین بە حیزبی جەماوەریی خاوەن بەرنامە. پێوەندیگرتن و هاوکاریی لەگەڵ پارتگەلی دەستەخوشک و هاوبیر و ئەوانە کە بە گشتیی لە بەرنامەی کۆمەڵە نزیکن و ئەوانەی دۆست و یاری بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانن، و هەروەها ئەوانەی پشتگیریی لە مافی ژنان و کۆمەڵگای مەدەنیی و دیموکراسیی و هتاد دەکەن.

٨. هەروەها کردنی بە سەدان ڕیفۆرمی گرینگ لە ناوخۆی تەشکیلاتدا، هەر لە چیرۆکی دیارنەبوونی پارە و سامانی حیزبەوە هەتا مەسەلەی مووچە و ئیمتیازگەلێک کە هەندێک کەس زەوتیان کردووە تا بە شێوەکانی مامەڵە و ڕەفتاری گشتیی دەگات. هەموو ئەم ریفۆرمانە دەبێت بە شێوەیەک لە قازانجی بەدەنە و خانەوادەی شەهیدان و بە تایبەتی پێشمەرگەدا بێت.

بەڕێزان.

www.peshmergekan.com

لە پلونۆمی یەکدا هیچ بریارێکی شایانباسمان نەدا. بە هۆی ئەو نەخۆشییە کوشندەیەی خۆتان چاک دەزانن لە مێژە لە ناو تەیفی کۆمەڵەدا هەیە، نەمانتوانی هەیئەتێکی ئیجرایی هەڵبژێرین. ئەڵبەت سەرەڕای ئەوەیش هەندێک کار بە کەموکورتیەوە دابەشکران. لە دابەشکردنی کارەکاندا من یەکێک بووم لەوانەی ئەرکی بەرپرسایەتی پێوەندیەکانی دەرەوەم پێ سپێردراو و منیش لە ئەستۆم گرت. سەربەرزانە عەرزتان بکەم کە لە ناساندنی کۆمەڵەدا نەک هەر درێغیم نەکرد، بەڵکو کاری زۆر گەورە و شایانباسیشم وەئەنجام گەیاندووە. هەروەها هیچ مووچە و پارەیەکیشم وەرنەگرتووە. منیش هەروەکو ئێوە لە چاوەڕووانی پلونۆمی دوودا بووم کە بەشکم لەوێدا بگەینە سەرئەنجامی شایانباس.

پلونۆمی دوو پلونۆمێکی تەواو نا سەرکەوتوو بوو. بەڵام هەر باو و سوننەتە کە لە ڕاگەیاندنی کۆتاییدا حیزبێک دێت و زۆر بە ئەرێنی باسی کۆنگرە و پلونۆمی خۆی دەکات، هاوکات کە لە ناوەوە زەخمی ناسۆرە و خوێنی لێ دەچۆڕێت.

پلونۆم کە لە راستییدا دەبێت جێگای توێژینەوە و لێتوێژینەوە و هێنانوبردنی باسە سیاسیەکان و پاشان سەرئەنجامکێشیی لە باسەکان و دارشتنی خەتی ستراتیژیی بێت، بوو بە باسگەلێک کە زۆر لە باسی سیاسیی و جیددیەتی سیاسییەوە دوورن. لە پلونۆمی دوودا هەمان شێوەی ئەو مەحفەلبازییە هەبوو کە زۆرینەی ئێوە نەفرەتی لێ دەکەن. مەحفەل هەمیشە گەورەترین و کاریگەرترین گورزی دەستی ئەوانەیە کە بێسەوادی سیاسیین و دوور لە خوێندنەوە و خۆماندووکردن و جیددیەتی سیاسیی دەیانەوێت درێژە بە نەزمێک بدەن کە تەنها و تەنها بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیانە، کە بەردەوام بە مووچە وەرگرتن لە سەر کۆمەڵە بژین، چون فێر نەبوون بە ڕەنجی شانی خۆیان خۆ بەخێو بکەن.

بەرێزان،

ئەوانەمان کە دەمانەوێت کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە ئاکارێکی دروستتدا ببەین دووچاری دێلەمایەکی گەورە هاتووین. لە لایەکەوە پێمان دەگوترێت کە نابێت هیچ قسەوباسێک ببرێتە ناو ئەندامانەوە و دەبێت هەر لە ناو کۆمیتەی ناوەندیدا بمێنێتەوە. کۆمیتەی ناوەندیی کراوە بە حەزرەتی عیسا و هەریەکەی چرایەک لە ژوور سەری دەگەڕێت. کێشەکە ئەوەیە کە خودی کۆمیتەی ناوەندیی کۆسپەکەیە. من بەش بە حاڵی خۆم کۆمیتەی ناوەندیی نەک هەر بە پیرۆزی دانانێم، بەڵکو پێموایە دەبێت لە سەداسەد لە خزمەت بەدەنەشدا بێت. هەروەها نابێت هیچ شتێکی شاراوەی لە بەدەنە هەبێت. (مەبەستم لە شتی شاراوە، نهێنی گرینگی حیزبی نییە کە سەبارەت بە سەلامەتیی و بێوەیی و سەرکەوتوویی هاوڕێیانە).

لێرەدا منێک کە قسەم هەیە و دەبێت وەفادارانە بەدەنەی لێ ئاگادار بکەم بێ هەبوونی کۆبوونەوەی ئەندامان و کۆبوونەوەی گشتیی ناتوانم بیکەم. (ئەمە تەنها میکانیزمێکە کە بە شێوەی سیستەماتیک ئەندامان و رابەری حیزب لە پێوەندیدا دەهێڵێتەوە).

دوو شێوە بۆ تەماسی کۆمیتە ناوەندیی یان هەیئەتی ئێجرایی و سکرتێر لەگەڵ بەدەنەدا دەمێنێتەوە:

یەکەمیان ئەوەیە کە هەر ئەندامێکی کۆمیتە ناوەندیی/ هەیئەتی ئیجرایی/ سکرتێر، تەلەفۆن هەڵدەگرێت و لەگەڵ تاکەکەسەکان قسە دەکات، کە من پێموایە ناشیرینترین و نادروستترین و خراپترین و چەواشەکارترین شێوەی تەماسە لەگەڵ بەدەنەدا و تەنها ئەو کەسانە دەیکەن کە دەیانەوێت حیزب بکەن بە دووکانێک و خۆیانی پێ بژیەنن. من پێموایە ئەمە سووکترین و بێشەرمانەترین شێوەی پێوەندییە. دەزانم هەیە و دەزانم بە بەربڵاوی هەیە و دەشزانم تەنها ویژدان و کەسایەتی بەرزی ئێوە ئەو کارە قێزەونە ڕادەگرێت کە فێربن بڵێن نا و ئامادەی کاری وا نەبن.

دووهەمیان ئەوەیە کە لە ڕێگای نامەیەکی لەم جۆرەوە، بۆ نموونە من، لەگەڵتان بدوێم. دروستیی ئەم جۆرە لە پێوەندیی ئەوەیە کە تۆمارکراوە و سەندە و بۆ هەموو کەسێکتان هەمان دێڕ و ناوەڕۆکە. و لە هەمان کاتدا ئەو ئیمکانەیش بە هەموو هاوڕێیان دەدات کە ئەگەر هەڵوێستێکیان هەبێت لەسەر ئەساسی قسەی بەرامبەرەکەیان نەزەر و تێبینیەکانی خۆیان بنووسنەوە، بە گشتیی بەر بە چرپەچرپ و واتەوات و کاری ژێر بە ژێر دەگرێت کە دەبێت خۆتان لە من باشتر بزانن چەند زەرەری بە کۆمەڵە گەیاندووە. بە پێچەوانەی قسەی تەلەفۆنیی و تەماسی یەک بە یەک کە تەنها لە نێوان دوو کەسدایە و قسەوباسەکانیش داخراوەن.

هاوڕێیان، بەو شێوەیە قسە زۆرە کە بە داخەوە لەبەر نەبوونی کۆبوونەوەی ئەندامان نەمتوانیوە عەرزتان بکەم. خۆشتان دەزانن لە نامەیەکدا جێی هەموو ئەو باسانەی تێدا نابێتەوە کە پێویستن.

هەر لە سەرەتای هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی "کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان" و "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان"، هەوڵماندا بەرنامە و ساختاری ناوخۆی کۆمەڵە تا دەکرێت ڕوون بێت و خەسڵەتی ڕێکخراوەیەکی سیاسیی ڕۆشنبیر و هۆشیار و پا لە سەر ئەرد هەڵبگرێت. بۆ نموونە کە بەرنامە زەمینەی بوون بە حیزبی جەماوەریی تێدا بێت، کە ئەو شێوە لە سۆسیالیزم باسی دەکات ڕوون و قابیل بە دیفاع و زانستیی بێت. تەنها کەسێک کە لە کۆبوونەوەکانماندا پێی لە سەر "چەپ و سۆسیالیست" دادەگرت کاک ڕەزا کەعبی بوو. ئەویش هەر خودی ئەو وشەیەی دەگوتەوە و تەنها یەک جاریش باسی نەکرد و نەیتوانی ڕوونی بکاتەوە کە مەبەستی لە "چەپ و سۆسیالیست" چییە.

ساختاری ناوخۆیش بە شێوەیەک ڕێکخرا کە بۆ دواجار کۆتایی بە مەسەلەی نیپۆتیزم، واتە ژنومێردینە و خزمخزمێنە و کەسوکارگەریی، بهێنێت. هەروەها لەناوبردنی شێوەی ئینتیساب، ناوچەگەریی و خودگەریی. پاشان بەرسنوورکردنی دەسەڵاتی سکرتێر و کۆمیتەی ناوەندیی و هاوکات زیادکردنی دەسەڵاتی ئەندامان و دروستکردنی کۆمیتەگەلێک کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی خۆیان بن بۆ ئەوەی لە کاردا شێوەی دروستتر و هاوڕێی شایستەتر بخرێنە کار.

بۆ ئەوەی ئەم کارانە سەربگرێت پرینسیپی ڕۆژەڤ و پرۆتۆکۆلمان داسەپاند تا کەس لە کۆمیتەناوەندیی/ هەیئەتی ئیجرایی/ سکرتێر نەتوانێت لە پشت پەردەوە تەماس بگرێت و تەنها کۆبوونەوەکان و سەرئەنجامەکانی سەنەدی کار بن. نوێنەرانی "کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان" بە عەلاوەی هاوڕێ جەلیل ئازادیخواز کە ئەو دەم لە ئامادەکردنی

www.peshmergekan.com

بەرنامە و ساختاری نوێدا نوێنەری "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" بوو و چالاکانە بەشدار و جێ نەخش بوو، ئەوەمان کرد کە تا دەکرێت دەسەڵاتی سیاسیی بڕەوێتەوە، کە دەسەڵات لە سەرەوە چەق نەبەستێت، بەڵکو بە بەدەنەدا شۆڕ بێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی کە بەدەنە ئەکتەری چالاک و خاوەن قسە بێت.

هاوڕێیان عومەری ئیلخانیزادە و ڕەزا کەعبی، ئەوانیش ئەو دەم لە ئامادەکردنی بەرنامە و ساختاری نوێدا نوێنەری "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" بوون. هاوڕێ عومەری ئیلخانیزادە خاوەنی تێبینی خۆی بوو. بەڵام هاوڕێ ڕەزا کەعبی تەنانەت بە یەک وشەش دژایەتی هیچ خاڵێکی نەدەکرد و تەنانەت زوو زوو دەیگوت "کاکە، من بە لامەوە گرینگ نییە چی دەنووسن. چۆنی دەکەن با وا بێت".

لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند کەسێک پێش کۆنگرەی ١٣ لە پاشملە لە دەسەڵاتی زۆری سکرتێر هاوار و فەغانیان بوو. باسیان باسی تاڵانی ماڵیی و قۆرخکردنی دەسەڵات و خانەوادەگەریی و پاوانکردنی ئاسۆسات و هتاد. بوو، لە کۆنگرەی ١٣ دا دژایەتیەکی زۆری ئەو ساختارە نوێیەیان دەکرد کە دروست بە شێوەیەکی دیموکراتیک و هاوەدەمیانە و مۆدێرن، دەسەڵاتی سیاسیی دەڕەواندەوە و چارەسەری کێشەکانی پاسیڤبوونی ئەندامانی دەکرد. تەنانەت لە کۆنگرەدا لە جیاتی بەرنامە و ساختاری نوێ، بە "ئیشتیبا" زیاتر لە پێنج جار بەرنامە و ساختاری کۆنیان بە ناو ئامادەبووواندا بڵاو کردەوە.

هاوڕێیان، من کە تەنها لە کۆنگرەی ١٣ بەوە ئەندامی ئەم حیزبەم، شایەد باش حاڵیی نەبم. بەڵام دڵنییام گەلێک لە ئێوە زۆر باش ئەو کەسانە و ئەو ئەدەبیات و ئەو هەڵسوکەوتە ناهاوڕێیانە و ناسەمیمانە لە کۆمەڵەدا دەناسنەوە.

سەرەڕای ناچاربوونی ئەو جۆرە کەسانە کە دەنگ بە بەرنامەی نوێ و ساختاری نوێ بدەن، نەمانتوانی لە پلونۆمی یەکدا هەیئەتێکی ئیجرایی هەڵبژێرین. ئەوانەی لەبەردەم دیالۆگی سیاسییدا هیچیان پێ ناکرێت، دەتوانن لە پاشملە مەحفەل دروست بکەن و شێوەکانی سوودمەندانی جیاواز لە سەر خوانێک کۆبکەنەوە. ئەو ئۆردوگایەی لە بۆن و ڕەنگ و خەسڵەتی سیاسیی و عەسکەریی داچۆڕاوە و کراوە بە بەردەباز و بە وێستگای مەرامی جیاواز، هەمیشە دەتوانێت چەند کەسێکی هاوخوان کۆبکاتەوە، ئەگەرچی مەرام و مەبەستی درێژخایەنیشیان یەک نەبێت.

لە سەرەوە عەرزم کردن کە هەندێک کار دابەش کران و هەر چۆنییەک بێت، سەرەڕای بە دەیان جار شکاندنی بەرنامە و ساختاری نوێ، گەیاندنمانە پلونۆمی دوو. بۆ نموونە چەندین جار لەو کەسانە گوایا ٢٠ ساڵ ئەندامی ک.ن کۆمەڵە بووە گاڵتەی بە ڕۆژەڤ و پرۆتۆکۆڵ کردووە. ئێوە باش تێ دەگەن کە ڕۆژەڤ و پرۆتۆکۆڵ لە زیانی کێ و قازانجی کێدایە. هونەری کاری زانستیی هەر ئەوە نییە سەربکەوێت، بەڵکو لە سەرەتادا کۆسپەکان و ناڕۆشنییەکان، درۆودەلەسە و دووزمانییەکان، دەخاتە ڕوو. هونەری زانست هەڵدانەوەی پەردەیە لە سەر کۆنە و ناڕاستییەکان.

www.peshmergekan.com

کار گەیشتووەتە ئەوەی کە لە پاشملە تەنانەت جوێنی شەخسیی ناشیرین بە خوشک و دایکی ئەوانە بدرێت کە داوای حیساباتی سیاسیی و عەسکەریی دەکەن. دڵنییام داتان ناچڵەکێنم چون لەوەبەر ئەوەنەتان بیستووە و بینیووە و رەنگە تەنانەت کەسەکانیش بناسنەوە.

هاورێیان،

ئەو ساختارەی کۆنگرەی ١٣ بۆ مرۆڤ نووسراوە. دەقیقەن بۆ مرۆڤگەلێک نووسراوە کە بتوانن ڕۆڵ بگێڕن. بۆ کەسانێک نووسراوە کە دەبن بە ئەندامی کۆمەڵە و پێمان وایە خەڵکی ڕووسوور و سەربەرز و ئاقڵ و هۆشمەند و سەربەخۆ و خاوەن نەزەر و هەڵوێستن.

بە پێی ئەو ساختارە دەبێت کار بە شێوەی شایستە، واتە شایستەگەریی، بدرێت، بە پێی توانا و لیاقەت و تێگەیشتن لە بابەت بێت، بە پێی وەفاداریی بەرامبەر بە بەرنامە و ساختار بێت. بۆ کەسانێک نووسراوە کە هەر لە منداڵییەوە لە خودی خانەوادەدا کۆمەڵێك رەووشتیی گشتیی دروستیان فێر کراوە، وەکوو درۆنەکردن، لە پاشملەقسەنەکردن، جوێن نەدان، ئیهانە نەکردن، تەوهین نەکردن و هتاد. بۆ کەسانێک نووسراوە کە پێش ئەوەی ڕێز لە بەرامبەرەکەیان بگرن ڕێز لە خۆیان دەگرن، سووکایەتی بە خۆیان ناکەن، دەستی خەڵک نابڕن، لە بێکاریی و بێدەرامەتیی و کێشەی خانەوادە هەڵنەهاتوون.

ئێمە بۆیە پشتگیریی ئەو ساختارەمان کردووە چون بۆ ئەو شێوەیە لە مرۆڤ نووسراوە کە نەک هەر کاروباری ژیانی خۆیان پێهەڵدەسووڕێت، بەڵکو دەتوانن کاری کۆمەڵگاش ڕابپەڕێنن. ئێمە لەو ئاستە بڵندەوە سەیری هاوڕێیانی کۆمەڵەمان کردووە.

ئەو ساختارە بۆ کەسانێک نەنووسراوە کە پاش هەڵفرینیان لە هێلانەی باوکودایک هێشتا ویژدانێکیان نییە، ڕەووشتێکی هاورێیانەیان نییە، غیرەت و بوێریان نییە بەرەو ڕوو قسەی خۆیان بکەن. ئەوانەی پاش سەد ساڵ چەوساندنەوەی کورد لە مێژووی مۆدێرندا هێشتا هێندە سووکن کە ناوچەگەریی دەکەن، هێشتا دەیان جار بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان را دەگۆڕن، نایانەوێت هیچ شتێک تۆمار بکرێت، چون دەزانن لە قازانجیان نییە، بڕوایان بە کۆبوونەوە نییە و پەنا دەبەنە بەر تەماسی تەلەفۆنیی و پێوەندیی شەخسیی، ئەوانەی خۆیان هێچ ناکەن و بە شێوەی بە زەیی پیاداهاتنەوە لە سەر خوێنی مردووانیان دەژین، کە هاواری شەهیدان دەکەن لە ڕاستییدا دەپاڕێنەوە کە بە خۆرایی ئیمتیازیان پێ بدرێت و ساڵ دوای ساڵ خێری مەقامیان پێ بکرێت.

ساختاری ئێستای کۆمەڵە بۆ ئەو جۆرە لە مرۆڤە کە واقیعەن خۆبەخش بێت، دەنا هەر زوو مۆرک و خەسڵەتی دەردەکەوێت. لەوەبەر عەرزم کردن کە هونەری کاری زانستی لە سەرەتادا هەڵدانەوەی پەردەیە لە سەر سوننەتی ئاولێچۆڕاو.

کۆنگرەی ١٣ ساختارێکی خستووەتە بەر دەست کە تەنانەت دەتوانرێت سکرتێری حیزبەکەیش بگۆڕدرێت ئەگەر کارەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد. حیزب لە هەموو ٦ مانگێکدا دەتوانێت سکرتێری حیزب بخاتە ژێرپرسیار، بەڵام هاوکات بە سپاسەوە ڕێگای بدات درێژە بە سکرتێربوونی خۆی

www.peshmergekan.com

بدات کاتێک کە کارەکانی بە پێی بەرنامە و ساختار بەڕێوە دەبات و لە خزمەتی ڕێکخراودا دەبێت.

ساختاری کۆنگرەی ١٣ ڕێگا بە کۆمیتەی ناوەندیی دەدات هەیئەتێکی ئیجرایی بە پێی توانا و شایستەبوون و ڕاستگۆیی و ڕەووشتی بڵند و سەری بەرز، هەڵبژێرێت. چون من وا حاڵیی بووم کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبێک موتۆڕی سەرەکیی حیزبەکەیە و لە باشترین و لێوەشاوەترین و سەربڵندترین و خۆشناوترین و بەتواناترین و دەستودەم پاکترین لە کەسایەتیەکانی ئەو حیزبە پێک دێت. ئەو موتۆڕە دەبێت ساخ و سەلامەت و تەندروست و بە توانا و تاقەت و بەهێز بێت. دەبێت هێندە کەسایەتی هەبێت کە ئۆتۆنۆم بێت و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و خۆی نەکات بە بارمتەی ئەوەندە تومەن و دۆلار و قەرز و مەشروب و نازانم چی.

ئێمە ئاوا لەو بڵندییەوە سەیری ئەندامانی کۆمەڵە و ئەوانەمان کردووە کە لە ئاییندەدا دێنە ریزی کۆمەڵەوە. ئەوە هەمیشە بۆ ئێمە سەربەرزیی دەبێت و واقیعەن دەتوانین خۆمانی پێوەهەڵبکێشین.

هاورێیان،

بە داخەوە بەشێکی زۆر لە مێژووی پاش کۆنگرەی ١٣ مێژووی تووڕدانی بەرنامە و پشتگوێخستنی ساختاری ناوخۆیە. ئەمە بە پلەی یەکەم لەلای ئەوانەوە کە خۆیان دەنگیان پێ داوە.

پاش ئەوەی هەیئەتی ئیجرایی، بێ لە کۆمەڵێک خاڵ کە هەویرێکی ئاوخواردەن، دەستی وەردایە ناو شتی گرینگ، وەکوو  بۆ نموونە کە ڕێگا بە خۆی بدات ئەرک دیاری و دابەش بکات، کە بە هیچ شێوەیەک کاری ئەو نییە. داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە بروواننە نامەی هاورێ هێرش بە مێژووی ٢٠١٣/٦/٢٤ کە بەتایبەت سەبارەت ئەو باسە نووسیویە و هەر گەرماوگەرم ئاگاداری کردوونەتەوە، بڕیارم دا کە هەتا ئەم کێشانە چارەسەر نەکرێت هەر لە خزمەتی تەشکیلاتدا بم، بەڵام ئەو هەیئەتە و ئەو شێوە لە ڕێکخستن بە ڕەسمی ناناسم. کێشەکان زۆر زۆر گەورەتر لەوەن کە تەنانەت ئەندامانیش قبوڵی بکەن چون لە ئەسڵدا زەرەردانی گەورەیەلە بەرنامە و ساختارێک کە ئێوە دەنگتان پێ داوە.

نموونەی زۆر بچووک لە پێشێلکاریی گەورە بۆ نموونە گرتنی کۆبوونەوەیە بێ ئاگاداریی هەندێک کەس. نموونەیەک کۆبوونەوەی گوایا کۆمیتەی ناوەندییە لە ٢٠١٣/٨/٢٤ کە بێ ئاگاداریی من کراوە و لەوێدا لە بری تاوتوێکردنی باسگەلی گرینگ، کۆمەڵێک شتی لاوەکیی ناجیددیی گەورە کراون کە پێمخۆشە لە کۆبوونەوەدا ئامازەی پێ بکەم، بەڵام خاڵێکیان گوایا ئاگادارکردنەوەی من بووە لە سەر ئەو وتارەی کە لە ماڵپەی هەڵوێست بە مێژووی ٢٠١٣/٧/٢٧ سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی نووسیومە.

هەمووان دەزانن کاری نووسین و وەرگێرانی من دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ ساڵ لەمەوبەر. بۆ نموونە من زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر کتێبی ئێستا بەناوبانگی بەڕێز کاک ئیسمایل بێشکچی م لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی. ئەو دەم ژمارەی ئەوانەی لە سەر کورد و کوردستان و کۆلۆنیالیزم لە ناو کورددا دەدوان زۆر نەبووین. ئێستا هەندێک کەس کە خوێنەواریی و سەوادیی

www.peshmergekan.com

سیاسیی و تێگەیشتنیان لە دیموکراتیی و ئازادیی بیروڕا زۆر لە خوارەوەیە بە هەموو ئەقڵێکیانەوە دادەنیشن لە سەر ڕای ئازادی شەخسیی من گەرەکیانە من ئاگادار بکەنەوە.

مەبەستی ئەوان لەو باس گۆڕینە لە راستییدا ئەوەیە کە خۆ لەو باسی ریفۆرم و هەنگاوە پێویستیانە بدزنەوە کە من دەمەوێت و پێدادەگرم کە دەبێت بکرێن.

بەرێزان، شێوەکانی پێشێلکاریی و لادان زۆرن و هیچیشی لە قازانجی کۆمەڵەدا نییە.

نموونەی کێشەی گەورە کە هیچ پێوەندیەکی بە فکر و ئایدیۆلۆژیی و قازانجی کۆمەڵەوە نییە زۆرن، بۆ نموونە لە سەرەتای پاش پلونۆمی دوودا چەندین کۆبوونەوە بۆ بڕیاردان لە سەر ئاسۆسات و ئایندەی ئاسۆسات دەکرا. لە هەموو ئەوانەدا چەند کەسێک پێیان دادەگرت کە بێ هیچ دواخستنێک ئاسۆسات دابخرێت. نموونەیەک ئەوەیە کە لە مێژووی ٢٠١٣/٦/٢٢ دا نووسراوەیەکی هەیئەتی ئیجرایی بە ناوی "سەبارەت بە سازماندەیی ک.ن" هاتووە و دەڵێت: "ستودیوی سوئد: لە زوترین کات ک.ن لە سەر چۆنیەتی درێژەی کاری ستۆدیو، مەسئەلەی ماڵی ستودیو، قەرزی بە تایبەت هاورێیان و تەنانەت لە سەر داخستنی یەکجاری ستۆدیو کۆبونەوە لە گەڵ هاورێیانی ستۆدیو بکات و پاشان لە کۆبونەوەی ک.ن بریاری یەکجاری لە سەر بدرێ و یەکیک لە ئەندامانی ک.ن لە کوردستانەوە سەردانی ستودیوی سوئد بکات. (٦/٢٢ )".

بەڵام لە ٢٠١٣/٨/٢٤ سەرەڕای ئەوەی کە ئاسۆسات لەو ماوەی دوو مانگەدا خراپتر و پچرپچرتر و بێ بەرنامەتر بووە کە هاورێیانی ئەوسای خۆبەخش و چالاک، هەر زۆر کەم چالاک ماون، دروست هەمان هەیئەتی ئیجرایی و هەمان ئەو کەسانە کە داوایان دەکرد دابخرێت، ئێستا داوا دەکەن کە ئاسۆسات بە هەر نرخێک بێت بمێنێت.

دڵنییام کە ئێوەیش وەکوو من دەپرسن چۆن و بۆ؟

وەڵامەکە ئەوەیە کە مەسەلە مەسەلەی قازانجی کۆمەڵە و ئاسۆسات نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکە کە لە سازماندەیی راگەیاندندا کراوە و بووە بە مایەی ئەو بڕیارە نوێیە. دیارە ئەگەر کۆبوونەوەی گشتیی بگیرێت روونکردنەوەی ئەو هۆیە و باسکردنی زەحمەت نییە.

سەرئەنجام، وێڕای سپاس و پێزانینم بۆ ئێوە، بۆ ئەو کاتەی لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەم نامەیە بەخشیوتانە، من باوەڕم بە چاکسازیی و پشوودرێژیی هەیە، بەڵام دەزانم کارێکی یەکجار سەختە. عادەتەن بەدەنەی تەشکیلات جۆش و خرۆشی گۆڕانکاریی دروست دەکەن و تاوی دەدەن، بەڵام بەدەنەی کۆمەڵە زۆر ماندوو و کەنارخراو کراوە و زۆر لە فەزای دیالۆگ و بیرکردنەوە و شەنوکەو و بڕیاری سیاسیی دوور خراوەتەوە.

من نازانم ئێوە چۆن بیر دەکەنەوە و چ جۆرە حیزبێکتان گەرەکە، و هەرچیەکیشتان بوێت مافی خۆتانە. حیزبێکتان گەرەکە لەو شێوەی ئێستا هەیە یان واقیعەن حیزب. بەڵام دڵنییام وەکوو باقی خەڵکی چەوساوە و زەرەرلێکەوتوو و تینووی پێشکەوتن لە هەموو جیهاندا زۆرینەی ئێوە لەگەڵ باسی ئاوەڵە و ڕەووشتی بەرز و کاری جیددی سیاسییدان. لە هەردوو حاڵەتدا میکانیزم هەیە بۆ ساخکردنەوە و بەیەکلادا خستنی. بڕیاری ئێوە زۆر لەوە گرینگترە کە خۆتان بیری لێ دەکەنەوە.

www.peshmergekan.com

من پێموایە دروستکردنی بیری هاوبەش و زمانی هاوبەش و ڕەووشتی دروستی هاوبەش، و هەڤاڵبەندیی و هەڵگرتنی بەرپرسیاەتیی بەرامبەر بە ئاکامەکان و کاری هاوبەش، لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا هاسان نییە. ئێوە وەکوو ئەندامان و بەدەنەی تەشکیلات دەبێت چاوەڕووانیی و داواکاریی زۆر زیاتر و گەورەترتان لەوانە هەبێت کە شەڕ لە سەر پلە و مەقامەکە دەکەن، و کە بەرژەوەندیی شەخسیی بەرێوە دەبەن. ئەوە ئەرکێکی مێژوویی لە سەر شانی بەڕیزتان.

ئێوە نابێت ئاییندەی خۆتان تەسلیم بەوانە بکەن کە حەیرانی کۆمەڵەبوونتان بە درۆ بۆ دەچڕن. ئێوە سەرئەنجامی ئەو کارەتان لە ساڵانی پڕ نەهامەتیی رابردوودا دیتووە، و دەزانن ئاکامەکەی چەند خوێن و ڕەنج و تاقەت لە سەر ئێوەمانان کەوتووە.

هەوڵ و مەبەستی هەندێک کەس لە کۆمیتەی ناوەندیی هەر ئەوەیە کە کۆمەڵە هەر لە بازنەی بچووکی چەند کەسیدا بمێنێتەوە، دەنا ئەمان ناتوانن بیست ساڵ، ساڵ دوای ساڵ لەگەڵ هەموو کەموکورتیی و زیانەخرۆییەکیاندا، بە ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی بمێننەوە. لە کۆمەڵەیەکی بچووکدا پۆستەکان گەرانتین، حەزفکردنەکان هاسانن و مفتەخۆریی بازاڕدار و مشەخۆریی سەرکەوتوو دەبێت. ئەوانەی دەیانەوێت نان بە قەرز بە یەک دەدەن و کاتی پێویست شەڕە عەکسی شەهید دەکەن. لە دۆخی وادا کارە جیییدیە سیاسیەکان وا ئاستیان دێتە خوار کە کەسێک دێت بە پۆزلێدانی سەرۆککۆمارییەوە عەکسی خۆی دەخاتە سەر فەیسبوک و ڕۆژ تا ئێوارە عەکسی شەهیدتان پێ دەفرۆشێتەوە. قانع گوتەنی، دەستم دامێنی تۆ دیوارەکەت باش بۆیە کە، با بە شەو سەرمای نەبێ، منداڵی بن دیواری کورد.

لە حیزبێکی گەورەدا (کە من پێموایە لایەنێکی خراپی مێژووی کۆمەڵە بریتیە لە دژایەتیکردنی هەبوونی حیزبێکی وا) بە سەدان کەسی لێهاتوو دەتوانن بێنە گۆرەپان و لە مەیدانی ئاشکرادا لە سەر پۆستەکان ڕقابەتی سالمی فکریی و سیاسییی بکەن و بە ڕەووشتی جوان و شیرین توانای خۆیان نیشان بدەن و بە پێی گوزارشی عەمەلی خۆیان، پاشان خۆکاندید بکەن و مەسئولیەت وەربگرن. لە حالەتی وادا مەیدان بۆ کەسانی ناشایستە لە درێژخایاندا نامێنتێەوە.

ئێوە باش لە وردەکاریی ئەم باسانە دەزانن لەبەرئەوە منیش زیاتر سەرتان نائێشێنم، تەنها بە پێویستم زانی وەکوو ڕێزلێنان لە بەرتان، وێنەیەکتان لە دۆخەکە نیشان بدەم کە بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم و دەبێت ڕاییبپەڕێنم.

ئەوانەی دەیانەوێت وەڵام بدەنەوە، وشە ئازادە. من پێشنیاری کۆبوونەوەی گشتیی دەکەم و هەمیشە کردوومە. لەوێدا هەر کەس ئازادە بە دوکۆمێنت و تۆمارکراو خۆی بسەلمێنێت.

سپاستان دەکەم و هیوای بێوەیی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

ڕێبوار ڕەشید ٢٠١٣/٨/٣١

.....................................................

www.peshmergekan.com

**چەند نامەیەکی من سەبارەت بەم ڕووداوانەی ئەم دواییە لەسەر "پلینۆم" کە بۆ سکرتێر کاک عومەر ئیلخانیزادە، کۆمیتەی ناوەندیی و جێگران و ڕاوێژکاران ناردووە:**

بەرێزتان ئاگادارن کە پلونۆمی ٣ دەبا لە کۆتایی مانگی دە و سەرەتای مانگی یازدەی ٢٠١٣ دا ببەسترایە.

ئێوە دەزانن کە بە داخەوە لە بەر هۆی ڕانەگەیندراو، یان زیاتر لەبەر" هەوەس" ی مەحفەلێکی دیار، نەبەسترا.

لە کۆبوونەوەی پێنجشەمە ١٢/٢٦ی پاردا من یەکێک بووم لەوانەی بە توندی دژی وەدواخستن بووم (دیارە هاوڕێیانی دیکەش وەکوو جەلیل، عەبەدلێر، هێرش، بورهان، بیژەن هتاد). هەروەها ئاماژەشم بەوەدا کە هەم سکرتێر و هەم هەیئەتی ئیجرایی برەوی کاریان نەماوە چون مانداتیان تا کۆتایی پلونۆمی دوو پێ درابوو. هەروەها ئەوەشم ڕوون کردەوە کە لەبەر نەمانی برەو بۆ سکرتێر و هەیئەتی ئیجرایی لە درێژەی وەدواخستنی پلونۆمی ٣ دا دەبێت دەستەیەکی نوێی کاتیی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دابنرێت. دیارە ئەوانەی مەسڵەحەتی پەنهان کۆیکردوونەتەوە بە زۆری زۆرداریی درێژەیان بە دەسەڵاتی ئەو دوو لایەنە دا و بڕیاریش درا کە لە نەورۆزدا پلونۆمی ٣ ببەسترێت.

پاش ئەوە قسەوباس هاتە سەر مەسەلەی چوونەوە بۆ کوردستان و پارەی تێچوونی پلونۆم.

منیش گوتم کە بە ئاماژە بۆ دۆخی خراپی باری ئابووریی ئەم حیزبە باشتر وایە هەموو کەسێک لە سەر حیسابی خۆی بچێتەوە بۆ کوردستان و هەتا دەکرێت هەمووان بەشدار بن چون بە دەلیلی هەبوونی کێشەی زۆر و هەمەجۆر باشتر وایە ت دەکرێت زیاتر لە پلونۆم بەشدار بین. تەنانەت ناچاربووم ئەوەیش بڵێم کە هەندێک ڕەنگە پارەیشیان نەبێت بەڵام لەبەرخاتری حیزبەکە خەرجی هاتنوچوون دەخەنە سەر شانی خۆیان و هەندێکیش کە شایەد پارە و کاتیشیان زۆر بێت بەڵام هەر چاوەڕووانی ئەوەن پارەیان بۆ بدرێت چون لە تەیفی کۆمەڵەدا کراوە بە کولتور.

بە هەرحاڵ، لە کۆتاییدا، بە پێی دەنگی تۆمارکراو، من هەروەها ئەوەش دەڵێم کە تکایە تکایە با لە نەورزۆزدا نەیگرین، ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان چون خەڵکانێکی زۆر دێن بۆ باشووری کوردستان و لەبەرئەوە دۆخی ئاساییش ناسکە، و دووهەم لەبەرئەوەی لە کاتی نەورۆزدا پارەی سەفەر دووبەرابەر و زیاتریش دەکەوێت.

پاش من، کاک ڕەزای کەعبی زیاتر لە چوار پێنج جار خۆی دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت "کۆمەڵە پارەی هەیە"!.

کەس قسەی نەکرد.

پاش تەواوبوونی کاک ڕەزا، کاک عومەر مل بە قسەکانی کاک رەزا دەدات و دەڵێت "بەڵێ پارە هەیە. پارەمان دەبێ. ئەز قەزا هەر خۆشە لە نەورۆزدا بیگرین. دونیا خۆشە، کوردستان خۆشە، یەکتر دەبینین و پلونۆمی خۆمان دەگرین. چەند ڕۆژێ پێکەوە دەبین".

www.peshmergekan.com

پاشان کاک عومەر لە ئیمایلێکدا کە بە هەڵە مێژووی ٢٠١٤/١١/٢٨ ی لێداوە، بەڵام مەبەست لە ٢٠١٤/١/٢٨ یە، نووسیویە: "لەگەل سڵاوێکی هاورێیانە، هیوام خۆشیتانە. هەر وەک دەزانن ڕێکەوتی پلینۆم دوای نەورۆز داندرا، من پێمباشە ڕۆژی 28ی مانگی مارس دەستی پێبکەین تا 3ی مانگی ئاوریل، تکایە لە ماوەی 24 کاتژمێر پێمبلێن کە نەزەرتان چییە. بە پێی قەراری کۆبوونەوەی "ک.ن" ناکرێ لەوە زیاتر دوا بکەوێ. دواتر من دەستووری جەلەسەی پێشنیاری دەنێرمە خزمەتتان.

هاورێتان - عومەر ئیلخانیزادە 2014/11/28".

تێبینی بکەن کە بەستنی پلونۆم لە نەورۆزدا هەر لە خۆوە نامێنێت و دەکرێت بە پاش نەورۆز و کەس نازانێت بۆ.

پاش نیزکەی دوو هەفتە زیاتر، لە کۆبوونەوەیەک کە بە هۆی نادیار، من و کەسانی دیکە ئاگادار نین، و گیراوە، کاک عومەر لە ٢/١٦ دا ئیمایلێکی بۆ ئەندامانی ک.ن، جێگران و ڕاوێژکاران ناردووە و تیایدا دەڵێت " لەگەل سڵاوێکی گەرم، دوای قسەوباس لەگەل هاورێیانی ک.ن و جێگرو ڕاوێژکاران چ لە ڕێگای سکایپو چ لە ڕێگای ئیمەیل باشترین کات بۆ پلێنۆم کۆتایی مانگی مارسە بۆیە ڕێکەوتی "29ی مانگی مارس هە تا ٢ی مانگی ئاوریل" واتە چوار ڕۆژ دیاری دەکرێ. جیا لە دەستووری جەلەسەی ڕوتین تکایە هاورێیان نەزەری خۆیان بۆ ئەجیندای دانیشتنی پلێنۆم بنێرن تا لەمبارەشەوە بە هاوفیکری ئەجیندای کۆبوونەوەکان دیاری بکەین. هەر کەس لە هاورێیان زووتر بتوانێ بگەرێتەوە کوردستان باشترە. هاورێتان عومەر ئیلخانیزادە 2014/2/16، بە سپاس ."

لە ١/٢٧ کاک باقی نامەیەکی نارد و ڕەخنەی دروست لە وەزعەکە دەکات کە من لێرەدا دەیخەمەوە بەردەست هەمووومان چون پێوەندیی بەم باسەوە هەیە و گرینگە.

لە ١/٢٨ کەیوان وەڵامی کاک عومەری داوەتەوە و نووسیویە: "کاک عمر سلاو، کاک عمر بە داخە وە من او کاتە ناتانم، لە ۴ اپریل من ئتوانم مرخصی بگرم. سپاس. کیوان ثنایی".

لەو نێوبەینەدا کاک سەعدون نامەیەکی ڕەخنەگرانەی ناردووە و نووسیویە و دەڵێت: "بۆ سکرتیری گیشتی کومە لە و هاوریانی کومیتە ی ناوندی کومە لە. داوی رونکردنە و یك دە کم بۆ کوبونە وی روژی یکشە مە ١٤،١،٢٦بە رە وا نە چوو؟ ئە و یکم چار نیی کە کوبونە واکانی یمە ناگیرن. کە سیش لە و باراوە باسی ناکات. بۆیی داوا لە هاوری بە ریزم کاك ۆ عومە رئیرخانی زادە دە کم لە و بارە وە رونکردنە وك بە دات. لە گە ل سلاو ریزم. سە عدون کاکە باوە".

پێشتر کاک سەعدون لە ١١/٢٣ دا نامەیەکی رەخنەگرانەی دیکەی سەبارە بە نەبەستنی پلونۆم نووسیوە کە دیارە ئەویش شایانی باسە و خۆتان دەتوانن بیخوێنەوە.

www.peshmergekan.com

پاشان بە پێی نامەی سکرتاریەت کە دەبێت لە ٢٥ مانگی ٣، ڕۆژی سێشەممەدا کۆبوونەوە بگیرێت، و کە گوترا ناگیرێت و کە پاشان گیراوە (؟!)، و کە دیارە لەو بارەوە من ئەم نامەیەم بۆ ڕەوانە کردن:

سڵاو

ئێوارەی سێ شەممە، ٣/٢٥ من هەم بەرنامەی فوز و هەم سکایپم ئاوەڵە بوو. نەم دی کۆبوونەوە بگیرێت یان من بانگ بکرێم. لانی کەم دوو سەعات لە سەر خەت بووم.

کێ بەرپرسیاری کۆبوونەوە و ژوورەکە بووە؟

پاشان لە هاورێیەکەوە بیستم کە کەسانێک لە ئێوە کۆبوونەتەوە، ئایا بە ڕەسمیی بووە یان هەر قسەوباسی سەرپێی خۆتان کردووە؟

ئەگەر بە ڕەسمیی بووە ئایا ڕۆژەڤ و پرۆتۆکل هەیە؟ و ئەگەر هەیە ئایا کەنگێ دەینێرن؟

کاتتان خۆش ڕێبوار

پاشان بە پێی ئەو کۆبوونەوە نادیارە وا بریار درابوو یەکشەممە ٣٠ مانگی ٣ کۆبوونەوە بۆ بەردەوامدانی ئەو باسە بگیرێتەوە. بەڵام سەری نەگرت. من ئاوام بۆ نووسین:

هاورێیان سڵاو

ئەوە لانی کەم من ٥١ دەقیقە لە سکایپەوە بۆ فوز دێم و دەچم. بێ لە هاورێ کەیوان و یەک دوو هاورێی دیکە هیچ قسەوباسێکی رەسمیی نەکراوە. بەر لەوە بە هۆی گۆڕینی کاتەوە زووتریش هاتم گوتم نەکا هاورێیان دەست پێ بکەن.

لە سەرەتای کردنەوەی سکایپدا کاتێک کاک رەزا داوای لە کاک یادگار کرد لەگەڵ کاک عومەر بە مەبەستی بەشداربوون لە کۆبوونەوەکە تەماس بگرێت، کاک عومەر وەڵامی دایەوە کە ناتوانێت لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بێت.

کاتێک کۆبوونەوەی سێشەممە پێشوو ٣/٢٥ بە نارەسمیی گیراوە، بێ ڕۆژەڤ و پرۆتۆکۆل و کە بۆ ئەم کۆبوونەوەیە هیچ ڕۆژەڤ و ئامادەبوونێک نییە و خودی کاک عومەر ناتوانێت بەشدار بێت و خودا دەزانێت هاورێییانی دیکە دێن یان نا، پرسیاری جیددیە کە دەبت وەڵام بدرێتەوە.

بە هەرحاڵ، هیوادارم ئەوانەی بە دەربەست ک ز دێن هەڵوێستەیەک بگرن.

کاتتان خۆش

ڕێبوار

**ئێستا چەند پرسیارێک:**

www.peshmergekan.com

١. ئەرێ پێداگرتنی کاک ڕەزا کە کۆمەڵە پارەی هەیە و ملدانی کام عومەر بەو پێداگرتنە چۆن لێک دەدرێتەوە؟

٢. لە ٣/٢٣ دا کاک عومەر نامەیەکی ناردووە و لەوێدا داوا لە هەمووومان دەکات کە بە خۆمان و دۆستانەوە هەوڵ بدەین یارمەتی ماڵیی بۆ کۆمەڵە پەیدا بکەین. لەوێدا نووسیویە "ماوەی چوار مانگە حکومەتی هەرێم بە هۆی کێشەی لەگەڵ بەغدا، بودجەی هەموو حیزبە سیاسیەکانی نەداوە."

واتە لەو کۆبوونەوەیەدا زانراوە کە وەزعی ماڵیی کۆمەڵە باش نییە و تەنانەت خراپیشە. ئەدی ئەگەر وایە بە ڕاستیی ئەم قسەوباسە ناسیاسیی وناجیددیانە لەبەرچی؟ لە نامەکەی کاک عومەردا کە لە لێرەدا بۆم ڕەوانەکردوونەتەوە ئەو کاتە گویا دوو مانگێک بووە کە ک ز ن (دووبارە گوایا !) پارەی لە حکومەتی هەرێم وەرنەگرتووە. واتە ئەو کات کاک عومەر دەیتوانی بە وردی ئەوە باس بکات، و دیارە دەبێت چەندین کەسی دیکە کە لە پێوەندی ماڵییدان و خودی کاک ڕەزا کە ئاگاداری ئەو پێوەندییەیە ئاگاداربووبن کە پارە وەرنەگیراوە. یاخود؟!.

٣. چوار مانگ لەمەوبەر بە شەڕ و کێشە و خۆفەرزکردنی ناهاوڕێیانە سکرتێر و هەیئەتی ئیجرایی درێژەیان بە دەسەڵاتی خۆیان دا. ئایا ئەم دەسەڵاتە هەر درێژەی هەیە؟ ئەگەر هەیەتی لەبەرچی و بە چ مافێک، و ئەگەر نییە، ئەم حیزبە وەڵام بە بێ سکرتێریی و بێ هەیئەتی ئیجرایی چۆن دەدرێتەوە؟ ئێمە چۆن لە پرێکدا بڕۆین و قسە لەگەڵ دۆستانمان بۆ یارمەتی ماڵیی بکەین کاتێک کە بەشێکی زۆر لە هاوڕێیان بە پێکەنین و مەسخەرەکردن وەڵامی داوای ئێمەیان بۆ کۆکردنەوەی ئابوونەی ئەندامان دەدایەوە؟ کاتێک کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان خەرجی ئەوانەیشی کێشاوە کە لە ئوروپا وەکوو نوێنەر بۆ کۆنگرە دەنگیان پێ نەدرابوو بەڵام گەڕابوونەوە؟ و کاتێک تکای ئێمە بۆ حیسابپرسیەکی جیددی و ڕوون و ڕۆشەن هەر گوێشی لێ نەگیراوە؟

هەرچەندە باس لێرەدا ئەوە نییە بەڵام پێمخۆشە ئەوەتان عەرز بکەم کە من بە ڕەسمیی گەردنی هیچ کەسێک لەوانە ئازاد ناکەم کە بە شێوەیەک، جا کەم یان زۆر دەستیان لە باری ئابووری کۆمەڵەی زەحمەتکێشاندا هەبووە و هەیانە تا هەموو قرانێکی ئەو حیزبە جوان و موشەخەس ڕوون نەبێت لە چیدا خەرج کراوە. ئەم باسە هەروەکوو ئەو خوێنە گرینەگ کە تا ئیستا بەخشراوە، چون پێوەندیی بە ئامانج و خواست و ویستی ئەوانەوە هەیە.

٤. کاتێک کە پلێنۆم لە نێوان ٣/٢٨ و ٤/٢ دا نەبەسترا، و هەڵوێستی کاک عومەر وەکوو سکرتێر دیارە کە خوازیاری بەستنی پلنیۆمێک نییە، ئایا چ کار؟

من ئەم نامەیەم بە ئیمایل بۆ سکرتێری ک ز ک کاک عومەر ئیلخانیزادە و کۆمیتەی ناوەندیی جێگران و ڕاوێژکاران ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٤/٤/١٠، واتە ڕۆژێک پێش بەستنی ئەم شتەی کە ناویان ناوە "پلینۆم" ناردووە.

بەڕێزان،

www.peshmergekan.com

ئەم شەو، سەعات هەشتونیوی شەو بە کاتی کوردستان هاورێ جەلیل پێی ڕگەیاندین کە ئێوە بە دەمیی ئەوتان ئاگادار کردووە کە سبەینێ، واتە ٢٠١٤/٤/11 پلونۆم دەگیرێت. بە ڕاستیی ئێمە لە بەردەم بەرخوردێکی وا ناهاورێیانەدا نازانین چی بڵێین. حاڵیی نابین کە چۆن وەڵامی هاوڕێیان و دۆستان و ویژدانی خۆتان دەدەنەوە.

ئێمە چەندین جار داوامان کردووە کە پلونۆم لە کاتی خۆیدا بگیرێت و کە نەتانگرت، بەڵام وا ئێستا لە پرێکدا پلونۆم دەگرن و ئێمە ئاگادار ناکەن.

هاوکاتیش لای هەندێک کەس بڵاوتان کردووەتەوە کە گوایا ئێمە نامانەوێت بەشدار بین.

ڕێبوار ڕەشید

٢٠١٤/٤/١٠

......................

**بۆ "پلونۆمی ٣" کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

هاوڕێیان سڵاوتان لێ بێت و ماندوو نەبن

بە داخەوەم واتان کرد ناچار بم بەم شێوەیە بەشدار بم.

بەڕێزان، بەم شێوە کارکردنە کە ئێوە دەیکەن ک ز ک بەو ڕێگایەدا دەبەن کە من هەر لە سەرەتاوە پێموابووە چەوت بووە و سەرئەنجامەکەی هەر خراپتر و خراپتر دەبێت،

بەڕێزان، ئەگەرچی هاورێیانی خۆشەویستی دیکە هەن کە وەکوو یەک بیر دەکەینەوە، بەڵام من لێرەدا تەنها بە ناوی خۆمەوە ئەم قسانە دەکەم. بەو مانایەی هەر شتێک ئەوانیش بە هی خۆیانی بزانن هی ئەوانە و هاوکات پێویست ناکات بەرپرسایەتی هیچیش هەڵبگرن چون خۆم بەرپرسایەتی ئەوە هەڵە دەگرم کە دەیڵێم. هەروەها کە دەڵێم "کۆمەڵە" تەنها مەبەستم لە "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان"ـە.

١. من لە هەرە سەرەتای کارەوە، تەنانەت زۆر پێش کۆنگرەش، پێم لە سەر ئەوە دادەگرت کە بە هیچ شێوەیەک کێشەی سکرتێربوون نەکەین بە سەرئێشەی خۆمان. ئەویش بە کۆمەڵێک دەلیل کە لای زۆرینەی ئێوە بە ڕاشکاوی و هەروەها لای دۆستانی کۆمەڵە و خەڵکانی دیکە باسم کردووە. پێم وابووە کە پرۆسەی گۆڕینی سکرتێر دەبێت بە پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا بڕووات تا گۆڕینی بە زۆرینەی هەمووان هەزم بکرێت. پێش کۆنگرەی ١٣ من و کاک مەسعود فەریقی کە داوەتی ماڵی کاک کەریم تورجان کرابووین و کاک عەلیڕەزا قادری و کاک موحسین مورادی لەوێ بوون، من بە کاک کەریمم ڕاگەیاند کە ناتوانم گوێ بە قسەی نابەجێ بدەم و هەموو ڕەخنە و گازەندەیەک لە سەر سکرتێر و دژ بە سکرتێر دەبێت ئاوەڵە و ڕاشکاو کۆنکرێت بێت و ڕووبەڕوو و لە کۆبوونەوەدا بکرێت. ئێستا کاک عەلیڕەزا لاتان نییە، بەڵام کاک موحسین موڕادی لاتانە و دڵنییام شاهیدێکی ڕاستگۆیە.

www.peshmergekan.com

هاوکات من، نەک هیچ کامێک لە ئێوە، بەڵکو من، ڕەنگە یەکێک بم لەو کەسە زۆر دەگمەنانەی ناو کۆمەڵە، کە سوور بووم لە سەر نەهێشتنی دەسەڵاتی خزموخزمگەریی و شێوەکانی ئینتیسابی، بەتایبەتی ئینتیسابی خزمیانە و تەنانەت هەبوونی ژن و مێرد و شێوەکانی دیکەی پێوەندیی خوێنی لە ناو یەک ئۆرگانی ڕێکخراودا. بەڵام ئەو ڕیفۆرمە نەک وەکوو تۆڵەسەندنەوە لە فلان کەس و فیسارکەسێک، بەڵکو بۆ ئاوەڵەکردنی دەرگا لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات بۆ کەسانی زیاتر لە ئەندامان. من هەروەها ئەمەم بە ڕاشکاو لە ناو خودی کۆنگرەدا عەرز کردن و پێمگوتن سەیرە کەسانێک دەنگ بە ساختارێکی لەو شێوە نادەن کە دەسەڵات بە شێوەیەکی دیموکراتیک و دوور لە شەڕوشۆڕ و ئاژاوە، دەرەوێنێتەوە، بەڵام لە دەرەوە و لە پاشملە هیچ خوشک و دایک و ژنێک بێ جوین ناهێڵنەوە.

٢. کاتێک کێشەی دارایی کۆمەڵە واقیعێک بوو، من هەندێک پێشنیارم بۆ ڕیفۆرم کرد. لەوانە گەڕانەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کە لە شار دەژین بۆ ناو ئۆردوگا، لابردنی مووچە (جا هەر کەسێک بن) و لەجیاتی ئەوانە هەڵگرتنی خەرجیی ژیان و بژیوی، حیسابکردنی هەموو خەرجیەکی ئۆردوگا و مەسەلەی ماشێن و هتاد.

ئەوانەی بە قەدەر نیسکێک مێشک و دڵسۆزیی لە سەریاندا بێت دەزانن کە هەتا خۆت نەبیت بە نموونەی دروست، ئەوا هیچ کەسی دیکە نابێت بە دڵسۆزت و بە دەربەستتەوە نایەت. ئەگەر ئێمە بمانتووانیایە نیشانی چواردەورمانی بدەین کە ئێمە دڵخوازانە و خۆبەخشانە لە خەباتێکداین و تا ئەوپەری توانامان دڵسۆزانە سەرمایە کۆدەکەینەوە، دڵنیام کە زۆر کەس و لایەن لە باشوور و لە بەشەکانی دیکە، دیارە لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتیی، هاوکارییان دەکردین چون خەڵکی دڵسۆزی دەست ئاوەڵە زۆرن. زۆر زۆر پێش ئەوەی هاوڕێ عومەر نامەی لەو شێوە کە لە ٢٠١٤/٣/٢٣ دا سەبارەت بە تکای کۆکردنەوەی کۆمەکی ماڵیی، بۆی ڕەوانە کردووین، ئێمە دەمانتوانی دڵی دۆست و لایەنگران و نیشتیمانپەروەرانی کوردستانی ببەینەوە و فێری کۆمەکدان بە کۆمەڵەیان بکەین.

تێکۆشەرانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) هەموو ساڵێک یەک جار لە کەمپینی کۆمەک کۆکردنەوەدا پارەی زۆر باش، نزیکەی بە قەدەر هەموو ئەو بودجەیەی کە ئێمە لای ح هـ وەری دەگرین هەر لە خودی ئەو هاوڕێیانە لە کۆمەڵە و دیموکرات کۆدەکەنەوە کە ئێستا دانیشتوون.

هونەری کۆمەک کۆکردنەوە زۆر هاسانە. ئەویش ئەوەیە کە خۆت دەبێت لە پێشدا دڵسۆزیی و دەستپاکیی خۆت بسەلمێنیت و نیشانی چواردەورتی بدەیت.

هاوڕێیان، شۆڕشگێڕی تیئۆریی و میتۆد و پرینسیپی خۆی هەیە، هەر کەس بە پێی ئەوانە بکات، ئەوا زوو یان درەنگ دەتوانێت لە ڕووی ئابوورییەوە کە گرنگترین پایەی سەربەخۆییە بۆ ڕێکخستن، خۆی ئازاد بکات.

بە ڕاستیی، تو ویژدانتان، هیچ کەسێک لە ئێوە هەیە کە لەم دۆخی ئێستای کۆمەڵەدا لە ڕووی بێت داوای کۆمەک لە خەڵک بکات؟ ئایا کامە خەڵک؟

www.peshmergekan.com

بەتایبەتی کاتێک کەمتر لە دوومانگ پێش ئەوە، ئەویش و کاک رەزای کەعبی، بە وەڵام لە من سەبارەت بە بەستنی پلۆنۆمی ٣ کە دەڵێم "کۆمەڵە پارەی نییە"، پێ دادەگرن و دەڵێن "کۆمەڵە پارەی هەیە ."

باوەڕ ناکەم کە  کاک عومەر ئیلخانیزادە و  کاک ڕەزا کەعبی هێندە لە رووی ئەزموونەوە نەزان بن کە مەبەستیان لەوە بێت کە لە سەر یارمەتی هێشتا نەدراوی ح هـ قسە و حیساب بکەن، چون ئەوە کۆمەکێکە کە هێشتا نە درابوو.

بەو شێوەیە لە سەر ئەو پێشنیارانە کە من سەبارەت باسی ئابووریی کۆمەڵە کردم، چەند هاوڕێیەک بوون بە دوژمنی من. بێ ئەوەی بیر لە ناوەرۆک و لە بنچینەی مەبەستی من بکەنەوە. چەند کەسێک کە لەبەر ڕێگەگرتن لە ئاژاوە لێرەدا ناویان ناهێنم، بە من دەڵێن کە ئەو پێشنیارانەت زۆر باشن، زۆر چاکن، بەڵام تۆ دەبا هەنگاو بە هەنگاو بچیتە پێش. یەک بە یەک ڕوو بەڕووی ئەو کەسانە ببوایتەوە.

ئەوە ئامۆژگاریی ئەوانە بۆ من.

بەڵام هاورڕێیان، ئەوانەی وا دەڵێن لە مەبەستی من تێنەگەیشتوون. من ڕکەبەرایەتیم لەگەڵ فلانە هاورێ و فیسارە هاوڕێ نییە تا بڕۆم و پیلان دابرێژم و یەک یەک گەلەکۆمەکێیان لێ بکەم، لە کۆمەڵەیان وەدەرنێم، یان سووکایەتییان پێ بکەم. نا!

ئەگەر ئەوە مەبەبەستم بووایە، وام دەکرد،. من پیاوێکم لە دونیا حاڵییم. من  بە خۆشەویستییەوە لە ئێوەم دەڕووانی و وەکوو هاوسەنگەر دەمبینین. ئێوە کێشەی من نەبوون، وەکوو تاکەکەس، بەڵکو خودی ئەو سیستەمە نادروستە کێشەی من بوو کە وەکوو کولتور بە کۆمەڵە تەحمیل کراوە. بە واتایەکی دیکە من دەمویست خودی سیستەمەکە بگۆڕدرێت و لە ناو ئەو سیستەمەدا هەموومان وەک یەک بەرپرسیار بین.

من دەمویست سیستەمێک هەبێت کە بێ هەڵاواردن هەموومان بگرێتەوە، نەک من دابنیشم و یەک بە یەک پیلان بۆ ئەم هاورێ و ئەو هاوڕێ دابرێژم کە حەزفیان بکەم. بۆ من ئەوە گرینگ بوو کە سیستەمێک هەبێت و هەموومان پێکەوە پێڕەوی بکەین و لە دەرەوە ببینرێت و خەڵکی چواردەورمان ببینن، ئەوانەی یەک دوو لاپەڕەیان لە سەر سۆسیالیزمی سەرەتایی خوێندبێتەوە حاڵیی هەن من چی دەڵێم.

بۆ نموونە دەمگوت نابێت هیچ کەسێک لە دەرەوەی کوردستان پارە وەربگرێت، بەڵام ئەوانەی کوردستان دەبێت خەرجییان هەڵبگیرێت.

بە هەرحاڵ، ئەوە پێشنیارێک بوو. زۆرینەتان قبوڵتان نەکرد.

بە چاوان.

بەڵام ئایا بۆ دەبێت دوژمنایەتیەکەتان بەردەوام بێت؟

www.peshmergekan.com

ئێستا کە کێشەی پارەمان هەیە و، هیوادارم و لە دڵەوە هیوادارم. کە ح هـ بڕیار بدات یەک دانە قڕان بە هیچ لایەنێک نەدات، چون دەمەوێت بزانم ئەوانەی من بە هاوڕێ و هاوسەنگەریان دادەنێم چۆن بیریان کردووەتەوە لە سەر لاق و پای خۆیان بووەستن؟ یان ئایا هەر بیریان کردووەتەوە؟ یاخود ئەگەر لایەنێکی دیکە خەرجی ژینمان هەڵنەگرێت ئێمەیش کاری سیاسیی و حیزبایەتی ناکەین؟

زۆربەتان دەزانن کە من چەند هەوڵم بۆ چەسپاندنی پارەدانی ئابوونە دا. ئابوونە پارەیەکی زۆر سیمبولیکە. بەڵام هەر پارەیە. تا ئێستا چەند کەس لە ئێمە پارەی ئابوونەی داوە؟

ئێستایش من ئامادەم هەمووتان داوەت بکەم بۆ بینینی لانی کەم بیست ساڵ دەرامەتی خانەوادەی من لە تێچوون و لە داهات. سیستەمی ئوروپا وایە کە مووچە و خەرجیەکان لە بانکدا جوان دیارە. من ئامادەم لانی کەم ۱۵ دەرسەد لە پاشەکەوتی خۆم بە ک ز ک بدەم، بە مەرجێک ئێوە ئامادە بن دە دەرسەد لە سەرمایەی خۆتان بدەن. فەرموون با قەرز بکەین و ئەم کۆمەڵە خۆشەویستە ڕزگار بکەین کە دەزانم کەس لە ئێوەدا هەن کە بە ڕاستی دلسۆزە.

۳. هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە و ئەڵبەت هەندێک هاوڕێ دیکە گوتوویانە و دەڵێن ڕێبوار دیفاع لە لایەنی دیکە دەکات و باسی کۆمەڵە ناکات.

هاوڕێیان، من کە هەرگیز هاوسۆزییم بۆ حیزبی دیموکرات نەبووە بەڵام پێمخۆشە لانی کەم لە بەر خاتری پلورالیزمی سیاسیی هەبن، بە خۆشییەوە دەستخۆشیی و ئافەرینیان دەکەم هەر کاتێک کارێکی باش بکەن. من دەستخۆشیی لە هونەرمەندێکی کورد دەکەم، لە یەکیەتی نیشتیمانیی کوردستان کاتێک شتێک دەکات کە پێموایە باشە. بەڵێ، دەستخۆشیی و ئافەرین لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەم کە لە کەمتر لە ۳۵ ساڵ نەتەوەیەکی مردووی زیندەبەچاڵیی زیندوو کردووەتەوە و لە سەر شەقامەکان سەمای تێکۆشانیان پێ دەکات.

ئەوی ئافەرین لە دەستکەوتێکی وا نەکات زیاتر لە بەخیلایەتی سیاسیی نەبێت، هیچ دیکە نییە.

هەر کاتێک ک ز ک بیست کەسی بۆ خۆپیشاندانێک کۆ کردەوە، ڕێپێوانێکی دە کیلیمەتری ئەنجام دا، مانگرتنێکی هەفتەیی سەرخست، گوللەی بە دوو پایەگاوە نا، وتارێکی توێژینەوەی تێروتەسەلی لە سەر دۆخی ئێستای ئێران نووسی، بە دڵسۆزیی و خۆبەختکردن و چاونەترسیی خۆی لە کۆمەک کۆکردنەوەدا بیست هەزار دۆلاری کۆکردەوە، تەنانەت توانی کۆبوونەوەیەکی ئەندامانی خۆی بە ڕێکوپێکی بگرێت، من ئامادەم دەست لە سەر سینگ لە خزمەتییدا بم.

هاوڕێیان، ئایا هەر لەبەرئەوەی کۆمەڵە کە بە دەستی خۆی بووە بە باعیسی ئەوەی لە سەرەی مەرگدا بێت و نەتوانێت زاری خۆی بۆ قومێک هەوا بکاتەوە، بەو مانایە بێت کە پیرۆزبایی لە ژیان و لەدایکبوونی ئەوانی دیکە نەکەم کە خەبات دەکەن؟ ئەوە چۆن حوکمێکە؟

من لەلایەکەوە بۆ پلورالیزمی سیاسییم، واتە حەز دەکەم کوردستان فرە لایەن بێت و لەلایەکی دیکەوە بێگومان حەز دەکەم حیزبێک کە خۆم بە باشی دەزانم سەرکەوتوو بێت. ئایا جێی خۆی نییە کە دەست خۆشیی بکەین لەو لایەنەی کە دەتوانێت بەرەو پێش برووات و دەبینین کە

مێژوویەک لە کار و لە دەستکەوت تۆمار دەکات ؟ ئەدی دەنا سۆسیالیزم و برایەتیی و کوردستانییبوون و خزمەت بە خەڵك بۆ من چ مانایەکی هەیە؟

٤. هاورێ عومەر ئیلخانیزادە ڕەخنەی گرتووە کە گوایا من نەچووم بۆ بەشداریی ڕێکخراوەی بەرەی پێشکەوتووخواز لە تونس.

بەرێزان، ئەوە پێداگرتنێکی چەوتە. من هەم ئیمایلەکانی خۆم و کاک عومەر ئیلخانیزادەم لایە و هەم ئەو ئێس ئێم ئێس کە کاک سەعدی محەمەدپوور ناردوویەتی. من پێش وەخت بە تەلەفۆن و بە ئیمایل زانیاریەکانم ڕاست کردەوە کە هاوری عومور ئیلخانیزادە خراپ لە داوەتنامەکە تێگەیشتبوو، هەم پێم ڕاگەیاند کە من ناچم و بەشدار نابم، بەڵام عەرزم کرد کە تۆ ناوی هەر کەسێکم پێ بدەیت من بۆ ئەوانی ڕەوانە دەکەم. بەرێز کاک عومەر ئیلخانیزادە پاشان پێی گوتم کە کاک سەعدی لە جیاتی من دەچێت. کاک سەعدی محەمەدپوور خۆی نووکەیەکی بۆ ناردبووم کە ناوی خۆی تێدا نووسیوە.

منیش پاشان ناوی کاک سەعدی محەمدپوورم بۆ ئەو شوێنە ڕەوانە کردووە و ئیمایلەکەم لایە و ئەو شوێنەش ناوی ئێمەیان لە سەر ماڵپەڕی ڕەسمی خۆیان وەکوو میوان دانابوو. ئەڵبەت دوو جار ناوی ئێمە و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان وەکوو یەک نووسیبوو. ئەوەش هەڵەیەکە کە بێگانەکان دەیکەن، چون جیاوازیی لە نێوان کۆمەڵە پارتی ئۆف کوردستان و کۆمەڵە پارتی ئۆف ئیرانیان کوردستان، ناکەن.

دەتوانم ئەم بەڵگانەتان نیشان بدەم.

٥. چەند هاورێیەک دەڵێن "ڕێبوار دوو ڕۆژە بووە بە کۆمەڵە و ئەو سۆسیالدیموکراتە" و شتی لەو جۆرە و لەبەرئەوە دڵی بۆ کۆمەڵە ناسووتێت.

هاورێیان من ساڵی ٨٩ لە دیفاع لە کۆمەڵە دژ بە حیزبی دیموکرات وتارم نووسیوە. خۆشەویسترین کەسی ژیانم لە کۆمەڵەدا خەباتی کردووە و ئازاری کێشاوە. باشترین لە هاورێکانم کە باڵاترین نموونەی کۆمەڵەن، وەکوو بەرێزی خۆشەویست عەبدوڵای بابان و بەرێز ڕەحیمی ئەمینی. ڕەزا مستەفا سوڵتانی، دەلیلە ڕۆستەمیەکان و دەیان و بگرە بیستانی دیکە وەکوو ئەوان کە خۆشیان دەوێم و خۆشم دەوێن باسی خەباتی کۆمەڵەیان لە ساڵانی دەستپێکدا بۆ من کردووە. من لە ئێوەوە کۆمەڵەم نەناسیووە.

من داوای پارە و پول و مووچەم لە ک ز ک نەکردووە، داوای پلەوپایەم نەکردووە، داوای حەزفی ئەم و ئەوم نەکردووە، لە پاشملە جوێنم نەداوە، دووروویيم نەکردووە کە لە سەرەوە شتێک بڵێم و لە بنەوە مەبەستم لە شتێکی دیکە بێت و هاتد هتاد.

پێش کۆنگرە پێم داگرتووە کە هیچ مەقام و پلەیەکم ناوێت و دەبێت کۆنگرە، واتە بەرێزانی نوێنەرانی بەشدار پێم ببەخشن، یەک دانە جاریش زەنگم بۆ یەک هاورێ لێ نەداوە کە لە پشت تەلەفۆن قسەی حیزبایەتی بکەم چون بڕووام بە کۆبوونەوەی ڕەسمییە و پێموایە ئەو شێوە لە کار ناشیرینترین و قێزەونترین شێوەی پێوەندیی حیزبییە کە ورتەورت و چپەچپی پاشملەیە، لای هیچ هاورێیەک بە خراپە باسی هاورێی دیکەم نەکردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بە رەسمیی نوێنەری دەرەوە بووم رێگام بە خۆم نەداوە مۆرێک بۆ بەرێکردنی کاروباری کۆمەڵە دروست بکەم بەڵکو سەدان جار داوام لە هاورێ عومەر ئیلخانیزادە کردووە کە مۆرێکی رەسمیی بۆ کاروباری دەرەوەی وڵات دروست بکەن و بۆمان بنێرن، کە هێستا هەر قسەشی لە بارەوە نەکردووە. خۆتان دەزانن من دەمتوانی دوو مۆریش دروست بکەم و ئێستایش دەتوانم دروستی بکەم، بەڵام رێگام بە خۆم نەداوە کاری وا بکەم چون بڕووام بە رێکخستنە و دەزانم کاری لەو شێوە زوو یان درنگ مەحکوم بە سەرنەکەوتنە.

بەڵام هاورێیان، یەکساڵیش تێپەڕ بوو مۆر نەهات. من چەندین جار داوا و تەنانەت تکام لە کاک عومەر ئیلخانیزادە کردووە کە لانی کەم سەد دانە پەرچەمی کۆمەڵە و برێک ئاڵای کوردستانمان پێویستە. تەنانەت بە هاورێیانم گوت کە کاتێک لەگەڵ کەسانی هاورێیانی خەباتگێری پژاک چالاکی دەکەین لە ژێر پەرچەمی ئەواندا دەشاردرێینەوە، بەڵام هێشتاش یەک دانە پەرچەمیشمان بۆ نەهات. من کە لەگەڵ  هاورێ عومەر ئیلخانیزادە و هاورێ هێرش عەلیزادە سەفەری چەند کیلیۆمەترەم رووەو بەلجیک کردووە و لە هۆڵەندا هاورێ کەیوان سنایی مان دیوە، پارەی خۆراکی خۆمان داوە تا لە سەر ئەو نەبێت بە فشار، کە لەگەڵ هاورێ هێرش عەلیزادە چووین بۆ کۆبوونەوەکانی نەرویژ تەنانەت شەوی پێشوەخت سفارشی شیرینەمەنی تازە و گەرم و خاوێنمان داوە تا لەگەڵ خۆمانی ببەین بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی فشار نەکەوێتە سەر هاورێیانێک، کە من لە فینلەند هاورێ پرشەنگم سازمان داوە بێ ئەوەی بپرسم هاوسەری کێیە و پێشینەی لە کۆمەڵەدا چییە، بۆ من ئەوە گرینگ بووە کە دیتومە خوازیاریی بۆ کار و خەبات هەیە، کە لە نەرویژ هەوڵمداوە هاورێیانی ژن لەوێ رێک بخەم، کە لە سوێد لەگەڵ ئەوەشدا کە هاورێیانی وەکوو ئەسعەد درووودی سازمان نەدرا بوو، من سازمانی بدەم و لەگەڵ بەرێز هەڵاڵە هاوسەری  محەمەدی فەرهادزادە نوێنەرایەتی کۆمەڵە بکەن و چەندین نموونەی لەو چەشنە کە بە ئاگاوە بۆ سەرخستن و پێشخستنی کۆمەڵە کردوومن.

کە من، نەک ئێوە، هاورێیان نەک ئێوە، داوام کردووە کە  سەعدی محەمەدپوور بکرێت بە بەرپرسی تەلەڤیزیۆن و ستافێکی بۆ دیاریبکرێت (کە ئێوە تا ئێستایش سازمانتان نەدا)، منم، نەک ئێوە کە بڕیارم داوە ژنان لە دەوری کۆمەڵە کۆبکەمەوە و سازمانیان بدەم، منم کە گوتوومە با ئاسۆ سات دەستەیەک لە ٧ ژن لە ژێر بەرێوەبەرایەتی هاورێ سەعدی محەمەدپووردا ئاسۆ سات بەرێوە ببەن، کە ئێوە ئامادە نەبوون یەک دانە هاورێیش سازمان بدەن، کە دیفاعم لە هاورێ پرشینگ محەمەدی کرد کاتێک کە ساڵی ٢١٠٣ لە ساڵیادی رۆژی کۆمەڵەدا دووچاری نەخۆشیی بوو و لەبەرئەوە بەرنامەکە دواکەوت، هاوکات کە لە ئێستای ئێوەدا هەن کە قسەتان پێ دەگوت، و بە دەیان نموونەی لەم جۆرە.

ئایا، من دوو رۆژە بووم بە کۆمەڵە و من بە دەربەست کۆمەڵەوە نایەم؟

بە ڕاستیی مەراقمە و تکایە روونی بکەنەوە بزانم کۆمەڵەبوون بۆ ئێوە یانی چی؟

هاورێیان، لە بیرتان چووە کێ کولتوری ڕاوێژکاری هێنایە ناو کۆمەڵەوە؟ ئایا راویژکار لە کۆمەڵەدا هەبوو؟ پارەی سەفەریان بۆ دەدرا؟ لە کۆبوونەوەی ک ن دا بەشدار دەبوون؟ ئەوە دەستکەوت و ریفۆرمی ئێمەیە، هاورێیان. ئەوە بەشێک لە پرۆژەی من بووە بۆ کۆمەڵە.

www.peshmergekan.com

هاورێیان، لە ناو ئێوەدا چەند کەسێک هەن کە دیارە لە کاک عومەر ئیلخانیزادەوە دەست پێدەکات کە کێشەی شەخسیی خۆتان هەیە و لانی کەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٧. ئەو کێشە شەخسییە هەندێک بواری جیاواز دەگرێتەوە. تا ئەو کێشە هەبێت، خودای خوداکانیش ناتوانێت ئەو مەحفەلە چەند کەسییە لە ناو ئێوەدا بشکێنێت، چون هێندەی ڕقتان لە یەکە و لە پاشملە جوێن بە یەکتر دەدەن، هێندەیش یەکترتان پێویستە. منێکی نەوعی کە دێمە ناو کۆمەڵە، بە ناچاریی دەکەومە ناوەڕاستیی ئەو کێشە و هەراوهوریایەوە کە سازتان کردووە. لە ڕاستییدا ئەوەیە تاوانی من.

بە ڕاستی ئێوە چۆن ئیجازە بە خۆتان دەدەن کە ئێستا دێن و دەڵێن ئەو چەند کەسە، من و چەند هاورێیەکی دیکە، کۆمەڵەتان لێ تێک دەدەین کاتێک کە ساڵی ٢٠٠٧ باشترین لە پیاو و ژنەکانی کۆمەڵەتان لەگەڵ کەوت. ئایا ئەو کەسانە کوان؟ چەندی دیکە لە خەڵکی باش هاتن بۆ لاتان و تواناتان نەبوو دوو دانەیشیان بهێڵنەوە؟ تو ویژدانتان، قەت بیر لە خۆتان دەکەنەوە کە دوو سەعات تەرخان بکەن بۆ لێکۆڵینەوەیەک کە بۆ لە سێسەد کەسی شانازی سەربەرزی ڕووسوور کە ساڵی ٢٠٠٧ دڵخوازانە و خۆبەخشانە لەگەڵتان کەوتن، ئێستا بوون بە بیست کەسی ماندووی بێباوەڕی تووڕە و زیزی بێ دەرەتان؟ ئایا من و ئەو چەند هاورێیەی دیکە لەو کارانەتان بەرپرسیارین؟ ئایا ئێمەین عاملی تێکدان؟

شاعیری گەورەتان کاک ناسیری حیسامی و کاک حوسەینی شەبەق کوان؟ هیوا زەکەریایی و دەیان نووسەری لاو و خوێنگەرم کوان، لاوانی دڵسۆزی وەک ئاگر بۆ کۆمەڵە کوان کە ساڵی رابردوو لانی کەم لە ڕۆژی کۆمەڵە و یەکی ئایاردا بوون؟ هاورێیان، کوان ئەوانی کە لەگەڵتان کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکە بوون؟ بە سەدان لە تێکۆشەری بێ مەسڵەحەت کوان؟

ئایا ئەو هاورێیانە لە من زیز بوون، من ڕاوم ناون؟ من درۆم لەگەڵ کردوون و قسەوباسی پاشملەی تەلەفۆنییم لەگەڵ کردوون؟

ئێمە، بێ هیچ مەسڵەحەتێکی شەخسی کەوتنیە دووبارە ڕێکخستنەوە و سازماندانی خەڵک. ئەو چەند کەسە لە ئێوەیە، کە لە هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە و کاک ڕەزا کەعبییەوە دەست پێ دەکات، کە بە پێی بەرژەوەندییە سەعاتیەکان، پێوەندییەکان هەڵدەچنن، نەک بە پێی بەرژەوەندیی پاشەڕۆژ و دوورنما بۆ کۆمەڵە.

هاورێیان، دەزانم قسەگەلێکم کردووە کە بۆ گوێی ئێوە ڕەق بوون، بەڵام ئەو قسانەی من دەرمانی دەردمانە. دەرمانی دیکە نییە.

٦. سەبارەت بە کاک ڕەزا کەعبی. هاورێیان زۆر گرینگە ئێوە لە دوو خاڵ لە من حاڵیی ببن. یەکەمیان پێوەندیی شەخسیی و دووهەمیان پێوەندیی حیزبیی من لەگەڵ ئەودا.

من، وەکوو ڕێبوار و وەکوو خانەوادە هەر زۆر پێش جیاوونەوەکان پشتگیرییمان کردووە و کاتی گەرمەی جیابوونەوەکان ڕاستەوخۆ بە سەعات لەگەڵ کوردستان قسەمان دەکرد کە گیانی ئەو و هاورێیانی دیکە کە دەگوترا هەڕەشەیان لێ دەکرێت، بپارێزرێت. ئێمە لە ڕووی ئینسانیی و سیاسییەوە بە وردەکارییەوە پشتگیریمان کردووە. هەر ئێمە نا، بەڵکو هاورێی دیکەی چواردەوری

ئێمە ئەو کارەیان کردووە. شەوڕۆژ وەخت و ژیانی خۆیان لە ئیختیار کاک ڕەزا کەعبی داناوە. ئێمە چ دژایەتیەکی کاک رەزا کەعبیمان کردووە؟ بە ڕاستیی کام لە ئێوە بە قەدەر هاورێ هێرشی عەلیزادە پشتگیریی رەزا کەعبیی کردووە و لە خۆشیی و ناخۆشیەکاندا هاورێی گیانی بە گیانی بووە و یارمەتی مادی و مەعنەوی داوە؟ ئەسڵەن کەسانی نێزیک بە هەمووماں سەریان دەرناچێت کە بۆ کاک رەزا کەعبی سەنگەری لەو هاورێیە گرت؟ بەرێزان، ئایا کاک ڕەزا کەعبی چی لە من گەرەکە؟

دووهەم پێوەندیی، پێوەندیی سیاسییە من لەگەڵ ئەو.

هاوڕێیان،ئێستایش و ئێستایش من تێ ناگەم کە کاک ڕەزا کەعبی لە رووی فکریەوە لە کوێدا ویستاوە؟

کێشەی من لەگەڵ کاک ڕەزا کەعبی ئەسڵەن باسی سیاسیی نییە، چون ئێمە بە پێی کۆنگرەی ١٣ هەمووماں لە سەر پرۆگرامێک ڕێککەوتووین و ئەوی خوێندبێتیەوە دەزانێت چییە. کێشەی من لەگەڵ کاک ڕەزا کەعبی ئەو بەرخوردەیەتی کە مرۆڤی ئاسایی لەو پێوەندیەدا کە عەرزتانم کردووە نابێت بیکات.

لەو بارەوە پێمخۆشە ئەوەیشتان پێ ڕابگەیەنم کە من ئەم پلونۆمە بە ڕەسمیی ناناسم و پێموایە کارێکی زۆر نابەجێ و ناپەسەندە. ئێوە باش دەزانن کە من سێ مانگە دەڵێم دەبێت پلونۆم بگرین. ئێستایش بەو شێوەیە گرتان کە دەیبینین. ئایا بە ڕاستی ئەمەیە خزمەت بە کۆمەڵە و بە بیری چەپی سۆسیالیست؟

لە پلونۆمی یەکەوە هەتا ئێستا پێشبینیەکانم دروست بوون کە دیارە گوێتان پێی نەداوە. بەم هەنگاوەتان هێندەی دیکە خۆتان لاوازتر و بازنەی کاری خۆتان بەرتەسکتر دەکەنەوە.

تێبینی: بەرێزان، ئەگەر ڕێگا بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە نەدەن، خۆم بۆ ئەندامانی بەرێ دەکەم.

٢٠١٤/٤/١٣

.................

**کۆتایی: بە ڕێز و سپاسەوە:**

**ڕێبوار رەشید، جەلیل ئازادیخواز، بیژەن قوبادی، هێرش عەلیزادە و عەبدوڵاکۆنەپۆشی**

**٢٠١٤/٣/١**

.........

**بڵاو کراوە لە سایتی پێشمەرگەکان، نوسەران خۆیان بەرپرسن لە ناوەرۆکی ئەم نامانە.**

2014-09-10 www.peshmergekan.com

www.peshmergekan.com